فیودور دوستویفسکی

# دزی ئابڕوومەند

کۆ چیرۆک

و: حەمە کەریم عارف

ئەم چیرۆکانە لەم سەرچاوانەی خوارەوە کراون بە کوردی:

١ – رویای آدم مضحک، فیودور داستایفسکی، مترجم: رضا رضایی، تهران، نشر ماهی، ١٣٨٥

٢ – تأملات زمستانی بر تأثرات تابستانی، فیودور داستایفسکی، مترجم: یلدا بیدختی نژاد، تهران، نشر برج، ١٤٠٢.

٣ – الاعمال الادبیه الکاملة، ١٨ مجلدا، ترجمة: د. سامی الدروبی، المجلد السادس، دار الکتاب العربی للطباعة و النشر، القاهرة، ١٩٦٧.

٤ – نفس المصدر، المجلد الثانی.

پێڕست:

١ – دزی ئابڕوومەند

٢ – درەختی کریسمس و...

٣ – پروخارچین

٤ – بیرەوەری زستانە...

دزی ئابڕوومەند

لە بیرەوەری گومناوێکەوە:

بەیانیەک کە دەمویست بۆ سەرکار بڕۆم، ئاگراڤینا کە شێف و جلشۆر و کارەکەرم بوو، خۆی بە نووسینگەکەمدا کرد، یەکسەر سەری قسەی دەگەڵمدا دامەزراند؛ زۆرم پێ سەیر بوو؛ تا ئەو بەیانیە ئەم ژنە سادە و عامیە هێندە کەم دوو بوو، کە لە زەرفی ئەم شەش ساڵەی دواییەدا، جگە لەم چەند وشەیەی کە هەموو ڕۆژێ لە نێوانماندا دووبارە دەبووەوە: " چی بۆ فراڤین ئامادە بکەم " بە دەگمەن گوێم لە هەر قسەیەکی دیکەی دەبوو. یەکسەر و بێ هیچ پێشەکییەک گوتی:- ئەزبەنی شتێک هەیە حەز دەکەم پێتی بڵێم. بۆ ئەو ژوورە بچووکە بە کرێ نادەیت؟

- کام ژوورە بچووکە؟

- نازانی! ئەو ژوورە بچووکەی تەنیشت مووبەقەکە دەڵێم.

- باشە بۆ بە کرێی بدەم؟

- دەزانی بۆ ئەزبەنی، ژووری بەتاڵ بۆچی باشە، هەموو خەڵکی ژوورە چۆڵەکانیان بەکرێ داوە.

- باشە کێ بەکرێ دەگرێ؟

- کێ بە کرێی دەگرێ ئەزبەنی؟ مەعلوومە. بەخۆتان دەزانن کێ بە کرێی دەگرێ. خۆ قاتی کرێچی نییە.

- بەڵام خانمی بەڕێز کێ ئامادەیە لەم کونە مشکەدا بژی خۆ ئەمە ژوور نییە، عەمارە، باوەڕ ناکەم جێگەی تاقە قەرەوێڵەیەکیشی تیا بێتەوە، خۆ ئەگەر بە تۆبزیش جێگەی قەرەوێڵەیەکی تیا بکرێتەوە ناتوانی تیایدا بجووڵێیتەوە.

- مەرج نییە ئەوەی بە کرێی دەگرێت تیایدا بژی ، هەر جێگەی خەوی هەبێ بەسە... خۆ دەتوانێ لە قەراخ پەنجەرەکە بخەوێ.

- کامە پەنجەرە؟

- نازانی کامە پەنجەرە؟ پەنجەرەی ڕاڕەوەکە دەڵێم. دەتوانێ لەوێندەر دانیشێت و خەیاتی بکات ، یان هەر کارێکی دڵخوازی خۆی بکات . ئەگەر بیەوێ دەتوانێ لە سەر کورسیەک دانیشێت . کورسی و مێز و هەموو شتێکی هەیە .

- دەی باشە ئەم کرێچییە کێیە ؟

- پیاوێکی باشە. پیاوێکی پڕ ئەزموونە ، ساردی و گەرمی زۆری دیتووە. من ئامادەم خواردنی بۆ لێبنەم و هەقی خەوتن و خواردنەکەشی مانگانە سێ ڕۆبڵی لێوەردەگرم.

ئاقیبەت دوای هەوڵێکی زۆر، زانیم کە پیاوێکی دان عەمر، چووەتە بن کلێشەی ئاگراڤیناوە، کەبە کرێ لە مووبەقەکەی خۆیدا قەبووڵی بکات . دەمزانی ئاگراڤینا خوا نەکا شتێک لە کەللەی بدات ، ئیدی هێز نییە لە کەللەی دەری بێنێت . دەمزانی تا داواکاریەکەی جێبەجێ نەکەم ، ئامانی نەدەدام ، بۆیە باشتر وابوو داواکەی جێبەجێ بکەم و لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە . خۆ ئەگەر کارێک بەدڵی ئەو نەبوایە ، مجێزی تێکدەچوو، خەم و پەژارە

دایدەگرت . دوو سێ هەفتە بەو حاڵەوە دەمایەوە ، لەو ماوەیەدا خواردنێکی لێنەدەنا بڵێم ئۆخەی ، جلەکانم دیار نەدەمان ، ماڵەکەی خاوێن نەدەکردەوە ، ئیدی کاروباری ماڵەکە ئاوەژوو دەبووەوە . دەمێک بوو دەمزانی ئەم ژنە بێدەنگ و کەمدووە ، ناتوانێ هیچ بڕیارێک بدات ، یان لەسەر بیرۆکەیەک بگیرسێتەوە کە هی خۆی بێ . بەڵام ئەگەر لە ناکاوا بیرۆکەیەک ، یان نەخشەیەک بەمێشکە نەخۆشەکەیدا هاتبا و لەمپەڕێکی هاتبا پێشێ و بۆی ئەنجام نەدرابا ، ئەوا ڕوحی دەڕەنجا و تا ماوەیەکی زۆر خەم دایدەگرت و نەدەهاتەوە تایم . جا چونکە ئارامی بیری خۆمم بەلاوە لە هەموو شتێک گرینگتر بوو ، یەکسەر بە پێشنیازەکەی قاییل بووم ، پێمگوت کە کرێچییەکە بێنێ :- باشە ئەم کابرایە هیچ بەڵگەنامەیەکی هەیە ، یانی پاسپۆرتێ ، ڕەگەزنامەیە ، ناسنامەیەکی هەیە ؟

– ئەی مەعنای چی؟... بێگومان هەیەتی ، پیاوێکی باشە ، ساردی و گەرمی ڕۆژگاری چەشتووە ، بەڵێنی داوە مانگێ سێ ڕۆبڵم بداتێ ، بەڵێ بەڵێنی داوە .

بۆ ڕۆژی دوایی، کرێچییە تازەکەم ، لە ماڵەکەما ، ماڵی منی سەڵت ، ئاکنجی بوو . ئەلهەقی ئەمەم زۆر لەبەر گران نەبوو ، بە پێچەوانەوە ، لە دڵەوە ، تا ڕادەیەک پێم خۆشیش بوو. بە شێوەیەکی گشتی ، من کەسێکی گۆشەگیرم و ژیانم لە ژیانی تەرکە دنیایان دەچێت . دۆست و بناژۆم نین ، زۆر کەم دەچمە دەرەوە ؛ نزیکەی بیست ساڵێک دەبێ وەکو ڕەبەنان دەژیم ، ئیدی خووم بە تەنیاییەوە گرت . هەڵبەتە دیارە کە دە پازدە ساڵی دی یان پتر ، دەگەڵ ئەم ئاگراڤینایەدا ، لەم ماڵەدا ، ماڵی بابایەکی سەڵت، بە تاقی تەنیا، تامی ژیانی نەدەهێشت ، خۆشنەبوو، بۆیە لەم کاودانەدا ، هاتنی کەسێکی دی ، بەتایبەتی کەسێکی ملایم و خۆشخوو ، نیعمەتی خوا بوو ، هەزاری خێر و دووی بەرەکەت بوو.

ئاگراڤینا ، ڕاستی کردبوو . کرێچیەکەم ، بەڕاستی کابرایەکی دنیادیدە بوو ، بە پاسپۆرتەکەیا دیار بوو کە سەربازێکی تەسریح کراوە . بەڵام من پێش ئەوەی سەیری پاسپۆرتەکەشی بکەم ، مەزەندەم بۆ ئەوە دەچوو. ئەم شتانە بە سەر و سیمادا دەزانرێ .

کرێچیەکەم ، نێوی ئاستافی ئیڤانوفیچ بوو ، بەڕاستی پیاوێکی باش بوو . هەر زوو ڕمووەدەی یەکدی بووین . ئەوەی کە زۆرم بەلاوە خۆش بوو ، ئەمە بوو کە ئاستافی ئیڤانوفیچ ، حیکایەتخوانێکی زۆر کارامە بوو ، جارجار حیکایەت و سەربهووردی جوانی بۆ دەگێڕامەوە . بەتایبەتی ئەو ڕیسکانەی کە خۆی بەشداری تیاکردبوو . دیارە حیکایەتبێژێکی ئاوا بۆ من کە ژیانێکی زۆر ڕۆتینیم بەسەر بردبوو ، گەنجینەیەکی زۆر بەنرخ بوو. جارێکیان چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە کە زۆر کاری تێکردم . جا با ئەو بارودۆخەتان بۆ باسبکەم کە حیکایەتەکەی تیا گێڕایەوە :

ڕۆژێک بە تاقی تەنیا لە ماڵەوە بووم . دوای ئەوەی ئاستافی و ئاگراڤینا ، هەرکەسە و بەکاری خۆی لە ماڵ وەدەرکەوتن ، لە ناکاوا من لە ژوورەکەی خۆمەوە گوێم لە دەنگی پێی کەسێک بوو کە دەهاتە ماڵەکەمان . هەستم کرد غەوارەیە ، لە ژوورەکەم هاتمە دەرێ ، تا بزانم کێیە. سەیرم کرد پیاوێک لە مەدخەلەکەدا وەستاوە، کورتەباڵایەکی چوارشانە بوو ، وێڕای ئەوەی کە دنیا زۆر سارد بوو ، تەنیا چاکەتێکی تەنکی لەبەر بوو.

– چیت دەوێ؟

– ئایا کارمەندێک بەنێوی ئەلکسندروڤ لێرە دەژی؟

– نەخێر، خواحافیزت بێ.

– چۆن؟ خۆ دەرگاوانەکە گوتی لێرە دەژی.

– برۆ برادەر برۆ! دەرگاکەش لە دووی خۆت دابخە !

بۆ سبەی ، دوای فراڤین ، ئاستافی ئیڤانوفیچ ، خەریک بوو ردنکوتێکی بەقەدم دەگرت کە پێوەبوو بۆمی بدورێ ، یەکێک خۆی بە مەدخەلەکەدا کرد ، دەرگام کردەوە ، هەمان ئەو پیاوە بوو کە دوێنێ هاتبوو ، بە کاوەخۆ پاڵتۆ زستانیەکەمی لە عەلاگەی جلەکان داگرت و لە بن هەنگڵی نا و بلەز وەدەرکەوت . ئاگراڤینا هیچی نەکرد ، حایر و حەپەساو بە دەمی داچەقاوەوە تەمەشای دەکرد . ئاستافی ئیڤانوفیچ ، بەهەشتاو دووی دزەکە کەوت . بەڵام دوای دە خولەک بە هانکە هانک و دەستی بەتاڵ زڤڕییەوە . ئیدی دزەکە دەرباز بووبوو. ئاستافی ئیڤانوفیچ گوتی :

– فریا نەکەوتم... سوپاس بۆ خوا کە پاڵتۆکەی منیشی نەبرد ، دەنا بەبێ پاڵتۆ دەماینەوە ، ئەم دزە چاک غافڵگیری کردین.

ئاستافی ئیڤانوفیچ ، بەجۆرێ لەم کارە نارەحەت بووبوو کە ئەوم بەو نیگەرانیەوە دەبینی ، دزینی پاڵتۆکەمم لەبیر چووەوە .

هەرچی دەکرد و دەکۆشا وەخۆ نەدەهاتەوە . هەر ساناساتێ وازی لە ئیشەکەی دێنا و دەستی دەگرتم و لە نووکەوە دەستی بە گێڕانەوەی بویەرەکە دەکردەوە . لە پەستا و بێ پسانەوە دەیپرسی چۆن ئەمە ڕووی دا ، کابرای دز بە بەرچاوی خۆمانەوە ، لە دووری دوو شەقاوانەوە ، توانی پاڵتۆکە بدزێ ، ئەوسا وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت ؟ ئاستافی بێدەنگ دەبوو ، دووبارە دەچووەوە سەر کارەکەی . لێ دوای خولەکێک دووبارە وازی لە ئیشەکەی دێنا ، سەر لە نوێ بایەدایەوە سەر بابەتەکە . ئەنجام چوو بۆلای دەرگاوانی باڵەخانەکە تا حاڵ و حیکایەتەکەی لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕێتەوە و سەرزەنشتی بکات کە چۆن شتی وا لە باڵەخانەیەکدا ڕوودەدات کە ئەو پاسەوان و دەرگاوانیەتی . پاشان هاتەوە بۆلای ئاگراڤینا ، کەوتە سەرزەنشتی ئەویش. ئەوسا هاتەوە سەر کارەکەی و لەبن لێوانەوە کەوتە خوتە خوت کە ئەمە چۆن ڕوویدا . چۆن من لەوێندەر بووم... ئەو لەوێ بوو... بە بەرچاوی منەوە ، لە دووری دوو شەقاوان ، توانی پاڵتۆکە ببات و بارسووک و سەر سەلامەت بۆی دەربچێت . بە هەرحاڵ ئاستافی ئیڤانوفیچ ئەمەی لەدڵ دەرنەدەچوو ، زۆر نیگەران و توورە بوو .

هەرچەندە پیاوێکی باش بوو ، بەڵام خوتە خوتەکەی لە کۆتایی نەدەهات و پیاوی بێزار و بێتاقەت دەکرد .

ئێوارە ، چایەکم دایێ و گوتم :– ئاستافی ئیڤانوفیچ دزەکە باش هەردووکمانی غافڵگیر کرد .

حەزم دەکرد بیهاڕوژێنم ، تا سەرلەنوێ حیکایەتی دزینی پاڵتۆکەم بۆ بگێڕێتەوە ، ئیدی حیکایەتەکەم ، بە حوکمی ئەوەی زۆری گێڕابووەوە و ئاستافی بە کوڵ و دڵ و ڕاستگۆیانە دەیگێڕایەوە ، لەلا خۆشتر بووبوو.

ئاستافی ئیڤانوفیچ گوتی:– بەڵێ ئەزبەنی بەڕاستی غافڵگیر بووین . من زۆرم لەبەر گرانە ، هەرچەندە دزەکە پاڵتۆکەی منی نەدزیوە بەڵام زۆرم لەلا ناخۆشە ، هەرچەند بیرم دەکەوێتەوە نیگەران دەبم ؛ خوێنم دێتە جۆش . قوربان لەم دنیایەدا هیچ شتێک بە ئەندازەی دزی و دز پەستم ناکات . قوربان زۆرجار کەسێک دێت قەرزت لێدەکات ، ئەگەر قەرزەکەشت نەداتەوە خەم نییە ، هەرچۆنێ بێ ناوی قەرزە . بەڵام دز و دزی شتێکی دیکەیە

، بەری ڕەنج و ئارەقەی ناوچەوان و وەخت و تەمەنی ئینسان دەدزێ ... ئۆف.. ئەوندە پەستم ، خەریکە نەتوانم بیر لە واریقاتەکە بکەمەوە... ببورە ئەزبەنی پێم نالێی چۆنە پێناچێ بەم مەسەلەیە پەست بی؟ یانی پێت ناخۆش نییەماڵەکەت بدزرێ ؟

– با ئاستافی ئیڤانوفیچ هەق بەتۆیە ، پیاو، حەز دەکات بەدەستی خۆی ئاگر لە شتەکانی بەر بدات نەک بدزرێن . پیاو نابێ...

– نابێ چی؟ لەگەڵ ئەمەشدا دز تا دز کەوتووە... ئەزبەنی من لە بیرمە جارێک تووشی دزێکی ئابڕوومەند بووم.

– دزی ئابڕوومەند ؟ شتی وا دەبێ ئاستافی، کەسێک هەم دز بێ و هەم ئابڕوومەند ؟

– هەڵبەتە ئەزبەنی . دروستە دزی ئابڕوومەند نییە... مەبەستم ئەوەیە ئەو کەسەی من باسی دەکەم ، بە ڕواڵەت زۆر بەڕێز و ئابڕوومەند بوو ، بەڵام دزیشی دەکرد ، بەزەییم بەحاڵیا دەهاتەوە .

– دەی بۆمی باس بکە ئاستافی ئیڤانوفیچ؟

– ئەم واریقاتە هی دوو ساڵ لەمە پێشە ئەزبەنی . نزیکەی یەک ساڵی تەواو بوو کە بێ ئیش و کار بووم. بەرلەوەی کارەکەم لە دەست بدەم ناسیاویم دەگەڵ پیاوێکی کڵۆڵ ، نائومێد ، ڕوخاوا پەیدا کرد... ڕۆژێک لە مەیخانەکەدا تووشی یەکدی بووین . کابرایەک بوو ئالوودە ، هەمیشە مەست و بێکار و دەربەدەر... پێشتر کارمەندی دایەرەیەک بوو ، بەڵام لە سۆنگەی مەیگوسارییەوە ، لە مێژ بوو جوابیان کردبوو . کابرایەکی نەگبەتی کڵۆڵ بوو ، شڕ و شەپڕێو ، جلەکانی کۆن و دڕاو ، یانی لە وەسف کردن نایەت... هەندێجار گومانم دەکرد لە ژێر جاکەتەکەیەوە کراسی لەبەر بێ ؟ هەر پارەیەکی دەست بکەوتایە دەیدا بە خواردنەوە . بەڵام زۆر بێدەنگ و بێوەی بوو ، بەهیچ کلۆجێ ئەهلی فەرتەنە و ئاژاوە نەبوو... زۆر خۆشخوو و میهرەبان و هێور بوو . هێندە شەرم و بەحەیا و حورمەت بوو ڕووی نەدەهات بۆ هیچ شتێک دەست لە خەڵکی پان بکاتەوە . هەموو عەیبێکی ئەم داماوە ئەوە بوو کە حەزی لە خواردنەوە بوو ، خەڵکی کە بەوحاڵەوە دەیانبینی بەزەییان پێدا دەهاتەوە و خێریان پێدەکرد . من کە دەمبینی گز و فتیەتی بۆ چۆڕێ خواردنەوە ، پێکێکم بۆ دەکڕی . بەو ئاوایە بەرەبەرە دۆستایەتیمان پەیدا کرد . مەبەستم ئەوەیە کە ئەو خۆی بە منەوە هەڵواسی... ئیدی بۆ من گرینگ نەبوو مەیگوسار بێ یان نا... ئەزبەنی ئیدی وەکو سەگ دووم دەکەوت ، ڕووم بکردبایە هەر کوێیەک وەکو سێبەر لێم نەدەبووەوە ، ئەمە ڕێک لەدوای یەکەم دیدارمانەوە بوو ! هەوەڵجار لێم پاڕایەوە ڕێگەی بدەم شەوێ لەلای من بمێنێتەوە . تەمەشای پاسپۆرتەکەیم کرد هیچ عەیبی نەبوو . لە دڵی خۆمدا گوتم : چ قەیدیە ، با شەو لە نک من وەمێنێ... ڕۆژی دووەمیش مایەوە ، نەخێر ڕۆژی سێیەمیش مایەوە ، بەدرێژایی ڕۆژەکە لە قەراخ پەنجەرەی ژوورەکەم ڕۆنیشت... نەخێر شەویش مایەوە . لە دڵی خۆدا گوتم : " ئەی خوایە ، ئەم بەڵایە چی بوو بەرۆکی گرتم... ئیدی دەبێ ، جگە لە شوێنی خەوتن ، خەمی خواردن و خواردنەوەشی بخۆم. " ماڵ لە خۆی نەبوو، میوانیش ڕووی تێکرد... من بەخۆم بابایەکی نەدار و ، ئەم ملۆزمە تەمەڵ و تەوەزەلەشم لێ پەیدا بووە... "

ئەمە پیشەی یەکەمجاری نەبوو ، پێش ئەوەی لە مەیخانەکەدا تووشی من بێ ، لە لای کابرایەکی کارمەند دەژیا . هەمیشە پێکەوە دەچوونە مەیگوساری . بەڵام ئەم کابرایە زوو مرد ، نازانم بە چ نەخۆشییەک مرد .

ئەو کابرایە نێوی ئیمیلیان ئیلیچ بوو . هەموو بیر و هۆشم هاتبووە سەر ئەوەی کەچی لەم ملۆزمە بکەم . لە دڵی خۆدا گوتم : چار چییە؟ دەری بکەم ؟ کارێکی زەحمەت بوو ، بابایەکی لاتە ، پیاو دڵی بەم خەڵکە لات و

لەوێرانە دەسووتێ . بەتایبەتی کە پیاوێکی بێدەنگ و بێ بڕ و بیانوو بوو و داوای هیچی نەدەکرد ، بەڵکو لە جێی خۆی دادەنیشت و وەکو سەگ چاوی لە دوڕ چاوانت دەبڕی . تۆ سەیرکە ئەزبەنی بزانە خواردنەوە چ بەڵایەک بەسەر بەشەردا ناهێنێ !

بەهەرحاڵ بیرم لەوە دەکردەوە چۆن جوابی بکەم ، هەرچی سەرم دێنا و سەرم دەبرد نەمدەتوانی پێی بڵێم: گوێ بگرە ئیمیلیان ، واچاکە بڕۆی ، جێگەی تۆ نییە ، ڕێت نەکەوتووەتە شوێنێکی باش . من بەخۆم کابرایەکم لات پاڵەوانی خوا ، یەک دوو ڕۆژی دیکە دەکەومە سەر ساجی عەلی و خواردنم بۆ خۆمیش نامێنێ ، ئیدی بەچی تۆ بژیم ؟

زیاتر لە فکران ڕاچووم : باشە ئەگەر ئەو قسەیەی پێ بڵێم چ کاردانەوەیەکی دەبێت ؟ هەڵبەتە وێنام دەکرد کە ئەگەر ئەو قسەیەی پێ بێژم لە جێی خۆی ناجووڵێت و بێئەوەی لە هیچ تێبگات زەق زەق تەمەشام دەکات . پاشان کە لە مەبەستم تێدەگەیی ، لە قەراخ پەنجەرەکە ڕادەبوو ، بوخچەکەی هەڵدەگرت ، تا ئێستاش لەبیرمە کە بوخچەیەکی خانەخانەی سووری ، شڕ و وڕی هەبوو ، هەمیشە پێی بوو ، کە سەری هار و ماری تێ دەتەپاند . کۆتە کۆن و شڕەکەی لە خۆیەوە دەپێچا تا هەم گەرمی ببێتەوە و هەم ڕواڵەتێکی ئابڕوومەندانە پەیدا بکات، چونکە مرۆڤێکی زۆر هەستیار بوو ، وام وێنا دەکرد دەرگاکە دەکاتەوە و بە چاوانی ڕوندکبارەوە ڕێگەی پلیکانەکان دەگرێتەبەر . بەڵام لە دڵی خۆدا گوتم : نا... تۆ لەو پیاوانە نیت بەو ئاسانیە جوابی بکەی و بڕوات و تیا بچێت .

بەهەرحاڵ بەزەییم پێیدا هاتەوە ، دڵم بەحاڵی سووتا . بەڵام پاشان بیرم کردەوە و لە دڵی خۆدا گوتم : باشە چ بکەم ؟ ئەوسا پێمگوت : سەبر بکە ئیمیلیان ، تۆ ناتوانی هەتاهەتایە لەلای من وەمێنی . من بەمزوانە لێرە بار دەکەم ، ئەگەر بێیتەوە نامبینی . ئاخری بارم کرد ، خاوەن خانووەکە ، ئەلکسندر فیلمونوفیچ ( مردووە ، خودا لێی خۆشبێ ) گوتی: من لێت ڕازیم ئاستافی . لە بیرت ناکەین هەرکاتێ لە هەوارگە زڤڕینەوە ، پێشوازیت لێدەکەین و ئێرەت پێ دەدەینەوە . من ساڵانێکی زۆر پێشکاری بووم ، لە ڕووی خۆت نەبێ ، پیاوێکی یەجگار باش بوو ، بەڵام هەر لەو ساڵەدا قەزا و بەڵای تۆی برد و دنیای فانی بەجێهێشت . بەهەرحاڵ وەختایەک ئەوان ڕۆیشتن، من باروبنەم تێک نا و ، پارەیەکی کەمم هەبوو ، بڕیارم دا دەستی پێوە بگرم . ئەوسا چوومە سۆراخی پیرەژنێک کە دەمناسی . ژوورۆچکەیەکم لەلای ئەو بەکرێ گرت ، جگە لەو ژوورۆچکەیە هیچ ژوورێکی چۆڵی نەبوو . ئەم پیرەژنە جاران خۆی کاری دەکرد ، سەرپەرشتی منداڵانی دەکرد . ئیدی خانەنشینییەکی کەمی هەبوو بەوە دەژیا . لە دڵی خۆدا گوتم : بە دوعا ئیمیلیان ، برادەری ئازیز ، تەواو ، ئیدی یەک نابینینەوە .

ئەزبەنی بڵێ چی ڕوویدا ؟ ئێوارەیەک لە دیدەنی برادەرێک دەگەڕامەوە ، چ ببینم باشە ؟! ئیمیلیانم بینی! لە سەر سندووقە بچووکەکەم دانیشتبوو، بوخچە سوورەکەی لەلای خۆیەوە دانابوو . پاڵتۆیەکی لەبەر بوو و چاوەڕوانی دەکرد... جا بۆ وەی بێتاقەت نەبێ ، کتێبێکی وێرد و نزای بە ئەمانەت لە پیرەژن وەرگرتبوو ، بە سەرەو خواری بەدەستیەوە گرتبوو و تەمەشای دەکرد!... ئاخری دۆزی بوومیەوە ، تازە کار لە کار ترازابوو ، لە دڵی خۆدا گوتم : خەتای خۆمە، بۆ لە هەوەڵەوە جوابم نەکرد؟ دیاربوو بەو ئاسانیە لە کۆڵم نەدەبووەوە ، بۆیە بلەز گوتم : ئیمیلیان پاسپۆرتەکەت هێناوە ؟

سەرتان نەیەشێنم ئەزبەنی ، دانیشتم و دەبیرەوە چووم کە چ بکەم ؟... دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ، دوای ئەوەی بابەتەکەم لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵسەنگاند ، گەییمە ئەو قەناعەتەی کە بوونی ئەم کابرایە هیچ قازانجێکی

نەبێت ، ئەوا زەرەرێکی ئەوتۆشی نابێت . لە دڵی خۆدا گوتم : چیە ، بەیانی لەتێ نانی دەدەمێ و دوو سەلک پیازیش دەکڕم ، نیوەڕوان نانێک و تۆزێ پیاز ، بۆ شێویش کەمێ پیاز بە شەرابی کواسەوە سەروزیادە ، خۆ ئەگەر ویستی شۆربایەکی کەلەرمیشی بۆ لێدەنم ، سەروو زیادمانە . من بۆخۆم بە تەبیعەت کەمخۆرم ، خۆ خەڵکی مەشرووب خۆریش ، وەکو مەعلوومی جەنابتە بە ئاستەم نان دەخۆن . یانی تەنیا خواردنەوەی هەبێ هیچی دیکەی ناوێ . ئەوسا لە دڵی خۆدا گوتم : " بەڵام بە خواردنەوە ماڵم کاول دەکات ، دەمخاتە سەر ساجی عەلی. " لە سێ و دووی ئەمەدا بووم کە لە ناکاوا بیرۆکەیەکی دیکەم بە مێشکدا هات ئەزبەنی ، هەرچیم کرد و کۆشا لە زەینم دەرنەچوو و نەچوو . لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر ئیمیلیان بڕوات ، زۆر بێتاقەت دەبم... ئیدی یەکسەر بڕیارم دا کە پشتیوانی بکەم و دەوری باوکی بۆ ببینم . دەبێ کارێ بکەم کە مەشرووب تەرک بکات . ئیدی لە دڵی خۆدا گوتم : " ئیمیلیان، ئەگەر دەمێنیتەوە ، بمێنەوە... باشە بمێنەوە . بەڵام دەبێ بەگوێم بکەی. " دووبارە بەخۆم گوت : " فێری کارێکی دەکەم . پاشان بەرەبەرە کارێکی بۆ دەدۆزمەوە . هەڵبەتە ئەمە حەوسەڵە و پشوو درێژی دەوێت ، بەپەلە ناکرێ . هەنگێ تەمەشا دەکەم بزانم چ بەهرە و توانایەکی هەیە ، بۆ چ کارێک باشە. " ئاخر ئەزبەنی بەخۆت دەزانی هەموو کارێک ئامادەگی دەوێت ، دەبێ دەرەقەتی بێی . بۆیە کەوتمە چاودێری کرنی . بەڵام زوو بەزوو هەموو خەیاڵپلاوەکانم کەڕوویان هەڵێنا ؛ بۆم دەرکەوت کە هیچ ئومێدێک لە ئیمیلیانی پیر ناکرێ . ئەزبەنی لە هەوەڵەوە ، لە هەوەڵەوە بە قسەی خۆش پێمگوت : " گوێ بگرە ئیمیلیان... بیرێ لە خۆت بکەوە... هەوڵبدە کارێ بکە... ئەم تەمەڵییە تا کەی... تەمەشای ئەم جلە شڕ و شەپڕێوانە بکە کە لەبەرتدایە... پاڵتۆکەی بەرت هێندەی کون تیایە ، هەر بۆ ئەوە باشە پارچە پارچەی بکەیت و قاپ و ئامانی پێ بسڕیت . تۆزێ شەرم لە خۆت بکە ، نها کاتی ئەوە هاتووە ژیانی خۆت بگۆڕی و دەسێک بەخۆتدا بێنی! "

ئەزبەنی ، ئیمیلیانی داماو سەری لەبەر خۆ دەنا و ، بێئەوەی هیچ بڵێ ، گوێی لێدەگرتم . نەیدەزانی چی بڵێت . مەشرووب تەنانەت توانای قسەکردنیشی لەبەر بڕی بوو . ماوەیەکی زۆر گوێی گرت و ئەوسا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا .

لێم پرسی:- چما ئاە هەڵدەکێشیت ؟

بەرسڤی دایەوە :- هەروا ئیڤانوفیچ... گوێ مەدەیە ، خەمی منت نەبێ .

دەزانی ئاستافی ئەمڕۆ دوو ژن لە سەر جادە بەشەڕ هاتن . یەکێکیان قەرتاڵە ترێیەکەی ئەوی تریانی قلْپ کردەوە .

- ئێ؟

- ئەوی دیکەیان قەرتاڵە ترێیەکەی ئەمیانی هەڵڕژاند و بە لەقەوە چووە سەری .

- چیتر ئیمیلیان ئیلیچ ؟

- تەواو ئیتر ، هەر ویستم ئەوەت بۆ بگێڕمەوە .

- باشە وا ئەمە ڕوویدا ! ئاخر ئەمە چییە ؟

لە دڵی خۆدا گوتم : " داماو خۆت ئیمیلیان !... "

-ئاستافی، پیاوێک ، لە شەوامی گوروخوفایا ، ئەسکەناسێکی لێکەوت... تا شەقامی سادوفایا بوو. دێهاتیەک دیتی و گوتی : خوا ناردی ، ئەمە قسمەتی خۆمە... بەڵام دێهاتیەکی دیکەش ئەمەی بینی و گوتی : " نا قسمەتی منە... من لە پێش تۆدا دیتم !... "

- ئێ ئیمیلیان چیتر؟

- ئەوسا هەردوو دێهاتیەکە بەشەڕ هاتن ، بەربوونە گیانی یەکدی . پۆلیسێک هات ئەسکەناسەکەی بۆ خاوەنەکەی گێڕایەوە... و هەڕەشەی لە جووتە دێهاتیەکە کرد کە بۆ مەخفەریان ( بنکەی پۆلیس ) دەبات .

- ئێ ، باشە مەبەستت چیە ؟ ئەمە چ شتێکی سەرنجڕاکێشی تیایە ؟

- هیچ... ئاستافی گیان... خەڵکی زۆر پێیان پێکەنین .

- ئاخر ئیمیلیان، پێکەنینی خەڵکی بەتۆ چی ؟ بیرێ لە خۆت بکەوە ، بیرێ لە ڕوحی خۆت بکەوە کە بە قروشێکت فرۆشتووە... دەزانی چ دەڵێم ئیمیلیان ؟

- چی دەڵێی ئاستافی؟

- چما خۆت بەکارێکەوە مژوول ناکەی ؟ پێویستە کارێک بکەی . ئیمیلیان سەد جارم پێگوتوویت : ڕەحمێ بەخۆتا بکە !

- چ کارێک بکەم ئاستافی ئیڤانوفیچ ؟ من نازانم چ کارێکم پێدەکرێ ؟ باوەڕ ناکەم کەس کار بە من بدات !

- چما لە کارەکەت دەرکرایت ، ها ؟ ئیمیلیان چما لە وەزیفەکەت دەرکرایت؟ چونکە دەخۆیتەوە و...

- دەزانی ئاستافی، ئەمڕۆ فلاس – ی شاگردی مەیخانەکەیان بۆ ئۆفیسەکە بانگ کرد .

- چما بانگیان کرد ؟

- ئەوەی ڕاستی بێ نازانم ئاستافی ئیڤانوفیچ ، وادیارە ئیشێکیان پێی هەبووە بۆیە بانگیان کردووە .

لە دڵی خۆدا گوتم : " ئاخ ئیمیلیان ، هەردووکمان تووش بووین ، خودا لە خەتاکانمان ببورێ ! " ئاخر ئەزبەنی من لەتۆ دەپرسم، چ لە گەڵ مرۆڤێکی وەکو ئەمەدا دەکرێ !

بەڵام ئیمیلیان ، زۆر زیرەک بوو. ماوەیەکی زۆر گوێی لێدەگرتم . بەڵام دوای ماوەیەک بێتاقەت و بێزار دەبوو ، هەرکە هەستی کرد ، خەریکە توورە دەبم ، نانەکەی دەخوارد ، پاڵتۆ شڕەکەی هەڵدەگرت و بۆی دەردەچوو . تا شەوێ لە دەرەوە دەسوڕایەوە ، شەوێ بەوپەڕی مەستی دەگەڕایەوە ، نازانم کێ پارەی خواردنەوەی بۆ دەدا، یان بەخۆی پارەی مەشرووبی لە کوێ پەیدا دەکرد . ئەمە شتێک بوو مەگەر هەر خوا زانیبای... هەڵبەتە نە هیچ خەتایەکی منی تیابوو ، نە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەبوو !...

ئەنجام ڕۆژێک گوتم : ئیمیلیان ئیلیچ ، ئیدی بەسە ، خواردنەوە تەرک بکە ، حاڵی هەی ؟ ئەگەر شەوێکی دی بە سەرخۆشی بێیتەوە ، دەبێ لە ڕاڕەوەکەدا ڕۆژ بکەیتەوە ؛ دەرگات لێناکەمەوە !

بەڵێ ئەزبەنی ، ئیمیلیان دوو ڕۆژ لە ماڵ مایەوە ، نەچووە دەرەوە ، بەڵام ڕۆژی سێیەم دیار نەما . چاوەڕوانم کرد ، زۆرم چاوەڕوان کرد ، نەگەڕایەوە . هەر بەینی خۆمان بێ ، کەمێک نیگەران بووم ، دڵم بەحاڵی دەسووتا

. لە دڵی خۆدا گوتم : " چیم لێکردووە؟ ترساندوومە! داماوە کێوە چووە ؟ ڕەنگە جارێکی دی نەگەڕێتەوە ، خودایە بەڵایەکی بەسەر نەیەت ! " شەو داهات ، بەڵام نەگەڕایەوە .

بەیانی کە لەخەو ڕابووم ، لە ژوورەکە وەدەرکەوتم ، سەریم کرد لە ڕاڕەوەکەدا خەوتووە و سەری ناوەتە سەر یەکەمین پلەی پلیکانەکە ، خەریک بوو لە سەرما ڕەق ببێتەوە .

– ئیمیلیان چیتە، چما لێرە نووستوویت؟ ئەمە چییە ! لە کوێ بووی ؟ چما لێرەی ؟

– ئاخر ئاستافی ئەو ڕۆژە خراپ لێم تووڕە بوویت ، گوتت دەرگام لێناکەیتەوە ، دەبێ لە ڕاڕەوەکەدا بخەوم... ئیدی نەوێرام بێمەوە ژوورەوە و لێرەدا نووستم .

هەم تووڕە بووم و هەم زۆرم بەزەیی پێیدا دەهاتەوە . پێمگوت :– بەڵام ئیمیلیان هەق بوو کارێکی باشتر بدۆزیتەوە، نەک ببی بە پاسەوانی پلیکانەکان .

– چ کارێک ئاستافی؟

بەوپەڕی تووڕەیی گوتم :– هەی بەلەنگازی نەگبەت... بەکێمانی دەتتوانی فێری خەیاتی ببیت ! تەمەشای پاڵتۆکەی خۆت بکە ! هەزار و یەک کونی تێبووە . بۆ دەست نادەیە دەرزییەک و نایدوریتەوە ؟ ئەگەر یەک تۆزقاڵ کەسایەتی خۆت بەلاوە گرینگ بوایە ، مشورێکی خۆت دەخوارد ، هەی بەدمەستی نەگبەت...

وەختایەک ئەو قسەیەم پێگوت دەستی دایە داو و دەرزی . من بە تەوسەوە ئەو قسەیەم کردبوو . بەڵام ئەو بەجدی وەریگرت و بەگوێی کردم . پاڵتۆکەی داکەند ، دەیویست داوەکە بە کونی دەرزییەکەوە بکات ، هەڵبەتە چاوی باش نەیدەبینی ، سوو بووبوونەوە . دەستەکانی دەلەرزین ! دەیویست داوەکە بە دەرزیەکەوە بکات. چەند جارێ هەوڵیدا داوەکە بە دەرزییەکەوە بکات ، بۆی پێوە نەدەکرا ، چاوی بچووک دەکردەوە ، سەری داوەکەی بە لیکی دەمی تەڕ دەکرد و باریکی دەکردەوە... بەڵام فایدەی نەبوو . ئیدی وازی لەو کارە هێنا و چاوی بڕییە من .

– ئەوە چ دەکەی ئیمیلیان؟ من بۆیە ئەو قسەیەم کرد تا کەمێک خەجاڵەت بی و شەرم لە خۆت بکەی... خۆت هیچ ، خوا ئەقڵ بە ئەولادت بدا.. لەلای من بمێنەوە و واز لەم کەرەکەرە بێنە ، ئیدی لە ڕاڕەوەکەدا مەنوو ، لەگەڵ خۆتا حەیای منیش مەبە...

– ئاخر چ کارێک بەمن دەکرێ ئاستافی ئیڤانوفیچ ؟ بەخۆت دەزانی من هەمیشە سەرخۆشم ، بە کەڵکی هیچ نایەم. زۆرم پێناخۆشە کە تووڕەت دەکەم ، تۆ چاکەی زۆرت بەسەرمەوە هەیە... مەگەر بتکوژم چاکەت بدەمەوە.

ئیدی بەدەم قسانەوە لێوە شینەکانی کەوتنە تەتەڵە ، دڵۆپە ڕوندکێک بەسەر گۆنا زەردەکەیدا هاتە خوارەوە. ئەم ڕوندکە بۆ ساتێک ، بەسەر ڕدێنە لوولەکەیەوە لەرزی ، ئەوسا کونی فرمێسکی بەربوو ، ڕوندک بە گوڕ هاتنە خوارێ... ژارۆ ئیمیلیان... هەستم کرد وەکو ئەوە بوو خەنجەرێک لە دڵما ختم بکرێ .

لە دڵی خۆدا گوتم :– داماو خۆت ئیمیلیان ، بەکەڵکی هیچ نایەی ، نەمدەزانی بەو ئەندازەیە دڵت ناسکە ، هەستیاری ! ئەگەر وابڕوا خۆت لە نێو دەبەی .

بەڵێ ئەزبەنی ، نامەوێ سەرت بیەشێنم . بابەتەکە هێندە هیچە ئەوە نایەنێ پیاو بە تانیا بڕوات... مەبەستم ئەوەیە هەموو بابەتەکە دوو پولی قەڵب نایەنێ ، هەرچەندە ئەگەر من پارەم هەبوایە ئامادە بووم هەمووی بدەم و نەیەڵم ئەوەی ڕووی دا ، ڕووبدات .

ئەزبەنی ، پانتۆڵێکم هەبوو ، ئەگەر بڵێی پانتۆڵێکی جوانیش بوو ، شینێکی خانە خانە بوو ، لە سەر داوای موڵکدارێکی دێهاتی بەکردم دابوو ، دوایی بەبیانووی ئەوەی کە بەبەری تەسکە نەیویست ، ئیدی بەسەرما مایەوە . لە دڵی خۆدا گوتم : " پانتۆڵێ کی باشە، خۆ ئەگەر لە بازاڕی کۆنەدا بیفرۆشم ، بە کێمانی پێنج ڕوبڵم بۆ دەکات . دەتوانم بەو پارەیە دوو پانتۆڵ بۆ دوو دۆستە پترسبۆرگیەکانی خۆمان دروست بکەم و بەشی ئێلەکێکیشی بۆ خۆم لێدەمێنێتەوە... " بە خۆت دەزانی ئەزبەنی هەر شتێکی بچووکیش بۆ ئێمەی هەژار و بەلەنگاز بایەخی خۆی هەیە . لەو کاتانەدا ئیمیلیان زۆر بێزار و بێتاقەت بوو . چەند ڕۆژێک بوو دەمی بە مەشرووبەوە نەدابوو . ئیدی بە تەواوەتی کلافە بووبوو . پیاو بەزەیی پێدا دەهاتەوە . لە دڵی خۆدا گوتم : " ئێ کوڕی باش یان پارەت دەست نەکەوتووە یان بڕیارت داوە بگەڕێیتەوە سەر ڕێگەی ڕاست ، ڕێگەی خوا و پیاوچاکان... ڕەنگە بە دەنگی عەقڵەوە چووبی و بە خۆتت گوتووە : بەسە ! "

ئیدی قوربان ئەوە ڕەوشەکەمان بوو . ئەو کاتە ڕێکەوتی جەژنێکی ئۆلی بوو . بۆ نوێژی ئێوارە بۆ کڵێسا ڕۆییم... وەختایەک گەڕامەوە بۆ ماڵ ، سەیرم کرد ئیمیلیانی هاوڕێم لەسەر قەراخی پەنجەرەکە دانیشتووە و فوول سەرخۆشە . لە جێی خۆی بەلادا دێت . گوتم سڵاو برادەر !

چووم بەلای سەندووقەکەمەوە تا شتێک دەربێنم... دیقەتم دا پانتۆڵەکەم نەبینی ، ئیدی هەموو ماڵەکەم سەنگ سوژن دا ، پانتۆڵ نەبوو و نەبوو . ئیدی زانیم کە نەماوە ، خەنجەرت لێدابام خوێنم لێنەدەهات .

بلەز چووم بۆلای پیرەژنەکەی خودان خانووەکە ، ئیدی بە گازن و لۆمە داباریم بەسەریا . بەڵام هیچم بە ئیمیلیان نەگوت ، هەرچەند سەرخۆشی و مەستیەکەی ، ئەوەی نیشاندەدا کە ئەو پانتۆڵەکەی دزیوە .

پیرەژن گوتی:- نا برادەر ، بێ قەزا بی... من پانتۆڵی تۆم بۆ چییە ؟ دەتوانم لە پێی بکەم ؟ من خۆم ماوەیەک لەمە پێش تەنوورەیەکم دزرا ، بەڵام هیچ گومانێکم لە ئێوە نەکرد... پیاو تەنوورەی بۆ چییە... بە هەرحاڵ ، باوەڕ بکە من ئاگا و عیلم و خەبەرم لەو پانتۆڵە نییە .

لێم پرسی :- کە من لە ماڵ نەبووم ، کەس نەهات؟ کەس لێی نەپرسیم ؟

گوتی :- نەخێر. بەخۆم لەماڵەوە بووم . بەڵام ئیمیلیان چووە دەرێ و پاشان هاتەوە . ئەوە خۆیەتی لێی بپرسە.

پێمگوت :- ئیمیلیان ئەرێ تۆ پانتۆڵە تازەکەمت نەبردووە... ئەو پانتۆڵەی بۆ ئاغای دێهاتیم درووبوو و پێی ڕازی نەبوو و نەیویست ؟

- نەخێر وەستا ئاستافی ، من نەمبردووە .

لە دڵی خۆدا گوتم : باشە چی لێهات ! " دووبارە دەستم بەگەڕان کردەوە . نەمدۆزییەوە . ئیمیلیان هێشتا لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو و ناو بەناو لەتری دەدا . لە سەر سەندووقەکە و لە هەنبەر ئەوا دانیشتم . ژێراوژێر تەمەشام کرد ، لە دڵی خۆما گوتم : " ئەمە ، ئیشی ئەمە . " لە تووڕەییدا ، دەم و چاوم سووری سوور

بووبووەوە . لەو دەمەدا ئیمیلیان تەمەشای منی کرد . گوتی :– نەخێر وەستا ئاستافی ئیڤانوفیچ . من پانتۆڵەکەتم نەبردووە . ڕەنگە گومانت لەمن بێ ، بەڵام باوەڕ بکە من نەمبردووە .

– باشە ئیمیلیان ئەو پانتۆڵە کێوە چووە ؟

– نەخێر ئاستافی ئیڤانوفیچ ، من نەمدیوە...

– ئەوە چ دەڵێی ئیمیلیان ئیڤانوفیچ ؟ تۆ بڵێی لە خۆوە پێی گرتبێ و ڕۆیی بێت ؟

– لەگینە ، دەشێت ئاستافی ئیڤانۆفیچ...

بەڵێ ئەزبەنی ، دوای قسەکانی ئیمیلیان هەستام ، بێئەوەی هیچی دی بڵێم هەستام ، چراکەم پێکرد و دەستم بەکار کردن کرد . خەریک بووم ئێلەکێکم بۆ کارمەندێکی شوقەکەی ژێر خۆمانەوە ئامادە دەکرد . لە تووڕەییدا خوێنم هاتبووە جۆش . ئیمیلیان هەستی بە تووڕەییەکەم کرد ، هەستی دەکرد شەرم لێدەبارێت ، وەکو چۆن تەیرێک بە ئاسمانەوە هەست بە هەڵکردنی زریان دەکات ، ئیمیلیان، بە دەنگێکی شپرزە و لەرزۆک گوتی :– ئاستافی ئیڤانۆفیچ دەزانی ئانتیب بروفوروفیچ – ی پەرستار ئەمرۆ دەگەڵ بێوەژنەکەی ئەو گالیسکەچیەی کە ماوەیەک لەمە پێش مرد زەماوەندی کرد..

من تەنیا نیگایەکیم کرد ، نیگایەکی برێ تووڕە . لە فیکەی خۆی حاڵی بوو ، هەستا ، چوو بەلای تەختە خەوەکەوە، کەوتە گەڕان بە دووی شتێکدا . من ژێراوژێر چاودێریم دەکرد . ماوەیەکی زۆر گەڕا، لەبن لێوانەوە ، لەبەر خۆیەوە دەیگوت : " هیچ شتێک نابینم . باشە ئەم پانتۆڵە چی لێهات ؟ " چاوەڕوانم کرد تا بزانم کارەکە دەگاتە کوێ... ئیدی ئیمیلیان خۆی وەبن تەختە خەوەکەدا کرد ، کە ئەو ڕەوشەم بینی خۆم پێنەگیرا ، گوتم :– ئیمیلیان چیتە ، چما خۆت وەبن تەختەکەدا دەکەی ؟

– لە پانتۆڵەکە دەگەڕێم... لێ دەڵێی لەم ژێر و مێرانەت دانەناوە .

– جا قوربان ( لە داخ و تووڕەییدا گوتم قوربان ) چما لە پێناوی داماوێکی بەلەنگازی وەکو مندا خۆت ماندوو دەکەی ، بە چوار چنگۆڵە خۆت بەژێر ئەو تەختەدا دەکەیت ؟

– ئاستافی ئیڤانۆفیچ ، قەیدی نییە ، ئەگەر باش بۆی بگەڕێین ، کێ دەڵێ لە قوژبنێکدا نایدۆزینەوە .

گوتم :– بەڕاست ! گوێ بگرە ئیمیلیان...

– چیە ئاستافی ئیڤانۆفیچ ؟

– من مەزەندەم لە تۆیە ، تۆ دزیوتەو تەواو . وەکو هەر دزێک ، بەو ئاوایە چاکەم دەدەیتەوە .

کە دیتم بە چوار چنگۆڵە بە ژوورەکەدا دەگەڕێ ، بە ڕادەیەک تووڕە بووم ، خەنجەرەت لێدابام خوێنم لێنەدەهات .

– نا ئاستافی ئیڤانۆفیچ ، من نەمدزیوە .

لە ژێر تەختە خەوەکە نەهاتە دەرەوە . ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە . پاشان کە هاتە دەرەوە ، ڕەنگی بووبوو بە جاوی سپی . هەستا ، لە قەراخ پەنجەرەکە ڕۆنیشت ، نزیکەی دە خولەکێک بەو دەقەوە دانیشت . ئەوسا گوتی :- نا، ئاستافی ئیڤانۆفیچ، نا...

لە ناکاوا هەستا ، زۆر خەمبار و تەریق بوو، لێم نزیک بووەوە ( ئێستاش دیمەنیم لە بەرچاوە ) گوتی: نا ، ئاستافی ئیڤانۆفیچ . من پانتۆڵەکەم نەبردوویت .

سەراپا دەلەرزی، دەیکێشا بە سینگی خۆیا ، دەنگی بە جۆرێ دەلەرزی، ترسم لێنیشت . گوتم:

-باشە ئیمیلیان ئیلیچ . با چیتر باسی ئەمە نەکەین ، بمبورە کە بە هەڵە تۆم تۆمەتبار کرد ، من کەرێتیم کرد کە گلەییم لە تۆ کرد ، هەزار پانتۆڵ بە قوربانی تۆ بێ . ون بووە قیروسیا ، خۆ لەسەر ئەو پانتۆڵە پەکمان نەکەوتووە ، سوپاس بۆ خوا کە دەست و بازوومان لەکار نەکەوتووە ، بۆ خۆ کار دەکەین ، نە دزی دەکەین و نە دەست لەکەس پان دەکەینەوە . بە ڕەنجی شان و ئارەقەی نێو چەوان ڕزق و ڕۆزی خۆمان پەیدا دەکەین...

ئیمیلیان ، بە دیارمەوە وەستابوو و گوێی دەگرت . ئەوسا لە قەراخ پەنجەرەکە ڕۆنیشت ، بە درێژایی شەوەکە بەو حاڵەوە مایەوە ، لە جێی خۆی نەجولا . وەختایەک من چوومە جێگاوە تا بخەوم ، ئەو لە هەمان شوێن ڕۆنیشتبوو . بەیانی کە لەخەو ڕابووم ، سەیرم کرد شرە پاڵتۆکەی لە خۆیەوە پێچاوە و لە سەر ئەرزە ڕووتەکە ڕاکشاوە .

بەڕادەیەک بەخۆدا شکابووەوە ، لە خۆی نەگرتبوو لە سەر تەختە خەوەکە بخەوێ .

لەوە بەدواوە ئەزبەنی بەڕادەیەک لە بەرچاوم کەوت ، تا چەند ڕۆژێک حەزم نەدەکرد چاوم بە چارەی بکەوێ . وەکو ئەوەبوو کوڕی خۆم بێ و دزی لێم کردبێ ، کوڕی خۆم بێ و سووکایەتی پێکردبم ، جوێنی پێدابم . لە دڵی خۆدا دەمگوت: " داوەشێی ئیمیلیان ! خۆت بەخۆت بی ! " بەڵام ئەو ، ئەزبەنی، دوو هەفتەی تەواو ، بەردەوام دەیخواردەوە ، بەیانی دەڕۆیی شەوێ دەهاتەوە . لەم دوو هەفتەیەدا گوێم لێنەبوو ورتەیەکی لێوە بێت . پێدەچوو زۆر خەجاڵەت و تەریق بێت ، بۆیە دەیخواردەوە ، تا خۆی و ئازارەکانی لەبیر بچێتەوە . ئەنجام تەواو بوو ، ئیمیلیان لە خواردنەوە دابڕا . دیاربوو پارەی پێ نەمابوو . دووبارە قەراخ پەنجەرەکەی ئاوەدان کردەوە . لەبیرمە سێ دانە ڕۆژی تەواو ، لەوێندەر دانیشت بەبێئەوەی متەقی لێوە بێت ! لە ناکاوا دیتم دەگری ، ڕوندک وەکو بارانی بەهار لە چاوانیەوە دەباری . چەند ناخۆشە ئەزبەنی پیاو کابرایەکی دان عەمری وەکو ئیمیلیان بدینێ کە بە داخ و کەسەر ، بەکوڵ بگری . پێدەچوو بەخۆی هەست بەوە بکات کە خەریک بوو سەری بە هەنیسکانەوە هەڵبگیرێ ، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت .

پێمگوت: ئیمیلیان چیتە ، چی بووە ؟

سەراپای دەلەرزی . چونکە لەو ڕۆژەوە کە پانتۆڵەکە دیار نەمابوو ، زارم لە زاری نەگەڕابوو ، ڕاچڵەکی و گوتی:- هیچ، ئاستافی ئیڤانۆفیچ هیچ...

- خوا بە هاناتەوە بێ ئیمیلیان! ئەگەر کێشەت پانتۆڵەکەی منە ، گوێ مەدەیە ، هەر بە خەیاڵتدا نەیەت ، دیار نەماوە چش . بەڵام چما وەکو کوند لەوێدا هەڵنیشتووی ؟

زۆر دڵم بە حاڵی سووتا ئەزبەنی .

گوتی:- هەروا ئاستافی ئیڤانۆفیچ... لەبەر ئەوە نییە . دەمەوێ کارێک بدۆزمەوە...

- چ کارێ ئیمیلیان ئیلیچ؟

- هەرکارێ بێ... گرینگ ئەوەیە کارێک بدۆزمەوە . کارێک وەکو کارەکەی جارانم . چووم بۆلای فیدوسی ئیڤانۆفیچ ، تەکلیفم لەو کردووە... نامەوێ ببم بەبار بەسەر تۆوە ئاستافی ئیڤانۆفیچ... ئێ بەڵکو کارێک بدۆزمەوە و بتوانم چاکە و پیاوەتی تۆ بدەمەوە... خوا دەکا کارێ پەیدا دەکەم ، هەنگێ چاکەت دەدەمەوە ، قەرەبووی ئەو نان و نمەکەشت بۆ دەکەمەوە کە داوتە پێم...

- قسەی قۆڕ مەکە ئیمیلیان. بەسە!... ئەوەی چووچوو ، چیتر باسی ناکەین . وەکو جاران پێکەوە دەژین .

- نا ئاستافی ئیڤانۆفیچ... هەستدەکەم هێشتا لە من بە گومانی ، بەڵام من پانتۆڵەکەتم نەبردووە ها!

- زۆر چاکە، با قسەی تۆ بێ ، گەردنت ئازا بێ ، من بەلامەوە گرینگ نییە ، تەواو بڕایەوە .

- نەخێر ئاستافی ئیڤانۆفیچ... من ناتوانم لەوەی پتر لەلای تۆ بژیم .

گوتم : باشە کەس خوا نەخواستە دڵی شکاندوویت ، ئیمیلیان؟ کەس جوابی کردوویت ؟ ناشێ وابزانی من دەرت دەکەم ؟

- نە، ئاستافی نا ، ناکرێ لەوەی پتر بمێنمەوە . باشتر وایە بڕۆم...

دەزانی ئەزبەنی ، بەو قسەیەوە گرتبووی و لە کەری شەیتان نەدەهاتە خوارەوە ، دیاربوو بڕیاری خۆی دابوو ، هەستا ، کۆنە پاڵتۆکەی دا بەشانیا .

- بۆ کوێ ئیمیلیان ؟ عاقڵ بە ، بۆ کوێ دەڕۆیت؟...

- نا، ئاستافی ئیڤانۆفیچ ، بە دوعا ، ڕێم لێمەگرە . وەختی ئەوە هاتووە لە کۆڵت ببمەوە ، تۆ ئێستا پیاوەکەی جاران نیت .

بەدەم ئەو قسانەوە دڵی پڕ بوو ، گریان لە ئەوکی گیرا .

گوتم :- چما پیاوەکەی جاران نیم ؟ من نەگۆڕاوم... تۆ گۆڕاوی ، منداڵ بوویتەوە . تۆ بەتەنیا هەڵناکەی ، وەکو منداڵی سێوی لە برسا دەمری ئیمیلیان ئیلیچ .

-نا ئاستافی ، تۆ گۆڕاوی... هەر کاتێ دەچیتە دەرەوە ، سەندووقەکەت قفڵ دەدەیت ، کە چاوم بەو ئەتوارەی تۆ دەکەوێت ، خۆ بەخۆ دڵم پڕ دەبێ ، گریان دەمگرێ.. نا، باشتر وایە ئیزنم بدەی بڕۆم ، لەم ماوەیەدا کە پێکەوە دەژیاین، لە هەر کەم و کوڕییەکم ببوورە ، گەردنم ئازا بکە .

بەڵێ ئەزبەنی ڕۆیی . ئەو ڕۆژە تا ئێواری چاوەنۆڕم کرد ، ئێ بەڵکو بگەڕێتەوە ، بەڵام شەویش نەهاتەوە ، ڕۆژی دواتریش سەرو سەکەوتی پەیدا نەبوو . ڕۆژانی دواتریش پەیدا نەبوو . ترسام . نیگەرانی دایگرتم . ئیدی خەو و خۆراک و ئیسراحەتم لێهەڵگیرا . بە تەواوەتی نەترەم بەردا . ڕۆژی چوارەم کەوتمە تاقیب و سۆراخی ، مەیخانە نەما سەری پێدا نەکەم . بەڵام هیچ هەواڵێکی نەبوو ، غەیب بووبوو ، کەس نەیدەزانی ئەرز قووتی دابوو یان ئاسمان هەڵیکێشابوو ! لە دڵی خۆدا گوتم : " ناکا لە پەنایەکدا بەدەم مەستیەوە مردبێ ، نها

جەندەکەکەی بۆگەنی کردبێ ! " هیلاک و شەکەت خۆم بکێش کرد ، تا گەییمەوە ماڵەوە نیوەگیان بووبووم . بۆ سبەی دووبارە کەوتمە سۆراخی . هەزار و یەک نەفرەتم لە خۆ دەکرد کە چما ڕێگەم بەم کەودەنە دا ، لە ماڵەکەم بڕوات . ڕۆژی پێنجەم ( کە ڕۆژی جەژن و پشوو بوو ) جیرەی کرانەوەی دەرگاکە هات... تەمەشام کرد ئیمیلیان بوو . دەم و چاوی شین بووبووەوە ، قژی خۆڵاوی ، لەوە دەچوو ، لەسەر جادە نووستبێ ، وا باریک بووبوو دەتگوت قامیشە .

پاڵتۆ کۆن و شڕەکەی داکەند ، لە سەر سەندووقەکە ڕۆنیشت و چاوی لە من بڕی . ئەوەی ڕاستی بێ بە هاتنەوەی خۆشحاڵ بووم ، بەڵام جۆرە نیگەرانی و ترسێکی زیاتر لە جاران چنگی لە دڵ و دەروونم نا ، لەزگ بوو هەناسەم پێنەدرێ . مەبەستم ئەوەیە ئەزبەنی ئەگەر من دووچاری هەڵوێستێکی ئاوها هاتبام ، حەزم دەکرد وەکو سەگ تۆپیبام و بەو ملکەچیە نەگەڕابامەوە . نها ئیمیلیان گەڕابووەوە . زۆرم لەلا ناخۆشبوو ، مرۆڤێک بەو لارە ملیەوە بدینم ، ئیدی کەوتمە دڵنەوایی و نەوازشتی . گوتم:

– دەی ئیمیلیان ، هاوڕێ گیان ، بە هاتنەوەت زۆر خۆشحاڵم ! ئەگەر تا چەند خولەکێکی دی نەهاتبایەتەوە ، دەچووم بۆ مەیخانەکان تا تاقیبت بکەم . نانت خواردووە ؟

– خواردوومە ، مەمنوون ئاستافی ئیڤانۆفیچ .

– بەڕاست ؟ گوێ بگرە برادەر... تۆزێ شۆربای کەلەرمی دوێنێ ئێوارە ماوە . تۆزێ سیر و نانیش هەیە . ڕابە بیخۆ تا ئاهێکت وەبەر بێتەوە .

خواردنم داێی ، پێدەچوو سێ دانە ڕۆژ بێ هیچی نەخواردبێ ، دیار بوو لە برسا لاکەی سەری دەهات . ئەمە مانای وابوو برسیەتی هەڵی پێچابوو و بۆلای منی هێنابووەوە . دڵم بەحاڵی سووتا ، بەزەییم پێیدا هاتەوە . کە تەمەشام دەکرد زیاتر دڵم پێی دەسووتا ، لە دڵی خۆدا گوتم : نها دەچم بۆ مەیخانەیەک و کەمێک مەشرووبی بۆ دێنم و ئەوسا ئاشت دەبینەوە . پێمگوت : ئیمیلیان ، تەواو ، بەسە ، من هیچم لە دڵ نەما . "

بلەز ڕۆیشتم ، خواردنەوەم هێنا و پێمگوت :– وەرە ئیمیلیان... وەرە با دەمێ تەڕ بکەین . جەژنیشە... حەز دەکەی تۆزێ بخۆیتەوە ؟ با تۆزێ وەخۆ بێیتەوە !

دەستی هێنا ، بە تامەزرۆییەوە دەستی دایە پەرداخەکە و تەژی کرد ، دەیویست بە یەکسەری هەڵیبدات . بەڵام لە ناکاوا وەستا ، پەرداخەکە بە دەستیەوە دەلەرزی... پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانایەوە .

– ها ئیمیلیان چییە ؟

– نا... ئاستافی ئیڤانۆفیچ... مەمنوون ، وابزانم ناتوانم...

– چییە ؟ ناتەوێ بخۆیتەوە ؟

– نا ، ئاستافی ئیڤانۆفیچ... نامەوێ... لەمڕۆ بەدواوە هەرگیز ناخۆمەوە...

– چی ؟ دەتەوێ بە یەکجارەکی تەرکی بکەی ، یان هەر ئەمڕۆ ناخۆیتەوە ؟

ئیمیلیان بەرسڤی نەدامەوە . تەمەشام کرد ، سەری لە نێو هەر دوو دەستی نا . گوتم :– ئیمیلیان چیتە؟ نەخۆشیت ؟

- بەڵێ... هەستدەکەم نەخۆشم .

یەکسەر لە سەر تەختە خەوەکە درێژم کرد . حاڵی باش نەبوو . تایەکی گەرمی لێهاتبوو ، سەری خەریک بوو دەسووتا . ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بەدیارییەوە بووم ، شەوێ حاڵی خراتر بوو . کوکتێلێکی کواس ( جۆرە شەرابێکە ) و کەرە و سیرم بۆ دروست کرد ، هەندێ وردە نانم تێگوشی و گوتم :- ئەمە بخۆ ئیمیلیان. هەولبدە تۆزێ بخۆی... ڕەنگە ئاهێکت پێدا بێتەوە .

سەری بادا و گوتی :- نا، مەمنوون ، ڕەنگە وا باشتر بێ کە ئەمڕۆ هیچ نەخۆم .

چام بۆ دەمدا . پیرەژنەکەی خاوەن ماڵەکەم زەحمەت دا تا هەموو شتێکی بۆ فەراهەم بکەین . بەڵام ئیمیلیان دەمی بەهیچەوە نەدەدا . حاڵی باشتر نەبوو . لە دڵی خۆدا گوتم : حاڵی باش نییە !

بەیانی ڕۆژی سێیەم چووم دکتۆری بۆ بێنم . دکتۆرێکم دەناسی نێوی کوستوبرافوف بوو ، لەم نزیکانە دەژیا. ئەو کاتانەی ئیشم بۆ ماڵباتی بوسامیاگین دەکرد ، ئەم دکتۆرەم ناسی ، جارێک نەخۆش کەوتم ئەو چاکی کردمەوە . دکتۆرەکە هات ، پاش ئەوەی ئیمیلیانی معایەنە کرد ، گوتی : حاڵی زۆر خراپە... پێویستی نەدەکرد خۆت زەحمەت بدەی و من بۆ ئێرە بێنی... بە هەرحاڵ دەتوانی تۆزێک لەم بۆدرەیەی بدەیتێ .

بەڵام ئەزبەنی ئەلهەقی بۆدرەکەم بە ئیمیلیان نەدا... چونکە هەستم کرد دکتۆرەکە خۆیشی بەدڵی نییە... بوو بە ڕۆژی پێنجەم... ئیدی بە بەرچاومەوە ڕاکشابوو ، خەریک بوو گیانی دەدا . لە قەراخ پەنجەرەکە دانیشتبووم و خەریکی دروومان بووم . پیرەژنەکەی خاوەن ماڵ سۆپاکەی داگیرساند . هەرسێکمان بێدەنگ بووین . کە تەمەشام دەکرد ، زۆر دڵم پێی دەسووتا . دەمزانی ئەویش سەیری من دەکات . دەتگوت خەریکە کوڕێکی خۆم لەدەست دەدەم . ئەویش سەیری منی دەکرد ، لە بەیانیەوە هەستمدەکرد دەیەوێ شتێکم پێ بڵێت ، بەڵام زاتی نەدەکرد . ئەنجام ڕووم تێکرد . نیگەرانییەکی ترسناکم لە چاوەکانیا خوێندەوە . بۆ یەک ساتیش چاوی لە من نەدەگواستەوە . بەڵام کە دیتی من سەیری دەکەم ، هاتە قسە :- ئاستافی ، دەمەوێ شتێکت بڵێم...

- بڵێ ئیمیلیان ، چیت دەوێ ؟

- ئەگەر پاڵتۆکەم ببەی بۆ بازاڕی کۆنە فرۆشان ، پارەیەک دەکات ؟

- نازانم، باوەڕ ناکەم پارەیەکی باش بکات ، ڕەنگە هەر سێ ڕۆبڵی پێبدەن .

بەڵام ئەزبەنی ، پاڵتۆکە لە ڕاستیا پولێکی قەڵبی نەدەهێنا ، خۆ ئەگەر بە کەسێکت نیشاندابا تا بیکڕێ ، وایدەزانی کە گاڵتەی پێدەکەی و دەتەوێ پێی ڕابوێری . بۆیە بە ئیمیلیانم گوت ڕەنگە سێ ڕۆبڵان بکات ، تا دڵی لەخۆ دانەمێنێ و خەفەت نەخوات ، داماوە مرۆڤێکی زۆر ساویلکە و بەسەزمان بوو .

- سێ ڕۆبڵ ؟! من وام وێنا دەکرد کە دە ڕۆبڵ بکات ، قوماشەکەی زۆر باشە ئاستافی ، چۆن دەڵێی سێ ڕۆبڵ... ئاخر سێ ڕۆبڵ هەر هیچ نییە ؟

گوتم :- ئەوەی ڕاستی بێ نازانم ئیمیلیان ئیلیچ . بەڵام ئەگەر دەتەوێ بە منی بفرۆشیت ، من لە ڕێوە دە ڕۆبڵت دەدەمێ... هەڵبەتە...

دوای بێدەنگییەکی کەم ، ئیمیلیان دووبارە بانگی کردم :- ئاستافی ئیڤانۆفیچ!

- بەڵێ ، ئیمیلیان ؟

- وەختایەک مردم پاڵتۆکەم بفرۆشە . پێویست ناکات بە پاڵتۆکەمەوە بمنێژیت . بەبێ پاڵتۆکەش هەر دەبێ... پاڵتۆیەکی باشە... ڕەنگە بەکارت بێت .

ئەزبەنی وەختایەک ئەو قسەیەی کرد ، دڵم زۆر گوشرا ، هەستم بەو ترسە کرد کە پێش مردن دەکەوێ . دووبارە بێدەنگ بووین . یەک سەعاتی تەواو بەسەر ئەو حاڵەدا بووری . تەمەشایەکی ئیمیلیانم کرد ، دیقەتم دا ئەویش چاوی بڕی بووە من ، کە نیگامان لێکدی هەڵەنگوت ، دووبارە چاوی داخست .

- ئاو دەخۆیتەوە ئیمیلیان ئیلیچ ؟

- بەڵێ ئاستافی ئیڤانۆفیچ ، مەمنوونم...

تۆزێ ئاوم داێی ، خواردییەوە و گوتی : مەمنوونم ئاستافی ئیڤانۆفیچ .

- هیچی دیکەت ناوێ ئیمیلیان ئیلیچ ؟

- نا، مەمنوونم ئاستافی ئیڤانۆفیچ... هیچم ناوێ... هیچ... بەڵام...

- بەڵام چی ؟

- بەڵام...

- بەڵام چی ئیمیلیان ؟

- دەمەوێ شتێک بڵێم... پانتۆڵەکە... من پانتۆڵەکەم برد ئاستافی ئیڤانۆفیچ...

- باشە ئیمیلیان.... دڵنیابە خوا لێت خۆش دەبێت . بنوو بە ئارامی...

ئەزبەنی هەستمکرد ، گریان ئەوکی دەگرتم ، لەزگ بوو بخنکێم . ڕوندک بە چاوما هاتە خوارێ ، چاوم لە ئیمیلیان وەرگێڕا...

- ئاستافی!...

بەو ئاوایە بانگی کردم ، ئاوڕم لێی دایەوە ، دیتم دەیەوێ قسەم دەگەڵدا بکات . هەوڵدەدات دانیشێت بەڵام ناتوانێ ، لێوی دەجوڵان... لە ناکاوا سووری سوور بووەوە و تەمەشای منی کرد . دوای تۆزێک ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا ، زەردی زەرد ، سەری بە پشتا برد ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ڕۆحی گەڕایەوە بۆلای خوا...

# درەختی کریسمس و زەماوەند

(ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٨٤٨ دا نووسراوە و لە ئەیلوولی ١٨٤٨ دا لە وەرزنامەی نیشتماندا بڵاو بووەتەوە .)

لەم ڕۆژانەی دواییدا ، دەعوەتی زەماوەندێک بووم ، بەڵام نا ! واچاکە باسی درەختێکی کریسمستان بۆ بکەم . دروستە ئەداو ئاهەنگی ئەو زەماوەندی کە بەو زووانە دیتبووم ، زۆر خۆش و بێ عەیب بوو ، زۆریشم بەدڵ بوو ، بەڵام ئاهەنگەکەی دی ، ئاهەنگی جەژنی کریسمسەکە ، بەڕاستی شتێکی دیکە بوو ، زۆر باڵکێشتر بوو ، هەڵبەتە لە میانی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەوە بۆتان بەدەر دەکەوێ چما ئەم گۆڤەند و داوەتە ، درەختی کریسمسەکەی وەبیر هێنامەوە .

نزیکەی پێنج ساڵ لەمە پێش ، دەعوەتی ئاهەنگێکی جەژنی کریسمس بووم . ئەو کەسەی دەعوەتی کردبووم ، کابرایەکی بازرگانی گەورە و بەنێوبانگ بوو ، سەرمایەیەکی مۆڵی هەبوو ، ئیسکۆرت و پاسەوانێکی زۆری بەدەورەوە بوو ، دۆست و بناژۆیەکی فرەی هەبوو ، حەشر و نەشری دەگەڵ خەڵکانی دەسەڵاتدار و دەستڕۆدا هەبوو ، دەتوانم بڵێم ئەم ئاهەنگەی کە گوایە بۆ منداڵان ساز کرابوو ، لە ئەسڵا بیانووی باوکان بوو تا لەگەڵ یەکترا کۆ ببنەوە و دەربارەی دنیا و کاروبارەکانی دنیا گەنگەشە بکەن و وەختێک بە خۆشی بەسەر بەرن .

من کە بابایەک بووم نامۆ بە دنیای کار و کاسبی و بازرگانی ، شەوەکەم دوور لەو گەنگەشە و گوت و بێژانە بەسەر برد ؛ زیاتر گوێگر و تەمەشاڤان بووم .

بۆیە سەرنجم لە سەر کابرایەکی دی گیرسایەوە ، کە پێدەچوو وەکو من بەڕێکەوت و هەڵە ڕێی کەوتبێتە ئەم جۆرە کۆڕ و ئاهەنگانە ، کابرایەک بوو باڵابەرز ، قەڵەمی ، پۆشتە و پەرداخ ، کەمدوو ، زۆر جدی ، دیاربوو زۆر کەیفی بەم ئاهەنگ و کۆڕ و شەوبێریانە نەدەهات ، چونکە هەرزوو داخزییە گۆشەیەکەوە ، بزە لە لێوی ئاوابوو، برۆ ڕەش و چرەکانی بەجۆرێ وێکهێنایەوە پیاو هەستی بە نیگەرانی دەکرد .

دیاربوو، جگە لە خاوەن ماڵەکە ، یەک کەسی دیکەی لە ئامادەبووان نەدەناسی . خویا بوو کە بێتاقەتە ، بەڵام بە هەر زەحمەتێ بوو ، زۆری لە خۆ کرد تا کۆتایی ئاهەنگەکە وا بنوێنێ کە زۆر خۆشحاڵە .

پاشان بۆم دەرکەوت ئەمە کابرایەکی دێهاتیە و بۆ کارێکی ئێجگار گەورە و ئاڵۆز بۆ شار هاتووە . نامە و ڕاسپاردەیەکی بۆ خانە خوێیەکەمان هێنابوو ، خانەخوێیەکەش ، مدارای دەکرد و لە ڕووی لوتف و ئەدەبەوە بۆ ئەم ئاهەنگەی بانگهێشت کردبوو .

ئامادەبووان وەرەقبازیان نەدەکرد ، کەس جگەرەی پێشکەش نەکرد ، کەس نەیدواند . دیاربوو بە ڕواڵەتیا بۆیان دەرکەوتبوو کە مشتەرییەکی چەور نییە ، ئیدی کابرا ناچار بوو ، هەندێ خۆی قورس بنوێنێ و بەردەوام دەستی بە سمێڵەکانیدا دێنا ، کە ئەلهەقی جوان بوون ، بەڵام هێندە بەدڵ و گیان دەستی بە سمێڵەکانیا دێنا ، یەکێک بیدیتبا، وای وێنا دەکرد لە پێشا سمێڵەکانی لەدایکبوون و پاشان ئەم بەڕێزە دانرابوو تا دەستی پێدا بێنێ و نەوازشتی بکات .

جگە لەم کابرا عەنتیکەیەی کە بەم شێوەیە لە ئاهەنگی خانەوادەیی خانە خوێیەکەماندا ( کە خاوەنی ژنێک و پێنج زارۆکی بچووک و جوانکیلە و سەرحاڵ بوو ) بەشداری دەکرد ، سەرنجم لەسەر پیاوێکی دیکە گیرسایەوە کە ئەرز و ئاسمانی دەگەڵ پیاوی یەکەما جیاواز بوو .

ئەمیان پیاوێکی مەند بوو ، بە نێوی جولیان ماستاکوفیچ بانگیان دەکرد ، دیاربوو وەکو میوانێکی بەڕێز و حورمەت ، بەشان و شکۆ مامەڵەی دەگەڵ دەکەن : خاوەن ماڵەکە و خێزانەکەی زۆر مدارایان دەکرد ، خزمەتیان دەکرد ، شەرابیان بۆ دادەنا ، خەڵکیان بۆلای دێنا و پێیان دەناساندن . دیقەتم دا خانەخوێیەکە وەختایەک گوێی لە جولیان ماستاکوفیچ بوو و فەرمووی زۆر لە مێژە کاتی وا خۆشی بەسەر نەبردووە ، لە خۆشیا ڕوندک زایبە چاوانی .

خۆیشم نازانم چما لە هەنبەر ئەم پیاوە پایەبەرزە جۆرە ترس و نیگەرانییەک دایگرتم . بۆیە پاش چاک و چۆنی دەگەڵ منداڵەکاندا چووم بۆ هۆڵێکی بچکۆلەی چۆڵ کە نیوەی بە جۆرەها گوڵی جوانی نێو ئینجانە ڕازابووەوە . لەوێندەر ڕونیشتم .

منداڵەکان زۆر جوانکیلە و خۆشبوون ، پێدەچووو بە هیچ جۆرێ گوێ بە ئامۆژگارییەکانی دایکە ئازیز و دایەنەکانیان بدەن و وەکو خەڵکی ڕەفتار بکەن و عاقڵ و ئاغر بن . منداڵەکان زۆر جوان بوون ، دوای چەند خولەکێک ، هەرچی نوقڵ و شەکرۆکە و شیرینی بە درەختەکەوە هەڵواسرابوو ، لێیان کردەوە ، چالاکانە کەوتنە شکاندنی گەمەکان ، بێئەوەی بزانن کام گەمەیان هی کیهانە .

کوڕێکی بچکۆلەی قژ لوولی چاو ڕەش ، زۆر چووە دڵمەوە ، دەیویست بە تفەنگە دارینەکەی بمکوژێت ، تا پەناگاکەم دووم کەوت ، پیاو لە تەمەشاکردنی تێر نەدەبوو . بەڵام خوشکەکەی کە تەمەنی یازدە ساڵ بوو ، لە هەموو منداڵەکامنی دیکەی ئاهەنگەکە پتر سەرنجی ڕاکێشام : یەجگار جوان بوو ، شەڕی بە مانگ دەفرۆشت . زۆر مەند ، سپیکەلە چاو درشتی نیگا خەواڵوو. وادیاربوو منداڵەکان تەنگەتاو و بێزاریان کردبوو ، بۆیە خۆی بەو هۆڵە بچووکەدا کرد کە من تیایدا ڕۆنیشتبووم . ئیدی سووچێکی گرت و بە بووکەڵەکەیەوە مژوول بوو . گوێم لێبوو هەندێ لە میوانەکان ، وەکو بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند و دارا باسی باوکیان دەکرد ، گوێم لە یەکێکیان بوو کە لەبن لێوانەوە دەیگوت بابی لە ئێستاوە سێ سەد هەزار ڕۆبڵی بۆ جیازیی کیژەکەی داناوە . ئاوڕم دایەوە تا بزانم کێ ئەوەندە بەو هەواڵەوە مژوولە ، چاوم بە جولیان ماستاکوفیچ کەوت ، سەیرم کرد هەر دوو دەستی لە پشتیەوە تێک ئالاندبوو ، ملی قوت گرتبوو و گوێی لە قسەکانی ئەو جەماعەتە دەگرت . پاشان زۆر دڵبەندی حیکمەتی خانەخوێیەکەمان بووم لە دابەشکردنی دیارییەکانا بەسەر منداڵەکانا . ئەو کیژەی کە لە ئێستاوە جیازییەکەی سێ سەد هەزار ڕۆبڵ بوو ، جوانترین بووکەڵەی وەرگرت . ئیدی بەو ئاوایە نرخی ئەو گەمەیەی دەدرا بەهەر منداڵێک ، بە گوێرەی کەمبوونەوەی پێگەی دارایی باوکی ، کەمتر دەبووەوە . دوا کەس کە نۆرەی هاتێ کوڕێکی دە ساڵان بوو ، لاواز ، قژ سوور ، نمووس . دیارییەکەی ئەو کتێبێک بوو ، هیچ نرخێکی نەبوو ، باسی شکۆ و جەلالی سروشتی دەکرد ، باسی ڕوندک و سۆز و گودازانی دەکرد و هیچ وێنەیەکی تیانەبوو . ئیدی بۆم دەرکەوت ئەمە کوڕی مامۆستای تایبەتی منداڵەکانیماڵخۆکەمانە ، کە بێوەژنێکی بەلەنگاز بوو و هەر ئەو تاقە کوڕە شەرمن و داماوەی هەبوو .

کراسێکی تەسکی هەژارانەی خامەکی زەردباوی لەبەر بوو ، وەختایەک دیارییەکەی وەرگرت ، ماوەیەکی زۆر بەدەوری گەمەکانی دیدا سوڕایەوە ، دیاربوو حەزیدەکرد دەگەڵ منداڵەکانی دیدا گەمان بکات ، بەڵام وێرەکی ئەوەی نەبوو ، چونکە هەستی دەکرد لەوانی دی کەمترە .

من زۆرم حەز لە تەمەشاکرنی منداڵانە ، هەوەڵین نیشانەی ئەم دیمەنانەی ژیانی سەربەخۆیان زۆر باڵکێشە . دیقەتم دا منداڵە سورقلەکە ، زۆر تامەزرۆی ئەو دیاریانەیە کە درابوون بە منداڵەکانی دی ، و زۆری حەزدەکرد

لە نمایش و ڕانانەکانی ئەواندا بەشداری بکات ، لەبەر ئەوە و بۆ وەی دڵیان نەرم بکات ، کەوتمە مەراییان ، دەستی بە ڕووکەنی بۆ منداڵەکانی دی کرد ، سێوەکەی خۆی دا بە کوڕێکی خەپەتۆڵە ، کە تازە دیارییەکەی خۆی وەرگرتبوو و لە پریاسکەیەکەوە پێچرابوو . تەنانەت ئامادە بوو کوڕێکی دیکە لە کۆڵ بگرێ ، تا لەسەر شانۆکە و لە گەمەکە دەری نەکەن . بەڵام وێڕای ئەو هەموو نەرمکێشیەش ، دوای یەک خولەک ، کوڕێکی نالەبار و ناڕەسەنی لە خۆی گەورەتر لێی د ا. تەنانەت نەوێرا بشگری . دایکی ، سەرپەرشتیاری منداڵەکان یەکسەر هات ، پێی گوت کە تێکەڵی گەمەی منداڵەکانی دیکە نەبێت .

ئیدی ماوەیەک لەبەر دەرگاکە مایەوە ، پاشان چوو بۆ ئەو ژوورەی کە کچۆڵەکە لەوێ ، بە تەنیا دەگەڵ بووکەڵەکەیدا یاری دەکرد ، دیاربوو کیژێکی زۆر باشە ، چونکە دەری نەکرد ، هەنگێ بە دوو قۆڵی کەوتنە گۆڕینی جلەکانی بووکەڵە گرانبەهاکە ، و بەدەم گەمەوە ئاگایان لە دەوروبەری خۆ بڕا...

***

نزیکەی نیو سەعاتێک لە پشت گوڵ و ڕووەکەکانی هۆڵە بچووکەکەوە ، گوێم لە گوت و بێژی کوڕیژگەکە و کچۆڵەکە ، ئەو کیژەی کە جیازییەکەی سێ سەد هەزار ڕۆبڵی بۆ تەرخانکرابوو ، گرت کە سەرگەرمی بووکەڵەکە بوون . من لەو حاڵەدا بووم کە جولیان ماستاکوفیچ لە ناکاوا خۆی بە ژوورا کرد . شەڕ کەوتبووە نێو منداڵەکانی نێو هۆڵە گەورەکە و ئەمیش فرسەتی هێنابوو ، تا بە خشکەیی لە هۆڵی میوانەکان بقوچێنێ . تۆزێ لەوەپێش دیتم کە لەگەڵ بابی کیژەکەدا ؛ بووکەڵە دەوڵەمەندەکەی ئایندەدا سەرگەرمی قسان بوو ، نها بە قووڵی دەبیرەوە چووبوو ، وەکو ئەوەی بە قامکان شتێک بژمێرێ ، لەبن لێوانەوە دەیگوت : " سێ سەد... سێ سەد... " ئەوسا کەوتە ژماردن : " یازدە، دوازدە، سیازدە... تا گەییە شازدە : دەکاتە پێنج ساڵ ! "

ئەگەر فایدە و سوودەکەی لە سەدا چوار بێ ، هەنگێ پێنج کەڕەتی دوازدەی بکەین دەکاتە شەست ، هەنگێ کۆی پارەکە دەکاتە چوارسەد هەزار... بەڵام ئەم بەراز بابەی کە من دەیناسم ، دەماری دەناسم ، قەت قەرز بە فایدەی لە سەدا چوار نادات ، بەڵکو بە لە سەدا هەشت ، لە سەدا دەی دەدات ، هەنگێ بڕی پارەکە بە کێمانی دەکاتە پێنج سەد هەزار جگە لە کەسرەکانی . کابرا وەختایەک لە حیساب و کیتابەکانی بووەوە ، چلمەکەی هەڵکێشا و ویستی لە ژوورەکە وەدەر بکەوێ کە لە ناکاوا چاوی بە کیژۆڵەکە کەوت و لە جێی خۆی حەپەسا ، منی کە لە پەنا ئینجانە و گوڵدانەکان بووم نەبینی . بەڵام یەکسەر جۆرە پەشۆکانێکی تایبەتیم بە سەر و سیمایەوە بینی... ئاخۆ ئەمە بەهۆی حیسابکردنەکەوە بوو یان بە سەدەمی شتێکی دیکەوە بوو؟ ئیدی بەهۆی هەر چیەکەوە بوو ، شاد و دڵخۆش دەستەکانی لێکدی هەڵدەسوون ، کە نیگایەکی جدی دەزگیرانەکەی ئایندەی کرد ، هێندەی دی پەشۆکا .

بەرلەوەی بچێ بەلای جووتە منداڵەکەوە کە سەرگەرمی یاری بوون ، چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا ، ئەوسا بە خشکەیی و لەسەر نووکی پێ ، بەرەولای ئەوان چوو ، وەکو ئەوەبوو بەتەمای ئەنجامدانی تاوانێک بێ ، ئەوسا بەنیازی خۆ شیرین کردن دانەوییەوە و بەدەم زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە ، ڕوخسارە خڕەکەی گەشایەوە و ، ناسکە ماچێکی سەری کیژۆڵەکەی کرد .

کیژۆڵەکە ، کە چاوەڕوانی ئەم هێرشە کوت و پڕەی نەدەرکرد ، ڕاچڵەکی و هاوارێکی بۆ کرد .

بە چپەوە گوت :- ئەوە چ دەکەی لێرەی جوانکیلە ؟

جارێکی دی تەمەشایەکی دەوروبەری کرد و دەستێکی بە گۆنای کچۆڵەکەدا هێنا .

کچۆڵەکە گوتی :- بۆ خۆ گەمان دەکەین .

جولیان ماستاکوفیچ ، مۆڕەیەکی لە کوڕیژگەکە کرد و بە کیژۆڵەکەی گوت :- لەگەڵ ئەمەدا؟

هەنگێ خێسەیەکی لە کوڕیژگەکە کرد و بە زمانێکی زبر گوتی : - ڕاکە بڕۆ بۆ هۆڵەکە ، کوڕێکی باش لەوێندەر چاوەڕوانتە .

جولیا ماستاکوفیچ ، کە بینی کوڕیژگەکە ڕەق ڕاوەستاوە و تەمەشای ئەو دەکات ، دووبارە چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و ، بە سەر کیژۆڵەکەدا دانەوییەوە و گوتی :- ئەمە بووکە ، کچۆڵەی نازەنین ؟

کچۆڵەکە ، کە نیگەرانی پێوە دیاربوو ، بە ڕاوێژێکی ترسئامێزەوە گوتی : - بەڵێ بووکە...

- باشە گیانی من دەزانی بووکەکەت لەچی دروستکراوە ؟

کیژەکە سەری لەبەر خۆی نا و گوتی :- نا ، نازانم .

جولیان ماستاکوفیچ گوتی :- مەعلوومە ، لە پەڕۆ دروستکراوە گیانەکەم .

ئەوسا خێسەیەکی توندی لە کوڕەکە کرد و گوتی :- کوڕۆ، هەڕە بۆ هۆڵەکە ، بچۆ بۆلای هاوڕێکانت !

کیژۆڵە و کوڕیژگەکە ، خۆیان دایە پاڵ یەکدی ، دیاربوو نەیاندەویست لێکدی هاوێر بن .

جولیان ماستاکوفیچ ، بە ڕاوێژێکی نەویتر لە کیژەکەی پرسی :

- دەزانی چما ئەم بووکەڵەیەیان پێشکەش بەتۆ کردووە؟

- نا .

- چونکە تۆ منداڵێکی گوێڕایەڵیت .

جولیان ماستاکوفیچ کە لە هەڕەتی نیگەرانیدا بوو ، بە پارێزەوە نیگایەکی دەوروبەری خۆی کرد ، دەنگی پتر نەوی کرد ، لە نیگەرانیدا دەنگی دەلەرزی ، گوتی :- گیانە قەولم دەدەیێ کە وەختایەک بێمە دەیدەنی داک و بابت ، خۆشت بوێم ؟

جولیان ماستاکوفیچ ، ویستی بەدەم ئەو قسانەوە ، جارێکی دیکەش کچۆڵەکە ماچ بکات ، لێ کوڕیژگە قژ زەردەکە کە بینی چیوای نەماوە کیژۆڵەکە لە هۆڕژنی گریان بدات ، دەستی کچۆڵەکەی گرت و لە دڵسۆزیدا دەستی کرد بە هەنسک هەڵدان .

هەنگێ جولیان ماستاکوفیچ لە تووڕەییدا سوور بووەوە و هاواری بەسەر کوڕیژگەکەدا کرد و گوتی :- هەڕە کوڕۆ، هەیدێ گووومبە لە بەر چاوم . بڕۆ بۆ هۆڵەکە ، بۆلای هاوڕێکانت .

کچۆڵەکە بەدەم گریانەوە هاواریکرد :- نا ، نا ، با نەڕوات ، تۆ بڕۆ . وازی لێبێنە ، تکایە هەقت بەسەر ئەوەوە نەبێت...

***

جولیان ماستاکوفیچ ، لەم کاتەدا گوێی لە دەنگێک بوو کە لەبەر دەرگاوە هات . جولیان ڕاچڵەکی و خۆی کۆکردەوە و ڕەق ڕاوەستا . بەڵام کوڕیژگە قژ سوورەکە لە جولیان ماستاکوفیچ پتر ترسابوو ، دەستی کچۆڵەکەی بەردا ، بە پەنای دیوارەکەدا ڕۆیی تا خۆی بگەیەنێتە دەرگاکە و لە ژووره چکۆلەکە وەدەر بکەوێ و چوو بۆ ژووری نان خواردن . جولیان ماستاکوفیچ – ش بۆ وەی هیچ گومانێکی لێنەکرێ ، لە هۆڵە چکۆلەکە وەدەرکەوت. وەکو چەوەنەر سوور بووبووەوە کە بەدەم ڕێوە لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆی کرد ، زۆر پەشۆکا.

پێدەچوو شەرم لە خۆی بکات . وابزانم بەهۆی ئەو هەڵچوون و پەلەکردنەی خۆیەوە نارەحەت بوو ، ڕەنگە کە لە هەوەڵەوە بە پەنجەی ئەو پارە مۆڵەی حیساب دەکرد ، ئەمەی بە ڕەفتارێکی منداڵانە دەزانی و پێی وابوو ، ئەم خەونە مەگەر دوای پێنج ساڵی دی بێتەدی .

من لە دوای ئەم پیاو ماقووڵەوە چووم بۆ ژووری نانخواردن . ڕوو بەڕووی دیمەنێکی سەیر بوومەوە : سەیرم کرد جولیان ماستاکوفیچ ، لە داخا سوور بووەتەوە ، خەریک بوو مۆڕەی لە کوڕیژگەکە دەکرد و کوڕەش لەزگ بوو زیڕە بکات و نەیدەزانی لە کوێ خۆی بشارێتەوە .

– چ دەکەی لێرە هەتیوە ؟ بڕۆ ، هەیدێ گومبە لەبەرچاوم... خوێڕی . بەتەمای میوە بدزی ؟ پێت دەڵێم بڕۆ ، هەی گەمژەی خوێڕی...

کوڕیژگەکە خەریک بوو زیڕەی دەکرد ، ئیدی دەبوا کارێک بکات ، لە نائومێدیدا خۆی بەژێر مێزی خوانەکەدا کرد ، بەڵام جولیان ماستاکوفیچ کە لە تووڕەییدا خۆی لەبیر کردبوو ، دەستەسڕەکەی لە گیرفانی دەرهێنا ، لوولی کرد و وەکو قامچی بە کوڕیژگەکەیدا دەکێشا تا لەبن مێزەکە بێتە دەرەوە . با ئەمەش بڵێین کە جولیان ماستاکوفیچ پیاوێکی کەمێک خەپە بوو . ڕەنگ و ڕوو گەش و سوورە ، کورتە باڵا ، ورگن ، ڕان ئەستوور بوو ، ئارەقە بە سەروچاویا دەهاتە خوارەوە .

هانکە هانکی پێکەوتبوو ، دەم و چاوی سووری سوور بووبووەوە... لە تووڕەییدا وەکو شێتی لێهاتبوو ، کێ چووزانی ڕەنگە هەستی بە غیرە و بەغیلی کردبێ .

من خۆم پێنەگیرا و لە قاقای پێکەنینم دا ، وەختایەک جولیان ماستاکوفیچ هەستی بە بوونی من کرد ، زۆر لە روو داما ، بە هەموو متمانە بەخۆ بوونێکەوە ، تەواو دەستەپاچە بوو . ڕێک لەو کاتەدا خانە خوێیەکەمان لە دەرگاکەی بەرانبەرەوە وەژوور کەوت، کوڕیژگەکە بە سینگە خشکێ لە ژێر مێز و خوانەکە وەدەرکەوت ، ئەژنۆکان و ئانیشکەکانی دەسڕی .

جولیان ماستاکوفیچ کە سەری دەستەسڕەکەی بەدەستەوە بوو ، بلەز دەستەسڕەکەی بە دەم و لووتیەوە گرت .

خانەخوێیەکەمان کە هەر سێکمانی بەو ڕەوشە غەریبەوە بینی ، حەپەسا ، نیگایەکی هەندێ نیگەرانی کردین ، بەڵام چونکە پیاوێکی دنیادیدە بوو ، ساردی و گەرمی ڕۆژگاری چەشتبوو ، ئیدی ئەم هەلەی قۆستەوە تا لە جولیان ماستاکوفیچ نزیک ببێتەوە . ئاماژەیەکی بۆ کوڕە قژ سوورە سورفلەکە کرد و گوتی :– ئەمە ئەو کوڕەیە کە بۆم...

جولیان ماستاکوفیچ کە هێشتا بە تەواوی وەخۆ نەهاتبووەوە گوتی: – ببوورە، لە مەبەستتان حاڵی نەبووم .

خانەخوێیەکەمان ، بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی :- ئەمە کوڕی مامۆستای منداڵەکانی منە ، بێوەژنێکی بەلەنگازە . مێردەکەی کارمەندێکی بەڕێز و ئابڕوومەند بوو . بۆیە تکا دەکەم ، جولیا ماستاکوفیچ ئەگەر دەتوانی...

جولیان ماستاکوفیچ ، بلەز بەرسڤی دایەوە :- نا ، نا، بمبورە فلیپ ئەلیکسیفیچ ، باسی مەکە . پرسیارم کردووە... جێگەی بەتاڵ نییە . خۆ ئەگەر جێگەش بەتاڵ ببێت ، دەیانی لەو شایەنتر هەن... بەداخەوەم... زۆر بەداخەوە...

خانەخوێیەکە گوتی :- حەیفێ! کوڕێکی باش ، بێدەنگ و گوێڕایەڵە .

جولیان ماستاکوفیچ ، بە تەوسەوە لێوی هەڵقورتاند و گوتی :- بەڵام قوربان من بەش بەحاڵی خۆم بە کوڕێکی شەڕەنگێزی دەزانم .

ئەوسا ڕوویکردە کوڕیژگەکە و تێی خوڕی :- هەڕە ! چاوەڕوانی چیت ؟ چ دەکەی لێرە ، بڕۆ بۆلای هاوڕێکانت!

ئەوسا ، دیاربوو کە نەیدەتوانی لەوەی پتر خۆی کۆنترۆڵ بکات ، ژێراوژێر نیگایەکی منی کرد ، منیش چیتر خۆم پێنەگیرا ، بە ڕوویەوە پێکەنیم . ئیدی کە منی بەو ڕەوشەوە بینی ، ئاوڕی لە خانەخوێیەکە دایەوە ، لێی پرسی ئەم گەنجە غەریبە کێیە . ئیدی بە دوو قۆڵی چەند ورتە ورتێکیان کرد و لە ژوورەکە وەدەرکەوتن .

منیش بۆ هۆڵەکە چوومەوە . گەنجە بەڕێزەکەم بینی کە دایک و باوکەکان و ژن و مێردە خانەخوێیەکە دەوریان گرتبوو ، خەریک بوو بە گەرمی قسەی بۆ خانمێک دەکرد کە تازە پێیان ناساندبوو . ئەم خانمە دەستی هەمان کیژۆڵەی گرتبوو کە جولیا ماستاکوفیچ ، دە خولەکێک لەوە پێشتر ، لە ژووری پێشوازیدا ئەو هەرا و بەزمەی لەگەڵدا نابووەوە کە پێشتر باسمان کرد . جولیان ماستاکوفیچ خەریک بوو بە جوانی و بەهرە و پەروەردەی دەگمەنی ئەم کیژۆڵەیەیدا هەڵدەدا ، دایکەکە کە گوێی لەو قسانە دەگرت ، لە خۆشیا ڕوندک لە چاوانی قەتیس ما ، بزەی نیشتبووە سەر لێوەکانی بابی کیژێ . خانەخوێیەکەشمان کە دەیبینی هەمووان شاد و بە کەیفن ، لە خۆشیان لە  کەوڵی خۆی نەدەحەجمی. هەموو میوانەکان لە ناخی دڵەوە لەم شادیەدا بەشداربوون . بە منداڵەکانیان گوت دەستبەرداری گەمەکانیان بن ، تا ئەم گفت و گۆ شیرین و پڕ ڕێزە کە باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو، نەشێوێ .

گوێم لە دایکی کچۆڵەکە بوو ، کە زۆر دڵی بەو هەموو ستایشەی کیژەکەی خۆشبوو ، بە ڕاوێژێکی شیرین ، جولیان ماستاکوفیچی دەعوەت دەکرد ، کە سەردانیان بکات و گەورەیان بکات . جولیان ماستاکوفیچ ، بە هەڵچوونێکی ڕاستگۆیانەوە دەعوەتەکەی قەبووڵکرد . ئیدی هەموو میوانەکان کەوتنە ستایشی خانەخوێیەکە و ژنەکەی و کیژەکەی و هەروەها جولیان ماستاکوفیچ...

لە یەکێک لە میوانەکانم ، کە لە نزیکی جولیان ماستاکوفیجەوە وەستابوو، پرسی :- باشە ئەم بەڕێزە ژنی هەیە ؟

جولیان ماستاکوفیچ ، کە دیاربوو گوێی لە پرسیارەکەی من بووبوو ، نیگایەکی بوغزنی کردم .

میوانەکە کە لەم پرکێشیەم حەپەسابوو ، گوتی :- نەخێر.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە من بە ئانقەست و بە غەرەزەوە ئەو پرسیارەم کرد .

***

چەند ڕۆژێک لەوەپێش ، کە بەبەر کڵێسایەکدا ڕەت دەبووم ، ئاپۆڕایەکی زۆری خەڵکی و کاروانی گالیسکان سەرنجی ڕاکێشام . جەماوەری خەڵکەکە باسی داوەت و زەماوەندێکی شکۆداریان دەکرد . دنیا تاریک و هەورین بوو ، بەفر بە ئاستەم پروشەی دەکرد ، ئیدی فزوڵیەت گرتمی ، دوای قەرەباڵغی یەکە کەوتم و خۆم بە کڵێساکەدا کرد ، چاوم بۆ زاوا گێڕا تا بیدینم : پیاوێکی کورتەبالای خڕەی ورگن بوو ، میداڵ و نیشانەیەکی زۆر بە سینگ و بەرۆکییەوە بوو . حەوانەوە و ئارامی نەبوو ، سەری بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا دەکرد ، چاک و خۆشی لە گەڵ هەموو کەسێکدا دەکرد ، ئەمر لە دووی ئەمری دەردەکرد . ئەنجام مقۆمقو کەوتە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکە : بووکێ هات... بە ئانیشکان درم بە خەڵکەکە دا ، خۆم گەیاندە ڕیزی پێشی پێشەوە ، بووکێم بینی ، یەجگار جوان بوو ، تازە پێی نابووە هەوەڵی بەهاری تەمەنییەوە . لێ ڕەنگزەرد و لێوبەبار بوو. چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا . چاوانی سوور بووبوونەوە ، لە تۆوایە تازە لە گریان بووەتەوە .  سەروسیمای هێندە پاک و بێگەرد بوو کە جوانی پەیکەرانی کۆنی خەڵکی یۆنانی بیر دەهێنایەوە . بەڵام وێڕای ئەوەش زۆر بەسام و شکۆ بوو، بەڵام سەرباری ئەم هەیبەت و خەمینییەش ، جۆرە بێگەردی و ساویلکەییەکی مندالانەی پێوە دیاربوو. گوێم لە خەڵکەکە بوو دەیانگوت تازە پێی ناوەتە ناو شازدە ساڵییەوە . کە تەمەشای زاوام کرد ، یەکسەر ناسیمەوە ، هەمان جولیان ماستاکوفیچەکەی لەمەڕ خۆمان بوو کە پێنج ساڵ بوو نەمبینی بوو ، ئەوسا ئاوڕی لای کیژێم دایەوە...

ئەی خوایە!... نەمویست لەوەی پتر ماتەڵ بم ! بلەز بەرەو دەرگاکە چووم تا وەدەربکەوم ، گوێم لە ورتە ورتی جەماوەرەکەی پشتمەوە بوو. یەکێکیان گوتی : جیازی بووکێ پێنج سەد ڕۆبڵە ، جگە لە کەسرەکەی .

وەختایەک ، بە پاڵەپەستۆ خۆم گەیاندە سەر جادەکە لە دڵی خۆدا گوتم:- ڕێک ئەو برە پارەیە کە دەیویست.

# پروخارچین

( ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٨٤٦ دا نووسراوە ، لە گۆڤاری " وەرزنامەی نیشتماندا " لە مانگی ئۆکتوبەری ١٨٤٦ دا بڵاو بووەتەوە. )

سیمیون ئیڤانوفیچ پروخارچین ، لە ماڵەکەی ئوستینا ڤیدروفنادا ، کونجێکی بەکرێ گرتبوو کە تاریک و نوتەکترین کونجی ماڵەکە بوو . پیاوێکی دان عەمر بوو ، عاقڵ و ئاغر ، دەمی بە مەشرووبەوە نەدەدا ، کارمەندێکی بچووکی حکومەتی بوو ، مووچەکەشی کەم بوو . مانگانە تەنیا پێنج ڕۆبڵ کرێی دەدا . هەڵبەتە بە ماقووڵی نەدەزانی ئوستینا فیودورفنا، داوای کرێیەکی لەوە زیاتری لێبکات . هەندێکەس دەیانگوت ئەم دڵاواییەی خانمی خاوەن ماڵ موویەکی تێدایە ، بەڵام بە کوێرایی چاوی هەموو ئەو کەسانەوە کە لە عەلەیی پروخارچین دەدوان ، خانمی خاوەن ماڵ زۆری ڕێز دەگرت ، خۆشی دەویست . هەڵبەتە خۆشویستن بەمانا شەریف و ئابڕوومەندانەکەی . هەڵبەتە دەبێ ئەوە بڵێین کە ئوستینا فیدوروفنا ژنێکی زۆر بەڕێز و شایستەی ڕێزگرتن بوو، بڕێک بەلای قەڵەویدا مایل بوو ، زۆر نەوسن بوو ، حەزی لە گۆشت و قاوە بوو، زۆر ڕقی لە ڕۆژانی ڕۆژووگرتن بوو ، کە ڕۆژانی ڕۆژووگرتن دەهات ، سەری دنیای لێ دەهاتەوە یەک ، کرێچی یەکی دیکەشی هەبوون ، کە دوو هێندەی سیمیون ئیڤانوفیچ کرێیان دەدا . بەڵام ئەوانە کەسیان وەکو ئەو کەسێکی ملکەچ و بێوەی نەبوون ، هەموو سەرسەری و عەرەقخۆر بوون ، هەموو گاڵتەیان پێدەکرد ، پێیان ڕادەبوارد کە بێوەژنە و کەس نییە پشتیوانی بکات و بەرەڤانی لێبکات ، خۆ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە لە کات و ساتی خۆیدا کرێکانیان دەدایێ ، ئامادە نەبوو بەهیچ جۆرێ لە ماڵەکەی خۆیدا جێیان بکاتەوە ، هەر حەزی نەدەکرد چاوی بە چاویان بکەوێ .

لەو ڕۆژەوە، سیمیون ئیڤانوفیچی چووە دڵەوە ، کە جەنازەی کابرایەکیان بۆ گۆڕستانی فولکوفو برد کە لە ژیانیا شیفتەی مەشرووب بوو، ئەم پیاوە خانەنشینە لە کار ترۆ کراو، بەقسەی خۆی چاوێک و لاقێکی لە بویەرێکی ئازایانەدا لە دەست دابوو . ئەم پیاوە توانی بووی دڵی ئوستینا فیدورفنا نەرم بکات و هەموو چاکەیەکی لەگەڵدا بکات ، خۆ ئەگەر بەم ڕادەیە ئالوودە نەبوایە و غەرقی بادە گوساری نەبوایە ، پێی نەمردبا ، دەیتوانی تا ساڵەهای ساڵ وەکو سەربار و مێمل بەسەر ئوستینا فیدروفناوە بژی . ئەم بویەرە لە پیسکی دا ڕوویدابوو ، زەمانێ ڕووی دابوو کە ئوستینا فیدروفنا تەنیا سێ کرێچی هەبوو ، کاتێ کە بۆ ماڵە تازەکەی باریکرد ، کە هەرچەندە گەورەتر و فەریحتر بوو ، دووان لە کرێچیە کۆنەکان ڕۆیشتن و ئەوەی مایەوە تەنیا پروخارچین بوو.

ئیدی نازانم بەهۆی عەیب و ئیرادە خودیەکانی جەنابی پروخارچینەوە بوو یان بەهۆی عەیب و عاری یەک بەیەکی کرێچی یە تازەکانەوە بوو ، پروخارچین و ئەوانی دی لە هەوەڵەوە بەینیان خۆش نەبوو؛ ئاسایی نەبوو . پێویستە ئەوەش بڵێین کە کرێچییە تازەکانی ئوستینا فیدروڤنا وەکو برا پێکەوە دەژیان ، هەندێکیان لە یەک دایەرە کاریان دەکرد ، لە هەوەڵی هەر مانگێکەوە مووچەکانیان بە قومار و بلیارد و ئەو شتانە بەیەکدی دەدۆڕاند ؛ هەموو حەزیان دەکرد خۆیان گوتەنی لەزەت لە خۆشی و جوانیەکانی ژیان بدینن . هەندێجار حەزیان دەکرد ، باسی شتی گرینگ بکەن . هەرچەندە گەنگەشە و گفت و گۆیەکانیان بە زۆری بە قەرقەشە و دەمەقاڵە دەشکایەوە ، بەڵام زوو ئاشت دەبوونەوە ، چونکە هیچ کۆنە قینێک لەم کۆمارەدا نەبوو .

یەکێک لەو کرێچیانە کە نێوی مارک ئیڤانوفیچ بوو لە هەموویان باڵکێش تر بوو ؛ کابرایەکی عاقڵ و خوێنەوار بوو ، کرێچی دووەم نێوی ئوپلیڤانیف بوو، یەکێکی دیکە نێوی پریپولوڤینکو بوو کە ئەمیش پیاوێکی مەردانە و سادە و بێوەی بوو . یەکێکی دیکەیان نێوی زینوبی پروکوفیچ بوو ، کە هەموو خەمێکی ئەوەبوو بگاتە ئەنجوومەنە باڵاکانی کۆمەڵگە . یەکێکی دیکەیان نێوی ئوکیانوف بوو ، ئەمە کاتب بوو لە دادگا ، کە خەریک بوو جێگا بە سیمیون ئیڤانوفیچ لەق بکات و جێگەکەی ئەو داگیر بکات و لەلای ئوستینا فیدروفنا خۆی بکات بە کرێچی خۆشەویست و یەکەم . کرێچییەکی دیکە ، کە ئەمیش کاتب بوو لە دادگا نێوی سوودبین بوو ، یەکێکی دی هەبوو کە خوێندەوارێکی سەربە خێڵی ڕەشۆکیان بوو و نێوی کانتاریوف بوو ، چەند کرێچییەکی دیکەش هەبوون . بەڵام وادیاربوو سیمیون ئیڤانوفیچ ، دۆستایەتی دەگەڵ کەسیاندا نەبوو.

هەڵبەتە شتاقیان خراپەی ئەویان نەدەویست ، بەتایبەتی هەر هەموویان ، لە هەوەڵەوە ڕێزی پروخارچین – یان گرتبوو و بە گوتەی مارک ئیڤانوفیچ گەیی بوونە ئەو قەناعەتەی کە پروخارچین ئینسانێکی باش ، دڵپاک و ڕەوشت بەرزە ، ڕاستە کەسێکی کۆمەڵایەتی نییە ، بەڵام کەسێکە سەری پێ بسپێرە . هەڵبەتە عەیب و ئیرادی خۆی هەبوو ، بەڵام عەیبی هەرە گەورەی ئەوەبوو ، کە هەندێ گێلۆکە بوو . جگە لەم عەیبە ، سەروسیما و ڕواڵەتێکی ئەوتۆشی نەبوو کە مایەی سەرنج بێ و بچێتە دڵەوە ( ڕواڵەت و ڕەفتاری لەوانە بوو کە پێی ڕابوێری ) بەڵام ڕواڵەتە قێزەونەکەی بە زەرەری نەدەشکایەوە . وەکو ئەوە بوو هەموو شتێک ئاسایی بێت . ئەوەی ڕاستی بێ مارک ئیڤانوفیچ ، چونکە پیاوێکی بەڕێز و عاقڵ بوو ، زۆر بەجدی و بەدڵ و گیان داکۆکی لە سیمیون ئیڤانوفیچ دەکرد و بە زمانە جوان و ڕەوان و ئەدیبانەکەی دەیگوت کە پروخارچین پیاوێکی بەڕێزە ، تەبیعەتێکی جددی هەیە ، بەڵام تەمەنی گەنجی بەسەر بردووە ، کە ناتوانێ دەگەڵ خاڵکیدا هەڵبکات ، ئەمە خەتای خۆیەتی ، ئیدی تەبیعەت دەرمانی نییە .

هەوەڵین شتێک کە سەرنجی ڕاکێشان ، ڕەزیلی و دەست نوقاوییە دەگمەنەکەی بوو . هەموویان زۆر بلەز ئەمەیان بۆ دەرکەوت و لە لای خۆ تۆماریان کرد . بۆ نموونە ئامادە نەبوو بۆ تاقە ساتێکیش قۆری چایەکەی بە ئەمانەت بە هیچ کەسێک بدات ، کە ئەمە کارێکی نابەجێ بوو ، بەتایبەتی کە خۆی بەدەگمەن چای دەم دەکرد و دەخواردەوە . خۆ ئەگەر زۆری حەز لە چا کردبا ، گوڵ و گیای کێوی و دەرمانی دەکوڵاند و دەیخواردەوە . هەمیشە زەخیرەیەکی زۆری لەو ڕوەک و گیایانە هەبوو . خواردنیشی وەکو هی خەڵکی نەبوو . بۆ نموونە ڕێگەی بەخۆ نەدەدا ئەو ژەمە خۆراکەی کە هەموو ڕۆژێ ئوستینا فیدروفنا، بە کرێچییەکانی دەدا ، هەمووی بەیەک ژەم بخوات . نرخی هەر ژەمە خۆراکێ پەنجا کۆپیک بوو ، کەچی سیمیون ئیڤانوفیچ تەنیا بایی بیست و پێنج گوپیکی دەخوارد : بۆ نموونە داوای شۆربای کەلەرم یان پارچەیەک گۆشتی دەکرد ؛ زۆرجاریش نە شۆربای کەلەرم و نە گۆشتی نەدەخوارد . بە چەند پارووە نانێکی سپی دەگەڵ پیاز یان تۆزێ پەنیر یان خەیاری سوێر، یان هەر خۆراکێکی دیکەی هەرزان قەناعەتی دەکرد ، تا برسیەتی زۆری بۆ نەهێنابایە نەدەچووەوە سەر نیوە ژەمەکەی دی...

لێرەدا دەبێ من وەکو نووسەری چیرۆکی ژیانی ئەم پیاوە دان بەوەدا بنەم کە ئەگەر شرۆڤەی ئەم وردەکاریانە ، سیفەتێکی تایبەتی کەشف نەکردبا و جۆرە تایبەتمەندییەکی شەخسیەتی قارەمانی چیرۆکەکەمانی نیشان نەدابا ، هەرگیز بەبیرما نەدەهات ، بەم تول و تەفسیلە بەتانی ئەم وردەکارییە بێ بایەخانەدا بچم و لە زەوقی هەندێ لایەنگرانی ستایلی ئەدەبی بدەم . جەنابی پروخارچین ، هێندە نەدار و بەلەنگاز نەبوو کە تێر بە سکی خۆی

خواردن نەخوات ؛ ڕۆژێ تێر و دووان برسی بێ . بەڵام بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد کە ڕێک پێچەوانەی ئەمەی نیشاندەدا . ئیدی بێ هیچ شەرم و شورەییەک ئەمەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد ، گوێی لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی نەبوو ، هەموو ئەم کارانەی لە پێناوی پاراوکردنی ڕەزیلیەکەی خۆیدا دەکرد کە گەیی بووە ئاستی شێتاتی... ئیدی لە درێژەی چیرۆکەکەدا شتی زیاترمان بۆ دەردەکەوێ . هەڵبەتە مدارای ئەوەش دەکەین کە بە شەرح و شرۆڤەی هەموو ئەدا و ئەتوارەکانی سیمیون ئیڤانوفیچ، سەرتان نەیەشێنین . دەشیا تەنانەت چاوپۆشی لە وەسفی جل و بەرگەکەشی بکەین ( کە ڕەنگیشە بۆ خوێنەر زۆر باڵکێش بێ ). بەڵام ئوستینافیدوروفنا زۆر ڕژد بوو لەسەر ئەوەی باسی ئەمەش بکەین : کە سیمیون ئیڤانوفیچ ، لە هەموو ژیانیا ئامادە نەبوو جلەکانی ژێرەوەی بداتە شۆردن ، ئەگەر لە سالان و مانگان ، بە ڕێکەوت کارێکی وای کردبا ، هێندە درەنگ درەنگ ئەو کارەی دەکرد ، پیاو گومانی ئەوەی لێدەکرد کە ڕەنگە جلی ژێرەوە لەبەر نەکات .

خانمی خاوەن ماڵ ، دەیگوت : سیمیون ئیڤانوفیچ ، ڕوحی شادبێ ، داماوە ، بیست دانە ساڵ لەو کونجە تاریک و نوتەکەدا مایەوە تا بە تەواوەتی بۆگەن بوو ، هەڵبەتە شەرمی نە لەخۆی و نە لە کەسی دی نەدەکرد ، بە درێژایی تەمەنی لە دنیای فانی دا ، نە گۆرەوی لەپێ دەکرد و نە دەستەسرێ بەکات دێنا . ئەو شتانەی بە زیادە مەسرەف دەزانی . ئوستینا فیودورفنا ، لە کونی پەردە دڕاوەکەوە بەچاوی خۆی بینی بووی کە ئەو بەلەنگازە هەندێجار هیچی نەبوو کە عەورەتی خۆی پێ داپۆشێت . ئەم دەنگۆیانە دوای مردنی سیمیون ئیڤانوفیچ بڵاو بوونەوە و کەوتنە سەرزاران . چونکە تا لە ژیانا بوو ، ئەگەر کەسێک بە کارێکی ماقوول و دۆستانەش ، سەرێکی بکێشایە گۆشەی تەنیاییەکەی ، یان لە کونی پەردە شڕ و شەپڕێوەکەیەوە تەماشای کردبا ، توورە دەبوو، ئەوەی لەکەس قەبووڵ نەدەکرد . بۆیە کەس ڕێگەی بەخۆی نەدەدا ، بەبێ مۆڵەت بەلایا بڕوات .

سیمیون ئیڤانوفیچ ، پیاوێک بوو دژپەسند ، دژوار تەبیعەت ، گۆشەگیر ، کەم دوو ، تاقەتی کەسی نەبوو ، حەزی لەو کەسانە نەدەکرد کە ئامۆژگاریان دەکرد ، دەیزانی چۆن ئەو کەسانە دەمکوت بکات کە ئامۆژگاریان دەکرد یان گاڵتەیان پێدەکرد . یان لە ناکاوا لە بەردەمیا قوت دەبوونەوە ، یان پێیان لە بەڕەی خۆ زیاتر ڕادەکێشا . کارێکی بەو جۆرە کەسانە دەکرد ، کە با بە دەواری شڕی نەکات . وای تەریق دەکردنەوە کە جارێکی دی ڕوویان نەیەت بێنە بەرانبەری . دەیگوت :- هەی خوێڕی بەڕەڵڵا ، تۆ ئامۆژگاری من دەکەی ؟ تۆ بڕۆ فریای حاڵی خۆت بکەوە!...هەر کەسێ کردی بڕۆش تۆ سەری خۆت داپۆش!..

سیمیون ئیڤانوفیچ ، ئینسانێکی لووتبەرز نەبوو ، لەگەڵ هەر کەسێکدا بێاخفا بە نێوی خۆیەوە گازی دەکرد . حەزی نەدەکرد هیچ ڕازێکی بڵاو ببێتەوە ، خۆ ئەگەر دۆستێک یان ئاشنایەک سەری بکردایەتە سەری و پرسیاری ئەوەی لێکردبا کە سەندووقە بچووکەکەی چی تێدایە ، زۆر توورە دەبوو؛ دەهری دەبوو... بەڵێ سیمیون ئیڤانوفیچ سەندووقێکی بچووکی هەبوو کە لەژێر تەختەخەوەکەی دایدەنا و وەکو بیلبیلەی چاوی ئاگاداری دەکرد ، هەرچەندە هەمووان دەیانزانی کە سەندووقەکە ، جگە لە چەند پارچەیەک شڕە و پڕە ، دوو سێ جووت پێڵاوی کۆنی بێ عەمەل ، هەندێک جلە کۆن هیچی دیکەی تیا نییە . پروخاچین، ئەم سەندووقەی زۆر بەلاوە گرینگ بوو . زۆرجا دیگوت کە قفڵە کۆنەکەی بەدڵ نییە ، دەیەوێ قفڵێکی تازەی دەستکردی ئەڵمانی بۆ بکڕێت... ڕۆژێک زینوبی بروکوفیچ ، کەرێتی گەنجانە دەیگرێ و بە ڕاشکاوی و دوور لە هەر نەزاکەتێک ڕای خۆی لە سەر سەندووقەکە دەردەبڕێ و دەڵێت لەگینە سیمیون ئیڤانوفیچ ، هەرچی پارە و پولێکی هەیە لەم

سەندووقەیدا هەڵیگرتبێ و بۆ میراتگرەکانی دانابێ . جەنابی پروخارچین بە جۆرێ تووڕە بوو ، هەمووان حەپەسان .

هەوەڵجار پروخارچین ، مودەتێک دەبیرەوە چوو ، چۆن وشە و ڕستەێن پڕ بە پێستی ئەو کۆمێنتە بازاڕییە بدۆزێتەوە . ماوەیەکی زۆر بووری کە جگە لە هەندێ وشە و ڕستەی بۆش و بەتاڵ هیچی تری لەزار نەهاتە دەرێ . دوای کەمێک ، ئامادەبووان بۆیان دەرکەوت ، کە سیمیون ئیڤانوفیچ ، شەڕی کۆنە قین لەگەڵ زینوبی بروکوفیچ دەکات ، دەیەوێ لە سەر کارێکی ناشایستە کە زۆر لەوە پێش ئەنجامی دابوو ، تەمێی بکات . پاشان دەرکەوت کە پێشبینی سیمیون ئیڤانوفیچ بۆ زینوبی پروکوفیچ ئەوەیە کە هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەنجوومەنە جڤاکیە باڵاکان و لە هەمان کاتدا پێشبینی ئەوەی بۆ دەکرد ئەو بەرگدرووەی کە زینوبی قەرزاری بوو ، بەو زووانە لیی بێتە دەست و شاپ تڕێنی بکات . ئەنجام گوتی ئەمە منداڵە :

– دەتەوێ ببی بە ئەفسەری سوارە؟ نەیخۆی تاڵە ، تۆ تەمەشای خۆت کردووە ؟ بە عەمراتت شتی وا بەخۆتەوە نابینی . سەرۆکەکانت ، هەر کە بۆیان دەرکەوت کێی ، هەنگێ دەزانن چۆن تەمێت دەکەن ، تێدەگەی چ دەڵێم ، گەنجی نەفام و سەرەڕۆ ؟!

سیمیون ئیڤانوفیچ ، دوای ئەوە کەمێک هێور بووەوە و ڕقەکەی تۆزێ نیشتەوە . بەڵام دوای پێنج سەعات بێدەنگی ، لە میانی سەرسامی ئامادەبووانەوە ، کەوتەوە سەرکۆنە و سەرزەنشتی زینوبی پروکوفیچ . بەڵام کارەکە لێرەدا نەبڕایەوە ، شەوێ، کاتێ کە مارک ئیڤانۆفیچ و پریپولوڤینکوی کرێچی ، کۆڕێ چا خواردنەوەیان ساز کرد ، ئوکیانوڤی کاتبی دادگاشیان بانگ کرد ، سیمیون ئیڤانوفیچ لە جێگاکەی هاتە دەرەوە ، شاد و سەرحاڵ هاتە کۆڕ و مەجلیسەکەی وان و پشکی خۆی لە خەرجی کۆڕەکە ، کە پازدە یان بیست کوپیک بوو دا . بە بیانووی چا خواردنەوە سەری قسەی دامەزراند و کەوتە باسی ئەوەی کە خەڵکی هەژار و بەلەنگاز ، بیر لە پاشەکەوت کردن ناکاتەوە ، چونکە نەدار و نەبووە . جەنابی پروخارچین دەرفەتی قۆستەوە تا دان بە نەبوونی خۆیدا بنێت ، تەنانەت ئەوەشی گوت کە پێرێ بیری لەوە کردبووەوە کە ڕۆبڵێک لە زینوبی پروکوفیچ ؛ لەم پیاوە ڕوودار و بێ شەرمە قەرز بکات ، بەڵام ئێستا پەشیمانە . خۆ ئەگەر ئەم مرۆڤە ڕوودارە ، ئەم هەتیوە بێ ئەدەب و گۆساخە ، خۆی بنوێنێ و منەتی بەسەردا بکات ، کە لیی دەوەشێتەوە و دەیکات ، ئەوا منەتی هەڵناگرێ و ئەو پارەیەی لێ قەبووڵ ناکات . ئەنجام گوتی : ئەم سیمیونە قەرەبەختەی لە هەنبەرتاندا ڕۆنیشتووە ، هەموو مانگێک پێنج ڕۆبڵ بۆ براژنەکەی دەنێرێت . براژنەکەی زۆر نەدار بوو ، ئەگەر ئەم هەموو مانگێک ئەو پارەیەی بۆ نەناردبا لەزگ بوو لە برسا بمرێت . خۆ ئەگەر مردبا ئەوە سیمیون ئیڤانوفیچ ، لەمێژ بوو دەیتوانی پاڵتۆیەکی تازە بۆ خۆی بکڕێت... ئیدی سیمیون ئیڤانوفیچ بەو ئاوایە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو ، هێندە لەسەر نەداری خۆی و براژنەکەی و ئەو پێنج ڕۆبڵە ڕۆیی ، کە ئەنجام شیرازەی قسەکانی لە دەست دەرچوو و ناچار بێدەنگ بوو .

دوای سێ دانە ڕۆژان ، بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک سەر بکاتە سەری ، یان بیهاڕوژێنێ ، لە کاتێکا هەمووان مەسەلەکەیان فەرامۆش کردبوو ، دووبارە هاتەوە ، دەستی بە قسان کردەوە : ئەم زینوبی پروکوفیچە ، ئەم پیاوە گۆساخە ، کە بە تەمایە بچێتە ڕیزی سوپای سوارەوە ، لە شەڕا لاقی لەدەست دەدات ، لاقی دەبڕنەوە ، هەنگێ لاقێکی دارینی بۆ دەکرێت ، هەنگێ مەجبووری ئەم سیمیون ئیڤانوفیچە دەبێ ، دێت لیی دەپاڕێتەوە ،

داوای لەتێ نانی لێدەکات ، بەڵام سیمیون ئیڤانوفیچ ، زۆر خۆشحاڵ دەبێ ، نەک نانی ناداتێ ، هەر ئاوڕیشی لێناداتەوە...

هەڵبەتە وەکو چاوەڕوان دەکرا ، ئەم مەسەلەیە هەمووانی کونجکاو کرد ، بڕیاریان دا ، سەر بکەنە سەری سیمیون ئیڤانوفیچ و پێی ڕابوێرن و بەدەستەجەمی هێرشی بکەنە سەر . چونکە پروخارچین ، قرێری دابوو کە تێکەڵی وان ببێت و پێدەچوو ڕژد بێ لەسەر ئەوەی هەموو شتێک لەمەڕ ئەوان بزانێ ، پرسیاری زۆری دەکرد ، پرسیاری ئەوتۆ کە بۆنی فزوڵیەتی لێدەهات ، ئیدی زۆر ئاسایی ، بێ هیچ پێشەکیەک مشت و مڕ و قەرقەشەیان دەکەوتە بەین . جا سیمیون ئیڤانوفیچ بۆ وەی تێکەڵی مەسەلەکە ببێ ، ناسکە فێڵێکی دۆزی بووەوە کە خوێنەرەکانمان پێشتر تا ڕادەیەک دەیانزانی ، ئەویش ئەوە بوو کە هەر کاتێ وەختێ ئێوارە چای دەهات ، لە تەختەخەوەکەی دەهاتە خوارەوە ، وەکو کەسێکی عاقڵ و ئاغر و میهرەبان و بێوەی و ڕووخۆش لە جەماعەت نزیک دەبووەوە و بیست کوپیکەکەی خۆی دەدا و دەیگوت حەز دەکات لەم کۆڕی چا خواردنەوەیەدا بەشداری بکات .

ئیدی ئەم جەماعەتە گەنجە ژێراوژێر چاویان لەیەکدی دادەگرت ، لە هەوەڵەوە ، دەستیان بە قسەی جددی دەکرد ، قسەێن نیوەڕۆک پووچەڵ و بە ڕواڵەت لۆژیکی...

ئەوسا یەکێکیان ، زۆر ئاسایی لە ناکاوا کۆمەڵێک هەواڵی خەیاڵکردی لێرە و لەوێوە دێنا و دەیدانە دەم یەکترەوە ؛ هەواڵ و بابەتێن خەیاڵی و باوەڕ نەکردەنی . بۆ نموونە دەیگوت کە فلان کەس گوێی لێبووە خاوەن شکۆ بە دیمید فاسیلیفیچ – ی گوتووە ، کارمەندانی ژندار لە کارمەندێن ڕەبەن باشترن ، بۆ بەرزکردنەوەی مووچە و پلە شایستەترن ، چونکە هەم ئارامترن و هەم بە حوکمی ژیانی خێزانداری ، بەتواناترن . ئیدی لەسەری دەڕۆیی و دەیگوت بۆ ئەوەی ئەو ئیمتیازەی بەربکەوێ و مووچەکەی زیاد بکات ، بەتەمایە ژنی دووەم بێنێ و شتێکی لەو بابەتەی دەگەڵ ژنێکا بە نێوی ففروڤنا پروکوفیونا بونیاد ناوە... یان یەکێکی دی دەیگێڕایەوە کە زۆر چەلان گوێی لە هاوقیتارەکانی بووە گوتوویانە کە کارمەندان ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی نازانن و قەبوولکردنیان لە کۆمەڵگەدا مەحاڵە ؛ بۆیە حکوومەت لەسەرێ ڕا بڕیاری داوە ، بۆ ئەوەی ئەم ڕەوشە نالەبارە نەیەڵێت ، بڕێکی دیاریکراو لە مووچەی هەر کارمەندێک ببڕێ ، تا بەم پارەیە هۆڵی ڕەقس و سەما دروست بکات و خەڵکی لەوێ فێری ڕەفتاری ئەشرافیانە و ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی وەکو ڕێزگرتنی دان عەمران ، متمانە بەخۆبوون ، ڕەوشت بەرزی و دڵسۆزی و دڵپاکی ، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ، وەفاداری ، نمەکناسی ، ژمارەیەکی دی لە خەسڵەتێن باش و جوان ببن . یان زۆرجار ، لە ناکاوا یەکێک هەڵیدەدایێ و دەیگوت نەخشەیەکی بەدەستەوەیە ، کە هەموو فەرمانبەران ، بەتایبەتی دان عەمرەکان ، دەخرێنە تاقیکردنەوەی هەمەلایەنەوە ، تا ڕادەی ڕۆشنبیریان دیاری بکرێ ( لە ساڵی ١٨٠٩ دا ، وەزیر سبیرانسکی مەرجی تاقیکردنەوەی پیشەیی بۆ ئەو کارمەندانە دانا کە شادەتنامەیان نەبوو ، بەڵام پاشان فەرامۆشکراو جێبەجێ نەکرا . ) بەمەدا قولی ڕەش و سپی لێکدی جیا دەکرێنەوە و زۆر کارمەند لە کارەکانیان دەردەکرێن . بە کورتیەکەی زۆر هەواڵ و دەنگۆی پڕوپووچی لەو بابەتە لەو مەجلیسە و لە حوزووری هاوڕێکەمان بڵاو دەکرایەوە .

ئامادەبووان وایان دەنواند شتەکە ڕاستە ، بەجدی گوێیان دەگرت ، چونکە پەیوەندی بەوانەوە هەبوو ، گەنگەشەی ئەوەیان دەکرد چۆن خۆیان دەگەڵ ئەم ڕەوشە تازەیەدا بگونجێنن ، هەندێجار روویان گرژ دەکرد

و خەمیان لە خۆ دەهێنا ، بە کەسەرەوە سەریان بۆ یەکدی دەلەقاند ، وەکو ئەوەی بپرسن کە ئەگەر کارەساتێکی وەها ڕووبدات، تەگبیریان چییە و چ بکەن ؟

هەڵبەتە هەرکەسێک ، گوێی لەو دەنگۆیانە بوایە کە لە راست و چەپەوە دادەبارین ، تووشی سەرگێژکە دەبوو ، چ جای جەنابی پروخارچین کە لە هەموو ئەوانی دی سادە دڵتر و ساویلکەتر و بێ غەل و غەشتر بوو . ئیدی پروخارچین ، تەواو تێک دەچوو ، مرۆڤێکی ساویلکە بوو ، بە ئاسانی هەموو بیرۆکەیەکی تازەی پێ قەبووڵ نەدەکرا . لە مێشکی خۆیدا ، هەر هەواڵێک لەم هەواڵانەی تاوتوێ دەکرد ، لە هۆ و ئەنگێزەکەی دەپێچایەوە ، دەیویست بە عەقڵی خۆی قوڕی بنی دەربێنێ . ئیدی شتەکانی لێ تێکەڵ دەبوو ، جۆرەها بیرۆکە و ئەنجامی سەیر و سەمەرەی بەسەردا دەهات ، ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕا نەدەگەیی ، نەیدەزانی چۆن لەو گێژاوە دەرباز بێ ، بگاتە جۆرە ئارامییەکی دەروونی... ئیدی هەندێ دیاردە و خەسڵەت لە سیمیوف ئیڤانوفیچ دا بەدیار کەوت کە پێشتر کەس شتی وای لێ نەبینی بوو... ئیدی دەنگۆی سەیر و سەمەرەی دوو خرا ، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو ، گەییە دایەرە فەرمیەکان . جەنابی پروخارچین ، بەرەبەرە سەروسیمای گۆڕا : نیگەرانی بە ڕوخساریەوە دەرکەوت ، گومان لە نیگای دەباری ، دەلەرزی ، گوێی بۆ هەر هەواڵێکی درۆینە هەڵدەخست ، بەتاسەوە بوو بۆ زانینی ڕاستیەکان . ئەم خولیا و کەڵکەڵەیە بەڕادەیەک زۆری بۆ هێنا ، چوو بۆلای دیمید فاسیلیفیچ ، تا لە دروستی و نادروستی ئەو دەنگۆیانە دڵنیا بێت کە هەموو ڕۆژێ چەندین جار بەر گوێی دەکەوتن . هەڵبەتە بۆیە باسی ئاقیبەتی ئەو هەولانەی سیمیون ئیڤانوفیچ ناکەین ، تا ئابڕووی نەچێ و نەبێ بە داستانی سەرزاران .

ئیدی خەڵکەکە لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵوێستانەی گەیینە ئەو قەناعەتەی کە کابرایەکی گۆشەگیر و ناکۆمەڵایەتیە ، گوێ بە ئەتەکێت و داب و نەریتی کۆڕ و مەجلیسان نادات . هەروەها کابرایەکی ئەتوار غەریب و نائاساییە ، نەهەقیان نەبوو ، چونکە زۆرجار دیتبوویان کە بە تەواوەتی خۆی لە بیر کردبوو ، بیر و خەیاڵی لە حەوت کێوان ئاودیو بووبوو . دەمی داچەقاندبوو ، قەڵەمەکەی بە حەواوە دەگرت ، بەو دەقەوە لە پشت مێزەکەیەوە ڕۆدەنیشت ، لە تۆ وایە ڕەق بووەتەوە و یان بووە بە بەرد ، ئیدی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لە تاپۆی مرۆڤێک دەچوو تا لە ئادەمیزاد بچێت . هەندێجار کە کەسێک بە ڕێکەوت باوێشکێکی دابا ، نیگای لە نیگای مات و پرسیارئامێزی ئەو هەڵەنگوتبا ، ڕادەچڵەکی و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدا و لە ناکاوا خاڵێک یان وشەیەکی بۆ قەواڵەیەکی زۆر گرینگ و هەستیار زیاد دەکرد ، ئیدی هەڵسوکەوتی ئەم برادەرەمان ، سەرنجی خەڵکە ماقوولەکەی ڕادەکێشا... ئیدی کار گەییە ئەوەی کە هیچ کەسێک گومانی لەوە نەما کە سیمیون ئیڤانوفیچ تێک چووە و عەقڵی پارسەنگی دەوێ ، تەنانەت دەنگۆیەک لە دایەرەش بڵاو بووەوە کە گوایە پروخارچین ، دیمید فاسیلیفیچ – ی ترساندووە ، چونکە وەختایەک بەو حاڵەوە لە ڕاڕەوەکەدا دیتبووی ، ترسابوو و ڕێ و ڕێ گەڕابووەوە... وەختایەک هەوالی ڕەفتارە سەیرەکانی سیمیون ئیڤانوفیچ گەیی بووەوە خۆی و بە ئەسپایی لە جێی خۆی هەستا بەبەینی مێز و کورسیەکاندا بەرەو عەلاگەی جلەکان ڕۆیی ، پاڵتۆکەی هەڵگرت و بۆی دەرچوو ، ماوەیەک دیار نەما . ئیدی کەس نەیزانی ئاخۆ ترسابوو ، یان لەبەر هۆیەکی دی ئەمەی کرد؟... بە هەرحاڵ تا ماوەیەکی زۆر کەس نە لە ماڵەوە بینی و نە لە دایەرە...

بەهەرحاڵ نامانەوێ هۆی کار وکردەوەکانی سیمیون ئیڤانوفیچ بگێڕینەوە بۆ ئەوەی کە عەقڵی تێک چووبوو . لەلایەکی دیکەشەوە ناکرێ ئەمە لە خوێنەران پەنهان بکەین کە قارەکانەکەمان کەسێکی گۆشەگیر، شەرمن بوو ، تا ئەو ڕۆژەی تێکەڵی خێڵی کرێچییەکان دەبێ لە گۆشەگیری و تەنیاییەکی تەواودا دەژیا ، کابرایەکی بێوەی

و ئارام و بێدەنگ بوو . بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە پیسکی ژیابوو ، لە پشت ئەو پەردەیەوە و لەسەر تەختە خەوەکەی خۆی ژیابوو ، بێئەوەی قسەیەک دەگەڵ چ کەسێکدا بکات یان بەینی لەگەڵ کەسێکدا هەبێت . هەردوو هاوماڵەکەی دیکەشی ، وەکو ئەو ژیابوون ، ئەوانیش وەکو ئەو غەریب ، بێدەنگ و گۆشەگیر بوون . ئیدی هەرسێکیان نزیکەی پازدە ساڵ بەو حاڵەوە ، لە پشت پەردەکەی خۆیانەوە ژیانیان بەسەر بردبوو . ئیدی شەو ڕۆژیان بەو ئاوایە بەخۆشی و ئارامی بەسەر دەبرد و هیچ کێشەیەکیان نەبوو ، دنیا بەکەیفی وان بوو ، تەنانەت سیمیون ئیڤانوفیچ و ئوستینا فیدروفنا کەسیان ئەو ڕێکەوتەیان بیر نەدەهاتەوە کە لەوێندەری کۆ کردبوونەوە.

هەندێجار ئوستینا بۆ کرێچییە تازەکانی دەگێڕایەوە کە : " نزیکەی دە ساڵ ، پازدە ساڵ ، بیست بیست و پێنج ساڵ بوو ئەو داماوە کرێچی من بوو . ڕۆحی شاد بێ ". هەڵبەتە ئاسایی بوو ئەم برادەرەمان ، کە حەزی لە تێکەڵاوی نەبوو ، وەختایەک لەم ساڵەی دواییدا ، خۆی لە نێو کۆمەڵێک گەنجی قەرەباڵغ و بژێو جەنجاڵدا بینی بووەوە ، هەندێک تێکبچێ و ئەم ڕەوشەی پێ قووت نەچێت .

دیارنەمانی سیمیون ئیڤانوفیچ ، نیگەرانییەکی زۆری لە ماڵەکەدا نایەوە ، یەکەم لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خاوەن ماڵەکە بوو، دووەم لەبەر ئەوە بوو پاسپۆرتەکەی کە لەلای خاوەن ماڵەکە بوو ، بەڕێکەوت لەم ڕۆژانەدا دیار نەمابوو . ئوستینا فیودورفنا دوو ڕۆژ بوو خەمی دنیای لەخۆ هێنابوو ، وەکو بارانی بوهار ڕوندک لە چاوی دەباری ، ئیدی عادەتی وابوو ، خۆی لەبەر تەنگانە نەدەگرت . دوو ڕۆژی تەواو کەوتە خوتە خوت بەسەر کرێچییەکانیا ، بەوەی تۆمەتبار دەکردن کە ئەوان بوونەتە هۆی ڕەڤین و دەربەدەری کرێچییەکەی ، هێندەیان سەر کردە سەری و پێیان ڕابوارد ، تاراندیان . ڕۆژی سێیەم هەردوو پێی لێکردنە تاکێ کەوشەوە بە خۆرتی ناردنی تا لە سیمیون ئیڤانوفیچ بگەڕێن و بەهەر نرخێ بووە بە مردوویەتی بووە یان بە زندوویەتی بۆی بدۆزنەوە و بۆی بێننەوە . کە شەو داهات یەکەم کەس کە بۆ ماڵ هاتەوە سوودبین – ی کاتبی دادگە بوو ، گوتی کە شوێن پێی سیمیونی هەڵگرتووە و لە بازاڕی تولکوچی و شوێنانی دیکە دیتوویەتی ، دوور و نزیک دووی کەوتووە ، بەڵام کە لەلای ئەو شەواتەی لە شەقامی کریفوی کەوتبووەوە ، لووتی بە لووتیا تەقی بووەوە ، زاتی نەکردبوو بیدوێنێت . دوای نیو سەعاتێکی دی ئوکیانوف و کونتاریوف هاتنەوە و ، هەموو قسەکانی سوودبین – یان وشە بە وشە سەلماند : ئەوانیش سیمیون – یان لە نزیکەوە ، لە نزیکی دە شەقاوەوە بینی بوو ، ئەوانیش نەوێرابوون قسەی دەگەڵ بکەن . هەردووکیان گوتیان لەگەڵ کابرایەکی نیمچە گەدای سەرخۆشا دیتوویانە . ئیدی هەموو کرێچییەکان هاتنەوە ، کە گوێیان لە حیکایەتەکانی ئەوانەی پێش خۆیان بوو ، هەموو هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پروخارچین زۆر دوور نەڕۆییوە و ، هەر بینا هاتەوە . هەموو گوتیان کە دەزانن ماوەیەکە پروخارچین ، دەگەڵ ئەم گەدا بەد مەستەدا دەسوڕێتەوە ، کە کەسێکی زۆر بەدناو و بەدمەست ، زمانلووسە ، ئیدی بە فێڵێک لە فێڵەکان سیمیون ئیڤانوفیچ – ی لە خشتە بردووە . ئەم پیاوە یەکەمجار ، یەک هەفتە بەر لە دیارنەمانی سیمیون ئیڤانۆفیچ ، چووبووە نک ریمینوف – ی هاوڕێیان ، چەند ڕۆژێکی لەنک وی بردبووە سەر ، ئیدیعای کردبوو لە پێناوی بەرەڤانی لە حەقیقەت تووشی ئەم حاڵە بووە و ڕۆژی بەم ڕۆژگارە گەییوە . پێشتر لە فەرمانگەیێن جیاواز کارمەندی دەوڵەت بووە ، پاشان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەسەر داوای سەرپەرشتیارێک ، بە تۆمەتی حەقیقەتگۆیی دەرکراون . نها کە هاتبووە پترسبورگ ، کەوتبووە خاک و پای پورفیری گریگوروفیچ کە لە دایەرەکەیا کارێکی بۆ بدۆزێتەوە ، ئیدی کاری بۆ دۆزی بووەوە ، بەڵام بۆ نەگبەتی لێرەش دەرکرابوو ؛ دایەرەکە داخرابوو ، دوای ئەوەی ڕێک دەخرێتەوە و دەکەوێتەوە کار ، ئەو وەرناگرنەوە... لەبەر بێ توانایی و بێ بەهرەیی دەرنەکرابوو ، بەڵکو لەبەر ئەوە دەرکرابوو کە لە بوارێکی دیدا توانای هەبوو

؛ حەقیقەتگۆییەکەی و پیلانی هاوڕێکانیشی لەولاوە بوەستێ . ئیدی زیموفایکین بەدەم ئەو قسانەوە ، چەند جارێک هەستابوو و ریمینوفی قژلوول و ڕدێن نەتاشراوی ماچ کردبوو و لە هەمێزی گرتبوو . لە دوای گێڕانەوەی چیرۆکەکە هەستابوو ، دوو لۆ لەبەردەم یەک بەیەکی ئامادەبووانا چەمی بووەوە ، تەنانەت ئافدوتیای خزمەتکاریشی نەبواردبوو...

سوپاسگوزاری و منەتباری خۆی بۆ هەموویان دەربڕی بوو ، پاشان کەوتبووە زەمی خۆی کە ئینسانێکی بەدڕا و، ترسنۆک ، سەرەڕۆ ، بودەڵە و گەوجە ، لە خەڵکەکە پاڕابووەوە ، کە لێی نەگرن و بەچاوی لێبوردەیی تەمەشای بکەن و بە چاکی خۆیان ببەخشن و بەزەییان بە داماوی و بەلەنگازییدا بێتەوە .

ئیدی زیموفایکین ، کە دڵی گوێگرەکان و پشتیوانی وانی بەدەست هێنا ، دڵی خۆشبوو و ڕووی کرایەوە ، ئەوسا کەوتە ماچکردنی دەستەکانی ئوستینا فیدروفنا ، هەرچەندە ئوستینا، زۆری هەوڵدا کە دەستە زبرەکانی ماچ نەکات ، بەڵام فایدەی نەبوو ، هەر ماچی کردن . کابرا بەڵێنی دا ، ئەو شەوە بەهرەی خۆی بنوێنێ و سەمایەکی تایبەتیان پێشکەش بکات . بەڵام ڕۆژی دوایی ، چیرۆکەکە بە کۆتاییەکی کارەساتبار کۆتایی هات... یان لەبەر ئەوە بوو کە سەماکەی ئەوە نەبوو کە ئیدیعای دەکرد ، یان لەبەر ئەوەبوو کە ئوستینا فیدروفنا هەستی کردبوو کە زیموفایکین بێڕێزی بەرانبەر کردبوو ، پێی ڕاببواردبوو ، لە کاتێکا ئوستینا فیودوروفنا خودی یاروسلاڤ ئیلیچی لە نزیکەوە دەناسی و بەینیان زۆر خۆشبوو ، ئەگەر خۆی بیویستبایە ، زۆر لەمێژ بوو دەیتوانی مێرد بە ئەفسەرێکی پایەبەرز بکات . بە هەرحاڵ زیموفایکین ئەو ڕۆژە بەبێ ئارەقە لەو ماڵە وەدەرکەوتبوو ، پاشان جارێکی دی هاتبووەوە ، بەڵام دەریان کردبوو ، سیکتریان کردبوو . بەڵام زانی بووی چۆن لە دڵی سیمیون ئیڤانۆفیچ دا جێگەی خۆی بکاتەوە و بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ...

خانمی خاوەن ماڵ هەرکە زانی سیمیون ئیڤانۆفیچ ساغ و سەلامەتە و هیچ بەڵایەکی نییە و پێویست بەوە نییە مشووری پاساپۆرت و ناسنامەکەی بخوات ، ئیدی دەستبەرداری خوتەخوت و بۆڵە بۆڵ بوو و بەرەبەرە هێور بووەوە . لەو دەمەدا چەند کەسێک لە کرێچیەکان بڕیاریان دا ، پێشوازییەکی گەرم و شاهانە لە گوم بووەکە بکەن. قفڵەکەیان شکاند ، کوللە و پەردەکەی دەوری تەختەخەوەکەیان لابرد . تەختەخەوەکەیان کەمێک جوڵاند ، سەندووقە بچووکەکەیان هەڵگرت و لە پاینی تەختەخەوەکەوە دایان نا ، بووکەڵەیەکیان ، عەینی براژنەکەی جەنابی پروخارچین لەسەر تەختەکە پاڵخست ، شاڵێکی کۆنەی خاوەن ماڵیان تێوە پێچا ، کڵاوێک و چاکەتێکی ئەویان لە سەر نا و لەبەر کرد ، هێندە بەجوانی دروستیان کردبوو ، هەرکەس هەوەڵجار دیتبای وایدەزانی بووکی ڕاستیە . دوای ئەوەی لەوکارە بوونەوە ، چاوەڕوانیان کرد تا سیمیون ئیڤانوفیچ بێتەوە و پێی بڵێن کە براژنەکەی لە گوندەوە هاتووە و ، بەلەنگازە لەبەر بێ جێگەیی ، لەپشت پەردەکەوە دانیشتووە و چاوەڕوانی ئەوە... ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانیان کرد ، بەڵام هیچ هەواڵێکی نەبوو... لەم بەینەدا ، مارک ئیڤانوفیچ فریاکەوت بە قومار لەگەڵ پریبولوڤینکو و کونتاریوف ، کرێیەکەی خۆی کە پازدە ڕۆبڵ بوو بدۆڕێنێ . ئوکیانوف لە پەشیمانیدا هێندەی کێشا بە کەپووی دا ، کە لە ئازاردا ئاوسا و سوور بووەوە . ئافدوتیای خزمەتکار ، دوای ئەوەی بەدرێژایی مودەتی مەستیەکەی خەوت ، هەستا تا برێک دار و ئێزینگ بێنێ و سۆپاکە پێبکات . زینوبی پروکوفیوچ ، کە هەر ساناساتێ دەچووە نێو حەوشە تا بزانێ سیمیون ئیڤانوفیچ هاتەوە یان نا ، تەڕی تەڕ بووبوو . بەڵام نە سیمیون دەرکەوت و نە هاوڕێ گەداکەی . ئەنجام جەماعەت بێزاربوون ، چوون بخەون و

بووکەڵەکەی هاوشێوەی براژنەکەی جەنابی پروخارچین – یان لە پشت پەردەکەوە بەجێهێشت ، تا ئەگەر هاتەوە بیدینێ .

سەعات چواری بەیانی ، دەنگی دەرگا سەرەکییەکە بەرز بووەوە ، دەنگەکە هێندە بەرز بوو ، هەر هەموویان لە خەو ڕابوون ، خۆی بوو ، سیمیون ئیڤانوفیچ ، جەنابی پروخارچین بوو ، بەڵام حاڵی حاڵ نەبوو ! هەمووان حەپەسان ، کەس " براژنەکەی " لە بیر نەمابوو ، جەنابی دەست و دڵ تێر ، بە نیمچە بێهۆشی گەڕابووەوە ، کابرایەکی عەرەبانچی شڕۆڵە ، کە لە سەرما هەڵدەلەرزی ، هێنابوویەوە .

تۆ بڵێی لە کۆڵی کردبێ . خانمی خاوەن ماڵ لە عەرەبانچیەکەی پرسی ؛ کرێچییەکەی لە کوێ خواردوویەتیەوە و بەو ڕادەیە مەست بووە ؟

گالیسکەچییەکە وەڵامی دایەوە : " مەست نییە ، دڵنیابە یەک قەترەشی نەخواردووەتەوە . ڕەنگە بورابێتەوە ، لەوەیە کەسێک لێی دابێ ، لەگینە جەڵتە لێی دابێ . "

پشتی سیمیون ئیڤانوفیچ – یان بە سۆپاکەوە دا ، ئەوسا معایەنەیان کرد ، بۆیان دەرکەوت کێشەکە سەرخۆشی نییە ، سەکتەش نییە ، بەڵکو شتێکی تریەتی ، بەڵام ئەو شتە چییە ؟ زمانی نەدەگەڕا ، دەلەرزی ئەمما لەرزین ، ناو بەناو مات و مەدهۆش تەمەشای ئەم یان ئەوی دەکرد کە هەمووان جلی خەویان لەبەر بوو ، ئەوسا لە عەرەبانچیەکەیان پرسی کە پروخارچین – ی لە کوێندەرەوە هێناوە ، گوتی:- لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی قۆشمەدا بوو و بەم حاڵەوە ڕادەستی ئەمیان کرد . لە کولومنا دەگەڕانەوە . لێیان دابوو ؟ بورابووەوە ؟ نازانم... بەهەرحاڵ خەڵکانێکی شۆخ و بەڕێز بوون ، وەختایەک ئەویان دایەدەست من ، بەم حاڵەوە بوو کە بەچاوی خۆتان دەیبینن.

سیمیون ئیڤانوفیچ – یان هەڵگرت و بردیانە سەر تەختەخەوەکەی کە لەسەر تەختەخەوەکە ڕایانکشاند ، هەستی بەبوونی بووکەڵەکە ( براژنەکەی ) کرد ، لاقی کەوتە سەر سەندووقە ئازیزەکە ، هاوارێکی ترسناکی کرد ، نیو ئاخێزێکی بۆکرد ، بە دەم لەرزینەوە هەردوو دەستی بە سەرانسەری تەختە خەوەکەدا گێڕا ، بەترس و لەرزەوە چاوی بەوانەی دەوروبەرییدا گێڕا ، لە تۆ وایە دەیەوێ بڵێ حەز دەکات بمرێ ، نەک سەدیەکی ئەوەی هەیەتی بەوان ببڕێ .

سیمیون ئیڤانوفیچ ، دوو سێ ڕۆژ بەو ڕەوشەوە لەپشت پەردەکەوە دوور لە هەرا و زەنای دنیا و خەڵکەکە مایەوە ، ڕۆژی دوایی ، وەکو چاوەڕوان دەکرا ، فەرامۆش کرا و لەبیری کەس نەما...

ڕۆژگار وەکو جاران دەڕۆیی ؛ سەعات لە دووی سەعات ، ڕۆژ لە دووی ڕۆژ دەڕۆیی؛ یارۆی نەخۆش ، بەدەم تایەکی گەرمی گەرمەوە ، بەسەری قورسەوە ، لە نێوان خەون و وڕینەدا لە سەر جێگاکەی ڕاکشابوو . نە دەجووڵا و نە دەیناڵاند ، نە سکاڵا و نە گلەیی نەدەکرد ، پێدەچوو هەست بە ئازار نەکات . کڕوکپ و بێدەنگ خۆی بە تەختەخەوەکەیەوە مت دەکرد ، ڕێک وەکو چۆن کەروێشکێک لە ترسی ڕاوچی خۆی بە عاردیەوە مت دەکات بەو ئاوایە خۆی بە تەختەخەوەکەکەیەوە مت کردبوو . هەندێجار بێدەنگیەکی خەمناک و دوور و درێژ باڵی بەسەر ماڵەکەدا دەکێشا ؛ نیشانەی ئەوەبوو کە کرێچیەکان ، هەرکەسە و بۆ سەر کاری خۆی چووبوو. لەم کاتانەدا سیمیون ئیڤانوفیچ ، کەمێک وەخۆ دەهاتەوە ، خەمینییەکەی تۆزێک دەڕەوییەوە ، گوێی بۆ ئەو دەنگە نزیکانە هەڵدەخست کە لە مووبەقەکەوە دەهات ، دیاربوو خاوەن ماڵەکە مژوولی کاری خۆی بوو ، یان دەنگی یەکهاوی پێی ئافدونیای کارەکەر دەهات کە بەدەم خاوێن کردنەوەی ماڵەوە ئەم ژوور و ئەو ژووری

دەکرد . ئیدی بە سەعاتان بەو حاڵەوە تێدەپەڕی ، سەعاتێن بێتاقەتی ، ڕۆتینی و یەکنەوا ، ڕێک وەکو ئەو دڵۆپە ئاوەی بەردەوام دەچکایە ناو دەست شۆری مووبەقەکە . پاشان کرێنیشینەکان ، یەک یەک ، یان بەکۆمەڵ دەگەڕانەوە ، سیمیون ئیڤانوفیچ بە ئاشکرا گوێی لێیان دەبوو کە جنێویان بە ئەرز و ئاسمان دەدا . داوای خواردنیان دەکرد ، لە برسا لاکەی سەریان دەهات ، دەیانکرد بە دەنگە دەنگ و هەرا و زەنا ، چەرە دووکەڵی جگەرەیان ماڵەکەی قانگ دەدا ، بە شەڕ دەهاتن و ئاشت دەبوونەوە ، کۆنکانیان دەکرد ، کە وەختی چا خواردنەوە دەهات ، فینجان و کوپەکانیان دەزرینگاندەوە . هەنگێ سیمیون ئیڤانوفیچ ، بەیادی جارانەوە تەکانێکی بەخۆ دەدا ، تا هەستێ و بەشە چایەکەی خۆی وەربگرێ و پارەی خۆ بدات ، بەڵام دووبارە لەخۆ دەچووەوە و بە پشتا دەکەوتەسەر جێگاکەی . خەو دەیبردەوە و خەوی دەبینی کە ماوەیەک لە پشت مێزی چا خواردنەوەکەوە ڕۆنیشتووە ، دەگەڵ کرێنشینەکانی دیکەدا گوت و بێژی کردووە . زینوبی، هەلی قۆستوەتەوە و ، بە تەعلیقەوە، باسی براژنانی دینایە ئاراوە کە چۆن پەیوەندی لە نێوان ئەوان و شووبرا ئابڕوومەندەکانیان چێبووە... لێرەدا سیمیون ئیڤانوفیچ هەوڵدەدات پاکانە بۆخۆی بکات... بەڵام هەمووان بە یەک دەنگ ئەم ڕستەیە دەڵێنەوە و دەڵێن: " جارەهای جار ئەمەیان دیتووە. " ئیدی بەو ڕستەیە کۆتاییان بەهەموو وەڵامەکانی دەهێنا ، ئیدی سیمیون ئیڤانوفیچ هیچ چارێکی نەدەما ، تەنیا ئەوە نەبێ بخەوێ و خەون بەوەوە ببینێ کە سەری مانگە ، ئەو ڕۆژە موبارەکەیە کە لە دایەرەکەیدا مووچەکەی بە دراو و سکەی زیو دەدەنێ . لە ناوەندی پلیکانەکانا ، زەرفەکە دەکاتەوە ، ژێراوژێر و بەدزییەوە تەمەشایەکی دەوربەری خۆی دەکات ، بلەز نیوەی مووچەکەی دەژمێرێ و لە گۆرەوییەکانیا تاقەتی دەکات . ئەوسا ، لە کاتێکا هێشتا لە ناوەندی پلیکانەکاندایە ( بەبێ ئەوەی بزانێ هەموو ئەو کارانە لە ناو جێگاکەیدا و بەدەم خەوی تەواوەوە ئەنجام دەدات ) بڕیار دەدات ، هەرکە گەییەوە ماڵێ ، چ پارەیەکی خەوتن و خواردن قەرزدارە کاش بیداتەوە بە خاوەن ماڵەکە . پاشان هەندێ شتی زەرووری بکڕێ و لەلای خەڵکی بلێ کە لە مووچەکەیان داشکاندووە و هیچ پارەیەکی بەدەستەوە نەماوە کە بۆ براژنەکەیی بنێرێت . پاشان بۆ براژنەکەی بپاڕێتەوە ، ڕۆژانی دواتریش هەر باسی نەبوونی و نەداری براژنەکەی بکات... پاش دە ڕۆژان دەکەوێتەوە باسی نەداری و نەبوونی خۆی تا هاوڕێکانی بە تەواوەتی باوەڕی پێبکەن . ئەوەتا پاش هەموو ئەو بڕیارانەی دای ، بینی کە ئەندرێ یافیموفیچ ، پیاوە سەرساف و کورتەباڵاکە ، هەمیشە بێدەنگەکە ، کە مێزی کارکردنەکەی سێ ژوور لەولای مێزی کارکردنەکەی ئەمەوە بوو ، کە بیست دانە ساڵ بوو ، ڕۆژێ لە ڕۆژان وشەیەکی لێنەبیستبوو ، ئەویش لە ناوەندی پلیکانەکان وەستاوە و ڕۆبڵەکانی دەژمێرێت و بەدەم سەر لەقاندنەوە دەڵێت : " ئەمە پارەی منە ؟ " ئەوسا بەدەم داگەڕانەوە بە پلیکانەکاندا ، قسەکەی بەوە کۆتایی هێنا : " ئەگەر پارە نەبێ ، خواردنیش نییە ! " کە گەییە بەر دەرگا گوتی : " من حەوت منداڵم بە ملەوەیە قوربان . " لێرەدا ئەم پیاوە کورتەباڵا سەرسافە ، کە هەستی نەدەکرد دەوری تاپۆیەک دەبینێ و ئەو دنیایەی ئەو لە واقیع دا بوونی نییە ، دەستێکی تا یەک مەتری ئەرزەکە شۆڕ کردەوە و بە دەستە لەرزۆکەکەی ، لە هەوادا هێڵێکی کێشا و لەبن لێوانەوە گوتی کە کوڕە گەورەکەی قوتابی قۆناغی ناوەندییە ، ئەوسا بە نیگایەکی تووڕە وە مۆڕەیەکی ئەوتۆ لە پروخارچین دەکات وەکو ئەوەی خەتای ئەوبێ کە ئەم حەوت منداڵی هەیە . ئەوسا کڵاوەکەی تا سەر چاوەکانی هێنایە خوارەوە ، بە سەمتی چەپدا پێچی کردەوە و ڕۆیی . سیمیون ئیڤانۆفیچ زۆر ترسابوو . هەرچەندە دڵنیابوو لە خۆی کە تاوان و خەتایەکی نییە ، کە حەوت منداڵ لەژێر یەک میچدا دەژین . وێڕای ئەوەش ئاقیبەت وای دێ بە خەیاڵدا کە ئەم ( سیمیون ئیڤانۆفیچ ) خەتابارە . ئیدی ترس زۆری بۆ دێنێت ، لەناکاوا پێ وەغارێوە دەنێ ، چونکە وا وێنا دەکات کە کابرایەکی کورتەباڵای سەرساف دەگەڕێتەوە تا بیگرێ

و گیرفانەکانی بپشکنێ و هەموو مووچەکەی بە خۆرتی لێبسەنێ . چونکە ئەم حەوت منداڵی هەیە و سیمیون ئیڤانۆفیچ، هەر خۆیەتی و ئەسڵەن براژنی هەر نییە .

ئیدی جەنابی پروخارچین ، بەردەوام غار دەدات و غار دەدات ، هەناسەبڕکێی پێدەکەوێ... خەڵکان و کارمەندانی دیکەش شانبەشانی ئەو غار دەدەن ، ژمارەیان زۆر بوو ، بەدەم غاردانەوە زرەی پارەکانیان لە گیرفانی ئێلەکەکانیانەوە دەهات ، ئیدی هەموو خەڵکی غاریان دەدا ، تا لە ناکاوا دەنگی ئاژیری شەوات بەرز بووەوە ، ئیدی شەپۆلی خەڵکەکە بەرەولای شەواتەکە ڕایدەماڵن ، بەرەو ئەو شوێنەی کە ئەو دەگەڵ گەدا مەستەکەدا ڕاوەستابوو وتەمەشای دەکرد ، کابرای بەدمەست ، مەبەستم زیموفایکین – ە ، کە لەوێ چاوەڕوانی دەکرد ، بەجۆش خرۆشێکی سەیرەوە چووە پێشوازی سیمیون ئیڤانۆفیچ ، دەستی گرت و بۆ ناوەندی ئاپۆڕای خەڵکەکەی برد ، ئیدی سیمیون ئیڤانۆفیچ ، نها ، قەرەباڵغیەکی زۆری دەبینی، کە لە دەوریدا شەپۆلی دەدا ، شوستەکەی ڕوباری فونتاکای نێوان هەردوو پردەکەیان گرتبوو ، هەموو جادە و کوچە و کۆڵانەکانی ئەو ناوە گیرابوو ، ڕێک وەکو پێشوو شەپۆلی خەڵکەکە سیمیون ئیڤانۆفیچ و کابرای بەدمەستیان بەرەو حەسارێکی گەورە ڕاماڵی ؛ عەماری دار و تەختە بوو ، پڕ بوو لەو تەمەشاڤانانەی لەهەر چوار نکالی شارەوە ڕژابوونە ئەوێ . ئیدی لە بازاڕی تولکوچی یەوە ، لە ماڵەوە و لە کاباریە نزیکەکانی ئەو ناوەوە هاتبوون . سیمیون ئیڤانۆفیچ هەموو ئەم دیمەنانەی وەکو چۆن پێشتر بینی بووی ، دەبینی . ئیدی بە دەم شەپۆلی تا و لەرزەوە ، بەرە بەرە سەروسیمای غەوارەکەی هاتە بەرچاو . هەندێک لەو سەروسیمایانەی دەناسییەوە . یەکێک لەو سیمایانە ئەو پیاوە باڵابەرزە بەسام و سمێڵ زلە بوو کە بە درێژایی کاتی شەواتە ڕاستەقینەکە ، لە پشت سیمیون ئیڤانۆفیچەوە وەستابوو ، وەختایەک سیمیون ئیڤانۆفیچ ، بە دەم هەڵچوونەوە ، بەجۆش و خرۆشەوە ، ستایشی کار و هەڵوێستی کارمەندانی ئاگرکوژێنەوەکانی دەکرد ، کابرای بەسام بەردەوام هانی دەدا کە بەردەوام بێ . سیمایەکی دی : سیمای کابرایەکی درێژی بەهێز بوو کە وا دیاربوو ویستبووی بەسەر حەسارەکە بکەوێ تا کەسێک ڕزگار بکات . بەڵام وەختایەک سەرکەوتبووە سەر دیوارەکە ، بەبێ ئەوەی ئاگای لە خۆ بێ کێشابووی بە سەروچاوی قارەمانەکەی مەدا . هەر لەوێدا چاوی بە پیرەمێرێکی لاتی ڕەنگزەرد کەوت ، کە ڕۆبێکی خەوی کۆنی تاڵکێشی لەبەر بوو و بە شتێک ناوقەدی بەستبوو کە خۆیشی نەیدەزانی چییە : ئەم پیرەمێردە ، بەرلە کەوتنەوەی ئاگرەکە ، هاتبووە دەرێ تا لە دووکانێک ، هەندێ نان و تۆزی تووتن بۆ کرێچیەکەی بکڕێت . ئەوەتا بەخۆرتی دڕ بە ئاپۆڕای خەڵکەکە دەدات تا خۆی بگەیەنێتە ماڵەکەی کە لە ئاگرا دەسووتا، کە ژنەکەی و کیژەکەی و سی و هەندێ ڕۆبڵی لە ژێر دۆشەکەکەیدا دانابوو ، خەریک بوو دەسووتان.

بەڵام دیارترین دیمەنێک کە سیمیون ئیڤانۆفیچ بە ڕوونی دەیبینی وێنە و دیمەنی ئەو ژنە هەژار و بەلەنگازە بوو ، کە لە کاتی نەخۆشیەکەیدا چەند جارێک خەونی پێوە بینی بوو ، ئەوەتا نها جارێکی دی دەی بینێتەوە ، ڕێک وەکو جارانە ، هیچ نەگۆڕاوە : جووتێ پێڵاوی شڕی لە پێدایە ، عاسایەکی بەدەستەوەیە ، جلەکانی شڕ و شەپرێو ، سەبەتەیەکی حەسیری بە کۆڵەوەیە . کارمەندانی شەواتەکە و خەڵکەکە زیاتر هاواری دەکرد ، دار عاساکەی بەرز دەکردەوە و هاواری دەکرد و بە هەمووانی دەگوت کە منداڵەکانی دەریانکردووە و لەم بەینەدا دوو سکەی دە کوپیکی ون کردووە ؛ بەدەم دەمرێژی هەندێ وشەی گۆنگ و نامەفهوومەوە هاواری دەکرد : " منداڵەکانم... پارەکەم... منداڵەکانم... پارەکەم... " خەڵکەکە ، کە نەیاندەزانی چی گەرەکە بەو حاڵەوە بەجێیان هێشت . بەڵام پیرەژنەکە نەدەحەوایەوە ، بەردەوام هاواری دەکرد ، دەستەکانی بەملا و بەولادا تەکان دەدا ، پێدەچوو نە خەمی شەواتەکەی بێ و نە خەمی خەڵکەکە ، نە پریشکی ئاگرەکە کە دەگەییە ئێرە.

ئەنجام جەنابی پروخارچین ، ترسی لێنیشت ، چونکە زۆرچاک دەیزانی کە ئەم ماستە بێ موو نییە و بەو ئاسانیەش نابڕێتەوە و دەربازبوونی ئەستەمە . ئەوەتا کابرایەکی جووتیار لە نزیکیەوە وەستاوە ، پاڵتۆیەکی شڕ و شەپڕێوی لەبەرە ، چۆتە سەر کۆمەڵە دارێک ، قژی و ڕدێنی بە ئاستەمێک هەڵکوڕوزاون ، خەڵکەکە لە دژی سیمیون ئیڤانۆفیچ هاندەدات . خڕبوونەوەی خەڵکەکە تا دەهات زیاتر دەبوو ، جووتیارەکەش لە پەستا و بێ پسانەوە هەر هاواریدەکرد و جنێوی دەدا ، جەنابی پروخارچین – ش کە لە ترسا زراوی تۆقی بوو ، لە ناکاوا بۆی دەرکەوت کە ئەم جووتیارە ، هەمان ئەو عەرەبانچییەیە کە پێنج ساڵ لەوە پێش سیمیون ئیڤانۆفیچ کڵاوی کردبووە سەری و بێئەوەی کرێکەی بداتێ ، لە عەرەبانەکە خۆی هەڵدابووە خوارەوە ، هەڵاتبوو ، وەکو با بەماڵێکی دوو دەرگادا بۆی دەرچووبوو . جەنابی پروخارچین ویستبووی هاوار بکات ، قسە بکات ، بەڵام دەنگی لە ئەوکیا گیرا ، دەرنەهات . هەستی دەکرد ، گوشاری جەماوەرە تووڕەکە وەکو ئەژدیهای حەوت ڕەنگ تێی ئاڵاوە و دەیەوێ قووتی بدات . پروخارچین ، گوڕی دایە خۆی کە هەستێت . کە خەبەری بووەوە ، سەیری قوژبنەکەی گڕی گرتووە و ، پەردەکانی خەریکە دەسووتێن ، هەموو خانووەکە بە ئوستینا فیودوروفنا و کرێچییەکانەوە ئاگری گرتووە ، تەختەخەوەکەی ، بالیفەکەی ، لێفەکەی ، سەندوقۆکەکەی و تەنانەت دۆشەکە گرانبەهاکەشی خەریکە دەسووتێن . سیمیون ئیڤانۆفیچ ، لە جێگای خۆی ڕاپەڕی ، پڕی دایە دۆشەک و نوێنەکانی ، بە ڕاکێش ڕاکێش بردی تا گەییە بەر ژووری خاوەن ماڵەکە . بەڵام وەختایەک کرێچییەکان بەو حاڵەوە ، بە جلی خەوەوە و بە پێخاسی دیتیان ، کە بێ هیچ شەرم و شکۆیەک بۆ ژوورەکەی خودان ماڵەکە دەڕۆیی ، ڕێگەیان پێگرت ، دەستیان گرت و بۆ پشت پەردەکەی خۆیان بردەوە کە لە ڕاستیدا نە گڕی گرتبوو و نەدەسووتا ، لە ڕاستیا شەوات و ئاگرەکە لە مێشکی سیمیون ئیڤانۆفیچ دا بوو . لە جێگاکەی خۆیدا پاڵیان خست . یارۆی نەخۆش گەڕایەوە سەر وڕینەکانی : ئەم خاوەن بووکەڵەیە ، شڕ پۆش و شەپڕێو ، پەست و خەمین ، ڕدێن هاتوو ، لە ناو سەندووقەکەیدا هەموو شتەکانی ڕێک دەخات ، بەگژ خەڵک و خوادا دەچێت ، ڕوحی خۆی بە شەیتان دەفرۆشێت ، وەختایەک خاوەن بووکەڵەکە دەست بە نمایشێکی تازە دەکات ، لەرزینەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە ، بەخۆی لە نێو سەندووقەکەدا و لە گەڵ خودی شەیتاندا پاڵدەکەوێت ، لە هەمان سەندووقدا لەگەڵ شەیتاندا ، لەگەڵ قولە ڕەشەکاندا ، لەگەڵ بووکەڵەکە و مادموزیل کاترینا و عاشقە بەختەوەرەکە یا جەنابی پۆلیسی شارۆچکەدا دەژی .

هەموو کرێچییەکان ، یەکسەر لە دیار سیمیون ئیڤانۆفیچ کۆبوونەوە ، بە تەنیشت یەکەوە لە دەوری تەختەخەوەکەی وەستان و چاوی چاوەڕوانیان بڕییە نەخۆشەکە . ئەنجام نەخۆشەکە وەخۆهاتەوە ، بەڵام لە شەرما بوو یان لە بەر هەر شتێکی دی ، لە ناکاوا بە هەموو تین و تاوێکی خۆیەوە ، لێفەکەی بەخۆیدا دا ، دیاربوو دەیویست خۆی لەم نیگا بەزەیی ئامێزانە پەنهان بکات . سەرەنجام مارک ئیڤانۆفیچ ، بێدەنگیەکەی شکاند و چونکە پیاوێکی زرینگ بوو بە ڕاوێژێکی زۆر نەرم گوتی کە دەبێ سیمیون ئیڤانۆفیچ خۆی هێور بکاتەوە ، شەرمە پیاو بەو ئاوایە خۆی لە نەخۆشی بدات ، ئەمە تەنیا کاری منداڵانە نەک کاری پیاوان ، نها سیمیون ئیڤانۆفیچ دەبێ دەستبەرداری ئەم ناز و نوزە ببێت و بگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی . مارک ئیڤانۆفیچ بە سووکە نوکتەیەک کۆتایی بە قسەکانی هێنا و گوتی هێشتا مووچەیەکی دیاریکراویان بۆ کارمەندە نەخۆشەکان نەبڕیوەتەوە ، جا چونکە کارمەندانی نەخۆش تەرفیع و پلەبەرز کردنەوە نایانگرێتەوە ، ئەم حاڵەی سیمیون ئیڤانۆفیچ دادی نادات و هیچ مفایەکی بۆ نابێت . بە کورتیەکەی هەمووان بە ڕاستی لە خەمی چارەنووسی سیمیون ئیڤانۆفیچ دا بوون ، هاوسۆزی خۆیان بۆ نواند .

بەڵام سیمیون ئیڤانۆفیچ ، لە کەری شەیتان نەهاتە خوارەوە ، دەستبەرداری سەرسەختیە منداڵانەکەی خۆی نەبوو ، سوور بوو لە سەر ئەوەی هەر لە جێگەدا بکەوێ ، تەنانەت ورتەشی لەخۆ بڕی بوو ، بەوپەڕی کەللە ڕەقی ، لێفەکەی لە خۆیەوە دەئالاند . بەڵام مارک ئیڤانۆفیچ لەو کەسانە نەبوو بە ئاسانی کۆڵ بدات و مەیدان چۆڵ بکات ، ئیدی خۆی کۆنترۆڵ کرد و چەند وشەیەکی نەرم و ناسکی ئەوتۆی دەربڕی کە دڵی سیمیون ئیڤانۆفیچ – ی پێخۆش بکات ، چونکە دەیزانی دەبێ پیاو مدارای نەخۆشان بکات . بەڵام سیمیون ئیڤانۆفیچ حیسابی بۆ هیچ شتێک نەدەکرد . بەپێچەوانەوە سیمای بەدگومانی لێدەباری ، لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد کە خۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت .

لە ناکاوا بە تووڕەیی چاوی لە ڕاستەوە بۆ چەپ وەرگێڕا ، نیگای هێندە ڕقن و پڕ بوغز بوون لە تۆ وایە چاوی بەرایی نادات کە ئەم هەموو خەڵکە دڵسۆزە بە دەوری خۆیەوە ببینێت . ئیدی مارک ئیڤانۆفیچ نەیتوانی جڵەوی خۆی بگرێ ، کە دەیبینی سیمیون ئیڤانۆفیچ تەنیا عینادی دەکات ، زۆر تووڕە بوو ، بە ڕاشکاوی پێی گوت کاتی ئەوە هاتووە جەنابی پروخارچین هەستێت و خۆ ناکرێ هەتاهەتایە بەو ئاوایە پاڵبکەوێ و داد و بێداد و هاواری شەو و ڕۆژی دەربارەی شەوات ، براژنان و مەستان و قفڵ و سەندووقان و ئەو شتانە بێ ، هەرهەمووی بێ مانایە ، خۆ ئەگەر خۆی نایەوێ بخەوێ ، ئەوا مافی ئەوەی نییە خەو لەوانی دی حەرام بکات ، پێویستە جەنابی پروخارچین مدارای ئەمە بکات. ..

ئەم قسانە کاری خۆیان کرد . سیمیون ئیڤانۆفیچ یەکسەر ئاوڕی لای مارک ئیڤانۆفیچی دایەوە ، بەڕاوێژێکی کز و نەوی بەڵام ڕوون و مەفهووم گوتی :- زمانی خۆت بگرە هەی گەنجی بێکار… تۆ بابایەکی هەڵەوەری… ئاخر خۆت بەچی دەزانی ، ناشێ خۆت بەمیر بزانی ؟

مارک ئیڤانۆفیچ خوای نەما ، بەڵام چونکە بیری کەوتەوە کە لە هەنبەر پیاوێکی نەخۆشدایە ، خۆی کۆنترۆڵ کرد ، ویستی بە قسەی نەرم و نەوازش ئامێز ، یارۆی نەخۆش تەریق بکاتەوە . بەڵام ئەمەش فایدەی نەبوو ، چونکە سیمیون ئیڤانۆفیچ ، وەڵامی دایەوە و گوتی کە قەبووڵ ناکات کەس سەر بکاتە سەری و پێی ڕابوێرێ ، بەتایبەتی مارک ئیڤانۆفیچ ، چونکە شیعر دەڵێت وابزانێ مافی ئەوەی هەیە سەربکاتە سەری . دوای ئەوە بێدەنگیەک باڵی بەسەردا کێشان . ئەنجام مارک ئیڤانۆفیچ وەخۆهاتەوە ، حیرەت و حەپەسانەکەی ڕەوییەوە و بەڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان و بڕێک بنجبڕ گوتی کە سیمیون ئیڤانۆفیچ دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەو کەسێکی خانەدانە و لە بنەماڵەیە و لە سەری ڕۆیی :- برادەری ئازیز ، دەبێ بزانی چۆن ڕەفتار دەگەڵ خەڵکی خانەداندا بکەیت .

مارک ئیڤانۆفیچ کەسێکی دەماوەر بوو ، حەزیدەکرد کار لە گوێگران بکات . بەڵام سیمیون ئیڤانۆفیچ کە بە تەبیعەت کەسێکی بێدەنگ بوو ، زۆر کەم و بە پچڕپچڕی قسەی دەکرد ، خۆ ئەگەر ناچار بوایە بۆ ماوەیەکی زۆر قسان بکات ، وشەکان لە دەمیا دەپەنگانەوە و لە ئەوکیا دەگیران ، ئیدی بەبێ سەروبەری و بە نامەفهوومی لەزاری هەڵدەوەرین ، بۆیە زۆرجار ، وێڕای ئەوەی پیاوێکی زیرەک بوو ، قسەی بێ سەروبەر و سەیر و سەخیفی دەکرد. ئەمجارەش وەڵامی دایەوە :

– تۆ درۆ دەکەی . بابایەکی بەڕەڵڵای . ڕاوەستە بزانە چۆن ئیفلاس دەکەیت و هەنگێ تووڕەکەی سواڵی دەکەیتە شان و دەکەویتە پارسەکی . هەی زەندیق ، بەڕەڵڵای سالوک ، تۆ ئەوەی جەنابی شاعیرۆک !

- سیمیون ئیڤانۆفیچ تۆ هێشتا هەر وڕینە دەکەیت .

سیمیون ئیڤانۆفیچ بەرسڤی دایەوە : گوێ بگرە بزانە چی دەڵێم . خەڵکی کەر وڕینە دەکات، خەڵکی بەدمەست وڕینە دەکەن ، سەگ دەوەڕن ، بەڵام خەڵکی عاقڵ ، بە ئاوەز ، خۆ کۆنترۆڵ دەکەن . تۆ هیچ نازانی ، هەی بەڕەڵڵا ، تێدەگەی چ دەڵێم ؟ هەی ڕۆشنبیر ، تۆ وەکو کتێبی چاپکراو قسە دەکەی ، ڕۆژێک دێ دەسووتێیت و بەخۆت نازانی کە کەللەت سووتاوە ، تێگەیشتی ؟

- باشە... بەڵام... نازانم مەبەستت چییە؟ دەتەوێ بڵێی کەللەم دەسووتێ؟

مارک ئیڤانۆفیچ لە سەر قسەکەی نەڕۆیی . ئیدی هەمووان بۆیان دەرکەوت کە سیمیون هێشتا وەخۆ نەهاتووەتەوە و وڕینە دەکات . بەڵام خانمی خاوەن ماڵ ، چیتر خۆی پێنەگیرا ، یەکسەر گوتی ئەو ڕۆژە ماڵێک لە کۆڵانی کریفوی ، بەسەدەمی کچێکی بێ موبالاتەوە کە لەوێ دەژیا ، ئاگری گرتبوو ، مۆمێکی داگیرساندبوو و ئیدی عەمارەکەیان ئاگری گرتبوو . بەڵام شتی وا لێرە ، لە ماڵەکەی ئەودا ڕوونادات و با هەمووان لە شوێنی خۆ دڵنیابن...

زینوبی پروکوفیچ ، کە خوای نەمابوو ، قسەکەی بە خانمی خاوەن ماڵ بڕی و هاواریکرد:

- گوێ بگرە سیمیون ئیڤانۆفیچ ، تۆی پیرەمێری نەخۆش و کەودەن چیت بەسەر هاتووە ! تۆ وا وێنا ناکەی کە مارمەندەکان بەم شۆخی بووکەڵە و براژن و تاقیکردنەوە و سەمایە پێت ڕادەبوێرن ؟ وا تەسەور ناکەی ؟

قارەمانەکەمان تینی دایەخۆ ، ئاخێزێکی (نیوە هەستان) بۆ کرد و بە هەموو ڕقێکەوە کە لە ناخیا پەنگابووەوە گوتی :- گوێ بگرە . تۆ کەودەن دەناسیت ؟ کەودەن تۆی کە وەکو سەگ دەوەڕی ، هەی لێبۆک ، من ئاگام لە خۆمە ، ئەم قسانەم بۆ ئەوە نییە ، تۆ پێبکەنی ، خوێڕی من گاڵتەچی تۆ نیم ، تێدەگەی هیچ و پووچ ؟ من خزمەتکاری تۆ نیم جەناب !...

سیمیون ئیڤانۆفیچ ویستی شتێکی دیکەش بڵێت ، بەڵام گیانی خاو بووەوە و کەوتە سەر جێگاکەی . ئەوانەی دەوروبەری حەپەسان ، لە سەرسامیا دەمیان داچەقی . چونکە ئێستا بۆیان دەرکەوت کە هاوماڵەکەیان چی بەسەر هاتووە ، نەیاندەزانی چی لێبکەن و چۆن فریای بکەون . لە ناکاوا دەنگی دەرگای مووبەقەکە هات و کرایەوە . لە پڕ سەرێک لە دەرگاکەوە کێشرایە ژوورەوە . هاوڕێ بەدمەستەکەی پروخارچین بوو ، واتە زیموفایکین بوو ، کە وەکو هەمیشە بە شەرمەوە چاوی بە شوێنەکەدا دەگێڕا . لە تۆ وایە هەمووان چاوەڕوانی ئەو بوون ، هەموو ئاماژەیان بۆ کرد کە بێتە ژوورەوە .

زیموفایکین زۆر خۆشحاڵ بوو ، بە بێئەوەی پاڵتۆکەی دابکەنێ ، وەژوور کەوت و یەکسەر چوو بۆ دیار سیمون ئیڤانۆفیچ تا بزانێ دەتوانێ چی بۆ بکات .

دیاربوو زیموفایکین شەوێکی دژوار و بە کێشەی بەسەر بردبوو . سەمتی ڕاستی ڕوخساری بە سارغی پێچرابوو ، ڕیپۆق چاوە هەڵماسیاوەکانی داپۆشی بوو . بەشی لای چەپی ڕدنکۆتەکەی و هەموو جلەکانی دیکەی دڕابوون و شتێکی بەدبۆنی پێوە لکابوو کە پێدەچوو قوڕ و چڵپاوی چاڵ و چۆڵەکان بێت . کەمانچەیەکی بەبن هەنگڵەوە بوو ، کە هی کەسێکی دی بوو و وادیاربوو دەیبرد تا بۆی بفرۆشێت .

هەڵبەتە جەماعەت باشیان کردبوو کە بانگیان کردبووە ژوورەوە ، چونکە هەرکە بە ڕەوشەکەی زانی ، ڕووی دەمی کردە سیمیون ئیڤانۆفیچ و گوتی :- ها سینکا چ دەکەی ، ڕابە ئەمە چییە سینکا ؟ ڕابە ، هۆشت بەبەر بێتەوە ، ئەمە چییە ، خۆ تۆ پیاوێکی زیرەک و بە ئاوەزیت ؟ ئەگەر ڕانەبی ، لە سەر تەختەخەوەکە فرێت دەدەمە خوارەوە . واز لە کەللە ڕەقی بێنە ، لە کەری شەیتان وەرە خوارەوە ! چیە ، دەتەوێ ؟

پروخارچین کە گوێی لەو قسانە بوو ، جموجوڵێکی تێکەوت ، ئامادەبووان سەریان لەمە سوورما !... پروخارچین بەجۆرێ دەسەپاچە بوو و ترسی لێهات ، کە تەنیا لەبن لێوانەوە هەندێ ورتە ورتی کرد و وەک ئەوەی بە ئەستەم بڵێت :- هەڕە هەی بەدفەڕی بەلەنگاز . تۆ بابایەکی داماوی دزی ، تێدەگەی ؟ تۆ خۆت بەچی دەزانیت ؟ خۆت زۆر پێ گەورەیە ، نە سەلکی سیری و نە قنچکی پیازی ، کابرایەکی دزیت و تەواو .

زیموفایکین ، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات ، بەوپەڕی خوێن ساردییەوە گوتی :- نا ، برادەر نا... نا پروخارچین ئەم قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە ، تۆ پیاوێکی بە ئاوەز و فامای .

ئەوسا نیگایەکی متمانەئامێزی دەوروبەری خۆی کرد و لە سەری ڕۆیی :- خۆت لە گێلی مەدە ، دەنا لە قاوت دەدەم، کەمێک وەخۆ بێرەوە ، دەنا ئەوەی ژێر بەڕەت وەسەر بەڕە دەخەم ، هەموو شتێکت بەمانە دەڵێم ، لە بنی کولەکە دەدەم... گوێت لێیە ؟

سیمیون ئیڤانۆفیچ ، بەو قسانە ڕاچڵەکی ، بەترسەوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی . زیموفایکین بە باندۆر و کاریگەریی قسەکانی خۆی زۆر خۆشحاڵ بوو ، ویستی درێژە بە قسەکانی بدات ، بەڵام مارک ئیڤانۆفیچ ، پێشی گرت و چاوەڕوانی کرد تا سیمیون ئیڤانۆفیچ کەمێک هێور ببێتەوە . کە بینی سیمیون ئیڤانۆفیچ بەرەبەرە ئارام بووەوە ، هەنگێ بە ڕاوێژێکی نەرم گوتی : ئەم وێنا و هزرینانە ، لەم دەمانەدا نەک هەر باش نین ، بەڵکو زۆریش خراپن ، نەک هەر خراپن ، بەڵکو پێچەوانەی هەر ڕەوشت و ئاکارێکی پەسندن ، ئەمە بۆ خۆیشی جوان نییە ، دەبێ بە نموونە و داستانی سەر زاران .

هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەم ئامۆژگاریانە باندۆر و کاریگەریی باش و ئەرێنیان هەبێ ، بە تایبەتی کە سیمیون ئیڤانۆفیچ نها بە تەواوی هێور بووبووەوە . بە نەرمی و میانڕەوی وەڵامی دەدایەوە . ئیدی گوت و بێژ و گەنگەشەیەکی دۆستانە لە نێو خەڵکەکەدا چێبوو . کرێنشینەکان بە ڕاوێژێکی برایانە قسەیان دەگەڵ سیمیون ئیڤانۆفیچ دا دەکرد و لێیان دەپرسی بۆچی حاڵی بەو حاڵە گەییوە . وەڵامی دەدانەوە ، بەڵام چۆن وەڵام دانەوەیەک ، زیاتر هەڵاتن بوو لە وەڵامدانەوە ، پرسیاری تریان لێدەکرد و ، ئەویش بە هەمان شێوازی لە کۆڵ خۆ کردنەوە ، بەرسڤی دەدانەوە .

پاشان هەمووان جارێکی دی کەوتنەوە گوت و بێژ و گەنگەشە ، بابەتی مشت و مڕ و گوت و بێژەکەیان هێندە غەریب بوو کەسیان بە باشی سەری لێدەرنەدەکرد ، ئەنجام کاسەی سەبریان سەررێژ بوو ، ئیدی لەبری گفت و گۆی نەرم و میانڕەوانە ، لێیان بوو بە هات و هاوار ، هات و هاوارەکە بوو بە گریان و زاری ، ئەنجام مارک ئیڤانۆفیچ کە کەف کەوتبووە لا لغاوەی ، خوای نەمابوو ، هاواریکرد کە لە ژیانیا خەڵکی ئەوەندە کەللە ڕەق و سەرسەختی نەدیتووە . ئوبلیانییف، لە داخا تفی دەکرد ، ئوکیانوف ترسی لێنیشت . زینوبی پروکوفیچ دەستی بە گریان و ناڵین کرد... ئوستینا فیودوروڤنا بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد و دەیگوت : کرێچیەکەی تەواو بووە ، عەقڵی لە دەست داوە ، بەو زووانە لە هەڕەتی لاویدا دەمرێت و ئەم بەبێکەسی دەمێنێتەوە و پۆلیس بەگیری

دێنن . بە کورتی هەموویان گەیینە ئەو قەناعەتەی کە ئەو تۆوەی دایان چاندبوو هاتەبەر ، بەرێک بە ئارەزووی ئەوان ، خاکەکە موبارەک و بە پیت بوو ، ئیدی سیمیون ئیڤانۆفیچ بە تەواوەتی عەقڵی لە دەست دابوو و هەرگیز چاک نەدەبووەوە... هەموو بێدەنگ بوون... نها سیمیون ئیڤانۆفیچ بە تەواوەتی عەقڵی خۆی لە دەست دابوو ، ئیدی نۆرەی ئەوان بوو کە لە خۆ بترسن ، دووچاری هەمان چارەنووسی ئەو ببن .

هەنگێ مارک ئیڤانۆفیچ هاواریکرد :- مەعز بۆ ڕەزای خوا ئەمە چییە ؟ لە چی دەترسیت ؟ چما ئاوەزت لە دەست داوە ؟ مەگەر کەس هیچی لێکردوویت ؟ بۆچی دەترسیت ؟ ئاخر تۆ کێی ؟ تۆ هیچ نیت جەناب ، تۆ لە ناوکە پرتەقاڵێکیش کەمتری ! تۆ ئەوەی... چما دنیات لە خۆ کردووە بە چەرمی چۆلەکە ؟ هەر لەبەر ئەوەی ژنێک لە سەر جادەکە کەوتووەتە ژێر دەست و پێیان و پلیشاوەتەوە ، وا وێنا دەکەی تۆش دەپلیشێننەوە ؟ لەبەر ئەوەی ماڵێک سووتاوە ، وا دەزانی دەبێ سەری تۆش بسووتێ ؟ دە ڕابە برادەر ئەمە چییە ؟

سیمیون ئیڤانۆفیچ ، لە بن لێوانەوە گوتی :- تۆ ، تۆ... تۆ گەوجی ! دوور نییە کەپووت ببڕن ، نا وەڵا باشتر وایە خۆت بە نانەوە بیخۆی باکت بەکەس نەبێ . ( ئەمە ئاماژەیە بۆ چیرۆکی کەپوو – ی گۆگۆڵ ).

مارک ئیڤانۆفیچ ، کە بە هیچ جۆرێ گوێی لە قسەکانی سیمیون ئیڤانۆفیچ نەدەگرت ، هاواریکرد :- من خۆم دەزانم کە گەوجم ، بەڵام ناچار نیم ئیمتیحان بدەم ، ژن بێنم یان بچمە دەورەی سەما . چییە ، لە سەر زەوی جێت نابێتەوە ؟ خۆ زەوی لە ژێر پات دا نەقڵیشاوەتەوە ؟

- بەڵێ، بەڵێ... پرسیار لە تۆ دەکەن ، دوای دەخەن... ئیدی هەموو شتێک دەبڕێتەوە .

- هەموو شتێک ! هەموو شتێک ! چی دادەخەن ؟ دەتەوێ چ بڵێیت ؟

- ئەو کابرا مەستەیان دەرکرد...

- دەی باشیان کردووە دەریان کرد... بەڵام سەرخۆشە... من و تۆ وەکو ئەو نین ، ئێمە خەڵکانی ماقوولین !

- خەڵکی ماقوولین... باشە... بەڵام ئەو هێشتا هەر لەوێیە...

- هێشتا لەوێیە ؟... مەبەستت چییە ؟

- مەبەستم ئیدارەیە... نووسینگە .

- هەڵبەتە... ئاخر پێویستیان بە ئیدارە و نووسینگەیە .

- هەڵبەتە ئەمڕۆ و سبەی و دوو سبەیش پێویستیان پێیەتی . بەڵام زۆر لەگینە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێویستیان پێی نەمێنێ . هەمان چیرۆکە...

- بەڵام لەم حاڵەدا مووچەی هەموو ساڵەکەت دەدەنێ ! تۆ زۆر سەیری ها ! بە حوکمی ئەوەی خزمەتت زۆرە ، لە دایەرەیەکی دی دات دەمەزرێنن .

- مووچە ؟ هەمووی خەرج دەکەم... ناچارم بیخۆم ، دەنا دزان لێمی دەدزن... من براژنەکەم بەسەرەوەیە ، تێدەگەی ؟ براژن تێدەگەی کەللە پووت !

- براژنەکەت ؟ باشە تۆ پیاوی ؟

– من ، بەڵێ پیاوم ، بەشەرم... من پیاوم... بەڵام تۆ ، ئەی زانا کە هەمیشە سەرت بە سەر کتێبەوەیە ، گەمژەی ، سەرت کای تیایە... تۆ ئەوەیت... من پێویستم بەوە نییە باسی هاندانە ساختەکانی تۆ بکەم . وەزیفە ! ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان هیچ وەزیفەیەک نەمێنێ . تەنانەت دیمید فاسیلیفیچ ، گوێت لێیە ؟ دیمید فاسیلیفیچ من لێرە...

– ئوە ، دیمید ، دیمید ! گەنجێکی هیچ و پووچە، بەڵام...

– بەڵێ... تەواوە... کاتێ پیاو بەخۆ دەزانێ هیچ کارێکی نییە .

هەوڵیدا بەرپەرچی ئەو قسەیە بداتەوە !

– واز لەم قسە قۆڕانە بێنە... تۆ قسەی قۆڕ دەکەی یان عەقڵت لە دەست داوە . شەرم مەکە گیانەکەم ڕاستیەکەی بڵێ : عەقڵت لە دەست داوە ؟

هەندێکیان بە دەنگی بەرز گوتیان :– ئاوەزی لە دەست داوە... شێت بووە...

خانمی خاوەن ماڵ ، ناچار بوو توند دەستی مارک ئیڤانۆفیچ بگرێت تا سیمیون ئیڤانۆفیچ پارچە پارچە نەکات.

زیموفایکین ، بە پاڕانەوەوە گوتی :– سینکا ، ئەی پیاوە دڵناسکە میهرەبانەکە ، ئەی پیاوە عاقڵەکە ، هەندێ لۆژیکی بە ! تۆ ئینسانێکی بێوەیی ، تۆ بە ڕەوشتی ، میهرەبانی ! سادەی ، چاکەکاری ، هەموو ئەم بەڵایانەی بەسەرت هاتوون ، بە هۆی چاکی خۆتەوەیە . بەڵام من ، من کابرایەکی گەمژە ، بێ ئەدەب ، پارسەک و خوازەڵۆکم ، بەڵام تۆی پیاوچاک هەر دەستبەردارم نەبوویت ، تۆ و دۆستەکانت ، زۆر بەڕێزەوە مامەڵەتان دەگەڵ مندا کردووە ، من سوپاسی هەمووتان دەکەم ، قەرزاربار و منەتباری ئێوەم . من سوپاسی خانمی خاوەنی ماڵەکە دەکەم ، چاکەی ئەوم لەبەر چاوە . من کڕنۆش بۆ ئێوە دەبەم ، ئەمە ئەرکی منە خانمی بەڕێز ، نها ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم.

زیموفایکین ، بە دەم ئەو قسانەوە ، دوولا نوشتایەوە و سەری دانەواند و ، ئەم کارەی بەوپەڕی نەزاکەتەوە کرد . دوای تەواوبوونی ئیکلامەکەی زیموفایکین ، سیمیون ئیڤانۆفیچ ویستی لە سەر قسەکانی بڕوات ، بەڵام ئەمجارە ڕێگەیان نەدا . هەمووان بەجارێ هەڵیاندایە ، کەوتنە دڵدانەوە و ، ستایش و هێورکردنەوەی و هاوسۆزی دەگەڵیا ، تا ئەنجام سیمیون ئیڤانۆفیچ شەرم گرتی و بەڕاوێژێکی کز داوای کرد ڕێگەی بدەن ڕەوشی خۆی ڕوون بکاتەوە . گوتی :– بەڵێ دروستە... من خۆشخووم ، بە ئەدەبم ، بێوەیم ، ئەمینم ، دڵسۆزم ، ئامادەی هەموو فیداکارییەکم ، دوا دڵۆپی خوێنی خۆم بەخت بکەم ، لە پێناوی ئەوەی وەزیفەکەی خۆم لە دەست نەدەم ، گوێت لێبوو کوڕۆ ؟ بەڵام من بەلەنگازم ، نەدارم ، ئەگەر وەزیفەکەم لێ بسەننەوە... گوێت لێیە پیاوی گەورە – تۆ بێدەنگ بە و گوێ بگرە – ڕاستە جارێ ماوە ، بەڵام دوور نییە لە ناکاوا لێمی بسەننەوە... حاڵی هەی ؟ لەو حاڵەدا دەکەومە سەر ساجی عەلی ، دەبێ توورەکەکەم بدەم بە کۆڵما و ، دەست لەم و لەو پان بکەمەوە ، تێدەگەی ؟

زیموڤایکین ، شێت ئاسا هاواریکرد ، هاوارەکەی هەموو هەرا و زەنا و ژاوە ژاوەکەی دامرکاندەوە و گوتی : سینکا تۆ کابرایەکی خوانەناسی... هەموو شتێکت لە قاو دەدەم . تۆ چیت ؟ کێیت ؟ تۆ کەسێکی دەم بە هاواری ، کابرایەکی کەللەپووتی ؟ تۆ کەسێکی بێ سەروبەر و گەمژەی ، کەللەپووتان دەردەکەن ، واتان دەردەکەن دووبەرد تەقەی نەیەت ، ئاخر تۆ چیت ؟

سیمیون ئیڤانۆفیچ گوتی : ئەمە کێشەکەیە .

– چۆن ئەمە کێشەکەیە ؟ قسەت دەگەڵ کردووە ؟

– چۆن قسەی دەگەڵ بکەم ؟

– هەڵبەتە . هەرکەسێک ئازاد بێ ، ئازادە... بەڵام کەسێک بەردەوام لە جێگادا کەوتبێ ، ئەنجام...

– ئەنجام چی ؟

– دەبێ بە زەندیق و خوانەناس ، دەبێ بە یەکێک لە لایەنگرانی ڕێبازی ڤولتیر ، هەنگێ... گوێ بگرە سینکا ، تۆ بابایەکی خوانەناسیت ، زەندیقیت !

پروخارچین ، دەستی تەکان دا ، تا ئەوانی دی بێدەنگ بکات ، بە دەنگی بەرز گوتی :– بەسە . تێدەگەم ، هەوڵبدەن بزانن چ دەڵێم ، کە مەڕن : ئەمڕۆ مجێزم باشە ، سبەیش باش دەبێ ، بەڵام ڕەنگە دواتر باش نەبێت ، ڕەنگە بێ ئەدەبی بەرانبەر بە کەسێک بکەم ، ئەوسا دەبم بە خوانەناس !

ئەنجام مارک ئیڤانۆفیچ ، دەهری بوو ، لەسەر ئەو کورسییەی کە بە مەبەستی ئیسراحەت لەسەری دانیشتبوو ، ڕاپەڕی و بە توندی و تووڕەیی ، بە هەشتاو بەرەولای تەختەخەوەکەی سیمیون ئیڤانۆفیچ ڕۆیی ، لە کاتێکا ئازای بەدەنی لە حەژمەتا دەلەرزی ، هاواریکرد :

–ئەم قسانە چییە ؟ چ دەڵێیت  قەلپیاو! نە لانەیەک شک دەبەی نە کاشانەیەک ؟ خۆت لێبووە بە ناپلیون ؟ ئاخر تۆ چیت ؟ ناپلیونی ؟ وەڵام بدەوە ، ناپلیونی ؟ ها ؟

بەڵام پروخارچین وەڵامی ئەو پرسیارەی نەدایەوە . نەک لە شەرمی ئەوەی کە خۆی بە ناپلیون دەزانی ، یان لەبەر ئەوەی دەترسا ئەو بەرپرسیاریەتیە هەڵگرێت . نا ، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو هەستی دەکرد توانای گەنگەشەی نییە ، هیچی ماقوولی پێ نییە کە بیڵێت... ئیدی نەخۆشییەکەی بۆ هاتەوە: لە ناکاوا ڕوندک لە چاوە کەوەییە ، پڕ نائومێدییەکانیەوە ، کە بە حوکمی تایەکەی سوور هەڵگەڕابوون ، داباری . ئیدی دەستە ڕەقەکانی کە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لاواز بووبوون ، بە ڕوخسارییەوە گرت ، کەمێک لە جێی خۆی بەرز بووەوە و بە دەم گریان و هەنسک هەڵدانەوە گوتی کە کەسێکی زۆر هەژارە ، زۆر کلۆڵ و بەدبەختە ، گەوج و بێ سیواتە ، شایەنی ئەوەیە خەڵکی بیبەخشن ، چاودێری بکەن ، بەرەڤانی لێبکەن و نان و ئاوی بدەنێ ، لەم تەنگانەیدا بەتەنیا جێی نەهێڵن... زۆری ڕێسا ، هەر خوا دەزانێ چیتری گوت . ئیدی سیمیون ئیڤانۆفیچ ، بەو ئاوایە دەکوڕوزایەوە ، بە ترسەوە چاوی بە دەوروبەرا دەگێڕا ، وەکو ئەوە بوو چاوەڕوان بێ لە هەر ئان و ساتێکا سەقفەکەی بەسەرا بڕوخێت ، یان ئەرزەکە شەق ببات و قووتی بدات .

ئەوانەی دەوروبەری بەزەییان پێدا هاتەوە ، دڵیان بەحاڵی سووتا ، خانمی خاوەن ماڵ ، کە وەکو ژنە گوندییان دەگریا و بۆ تەنیایی و بێ پەنایی خۆی دەگریا ، بە دەستەکانی خۆی یارمەتی یارۆی نەخۆشی دا تا دووبارە لەسەر جێگاکەی ڕاکشێت . مارک ئیڤانوفیچ گەییە ئەو قەناعەتەی کە بێزارکردنی ئەم ناپلیونە هیچ فایدەیەکی نییە ، ئەوەبوو ، یەکسەر دایە نەرمکێشی و کەوتە یارمەتی دانی خانمی خاوەن ماڵ تا نەخۆشەکە لە سەر جێگاکەی پاڵ بخەن . ئەوانی دیکەش حەزیان کرد کارێک بکەن ، بۆیە پێشنیازیان کرد چایی توترک بۆ نەخۆشەکە دەم بکەن ، چونکە بۆ هەموو نەخۆشییەک دەرمانە و سیمیون ئیڤانۆفیچ – ش بەمە ئیفاقەی بۆ دێت . بەڵام

زیموفایکین ، بەو ئیدیعایە قاییل نەبوو ، گوتی دەرمانی ئەم نەخۆشیە تەنیا بابوونەی کەسکونە . بەڵام زینووبی پروکوفیچ ، کە کابرایەکی دڵناسک بوو ، دەستی بە گریانێکی بە کوڵ کرد و وەکو بارانی بوهار ڕوندکی دەباراند و پەشیمان بوو لەوەی کە بەجۆرەها چیرۆکی ساختە و دەنگۆی بێ بنج و بناوان سیمیون ئیڤانۆفیچی ترساندبوو... کە قسەکانی یارۆی نەخۆشی بیرکەوتەوە کە گوتبووی زۆر نەدارە و داوای یارمەتی کردبوو ، یەکسەر پێشنیازی کرد کە پیتاکی بۆ کۆ بکەنەوە ، هەرچەندە لەو کاتەدا ئەوانەی دەوروبەری ، تەنیا کرێچییەکان بوون . هەمووان کەوتنە پەکوپۆ بۆ سیمیون ئیڤانۆفیچ داماو ، هەموویان بۆی بەداخ بوون ، هێشتا حایر و حەپەساو بوون کە چما سیمیون ئیڤانۆفیچ ، حاڵی بەو حاڵە گەییوە و ، بەو ئەندازەیە ترسی لێنیشتووە ، ئەم هەموو ترسە لە پای چی ؟ جا ئەگەر پلە و پۆستێکی گەورەی هەبوایە یان ژن و منداڵی هەبوایە چی دەکرد ؟ یان ئەگەر بدرایەتە دادگا ، هەنگێ چی دەکرد ؟ کابرایەکە هیچ نییە ، لە داری دنیادا تەنیا یەک سەندووقی کۆنی بە قفڵێکی ئەڵمانیەوە هەیە ، پتر لە بیستساڵی تەمەنی لە پشت ئەم چەپەر و پەردەیەوە بەسەر بردبوو ، تاقە گلەییەکی نەکردبوو ، بێئاگا لە دنیا و ژیان و کێشەکانی ، بارسووک و سەر سەلامەت ، مووچەیەکی بژی و نەمری وەردەگرت و کۆی دەکردەوە ، نها بە هۆی سوعبەتێکی هیچەوە ، لە ناکاوا تەواوی هۆش و گۆشی خۆی لە دەست دابوو ، دەترسا کە ژیانی لێ قورس ببێت ، باشە ژیان بۆ هەموو کەسێک سەخت و قورس نەبوو ؟ خۆ ئەگەر تۆزێ بیری بکردایەوە و قەناعەتی بکردایە کە ژیان بۆ هەموو خەڵکی سەختە ، ئوکیانوف گوتەنی " عەقڵەکەی لە دەست نەدەدا و وەکو هەریەکێک لە ئێمە بۆخۆی دەژیا... "

بە درێژایی ئەو ڕۆژە ، قسەوباسیماڵەکە دەربارەی سیمیون ئیڤانۆفیچ بوو . دەچوون بۆلای تا قسەی دەگەڵدا بکەن ، لە حاڵ و ئەحواڵیان دەپرسی . دڵیان دەدایەوە . بەڵام کە شەو داهات ئیدی هیچ دڵدانەوە و هاوخەمیەک دادی نەدا و باری سووک نەکرد . کابرای بێنەوا ، کەوتە بزرکاندن و تایەکەی بەرز بووەوە ، گێژ و وێژ بوو ، کرێچیەکان لەزگ بوو دکتۆری بۆ بانگ بکەن ، ڕێک کەوتن بە نۆرە بە دیارییەوە دانیشن ، تا ئەگەر شتێک ڕوویدا یەکسەر ئەوانی دی ئاگادار بکەنەوە ، ئەوسا برادەرە بەدمەستەکەیان ڕاسپارد ، کە لە نزیکی تەختەخەوەکەیەوە ئێشکی بگرێ ، ئیدی بۆ ئەوەی خەویان لێنەکەوێت دەستیان بە کۆنکان کرد ، کۆنکانەکەیان لەسەر پارە نەبوو ، بۆیە هیچ لەزەت و خۆشیەکی تیانەبوو . زوو تاقەتیان لێی چوو . ئیدی وازیان لە گەمەکە هێنا و کەوتنە گوت و بێژ و گەنگەشە ، گەنگەشەکە گەرم بوو ، بوو بە هات و هاوار و مست کێشان بە مێزەکەدا ، ئەنجام هەرکەسە و چوو بۆ پەناگاکەی خۆی ، بەڵام تا مودەتێک هەر جنێو و هات و هاوار هەر بەردەوام بوو. تووڕەبوون ، بە ڕادەیەک بێزار و ماندووی کردن ، کە قەراری ئێشک گرتنەکەیان هەر لەبیر نەما . هەموو خەویان لێکەوت ، دوای ماوەیەک بێدەنگیەکی تەواو باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا ؛ کرۆکپ دەتگوت گۆڕستانە ، سەرماش هێندەی دی بێدەنگیەکەی خەست کردەوە . ئوکیانوف ، لە دوای هەموویانەوە خەوی لێکەوت . پاشان گێڕایەوە کە : " نەم دەزانی ئایا خەون دەبینم یان بێدارم . وام هەست دەکرد دوو زەلام لە نزیک منەوە ، ڕێک لە بەرەبەیاندا ، نزیکەی سەعات دوو ، بە دوو قۆڵی قسەیان دەکرد . " ئوکیانوف ، دەنگی زیموفایکین- ی ناسی بووەوە کە خەریک بوو ریمونیفی خەبەر دەکردەوە ، ماوەیەکی زۆر بە چپە یەکیان دوواندبوو ، پاشان زیموفایکین چوو بوو بۆلای دەرگای مووبەقەکە و ویستبووی بە کلیل بیکاتەوە . خانمی خاوەن ماڵ پاشان تەکەزی کردبوو ، کە کلیلی دەرگاکە ، کە عادەتەن شەوان دەینایە ژێر بالیفەکەی ، ئەو شەوە ون بووبوو ، پاشان ئوکیانوف شایەدی دابوو کە گوێی لێ بووبوو ئەو دوو پیاوە چووبوونە پشت پەردەکەی یارۆی نەخۆشەوە و لەوێ مۆمێکیان پێکردبوو .

ئیدی ئوکیانوف هەر ئەوەندەی بینی بوو ، چونکە خەوی لێکەوتبوو ، لە گەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا ، بەدەم هاوارێکەوە کە مردووی وەخەبەر دێنا ، بێدار بووبووەوە و هەموو بە هەشتاو چووبوون بۆلای نەخۆشەکە… بە بۆچوونی هەمووان لەو دەمەدا مۆمێکیان بینی بوو کە دەکوژایەوە ، لەو کاتەدا قەرقەشەیەک لە پشت پەردەکەوە پەیدا دەبێ ، شوێنەکەیان ڕووناک کردبووەوە ، سەیریان کردبوو ریمینوف و زیموفایکین بەربوونەتە یەکدی و یەکدی بەر دەمرێژی جنێوان دەدەن و یەکدی تۆمەتبار دەکەن . کە ڕوناکی چراکەیان بەردەکەوێ ، ریمینوف بە دەم هاوارەوە دەڵێت : – من نەبووم… ئەمە بکوژە .

زیموفایکین هاواریکرد :– وازم لێ بێنە من بێ تاوانم… من هیچم نەکردووە . من بێتاوانم .

ئەم جووتە ، ڕەنگیان بە ڕووەوە نەمابوو ، لە بەشەر نەدەچوون . بەڵام ، لە هەوەڵەوە چ کەسێک هەستی بەمە نەکرد ، چونکە نەخۆشەکە لە سەر جێگاکەی نەمابوو . پاش ئەوەی ئەو دوو کەسەیان ، کە دەستیان نابووە بەرۆکی یەکدی ، لێکدی جیاکردەوە ، دوای ئەوە سەیریان کرد جەنابی پروخارچین لە ژێر تەختەخەوەکەدا ڕاکشاوە و وا دیاربوو ئاگای لە عەمری دنیا نییە . بەڵام لێفە و بالیفەکەی هەر پێوەبوو ، ئەوەی بەسەر تەختەخەوەکەوە مابووەوە ، تەنیا دۆشەکە کۆن و چڵکنەکەی بوو ( قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان چەرچەفی پێدا نەدرابوو ). سیمیون ئیڤانۆفیچ – یان لە ژێر تەختەخەوەکەوە دەرهێنا ، لەسەری پاڵیان خستەوە ، بەڵام یەکسەر سەیریان کرد فایدەی نییە ، هیچی لە گەڵدا ناکرێت ، تەواو لێبووەتەوە ، ئازای ئەندامی ڕەق بووە ، هەناسەی بە ئەستەم دەردەهات . دەوریان دا ، ئازای بەدەنی ڕادەجفری . سەیریان کرد تەقەڵلا دەدات قسە بکات ، بەڵام نەیدەتوانی نە دەستی بجوڵێنێ و نە زمانی ، بەڵام پێڵوەکانی دەجوڵان ، دەکرانەوە و دادەخران ، ڕێک وەکو چاوی سەرێکی تازە سەربڕدراوی خوێن لەبەر ڕۆیشتوو دەتروکان…

سەرەنجام هەموو شتێک ئارام بووەوە . لەقەفرتێ و پەل و پۆ هاوێشتنی مەرگ کۆتایی هات . جەنابی پروخارچین ، لە پەل و پۆ کەوت ، چاک یان خراپ بەرەو ئەو دنیا ڕۆیی . چ شتێک ڕووی دابوو ، چی بەسەر هاتبوو ؟ ئایا ترسابوو ، مۆتەکە سوار سەری بووبوو ؟… وەکو ریمینوف پاشان گێڕابوویەوە ؟ یان شتێکی دی ڕوویدابوو ؟ کەس ئەمە نازانێ… تاقە شتێک کە مەعلوومە ئەمەیە کە سەرۆکی پۆلیس بەخۆی بهاتبایە و بە تۆمەتی بێ دینی ، بەد مەستی و بەدڕەفتاری ، سەرزەنشتی سیمیون ئیڤانۆفیچی بکردایە و هۆشداری پێ بدایە کە دەری دەکات ، یان ژنێکی پارسەکی شڕۆڵە بهاتبایە و بیگوتبایە براژنەکەیەتی ، یان یەکێک مژدەی بۆ هێنابا کە لە ئەنجوومەندا پاداشتێکی دووسەد ڕۆبڵیان بۆ داناوە ، یان ئەگەر خانووەکە ئاگری گرتبا و سەری ئەویش بسووتبایە ، سیمیون ئیڤانۆفیچ لەو کەسانە نەبوو دەست بکاتەوە ، یان کاردانەوەیەک نیشانبدات . دوای ئەوەی خەڵکەکە بەرەبەرە وەخۆهاتنەوە ، و زمانیان کرایەوە ، کەوتنە مەزەندە لێدان و دەربڕینی بۆچوونی خۆیان ، ئوستینا فیودوروفنا سەرگەرمی ئەوەبوو کە ژێر بالیفەکە و ژێر تەختەکە و ژێر دۆشەکەکە و ناو جووتە پێڵاوەکەشی دەپشکنی . لەو کاتەدا کە هەمووان ریمینوف و زیموفایکین – یان بە پرسیاران داگرتبووەوە ، ئوکیانوفی کرێچی کە تا ئەو کاتە لە هەمووان بێدەنگ تر و شەرمنتر و ئارام تر بوو ، لە ناکاوا وەخۆ کەوت ، کڵاوەکەی هەڵگرت و بە هەشتاو وەدەرکەوت . لەو کاتەدا کە قەرقەشە و هەرا و زەنا لەم ماڵەدا گەییە لووتکە ، کە پێشتر زۆر هێدی و هێمن بوو ، لە ناکاوا دەرگا ڤەبوو ، لە چاوتروکانێکا کابرایەکی بەسام ، بە سەروسیما ، بە ڕواڵەت گرژ و مۆن خۆی بە ژووردا کرد ، یاروسلاف ئیلیچ – ی ( سەرۆکی پۆلیسی گەڕەک ) بە دوایەوە بوو ، لە دوای ئەوانەوە ئوکیانوف ، بە شپرزەیی ، حایر و حەپەساو خۆی بەژوورا کرد . کابرا بەهەیبەت و

گرژ و مۆنەکە ، یەکسەر چوو بۆ دیار تەختەخەوەکەی سیمیون ئیڤانۆفیچ و نەبزی گرت . بە کەش و فشێکەوە شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی تەواو بووە ، مردووە و ئەوەشی گوت کە دروست دوو ڕۆژ لەوە پێش ، هەمان شت لە پیاوێکی بەڕێز و خانەدان لە فلاَن ماڵ ڕووی داوە و ، ئەویش لە خەوا مردبوو . ئەوسا لە تەختەکە دوور کەوتەوە و گوتی لە خۆڕایی ئەمیان ئەزیەت داوە و ، ئەوسا ڕۆیی .

یەکسەر یاروسلاڤ ئیلیچ شوێنی ئەوی گرتەوە ( نها ریمینوف و زیموڤایکین کەوتبوونە دەست لایەنی بەرپرس ). مامۆری پۆلیس ، هەندێ پرسیاری لە هەندێ لە کرێچیەکان کرد ، یەکسەر سەندووقەکەی لە دەست خانمی خاوەن ماڵ وەرگرت کە خەریک بوو دەیکردەوە ، پووتەکانی پروخارچینی لە جێی خۆیان دانایەوە و گوتی کە شڕ و وڕ بوون و بە کەڵکی هیچ نایەن ، ئەمری کرد کە بالیفەکە لە جێی خۆی دابنەنەوە ، ئوکیانوفی گاز کرد ، داوای کلیلی سەندووقەکەی کرد ، کە دەرکەوت لە گیرفانی زیموفایکین – ی ئەلکولیدا بوو . ئەوسا بە شێوازێکی زۆر جدی و بە فەرمی ، بە بەرچاوی چەند کەسێکەوە قفڵی گەنجینەکەی سیمیون ئیڤانۆفیچی کردەوە . هەرچیەکی تیابوو بە دەقی خۆیەوە مابووەوە کە بریتی بوو لە : دوو خەرگەی کۆن ، جووتێ گۆرەوێ ، نیوە دەستەسرێک ، کلاوێکی کۆن ، چەند دوگمەیەک ، هەندێ ناوکەفی پێلاو ، ئیدی کۆمەڵێک شڕە و پڕەی بۆگەن و بێ کەڵک کە کەرووبان هەڵهێنابوو . تاقە شتێ کە بە کەڵک دەهات تەنیا قفڵە ئەڵمانییەکە بوو . ئوکیانوف – یان بانگ کرد و پرسیار پێچیان کرد ، بەڵام ئوکیانوف بە هیچ جۆرێ خۆی شلوێ نەکرد و گوتی ئامادەیە سوێند بخوات . بالیفەکەمان پشکنی ، جگە لە چڵکنیەکەی هیچ جیاوازییەکی لە بالیفانی دی نەبوو . ئەوسا کەوتنە سۆراخی دۆشەکەکە ، هەوەڵجار بەرزیان کردەوە ، ئەوسا هەڵوەستەیەکیان کرد تا کەمێک بیر بکەنەوە ، لە ناکاوا شتێکی قورسی لێکەوتە خوارەوە و لە نێو ژوورەکەدا دەنگی دایەوە ، دانەوینەوە ، شتەکەیان هەڵگرتەوە ، کاغەزێکی لوول دراوبوو کە لە دە ڕۆبڵەوە پێچرابوو .

یاروسلاڤ ئیلیچ گوتی :- ئەها !

ئەوسا درزێکی دۆشەکەکەی نیشاندان کە کۆڵەکە و پەڕۆ کۆنەی ناواخنەکەی لێ هاتبووە دەرەوە . لە نزیکەوە ڕوانیانە درزی دۆشەکەکە ، بۆیان دەرکەوت درزەکە کە درێژییەکەی هەر سی سانتێک دەبوو ، تازەیە و بە چەقۆ دروست کرابوو ، دەستیان بە درزەکەدا کرد ، چەقۆی مووبەقەکەی خانمی خاوەن ماڵیان لێدەرهێنا . دیاربوو ئەو کەسەی دۆشەکەکەی دادڕی بوو ، چەقۆکەشی هەر لەوێندەر شاردبووەوە . یاروسلاڤ ئیلیچ هەرکە چەقۆکەی دەرهێنا دووبارە گوتی : ئەها !

لوولە کاغەزێکی دی کەوتە خوارەوە ، دوو پەنجا کوپیکی ، یەک بیست و پێنج کوپیکی و چەند سکەیەکی کەم نرخ و پێنج کوپیکیەکی گەورەی کۆنی لێ کەوتە خوارەوە ، یەکسەر هەموویان کۆ کردەوە . ئیدی بیریان لەوە کردەوە کە دۆشەکەکە ، بە تەواوی هەڵبدڕن و داوای مقەستیان کرد .

لەو ساتەدا پاشماوەی مۆمێک کە گەیی بووە ئاخر و ئۆخری خۆی و ژوورەکەی ڕوناک دەکردەوە و تابلۆیەکی باڵکێشی بەسەر دیوارەکەوە دەنەخشاند . دە دوازدە کرێچی ، بە جل و بەرگی شڕ و شەپڕێوە ، بە قژی بژ و ڕدێنی نەتاشراوەوە ، بە سەروچاوی نەشۆردراوەوە ، لەبەر بێخەوی پێڵوی چاویان هەڵماسابوو ، لە دەوری تەختەخەوەکە خڕ بووبوونەوە . هەندێکیان ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو ، هەندێکیان تەوێڵیان ئارەقەی کردبوو ، هەندێکیان لەرزیان لێهاتبوو . خانمی خاوەن ماڵ ، حایر حەپەساو ، دەست لە سەر سینگ وەستابوو و چاوەڕوانی فەرمایشتی یاروسلاڤ ئیلیچ بوو . لە سەرەوە ، لە سەرووی سۆپاکەوە ئافدونیای کارەکەر و پشیلە ئازیز و

دڵگیرەکەی خانمی خاوەن ماڵ دانەوی بوونەوە و بە کونجکاوی و هەراسانی تەمەشای دیمەنی ژوورەکە و پەردە دڕاوەکەیان دەکرد . سەندووقەکە کرابووەوە ، ناواخنەکەی بە دەرەوە بوو ، پیاو قێزی لێدەکردەوە . لێفە و بالیفەکە لە سەر ئەرزەکە کەوتبوون ، ناواخنی دۆشەکەکە بەسەریان دا بڵاو بووبووەوە و کۆمەڵێک سکە و دراوی زیو و کانزایی دی ، بەسەر مێزە شەلە سێ لاقەکەوە دەدرەوشانەوە . تەنیا سیمیون ئیڤانۆفیچ ، هێدی و هێمن ، لە سەر تەختەکەی ڕاکشابوو ، ئاگای لەوە نەبوو چی بە سەر پارە و پولەکەیدا دێت . وەختایەک مقەستەکەیان ، یەکێک لە دەستیارەکانی یاروسلاڤ ئیلیچ ویستی خۆی بنوێنێ ، بە توندی دەستی دایە دۆشەکەکە تا بە پەلە لە ژێر خاوەنەکەی ڕایکێشێت . سیمیون ئیڤانۆفیچ کە پیاوێکی بە ئەدەب بوو کەوت بە سەرلادا و پشتی کەوتە بەردەم ئامادەبووان تا جێگایەکی زیاتریان لێ بە دیار بکەوێ . وەختایەک دەستیارەکەی یاروسلاڤ ، بۆ جاری دووەم دۆشەکەکەی بەتووندی ڕاکێشا ، سیمیون ئیڤانۆفیچ ، کەوتە سەردەم و جێگەی زیاتری بۆ کردنەوە ، بەڵام چونکە دوا تەختەی تەختەخەوەکە لە جێی خۆی نەبوو ، لە ناکاوا سەری سیمیون ئیڤانۆفیچ ، لەو کەلێنەوە بۆ ئەرزەکە نشێو بووەوە ، تەنیا دوو لاقی لاوازی شینەوە بوو بەسەر تەختە خەوەکەوە مایەوە ، وەکو دوو لقی دارێکی وشک لە مۆلەقا وەستان . چونکە ئەو بەیانیە ، بۆجاری دووەم لە تەختەخەوەکە کەوتە خوارەوە ، کەوتە ژێر تەختەخەوەکەوە ، ئەمە سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا ، بۆیە هەندێ لە کرێچی یەکان ، لە پێش هەموویانەوە زینوبی پروکوفیچ ، دانەوینەوە ، سەیری ژێر تەختەخەوەکەیان کرد تا بزانن هیچ شتێک لە ژێر تەختەخەوەکە شاردراوەتەوە یان نا . بەڵام ئەم فزوڵانە هیچیان دەست نەکەوت ، تەنیا ئەوە نەبێ کە سەریان کێشا بەسەری یەکتردا ، ئیدی یاروسلاڤ ئیلیچ ئەمری پێکردن دەروی چۆڵ بکەن با تەحقیقەکەی تەواو بکات .

ئیدی دوانیان کە خۆیان لەوانی دی بە عاقڵتر دەزانی ، هەریەکەیان لاقێکی سیمیون ئیڤانۆفیچیان گرت و ئەم سەرمایەدارە عەجیب و غەریبەیان هەڵگرت ، بردیان لەبەر هەتاوەکەی بەرانبەر تەختەخەوەکە دایان نا . ئیدی لەم کەین و بەینەدا ، هەر پەڕو کۆلکە و پەڕۆ کۆنی ناواخنی دۆشەکەکە دادەتەکی و دەچوو بە ئاسمانا و سکەی زیو بەسەر یەکدا کەڵەکە دەبوو... خوا نەیبڕێ ، ئیدی جۆرەها سکە و دراو لە دۆشەکەکەوە دادەڕژا ؛ سکەی زیوی یەک ڕۆبڵی نوێ ، سکەی درشتی یەک ڕۆبڵ و نیوی ، سکەی بچووکی نیو ڕۆبڵی ، سکەێن بیست و پێنج کوپیکی و بیست کوپیکی ، تەنانەت پوولی لەکەڵک کەوتووی پیرەژنانی قەیمی ، سکەێن زیوی دە کوپیکی و پێنج کوپیکی... ئیدی هەموو ئەم پارانە زۆر بەرێک و پێکی لە کاغەزەوە پێچرابوون . هەروەها پارەی زۆر دەگمەنیشی تێدابوو ، هەندێ لە ڕۆبڵەکانی هی سەردەمانی زۆر کۆن بوون : سکەی کاڵەوە بوو و سواوی زەمانی ئیلیزابت و پەترۆسی مەزن و کاترین – یشی تێدابوو ، دیناری ئەڵمانیشیان تیابوو . سکەی وەهایان تیابوو بۆ ئەمڕۆ زۆر دەگمەن بوون : پارەی زیوی پازدە کوپیکی ، کە کون کراون و دەشێت وەکو گوارە بکرێتە گوێ ، سکەی مسیان تیابوو کە هەموو سەوز هەڵگەڕابوون ... ئەسکەناسێکی سووری دە ڕۆبڵی – شیان دۆزیەوە ، کە نها لە باو کەوتبوو– کە لەم گەڕان و پشکنینە تەواوبوون ، دۆشەکەکەیان بە تەواوەتی داتەکاند و گوێیان لە زڕەی هیچ پارەیەک نەبوو ، دڵنیابوون کە هیچی دی نەماوە ، هەموو پارەکانیان نایەسەر مێزەکە و دەستیان بە ژماردنی کرد . لە هەوەڵەوە وایان خەیاڵ دەکرد پارەکە دەگاتە یەک ملیۆن . بە هەرحاڵ پارەکە زۆر زۆر بوو ، بەڵام نەدەگەییە ملیۆن . کۆی پارەکە دروست دوو هەزار و چوارسەد و نەوەت و حەوت ڕۆبڵ و پەنجا کوپیک بوو . خۆ ئەگەر ئەو پیتاکەی کە دوێنێ زینوبی پروکوفیچ پێشنیازی کردبوو کۆ بکرایەتەوە کۆی پارەکە دەگەییە دوو هەزار و پێنج سەد ڕۆبڵ . پارەکەیان کۆ کردەوە ، سەندووقەکەیان مۆر کرد ، گوێیان لە سکاڵای خانمی

خاوەن ماڵ گرت و هەنگێ پێیان گوت کە کەی و چۆن داوای یاسایی تۆمار بکات و داوای ئەو قەرزەی بکات کە گوایە لە سەر مەرحووم بوو . ئیمزایان لە ئامادەبووان وەرگرت ، یەک دوو قسەیان لەمەڕ براژن کرد ، بەڵام زوو بە دیارکەوت کە مەسەلەی براژنەکە ئەسڵ و ئەساسی نییە ، ئەفسانەیەکی ڕووت و قووتە ، ئەمە زادەی خەیاڵی پووچی پروخارچین – ڕەحمەتی بوو ، کە زۆرجار بە هۆی خەیاڵ پووچیەوە سەرزەنشت کرابوو ، بۆیە قەرار درا چیتر باسی براژن نەکرێت . چونکە ئەمە هیچ فایدەیەکی نییە و تەنیا ناوزڕانی جەنابی پروخارچین – ی لێدەکەوێتەوە . ئەنجام هەموو شتێک تەواو بوو ، خەڵکەکە هێور بوونەوە ، تێگەیشتن کە پروخارچین ، چتۆ بەشەرێک بووە ، هەموو بێدەنگ بوون ، بەرەبەرە بە بەدگومانیەوە ڕوانیانە یەکدی ، هەندێکیان لەم ستایلەی ژیانی پروخارچین پەست بوون... ئەم پیاوە چۆن ئەم هەموو سەروەتەی پێکەوە نابوو !

هەنگێ مارک ئیڤانۆفیچ ، کە لە هەموو ئەوانی دی پتر متمانەی بەخۆی هەبوو کەوتە شەرح و شرۆڤەی ئەوەی کە چما سیمیون ئیڤانۆفیچ لە ناکاوا دووچاری نەخۆشی فۆبیا بووبوو . بەڵام کەس گوێی لێنەگرت . زینوبی پروکوفیچ ، سەری لەبەرخۆنا و بە قووڵی لە فکران ڕاچوو ، ئوکیانوف یەک دوو قومی خواردەوە . ئەوانی دی لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە . کە شەو داهات کونتاریوفی کاتب کە هەموویان بە کەپوویدا دەیان ناسییەوە ( لە دەنووکی چۆلەکە دەچوو ) هەموو شت و بار و بنەکانی خۆی پێچایەوە ، ئەوسا لەوێ باریکرد ، بەبێ موبالاتی وەڵامی ئەوانەی دایەوە ، کە هۆی بارکردنەکەیان لێ دەپرسی و گوتی : ڕۆژگار سەخت بووە و کرێی ئەم ماڵەش زۆر گرانە ، بەو هەڵناسوڕێت . خانمی خاوەن ماڵ ، بەردەوام دەگریا و نەفرەتی لە سیمیون ئیڤانۆفیچ دەکرد کە چۆن غەدری لەمی بێکەس و تەنیا باڵ کردووە . کە یەکێکیان پرسیاری لە مارک ئیڤانۆفیچ کردبوو چما بەبۆچوونی وی ، سیمیون ئیڤانۆفیچ ئەم پارانەی لە بانک دانەنابوو ، لە وەڵاما گوتبووی :– بۆچی؟ چونکە پیاوێکی سائەقڵ بوو ، خەیاڵ سز بوو ، بیری لەم شتانە نەدەکردەوە .

ئوکیانوف بە خانمی خاوەن ماڵی گوت :– تۆش زۆر ساویلکەی دایکەلێ .

ئەم پیاوەی کە بە سوعبەتێک ئەو کەتنەی بەسەرهات ، بیست دانە ساڵ کرێچی تۆ بوو و پاشان لە ناکاوا کەوت و مرد ، تۆ هەر خەریکی لێنانی شۆربای کەلەرمی خۆت بوویت و...

خانمی خاوەن ماڵ خۆی لە گێلی دا وەکو ئەوەی گوێی لە قسە بە توێکڵەکانی ئوکیانوف نەبووبێ ، لە وەڵامی ئەو پیاوەدا کە پرسیارەکەی لە مارک ئیڤانۆفیچ کردبوو ، گوتی : داماوە ، پێویستی بەوە نەبوو پارەکانی لە بانکدا دابنێت ، دەیتوانی چنگێ لە پارەکانی بۆ من بێنێ و پێم بڵێ : ئوستینا گیان ئەوە هەموو پارەکەمە ، هەمووی بۆ تۆ ، تۆش تا ئەو ڕۆژەی سەردەنەمەوە و لە گۆڕم دەنەن ، خواردنی گەرمم بدەیە . سوێندت بۆ دەخۆم ئەگەر ئەو کارەی بکردایە ، وەکو گوڵ بەخێوم دەکرد و لە خواردن بێبەشم نەدەکرد ... بەڵام حەیفێ کەسێکی زۆر درۆزن و خاپینۆک بوو ، ژنێکی داماو و بێکەسی وەکو منی فریودا !...

دووبارە چوونەوە بۆ دیار تەختەخەوەکەی سیمیون ئیڤانۆفیچ . نها بێ جووڵە ڕاکشابوو ، باشترین چاکەت و پانتۆڵی خۆی ، کە هەر ئەو قاتەی هەبوو لەبەر بوو ، چەناگە ڕەق و تەقەکەی کەوتبووە ژێر بۆینباخەکەیەوە کە ناشیانە بەسترابوو . شۆردبوویان ، قژیان شانە کردبوو ، جێڵیان لێدابوو ، بەڵام ڕدێنیان نەتاشی بوو ، چونکە گوێزانیان لە ژوورەکەیدا نەدۆزی بووەوە . تەنیا یەک گوێزان لەو ماڵەدا هەبوو ، ئەویش هی زینوبی پروکوفیچ بوو ، ئەویش هێندە کول بووبوو بە کەڵکی هیچ نەدەهات ، ئیدی لە بازاڕی تولکوچی هەرزان فرۆشی کردبوو . ئیدی هەموو کرێچییەکان لەو ڕۆژە بەدواوە ، لەلای بەربەر تراشیان دەکرد . هێشتا فریای ئەوە

نەکەوتبوون سووچەکەی سیمیون ئیڤانۆفیچ ڕێک بخەنەوە ، پەردە شڕ و دڕاوەکە هەر لە جێی جارانی خۆی بوو ، هەرچەندە ، نیشانەی تەنیایی سیمیون ئیڤانۆفیچ بوو بەڵام لە هەمان کاتدا نیشانەی ئەم ڕاستیەش بوو کە مردن هەموو پەردەکان لادەبات ، ڕازەکان کەشف دەکات ، فێڵ و تەڵەکەکان دەخاتەڕوو . ناواخنی دۆشەکەکە هێشتا لەو گۆڕە بڵاو بووبووەوە . خۆ ئەگەر شاعیرێک ئەم ڕەوشەی دیتبا کە چۆن لە ناکاوا ئەم سووچەی ماڵەکە سارد بووبووەوە ، بێگومان ئەم سووچەی بەهێلانی وێرانی پەڕەسێلکەیەک دەشوبهاند کە زریان و گێژەلووکە هەموو هێلانەکەی وێران کردبوو ، بێچووەکان و دایکەکەیان مردار بووبوونەوە ، هێلانە گەرم و گوڕەکە کە بەدڵ و گیان لە پەڕ و پووش و کوڵکە دروست کرابوو ، بەدەم گژە باوە تەفر و توونا بووبوو و بەو ناوەدا پەخش و بڵاو بووبووەوە ...

سیمیون ئیڤانۆفیچ ، ڕێک لە پەڕەسێلکەیەکی پیری فریوکار دەچوو کە نها لە جووکە جووک کەوتبوو . هێدی و هێمن وەکو کەسێکی ئاسوودە ویژدان ، وەکو ئەوەی لە ژیانیا لە پەڕەی گوڵ پاکتر بووبێ و هیچ کارێکی نامەردانەی نەکردبێ و کەسی فریو نەدابێ . چیتر ناڵە و گرینی خانمی خاوەن ماڵی ، خانمی بێکەس و تەنیا باڵ و بەلەنگازی نەدەژنەوت . زیاتر لە دەوڵەمەندێکی پیسکە دەچوو ، کە تەنانەت لە نیو تابووتەکەشدا ، هەر بیری لای حیساب و کیتابی سوود و قازانج بێت . ماکی بیرکردنەوەیەکی قووڵ بە ڕوخساریەوە دیاربوو ، جۆرە غرووڕێک بە دەم و لێویەوە بەدی دەکرا . ئەمە حاڵەتێک بوو کەس باوەڕی نەدەکرد ، لە تایبەتمەندییەکانی سیمیون ئیڤانۆفیچ بێ . چاوی ڕاستی بە تەواوی نەنووقابوو . پێدەچوو سیمیون ئیڤانۆفیچ بیەوێ شتێک بڵێت ، شتێکی زۆر گرینگ بڵێ ، دەبێ بە پەلە و بێ هیچ دواکەوتنێ ڕوونی بکاتەوە ، چونکە پەلەیەتی و وەختی ئەوەی نییە کاتەکەی بە فیڕۆ بدات ... وەکو ئەوە بوو گوێیان لێبێ کە دەڵێت : گریە و زاری چیتە ژنی بێ ئاوەز ؟ دەی بۆخۆت بمرە ، گوێت لە منە ؟ مەگری ! برۆ فرمێسکەکانت بسڕە . نها من بۆخۆم مردووم ، بارسووک و سەر سەلامەت پێویستم بە هیچ شتێک نییە . چەند خۆشە پیاو بە کەماڵی ئیسراحەت لێی پاڵ بکەوێ ... بە هەرحاڵ تۆ ژنێکی گرینگی... کە پێت دەڵێم مردووم ، زۆریش باوەڕ مەکە ! ڕەنگە نەمردبم ، گوێت لێیە... باشە وای دابنە لە ناکاوا هەستامەوە ، هەنگێ چ دەبێ ، ها ؟

بیرەوەری زستانە سەبارەت بە هەستێن هاوینە

(ئەم بەرهەمە لە ساڵی ١٨٦٣ ، لە گۆڤاری زەمان بڵاو کراوەتەوە ، فەسڵی ١، ٢، ٣، ٤ لە ژمارەی شوبات و فەسڵی ٥، ٦، ٧، ٨ لە ژمارەی ئازار بڵاوبوونەتەوە .)

## فەسڵی یەکەم

### لەبری پێشەکی

هاوڕێیان چەند مانگێکە داوام لێدەکەن ، باسی سەفەرەکەی خۆمتان بۆ هەندەران بۆ بکەم ، ئەوەتان بۆ بنووسم کە ئەو وڵاتانە لەباری دەروونیەوە چ باندۆرێکیان بەسەرمەوە هەبووە ، ئێوە سوورن لە سەر ئەو داوایەی خۆتان بەبێ ئەوەی هەست بکەن بەو داوایە دەمخەنە چ کوێرە کۆڵان و بنبەستێکەوە . چ شتێکیتان بۆ بگێڕمەوە یان بنووسم کە تازە بێ یان نەوترا بێ ؟ کێ لە ئێمەی رووس هەیە ، مەبەستم ئەو کەسانەیە کە بە کێمانی ڕۆژنامە و گۆڤاران دەخوێننەوە ، ئەورووپا، دوو هێندەی ڕووسیا ، دوو هێندەی نیشتمانەکەی خۆی نەناسێت ؟ کە دەڵێم دوو هێندە ، خاترم گرتوون ، لە ڕووی ئەدەبەوە دەڵێم دوو هێندە ، دەنا ئەگەر بڵێم دە جاریش ناکەومە درۆوە . جگە لەم زانیارییە لامسەرلایی و گشتیانە ، بە خۆتان زۆر چاک دەزانن کە چ شتێکی تایبەتیم نییە بۆتانی بگێڕمەوە یان بە زنجیرە بۆتانی بنووسم ، چونکە هیچ شت و شوێنێکم بە تەواوەتی و بەڕێک و پێکی نەدیتووە ، ئەگەر شتێک یان شوێنێکم دیتبێ نە پەرژاوم بە وردی تەمەشای بکەم . من سەردانی ئەم شارانەم کرد : بەرلین ، درسدن ، فیسبادن ، بادن – بادن ، کولونیا ، پاریس ، لەندەن ، لوسرن ، جینف ، جەنەوە ، فلورەنسا ، میلانۆ ، ڤینیسیا و ، ڤێنا . تەنانەت دووجار چوومەتە هەندێ لەم شارانە . هەموو ئەم سەفەرانەم لە زەرفی دوو هەیڤ و نیودا کردووە ! ئایا پیاو دەتوانێ لەم ماوە کەمەدا ، لە زەرفی دوو هەیڤ و نیودا ، بەکامی دڵ ، بە دروستی شتەکان هەڵبسەنگێنێ و بەوردی بیانگێڕێتەوە ؟ بەخۆتان دەزانن کە من پێشوەختە ، پێش ئەوەی لە پترسبورگەوە بکەومەڕێ ، نەخشەی سەفەرەکەی خۆم کێشابوو . پێشتر قەت سەفەری هەندەرانم نەکردبوو : لە منداڵییەوە خەونم بە سەفەری هەندەرانەوە دەبینی . کە منداڵ بووم ، هێشتا خوێنەواری فێر نەبووبووم ، لە شەوێن درێژی زستاندا دادەنیشتم و بە دەمی داچەقیوەوە گوێم لەو خەڵکانە دەگرت کە باسی هەندەرانیان دەکرد یان کە بەرلە خەوتن داک و بابم چیرۆکەکانی مسزرادکلیف- یان بۆ دەخوێندمەوە ( مسزراد کلیف ١٧٦٤ – ١٨٢٣، ڕۆمان نووسێکی ئینگلیزە ، ڕۆمانە ترسناکەکانی لە هەموو ئەورووپادا ، زۆر بە ڕەواج بوون ، بەرهەمەکانی لە سەردەمی ئەلکسندەری دووەما ، بەر لە بەرهەمی هەر نووسەرێکی دیکە ، کرابوون بە ڕووسی ) بەجارێ ناخم دەهاتە جۆش و خرۆش ، ئیدی لە ژێر باندۆری ئەو چیرۆکانەدا خەونی ئاجر و باجرم دەبینی و مۆتەکەی ترسناک سواری سەرم دەبوون و ورینەم دەکرد . ئەنجام لە تەمەنی چلساڵیدا خۆم گەیاندە هەندەران . هەڵبەتە حەزم دەکرد وێڕای ئەو کاتە کەمەی بە دەستمەوە بوو ، هەموو شتێک بدینم ، هەر هەموو شتێک . هەڵبەتە نەمدەتوانی بە کەماڵی ئیسراحەت ئەو شوێنانە هەڵبژێرم کە دەبوا بیاندینم ! ئەی خودایا ! چەند دڵم بەم سەفەرە خۆش بوو ! لە دڵی خۆدا دەمگوت : با هەموو شتێک بە وردی نەبینم ، لە تۆڵەی ئەوەدا هەموو جێیەک دەبینم ، دەکرێ وێنایەکی پانۆرامیانەی هەموو ئەو شتانەی دیتوومن بخەمە ڕوو ، وڵاتی " پەرجووانی پیرۆز " بدینم .

( وڵاتی پەڕجووانی پیرۆز، دەستپێکی قەسیدەیەکە کە بانگەواز بۆ سلاڤیەتچیاتی دەکات ، هی شاعیر ئەلکسی ستیپانوفیچ خومیاکوفە ١٨٠٤ – ١٨٦٠، ناونیشانەکەی خەونە ١٨٤٣ ، کە دەڵێت : زۆرم لەبەر گرانە کە تاریکی بدینم

لە ڕۆژئاوای دوور

لە وڵاتی پەڕجووانی پیرۆز بئاڵێ. )

بە کەڕەتێ ببینم ، لە دیدی باڵندەیەکەوە ، لە حەوێقی ئاسمانەوە بدینم ، یان لە دیدی ئینسانێکەوە ، لە لوتکەی چیایەکەوە بڕوانێتە سەرزەمینی دڵخوازی خۆی . هەستێکی تازە ، سەیر و بەهێز بجەڕبێنم .

نها کە گەڕاومەتەوە و لەماڵی خۆم ڕۆنیشتووم ، دەزانن کە بیر لە هاوینە سەفەرەکەم دەکەمەوە چ شتێک لە هەموو شتێکی دی پتر خەمبارم دەکات ؟ خەمباری ئەوە نیم کە هیچ شتێکم بەوردی نەبینی ، بەڵکو نارەحەتی ئەوەم سەردانی هەموو شوێنێکم کرد ، تەنیا ڕۆما نەبێ ، ئەگەر سەفەری ئەوێندەرم کردبا ، لەگین بوو بەلای پاپادا ڕەت بوایەم... بە کورتیەکەی تینوو و تامەزرۆی دیتنی شتان و شوێنانی تازە بووم . تینووی دروستکردنی پانۆرامایەکی گشتی بووم . دوای ئەم ئیعترافە ، چاوەڕوانی چی لە من دەکەن ؟ چیتان بۆ بگێڕمەوە و چیتان بۆ وەسف بکەم ؟ دیمەن و پانۆرامایەک کە پیاوێک لە بەرزایی ئاسمانەوە وەکو باڵندەیەک بەدەم فڕینەوە دەیبینێت ؟ هەنگێ خۆتان یەکەم کەس دەبن کە پێم دەڵێن بەرزە فڕییەکی زۆر بە دیتنەکانتەوە دیارە ، لە بەرزییەوە تەمەشات کردووە .

وێڕای ئەمەش من خۆم بە پیاوێکی بەویژدان دەزانم ، حەزناکەم تەنانەت وەکو گەریدەش درۆ بکەم . بەڵام ئەگەر بمەوێ وەسفی دیمەنێکی پانۆرامایتان بۆ بکەم ، بێگومان لە درۆیان بەدەر نابێت ، هۆیەکەشی ئەمە نییە کە من وەکو گەریدەیەک قسان دەکەم ، بەڵکو لەبەر ئەمەیە هەرکەسێک لەم هەل و مەرجەی مندا بێت ناتوانێ درۆ نەکات . ئیدی خۆتان حوکم بدەن . بۆ نموونە بەرلین – م زۆر بەلاوە ناخۆش بوو ، لەباری دەروونییەوە پەستی کردم ، تەنیا شەو و ڕۆژێک لەوێندەر مامەوە . نها هەستدەکەم کە لە هەنبەر بەرلین دا کەمتەرخەم بووم : چونکە زاتی ئەوە ناکەم بڵێم بەرلین سەر و دڵی بەشەر دەگرێت ، ئەوپەڕی دەتوانم بڵێم زۆر دڵگیر نییە ، چونکە هەر چۆنێک بێ جۆرە دڵگیرییەکی خۆی هەر هەیە . باشە سەرچاوەی ئەم هەڵە کوشندەیەی من چییە ؟ هەڵبەتە سەرچاوەکەی ئەمەیە کە من کەسێکی نەخۆشم و ئازاری کەزەبم ( جگەر ) لە گەڵدایە ، دوو ڕۆژی تەواوم لە ڤارگۆنی شەمەندەفەردا لە نێوان باران و تەمتوومانداا بەسەر برد تا گەییمە بەرلین . وەختایەک ڕەنگ زەرد و زەعیف ، خەواڵوو ، شەکەت و ماندوو ، داغان گەییمە ئەوێندەر ، دیقەتم دا ئەم شارە ڕێک لە سان پترسبورگ دەچێت ، بە موو فەرقی نییە : شەقامە تەخت و درێژەکان ، بۆنەکان ، هەموو شتەکانی دیکەی ئێرە ، ڕێک کۆپی ئەوانەی ئەوێندەر بوون ! لە دڵی خۆدا گوتم : " ئەی خوایە ! باشە ئەوەی دێنا دوو شەو و ڕۆژی تەواو هەڵتەک هەڵتەک ، شەکەت و ماندوو لە ڤیتارا بەسەر بەرم ، هەمان ئەو شتانە بدینم کە لێیان وەڕز بووبووم ؟ " تەنانەت دڵم بە شەقامی زەیزەفۆنەکەشی ( شەقامی دار زەیزەفۆنان ، شەقامێکی سەرەکییە لە بەرلین ) نەکرایەوە ، ئاخر خەڵکی بەرلین ئامادەن ، لە پێناوی پاراستنی ئەم دار زەیزەفۆنانەدا ، بەنرخترین شتی خۆیان فیدا بکەن ، تەنانەت دەستبەرداری دەستوورەکەشیان ببن ؛ چ شتێک بۆ بابایەکی بەرلینی لە دەستوور گرینگترە ؟ بەرلینییەکان بەڕادەیەک ئەڵمانی بوون کە من ، تەمەشایەکی ئەو وێنە و دیواربەندانەشم نەکرد کە کاولباخ کێشابوونی ( حەیف و مخابن! ) .

( وێنە دیوارییەکانی مۆزەخانەی بەرلین ، هی نیگارکێش فلهام فون کاولباخە ١٨٠٥ – ١٨٧٨، لە جوانی و جدیەتدا زۆر باڵکێشن ).

ئیدی بە هەشتاو خۆم گەیاندە درسدن . ئیدی لە دڵەوە گەییمە قەناعەتی تەواو کە دەبێ هۆگری ئەڵمانیەکان ببم و لە نزیکەوە بیانناسم ، دەنا تەحەموولی ئەم هەموو ئەڵمانییە و لەیەک شوێندا ناکرێت .

لە درسدن دا ، باری سەرنجێکی هەڵەم سەبارەت بە ئافرەتێن ئەڵمانی لەلا چێبوو . هەرکە پێم نایە سەر شەقامەکان ، هەستم کرد لە دنیادا لە ژنانی ئەڵمانی دزێوتر نییە ، تەنانەت ئەگەر خودی فریفولد کریستوفسکی ، شاعیری ڤیان و جوانیش لێرە بوایە لەگین بوو سەر و دڵی بگیرێ و زەوقی کوێر بوایەتەوە و گومانی لە شیعرەکانی خۆی پەیدا کردبایە . هەڵبەتە یەکسەر و هەر ئەو دەمە هەستمکرد کە قسەی بێ تام و بێ سەروبەر دەکەم ، چونکە مەحاڵە ئەو شاعیرە ( فیزیفولود فلادیمیروفیچ کریستوفسکی ١٨٤٠ – ١٨٩٥ ، ژیانی ئەدەبی خۆی بە چامەێن غەزەلی سێکسی دەست پێکرد کە لە دیوانێکی تایبەتی دا ، لە ساڵی ١٨٦٢ دا کۆکراوەتەوە. ) گومان لە پەیامی شیعری خۆی بکات . لە زەرفی دوو سەعاتێکدا هەموو شتێکم بۆ خۆم ڕوونکردەوە ؛ زانیم داوەریم سەبارەت بە خانمانی ئەڵمانی ، بوختان و ئیفترای ڕووت بووە . کە بۆ ئوتێل گەڕامەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم ، لەبەر ئاوێنەکەدا وەستام ، زمانم دەرهێنا ، گەییمە قەناعەت کە بۆچوونی من سەبارەت بە ئافرەتانی درسدن ناهەقیەکی گەورە و بوختانێکی زۆر خراپ بووە . زمانم زەرد بووبوو ، توێخێکی نیشتبووە سەر. لە دڵی خۆدا گوتم : " خوایە ! یانی بەشەر ، کە بە حیساب خوا و پاشای سەر ئەرزە ، دەشێت بەم ڕادەیە لە ژێر کاریگەریی کەزەبی خۆیدا بێ ! چ نەگبەتیەکە !... "

بەم بیرە سوکنایی بەخشانەوە بەرەو کولن بەڕێکەوتم . دەبێ دان بەوەدا بنەم کە چاوەڕوانی زۆر شتم لە کڵێسای کولن دەکرد ، مەگەر هەر خوا بزانێ وەختایەک کە گەنج بووم و ڕشتەی تەلارکاریم دەخوێند بە چ شەوق و زەوقێکەوە ، وێنەی ئەو کڵێسایەم کێشابوو. ( دوستویفسکی بەشی ئەندازیاری تەلارکاری لە قوتابخانەی ئەندازەی سوپایی تەواو کردووە. ) لە ڕێگەی گەڕانەوەمەوە لە پاریس ، بە کولن دا بووریم و بۆ جاری دووەم کڵێسای ناقبریم بینییەوە ، ئەمجارەیان ویستم لەبەردەمیا بێمە سەر چۆکان ، داوای بووردنی لێبکەم کە جاری یەکەم پەیم بە جوانیەکەی نەبردبوو ؛ ڕێک هەمان کارم کرد کە کارامازین کردبووی ، ئەویش لەبەردەم تاڤگەی راین دا کەوتبووە سەر چۆکان و داوای بووردنی کردبوو. ( نیکولای میخائیلوفیچ کارامازین ١٧٦٦ – ١٨٢٦: شاعیر و ڕۆماننووس و مێژوونووس بوو ، ئەو سۆزداری هێنایە ناو ڕووسیا . کتێبێکی هەیە بەنێوی نامەکانی ڕێبوارێک کە بە کارێکی ئەدەبی جوان دێتە ژماردن . دۆستویفسکی لێرەدا ئاماژە بۆ نامەیەکی بەرواری ١٧٨٩/٨/١٤ دەکات کە کارامازین لەوێدا دەڵێت : " زۆر دڵم خۆشبوو ، لەزگ بوو بەچۆکا بێم و داوای بووردن لە ڕاین بکەم کە دوێنێ بە ڕێزێکی کەمەوە باسی تاڤگەکەیم کردبوو. ) بە هەرحاڵ ، جاری یەکەم کڵێسای کولن – م نەچووە دڵەوە . ئەوسا لە دڵی خۆدا گوتم : هیچی وا نییە ، هەندێ نەخش و نیگار و زەخرەفەکاری ئاساییە . زیاتر لە یاری منداڵانە دەچێت ! هیچ شکۆ و جەلالێکی نییە .

ئەمە داوەرییەک بوو ، وەکو ئەو داوەرییانەی باب و کالانمان دەرهەق بە پوشکین دەیانگوت : " شیعرەکانی زۆر سادە و عەوام فامن ، لە ڕووی فۆرم و شێوازەوە بەرز نین ! "

وا هەست دەکەم دوو فاکتەر کاریگەرییان لە سەر داوەرییەکەی یەکەمم هەبووە ، یەکەمیان قوڵەنیا بوو ، کارگەکەی یوهان ماریا فارینا ، ڕێک لە تەنیشت کڵێساکە بوو . ئیدی لە هەر ئوتێلێک بی ، هەرجۆرە مجێزێکت

هەبێ ، لە دەستی هەر دژمنێک ، بەتایبەتی لە دەست یوهان ماری فارینا خۆت دەرباز بکەی ، عەتر فرۆشەکانی ، لە بنی ئەرزیشدا بێ دەتدۆزنەوە و ، پێت دەڵێن : " یان قوڵەنیا یان ژیان ، هیچ بژاردەیەکی دیکەت لە بەردەما نییە. "

هەڵبەتە ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم دەقاودەق ئەو ڕستەیەیان دەگوت : " یان قوڵەنیا یان ژیان ! " کێ دەزانێ ، ڕەنگە ئەوەشیان گوتبێ . دووەمین فاکتەر ، کە تووڕەی کردم و باندۆری نەرێنی کردە سەر داوەرییەکەم لە مەڕ کڵێسای کوڵن ، پردە تازەکەی کولن بوو ، کە ئەلهەقی پردێکی زۆر جوان بوو ، کە مایەی شانازی هەموو شار بوو ، بەڵام پێموابوو ئەو شانازییە لە ڕادەبەدەر بوو ، لە پێویست زیاتر بوو ، لە پێویست زیاتر بوو . کە ئەمە زۆر پەست و تووڕەی کردم . جگە لەمەش ، ئەو کەسەی لە سەر ئەم پردە جوانە وەستابوو و پارەی لەو کەسانە وەردەگرت کە بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە ، هەرچەند باجێکی بەجێ و ڕەوا بوو ، نەدەبوو بەجۆرێ ئەو باجە لە من وەربگرێ ، وەکو ئەوەی سزایەک بێ دەربارەی سەرپێچییەک یان تاوانێک کە خۆم لێی بێئاگام . بە هەرحاڵ هەستم کرد ئەم کابرا ئەڵمانیە ، زۆر لە خۆیی باییە و دەیەوێ خۆیم بەسەردا بنوێنێ . لە دڵی خۆدا گوتم : " ڕەنگە هەستی کردبێ کە من بیانیم و ڕووسم . " بە چاویا لەوە دەچوو بڵێ : " ئەهای ڕووسی بەلەنگاز پردەکەمان دەبینی ؟ تۆ لە هەنبەر پردەکەی مە و لە هەنبەر هەر کەسێکی ئەڵمانی ، لە کرمیش کەمتری ، چونکە لە وڵاتی تۆدا پردی وەکو ئەم پردە نییە. "

هەڵبەتە ئەمە کارێکی ناخۆشە ، پیاو پێی پەست دەبێت . هەڵبەتە کابرای ئەڵمانی دەقاودەق ئەو ڕستەیەی نەگوت ، لەگینە هەر بە بیریشیدا نەهاتبێ . بەڵام فەرق ناکات . چونکە من لەو دەمەدا دڵنیابووم کە دەیەوێ ئەو قسەیە بکات ، بۆیە زۆر پەست و تووڕە بووم . لە دڵی خۆدا گوتم : " کە کابرایەکی ڕووداره ! خۆ ئێمەش سەماوەڕمان دروستکردووە... گۆڤارمان هەیە... تفاق و پێداویستیانی سوپایی دروست دەکەین... ئێمەش... هتد. " بەکورتیەکەی من زویر بووم بەبێ ئەوەی پێویست بە زویر بوون هەبێت . ناچار شووشەیەک قۆڵۆنیام کڕی ( بەهیچ جۆرێ نەمدەتوانی خۆم لە کڕینی بدزمەوە. ) یەکسەر بەرەو پاریس وەڕێکەوتم ، بەو ئومێدەی کە فەرەنسیەکان میرەبانتر و بە ئەتەکێت تر بن .

نها خۆتان حوکم بدەن : ئەگەر من زۆرم لە خۆ کردبا و هەست و سۆزی خۆم کۆنترۆڵ کردبا ، لە جیاتی یەک ڕۆژ یەک هەفتە لە بەرلین مابامەوە ، یەک هەفتەش لە درسدن مابامەوە ، سێ ڕۆژم لە کۆلن ، تۆ بڵێ دوو ڕۆژم بەسەر بردبا و یەک دوو جاری دی تەمەشای هەمان ئەو شتانەم کردبا ، لەگین بوو باری سەرنج و نۆڕینێکی زۆر باشتر و دروست ترم لەلا چێبێ . لەگین بوو تیرۆژێک ، تیرۆژێکی بچووکی هەتاو ، کاریگەرییەکی زۆری هەبوایە . ئەگەر هەتاو ، جاری یەکەمیش وەکو جاری دووەم کە بۆ کۆلن هاتم ، لە کڵێساکەی دابا و ڕوناکی کردباوە ، لەوەبوو هەموو جەلال و شکۆی بیناکەم لە بەرچاو بەرجەستە بوایە ، نەک وەکو ئەو بەیانیە تاریک و باراناوییەی ، یەکەمجار کە پەستی کردم و هەستێکی توندی نیشتمانپەرستی لە ناخما بێدار کردەوە . هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە تەنیا کەش و هەوای خراپ ، سۆزی نیشتمانپەروەری بێدار و دەمەزەرد دەکاتەوە . بەو ئاوایە هاوڕێیان بەخۆتان دەبینن کە ناکرێ لە زەرفی دوو هەیڤ و نیودا هەموو شتەکان بە دروستی ببینرێن و بێنە هەڵسەنگاندن ، بۆیە من ناتوانم نۆڕینەکانی خۆمتان بەوردی و بە دروستی بۆ بگێڕمەوە . بۆیە هەندێجار ناچار دەبم سووکە درۆیانش بکەم...

کەچی ئەوەتا بە خۆتان قسەکەم پێدەبڕن و دەڵێن : " قەیدی نییە ، ئەمجارە پێویستمان بەباری سەرنج و زانیاری ورد و تازە نییە . ئەگەر بمانەوێ دەتوانین لە " ڕێنماکەی ڕیچارد دا " بەدەستی بێنین . بەپێچەوانەوە پێویستە هەر گەشتیارێک ، زۆر لە خەمی گێڕانەوەی حەقیقەتی تەواو و دۆستانەدا بێ ، چونکە شتی وا تەقریبەن مەحاڵە . دەبێ زیاتر ڕاستگۆ بێ ، نەترسێت لەوەی هەست و بۆچوون و ڕیسکەکانی خۆی بگێڕێتەوە ، هەرچەندە ڕەنگە ئەو جۆرە نووسینە هیچ شۆرەتێکی ئەوتۆی بۆ پەیدا نەکات . پێویستی بە شایەدی کەس نییە ، بە کورتیەکەی ئەوەی دەمانەوێ ئەوەیە کە بە ڕاستگۆیی گوزارشت لە هەست و باری سەرنج و نۆڕینی خۆت بکەی . "

ئەها ، منیش وەڵامتان دەدەمەوە : " کەواتە ئەنگۆ تەنیا چەنەچەنتان دەوێت . باری سەرنجی خێرا و سەرڤە سەرڤەتان دەوێت ... دەی باوابێ . کەواتە دەچمەوە سەر ئەو دەفتەری یاداشتەم و ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە کە هاوین بە سەرم هاتبوو و تۆمارم کردبوو و هەوڵدەدەم بەپێی توانا بە ڕاستگۆیی بۆتانی بگێڕمەوە . بەڵام تکا دەکەم ئەوەتان لە بیر بێ کە لەگینە بەشێکی زۆری ئەوەی بۆتانی دەگێڕمەوە و دەنووسم ، هەڵەی تیابێ . هەڵبەتە هەرهەمووی هەڵە نییە ، چونکە مەحاڵە پیاو لە هەندێ حەقیقەتدا ؛ وەکو کڵێسای نوتردام دوباری ، دیسکۆی مابیل – ی پاریس دا هەڵە بکات ، بە تایبەتی دەربارەی دیسکۆی مابیل ، چونکە هەموو ئەو ڕووسانەی کە لەمەڕ پاریس – یان نووسیوە ، هێندەیان دەربارەی گوتووە کە مەحاڵە گومانی بخرێتەسەر . ڕەنگە منیش لەمبارەیەوە نەکەومە هەڵەوە . خۆ ئەگەر بمەوێ هەندێک جدی بم و برێک سەختگیری بکەم ، ڕەنگە زەمانەتی ئەوەش نەکەم . ئاخر دەڵێن ، مەحاڵە پیاو بچێتە ڕۆما و کڵێسای سانت پتروس نەبینێ . وێڕای ئەوەش من چووم بۆ لەندەن و کڵێسای سانت پۆڵس – م نەبینی . باوەڕ بکەن نەمبینی ! دروستە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان کڵێسای سانت پتروس و سانت پۆڵس هەیە . بەڵام وێڕای ئەوەش نەدیتنی کڵێسای سانت پتروس ، بەقەد نەدیتنی کڵێسای سانت پۆڵس ، شەرمە بۆ هەر گەشتیارێک . ئەمە یەکەم ڕیسکی من بوو ، کە شتێکی ئەوتۆ نییە .

ئەلهەقی من کڵێسای سانت پۆڵس – م لە دووری نزیکەی کیلومەترێکەوە بینی ، لەوکاتەدا دیتم کە دەچووم بۆ پانتونفیل ، بەڵام لە پەلەپەلی خۆما ، تەنیا بەلایدا بووریم ، نەپەرژام سەری بدەم .

بەڵام ، هەر بەم بۆنەیەوە ، ئەوە بزانن کە من هەر لە سەفەری خێرا و بەردەوامدا نەبووم ، باڵندە ئاسا نەمڕوانیوەتە شتەکان ( مەبەستم لە ڕوانینی باڵندە ئاسا ، ڕوانین لە سەروە نییە ، ئەوە تەنیا زاراوەیەکە لە زاراوەکانی ئەندازەی تەلارکاری . ) یەک مانگی تەواوم ، جگە لەو هەشت ڕۆژەی کە لە لەندەنم بردەسەر ، لە پاریس ژیام . کەواتە نها باسی پاریس – تان بۆ دەکەم . چونکە باشتر لە کڵێسای سانت پۆڵس و، یا باشتر لە خانمانی درسدن – م بینی ، زۆرچاکە ، کەواتە با دەست بە باسی پاریس بکەین .

## فەسڵی دووەم : لە قیتاردا

" فەرەنسییەکان عەقڵیان نییە ، ئەگەر هەیان بێ ، بە گەورەترین نەگبەتی خۆیانی دەزانن. "

ئەمە ڕستەیەکە فونفیزین ، یەک سەدە لەوە پێش گوتوویەتی .

( دیتیس ئیڤانوفیچ فونفیزین ١٧٤٤ – ١٧٩٢، داهێنەری ڕاستەقینەی کومیدیای هاوچەرخی ڕووسیە . شانۆنامەی بریگادیر، باشترین کاری ئەوە و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا . لەساڵی ١٧٧٨ دا ، بە مەبەستی

چارەسەری نەخۆشی سەردانی فەرەنسا و شاری موتبلیەی کرد ، لە لیون و مونبلیە و پاریسەوە کۆمەڵێک نامەی خۆشی بۆ دۆست و بناژۆکانی نارد ، کە لە هەمان کاتدا ڕقێکی زۆریان دەرهەق بە فەرەنسیەکان تیابوو ، کەچی وەکو دەڵێن تا لە ژیانا بوو ، بە بەردەوامی لاسایی ئەو فەرەنسیانەی دەکردەوە کە بەو ئاوایە تانە و تەشەری لێدەدان . ئەو ڕستەیەی کە دۆستویفسکی بەنموونە هێناویەتیەوە ، لە نامەی شەست و چواردا هاتووە کە لە ئێکس لا شابیل – ەوە و لە هەیڤی ئەیلوولی ١٧٧٨ دا بۆ جەنەڕال کۆنت پەتروس ئیڤانۆفیچ بانین – ی ناردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی : " فەرەنسی عەقڵی نییە ، ئەگەر هەیبێ ، بە گەورەترین نەگبەتی دەژمێردرێ . چونکە عەقڵ ناچاری دەکات بیربکاتەوە ، لە کاتێکا ئەو ئەهلی ڕابواردنە نەک هزرین و بیرکردنەوە.) مەگەر هەرخوا بزانێ وەختایەک ئەو ڕستەیەی نووسیوە چەند دڵی خۆشبووە . من گرێو دەکەم کە لە کاتی نووسینی دا، دڵی ختووکەی هاتووە ، کێ دەزانێ ؟ لەگینە هەموومان ، ئەوانەی لە دوای ئەوەوە هاتووین ، یانی دوو سێ نەوەی دوای ئەو ، هەرکە ئەو دەستەواژەیەمان خوێندووەتەوە جۆرە ئۆخژنێکمان لە دڵ و دەروون گەڕاوە . هەموو ئەو جۆرە ڕستە و نوکتە تانەئامێزانەی کە دەرهەق بە فەرەنگیان و بیانیان دەگوترێن ، تا نهوژی لە گوێی ئێمەی ڕووس دا جۆرە لەزەتێکی گۆنگی هەیە . جوانی و لەزەتێکی پەنهانی هەیە ، تەنانەت پەنهان لە خۆشمان ، وەکو ئەوەی جۆرە تۆڵەیەکی لەخۆ گرتبێ . تۆڵەی ڕابردوویەکی کەسەردار . هەرچەندە ئەمە هەستێکی باش نییە ، بەڵام لامواییە ، لە ناخی هەر یەکێکماندا هەیە . خۆ ئەگەر هەر کەسێک ئەوە بە ئێمە بڵێت ، بێگومان پێمان ناخۆشە ، بەڵام هیچ بەرگرییەکیش ناکەین . وێڕای ئەوەش لەو باوەڕەدام کە خودی بیلنسکی – ش ( بیساریون گریگوریفیچ بیلنسکی ١٨١١ – ١٨٤٨ ڕەخنەگری نێودار ، زۆر دڵبەندی ڕۆژئاوا بوو ، لە هەوادارانی لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوا بوو ، بە تایبەتی لە ئاخر و ئۆخری ژیانیا . ) بەو مانایە لە ناخی خۆیدا و لە دڵەوە پان سلاڤیست بوو .

نزیکەی پازدە ساڵێک لەوە پێش ، کە تازە بیلنسکی – م ناسی بوو و هاتوچۆی کۆڕە ئەدەبیەکانم دەکرد ، لە بیرمە کە هەموو ئامادەبووانی ئەو کۆڕانە بە چ ڕێز و حورمەتێکەوە ، بە چ جۆش و خرۆشێکەوە ، سەری ڕێز بۆ ڕۆژئاوا دادەنەواند ، بە تایبەتی بۆ فەرەنسا ، ئەو ڕۆژگارە باو باوی فەرەنسا بوو ، ئەو ڕۆژگارە ، واتە ساڵی ١٨٤٦، باو باوی فەرەنسا بوو ، بەڵام بەو ئاوایە نەبوو ، کە تەنیا کەسانی وەکو جۆرج ساندوپرودون و... هتد مایەی ڕێز و ستایشی تایبەتی بن ، یان ناوێن وەکو لویس پلان و لودرو رولان و ئەمانە بە سەر زارانەوە بن و بە ڕێزەوە ناو ببرێن ، بەڵکو ناو ناوی ئەو خەڵکە گومناوانە بوو کە وەکو قارچک هەڵتۆقی بوون و، لە خوت و خۆڕایی گەورە کرابوون .

چاوەڕوانی خزمەتی گەورە بە تیرەی بە شەر لەوانە دەکرا . لە بەینی خۆیاندا ، بە چپەوە و بە ڕێزی یەجگار زۆرەوە باسی هەندێک لەو کەسانەیان دەکرد... بەڵام ئەنجام چ بوو ؟ من لە هەموو ژیانما ڕووسێکی ، غەربگەراتر لە بیلنسکی – م نەدیتووە . پێش ئەو تەنیا چادایف ( پەتروس یاکوفلیفچ چادایف ١٧٩٤ – ١٨٥٦، بە زمانی فەرەنسی کتێبێکی لە ژێر سەرناڤی " پەیامێن فەلسەفی " بڵاوکردەوە ، لەو کتێبەدا زۆر گاڵتە بە ڕووسیاچتی دەکات ، بە ڕادەیەک کە نیکولای یەکەم پێی وابوو، عەقڵی تێکچووە... ) هەندێجار بە ئەندازەی ئەو غەربچیاتی دەکرد و زۆر بەجدی و کوێرانە گاڵتەی بە تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی خۆمان دەکرد ، بەچاوی سووک تەمەشای نیشتمان و نیشتمانپەروەری ڕووسی دەکرد . من لە ڕووی هەندێ بویەر و بیرەوەرییەوە دیاریکراوەوە ، ئەم ڕاوبۆچوونە دەردەبڕم . کێ چوزانێ ؟ ڕەنگە ئەو ڕستەیەی فونڤیزین ، هەندێجار تەنانەت بیلنسکی دڵخۆش کردبێت . ئیدی جاری وا هەیە ئینسان ئامۆژگاری و قسەی نزیکترین دۆستی خۆیشی پێ

قەبووڵ نییە... ئاخ بیکەن بە خاتری خوا وا تێمەگەن کە خۆشەویستی نیشتمان مانای وایە ڕقت لە بیانیان بێ ، ئەمە باوەڕی منە !... من بە هیچ جۆرێ وا بیرناکەمەوە و بەنیازیش نیم وا بیر بکەمەوە... بەڵکو بە پێچەوانەوە... حەیفێ نها دەرفەتم نییە ، لەوەی پتر نیازی دڵی خۆم ڕوون بکەمەوە...

بەهەرحاڵ ، ڕەنگە وا وێنا بکەن لە جیاتی ئەوەی باسی پاریس – تان بۆ بکەم ، دەمەوێ باسی ئەدەبیاتی ڕووسیتان بۆ بکەم ، وتارێکی ڕەخنەیی بنووسم ؟ نا وانییە... ئەو شتانەم هەروا ، لە بێکاریدا وتن ...

بە گوێرەی دەفتەری یاداشت و بیرەوەرییەکانم ، من نها لە نێو قیتاردام و خۆم ئامادە دەکەم کە سبەینێ لە وێستگای ئیدتکونن – وە ئاودیو ببم . ( ئیدتکونن ، وێستگایەکی سنووری پروسیایە لە سەر هێڵی بەرلین – پترسبورگ ) واتە خۆم ئامادە دەکەم بۆ یەکەم سەفەرم بۆ وڵاتێکی بیانی ؛ هەندێجار دڵم دادەلەرزێ . کەواتە ئەنجام ئەوروپا دەبینم ، ئەو ئەوروپایەی کە چل ساڵ بوو بێهودە خەونم بە دیتنیەوە دەبینی ، لە تەمەنی شازدە ساڵییەوە خەونم پێوە دەبینی ، زۆر بەجدی خەونم پێوە دەبینی ، وەکو ئەو بیلو بیاتکین – ەی کە نکراسوف بە زمانی ئەوەوە دەڵێت : حەز دەکەم هەڵێم بۆ سویسرا. ( بیلو بیاتکین ، قارەمانی چیرۆکێکە ، نیکراسوفی شاعیر ١٨٢١ – ١٨٧٨، لە سەردەمی گەنجیدا نووسیویەتی و ناونیشانەکەی " چەنەبازە ، ڕۆژانە یاداشتی ئا. ئەی بیلوبیانکین ، هاوڵاتی پترسبورگ " ئەمە جۆرە گێڕانەوەیەکی هەندێ واریقاتە کە نووسەر بە شیعر گێڕاویەتیەوە ، ئەمە ئەو کۆپلەیەیە کە دوستویفسکی ئاماژەی بۆ دەکات :

هێشتا هەست بە جۆش و خرۆشێکی شیعری

دەکەم ، کە لە دڵما کڵپە دەکات

با وێنەی خۆمتان بۆ بکێشم

لە ژیانی خۆمەوە هەڵی بهێنجم

جاران زۆر گەوج بووم

ڕێک وەکو ئێوە خەونم دەبینی

بەباڵی خەیاڵ دەفڕیم

و حەزم دەکرد بۆ سویسرا هەڵێم... )

بە تاسەیەوە بووم ؛ خەونم بە دیتنیەوە دەبینی ، کەچی نها ئەوەتا لە قیتارام ، خەریکە بۆ وڵاتی پەرجوانی پیرۆز دەڕۆم ، بۆ وڵاتی ئاوات و ئارەزووە دوور و درێژەکانم ، بۆ ئەو وڵاتەی کە باوەڕی تەواوم پێی هەبوو ، دەڕۆم . لەو ساتانەدا لە نێو قیتارەکەدا هەندێجار لە خۆم دەپرسی: " ئەی خودایا ! باشە ئێمە چین ، بەڕاستی ڕاستی ڕووسین ؟ چما ئەوروپا بەو ڕادەیە کارمان تێدەکات ، ئەفسوونمان دەکات ؟ من کە دەڵێم ئێمە ، مەبەستم ئەوانە نییە کە لەوێ ماونەتەوە ، ئەو ڕووسە ساکار و ڕەش وڕووتانە کە ژمارەیان دەگاتە پەنجا ملیۆن ، ئێمەی کەمینە کە ژمارەمان هەر سەد هەزار کەسێک دەبێت ، تا نها هیچ حیسابێکیان بۆ ناکەین ، لە گۆڤارە ساتیر و کۆمیکەکانماندا گاڵتەیان پێدەکەین کە چما ڕدێنیان ناتاشن . نەخێر، مەبەستم خەڵکە بژاردەکەیە ! ئاخر هەرچییەکمان هەیە لە بواری زانست و هونەر و شارستانیەت و مرۆڤایەتیەوە هەر هەمووی لەوێندەرەوە ، لە

" ولاتانی پەرجووی پیرۆزەوە سەرچاوەی گرتووە ! هەموو ژیانمان لە مندالیمانەوە ، لە سەر ستایلی ئەورووپایی دروست بووە ! تەنانەت تاقە کەسێکمان تیا هەلنەکەوتووە کە بتوانێ ڕوو بەڕووی ئەم کاریگەرییە ببێتەوە ، بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە نەچێت ، خۆی لەبەر ئەم گوشارە بگرێت ؟ نازانم چۆن هێشتا نەبووین بە ئەورووپایی تەواو عەیار ؟ نەگۆڕاوین ؟ وابزانم هەموومان ، چ ئەوانەی ئەمەیان پێخۆشە و چ ئەوانەی پێیان ناخۆشە ، لەوەدا هاوڕاین کە هێشتا وەکو پێویست ئەو گەشە و نەشەیەمان نەکردووە ، کە ئامادە بین بۆ ئەم گۆڕانە . ئەمە باسێکی ئەلاحەدەیە . من تەنیا ئەوەندە دەلێم ، ئێمە سەرباری ئەو کاریگەرییە زۆر و لە مقاوەمەت نەهاتگەی ئەورووپا ، هێشتا وەکو پێویست نەگۆڕاوین ، ئەورووپاییانە لەدایک نەبووین . من هەرچی سەردێنم و دەبەم ، سەر لەم شتە دەرناکەم ، تێی ناگەم ، خۆ دایەن و دایکەکانمان ، ڕێگەیان لەم گۆڕانە نەگرتووە . بەڕاستی هەم مایەی داخە و هەم مایەی پێکەنین ئەگەر وا وێنا بکەین کە ئەگەر ئارینا ڕودیونوفنا دایەن و سەرپەرشتیاری پوشکین نەبوایە ، لەگین بوو نها پوشکین – مان نەبوایە. ( دایەنەکەی پوشکین ، فۆلکلوری ڕووسی پێناساند ، ئەمە سۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لەلا چەسپاند ، بە حوکمی ئەم هەوەلین پەیوەندییەوە بە خاکی نیشتمانەوە پوشکین کە بە ستایلی فەرەنسی پەروەردە بوو و بەخۆی دان بەوەدا دەنێت کە زمانی فەرەنسی لە زمانی ڕووسی باشتر زانیوە ، توانی بەرەبەرە لە کاریگەری و باندۆری بیانی ڕزگار بێت ، و لە هەر شاعیرێکی دیکە پتر نوێنەرایەتی نەتەوەی ڕووس بکات ) قسەکەم تەواوە یان نا ؟ بە هەرحال تەواو بێ یان نا ، ئەمڕۆکە زۆرێک لە مندالانی رووس بە ستایلی فەرەنسی پەروەردە دەکرێن ، تەنانەت بۆ پەروەردە کردن بۆ فەرەنسا دەبرێن . باشە چ ڕوودەدات ئەگەر لە نێو ئەوانەدا پوشکین – ێکی دیکە هەبێ ، ئەم پوشکینی دووەمە تووشی دایەن و پەرستارێکی وەکو ئارینا ڕودیونوفنا نەبێ ، لە بێشکەدا بە زمانی ڕووسی گۆشنەکرێ ؟ پوشکین چتو ڕووسێک بوو ! وێڕای ئەوەی بابایەکی ئەرباب زادە بوو ، توانی پوگاچیف بناسێت ، ڕۆبچێتە قوڵایی دەروون و ڕوحیەوە ( ئەمە ئاماژەیە بۆ چیرۆکی " کیژی کاپتن – ١٨٣٦ " ی پوشکین کە قارەمانەکەی پوگاچیف – ە کە یاخیەکی قوزاقی بەنێوبانگ بوو. ) ئەمەش لە سەردەمێکا بوو کە کەس خۆی لەو بابەتە نەدابوو . پوشکین بەخۆی ئەرستوکرات بوو ، توانی ئاوێتەی کەسایەتی بیلکین ببێت ، بچێتە کلێشەی ئەوەوە... ( ئاماژەیە بۆ کتێبێکی پوشکین لە ژێر سەرناڤی ( چیرۆکەکانی ڕەحمەتی ئیڤان پتروفیچ بیلکین " ١٨٣١. ) توانی لە ڕێگەی بەهرە هونەرییەکەیەوە ، لە ژینگە ئەرستوکراتیەکەی خۆی دابڕێت و بە ئاشکرا لە میانی چیرۆکە شیعریەکەی خۆیەوە ، واتە لە میانی چیرۆکی " یڤگینی ئونگینەوە " و لەدیدی نەتەوەییەوە ڕەخنەی توندی لێبگرێت . ( ئەمە ئاماژەیە بۆ چیرۆکی یڤگینی ئونگین ١٨٢٤ – ١٨٢٨، ئەمە ڕۆمانێکە پوشکین بە شیعر دایڕشتووە ، کە لەوێدا شاعیر بە تەوسەوە ئیراد لە داب و نەریتی ئەرستوکراتیەتی ڕووسی دەگرێت. ) پوشکین ، کەسێکی پەیامدا و پێشەنگ بوو . ئاخۆ دەشێت جۆرە پەیوەندییەکی ئورگانیکی لە نێوان هزری بەشەر و خاکی نیشتماندا هەبێ و ، دابڕان لە خاکی نیشتمان مەحال بێت ، هەرکە ئینسان لێی دابڕا ، خێرا و جارێکی دی بۆی بگەڕێتەوە ؟

هەلبەتە باوەڕی سلاڤدۆستی یان سلاڤیگەرایی لە ئاسمانەوە بۆ نەهاتووەتە خوارەوە . گریمان ئەم باوەڕە لە خوێندنەوە مۆسکۆییەکەوە سەری هەلداوە ، بەلام بنەمای ئەم باوەڕە لە فورمولە مۆسکۆییەکەی زۆر بەرینترە . ڕەنگە زۆر بە قوولی ، قوولتر لەوەی بە ڕوالەتا دیارە ، ڕیشەی داکوتابێ . ئەمە سەبارەت بە خەلکی مۆسکۆ خۆشیان دروستە . ڕەنگە مۆسکۆییەکان خوێندنەوەی خۆیان سەبارەت بە سلاڤپەروەری لە هەموو خوێندنەوەیەکی دی پێ پەسندتر بێ . زۆر زەحمەتە ئینسان ، بتوانێ تەنانەت دەگەل خۆشیا زۆر ڕاشکاوبێ !

ڕەنگە سێ نەوەش بەشی ڕوونکردنەوەی بیرۆکەیەک نەکات کە بەم زیندوویەتی و بەهێزییە ، ڕەگ و ڕیشەی لە ناخا داکوتابێ . هەندێجار کۆتایی کار ، زۆر جیاوازتر لە سەرەتاکەی دەردەچێت...

لە نێو قیتارەکەدا و ، پێش ئەوەی بگەمە ئەوروپا ئەو بیرە پەراگەندانەم بە مێشکا دەهات ، زۆربەیان زادەی بێتاقەتی و بێکاری بوون ، ئەوەی ڕاستی بێ ، تا نهوژی لەنک ئێمەی ڕووس وا باوە ئەوانەی بیر لەو جۆرە شتانە دەکەنەوە ، خەڵکانی بێ ئیش و کارن ! چەند ناخۆشە لە قیتارا بەبێ کار دانیشیت ؛ بەڕاستی بێتاقەت دەبیت ! ڕێک بەو ئەندازەیە بێزار دەبیت کە لە وڵاتی خۆمانا ، لە ڕووسیای ئازیزدا بێ ئیش و کار بژی... مرۆڤ لەنێو قیتاردا چەندیش خزمەت بکرێ و پێی ڕا بگەن ، مدارا بکرێ ، هەرچییەکی بوێ بۆی دابین بکرێ و نازی هەڵبگیرێ ، هەرجۆرە نیگەرانیەکی هەیە ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە خۆت هیچ کارێک ناکەی و تەنیا ئەوەندەت لەسەرە دانیشیت و چاوەڕوانی گەیشتن بکەی . باوەڕ بکەن هەندێجار خواخوام بوو ئەگەر بکرایە ، خۆم لە قیتارەکە هەڵدەدایە خوارەوە و شانبەشانی قیتارەکە بە پێیان غارم دەدا ، لە دڵی خۆدا دەمگوت : " قیروسیا با ماندوو بم ، با لەسەر غاردان ڕانەهاتبم ، با ڕێگە ون بکەم ، با کارێکی بێهودە بکەم ، بەس نییە بە پێی خۆم دەڕۆم ، بە کارێکەوە مژوول دەبم... خۆ ئەگەر قیتارەکە تامپۆنی بکردایە ، یان وەرگەڕابا ، هەنگێ دەستەوەستان دادەنیشتم و ژیانی خۆم نەدەکردە قوربانی هەڵەی کەسێکی دی... "

مەگەر هەرخوا بزانێ لە کاتی بێکاریدا چ بیر و خەیاڵێک بە مێشکی بەشەردا دێت ! لەو ماوەیەدا بەرەبەرە شەو دادەهات ، گڵۆپی فارگۆنەکانیان هەڵکرد . ژن و پیاوێکی دان عەمر لە بەردەممدا ڕۆنیشتبوون کەوا دیاربوو موڵکدار بوون ، پێدەچوو خەڵکی باش و میرەبان بن . منداڵەکانیان لە ماڵەوە بەجێهێشتبوو تا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک سەردانی پێشەنگای لەندەن بکەن ( پێشەنگایەکە لە یەکی ئایارەوە تا یەکی تشرینی دووەم ، ساڵی ١٨٦٢ بەردەوام بوو ) لە دەستە ڕاستمەوە کابرایەکی ڕووس ڕۆنیشتبوو کە دە ساڵ بوو کارمەندی دەزگایەکی بازرگانی لە لەندەن . نها دوو هەفتەیەک بوو بە هەندێ کاری پێویست هاتبووە پترسبورگ و پێدەچوو بە تەواوی لە خەمی دووری نیشتمان ڕزگار بووبێ . لە دەستی چەپمەوە کابرایەکی ئینگلیزی تۆخ ڕۆنیشتبوو ، کابرایەکی سوورە بوو ، قژە سوورەکەی بە مۆدێلی ئینگلیزی شانە کردبوو ، زۆر وشک و جدی بوو . بە درێژایی ڕێگا بە هیچ زمانێک تاقە قسەیەکی دەگەڵ کەسماندا نەکرد . لە بەیانیەوە تا ئێوارێ سەری وەبان کتێبێکی بچووکەوە ، کە بەخەتێکی ورد نووسرابوو دادەنەواندەوە و دەیخوێندەوە . خەتەکەی هێندە ورد بوو کە تەنیا ئینگلیزان تەحەمولیان دەکرد ، نەک هەر تەحەموولیان دەکرد ، بەڵکو زۆریشیان پێخۆش بوو . هەرکە کات دەفڕی و دەگەییەوە شەو یارۆی ئینگلیز پێڵاوەکانی دادەکەند و جووتێ سۆلی لەپێ دەکرد : وادیاربوو ئەمە خووی هەمیشەیی بوو و نها نەیدەویست لە نێو قیتارەکەدا ، خووە دێرینەکەی تەرک بکات . زۆری نەبرد هەمووان کەوتنە خەوەنوتێکی و نووستن : شووت لێدان و لەرەلەری قیتارەکە ، خەوی لە ڕێبواران دێنا . بەڵام من بە دەم بیرکردنەوەوە دانیشتم . خۆیشم نازانم چۆن گەییمە ئەم ئەنجامگیرییەی کە : " فەرەنسییان بێ عەقڵن " واتە هەمان دەستەواژەی کە لە هەوەڵی ئەم فەسڵەوە هێنامەوە.

دەزانن بۆ حەزدەکەم ، بەدەم چاوەڕوانی گەیشتنمەوە بۆ پاریس ، هەموو ئەو بیر و خەیاڵانەتان بۆ بگێڕمەوە کەلە نێو قیتارەکەدا بە مێشکمدا هاتن ؟ لە ڕووی بارە ئینسانیەکەوە ئەمە دەکەم . " ئاخر لە نێو قیتارەکەدا زۆر وەڕز و بێزار بووم ، نها نۆرەی ئێوەیە ". جا لەبەر ئەوەی پێویستە مدارای خوێنەرانی دیکەش بکەم ، هەموو

ئەو بیرەوەریانە لە یەک فەسڵی سەربەخۆدا و لە ژێر سەرناڤی " شتی زیادە ". جا ئەگەر قەراربێ نووسەر ، مدارای خوێنەرەکانی بکات ، ئەوا دەکرێ زیاتر مدارای دۆستەکانی بکات و خاتریان بگرێ...

## فەسڵی سێیەم: شتێن زیادە

ئەلهەقی ناکرێ ناوی ئەو شتانەی کە گێڕامنەوە بنەم بیرکردنەوە و بیر، بەڵکو ڕامان بوو ، وێنا و تەسەوراتی پەراگەندە و بگرە زندە خەون بوون دەربارەی هەموو شتێک و هیچ شتێک . یەکەمجار گەڕامەوە بۆ ڕابردوو ، بیرم لەو کابرایە کردەوە کە ئەو بۆچوون و ڕەئیە لەزگینەی لەمەڕ عەقڵی فەرەنسییەکان دەربڕی بوو . ئەم بۆچوونە کردیە کارێک کە لە ناکاوا بیرم بکەوێتەوە . ئەم پیاوە لە کاتی خۆیدا لە گەورە لیبراڵەکان بوو ، مەگەر هەرخوا بزانێ چما بە درێژایی تەمەنی هەر جلک و چاکەت و پانتۆڵی فەرەنسی لەبەر دەکرد ، چەکی هەڵدەگرت ، شمشێری بڕندەی هەڵدەگرت ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ لە خێڵ و ماڵباتی سوارچاکانە ( لە کاتێکا ئێمە لە ڕووسیادا بە هیچ جۆرێ سوار چاکیمان نەبووە . ) گوایە بۆ ئەوەی لە دەروازەی ماڵەکەی بوتیومکین دا ( گریگور بوتیومکین ١٧٣٩ – ١٧٩١، جەنەراڵ و زمانزانێکی ڕووس بووە ) بەرگری لە کەرامەت و ئابڕووی خۆی بکات . بەڵام هەرکە پێی نایە هەندەران ، کەوتە زەمی پاریس و گەییە ئەو قەناعەتەی کە " فەرەنسییەکان بێ عەقڵن ، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت تۆزقاڵە عەقڵێکیان هەبێ ئەوە بە گەورەترین نەگبەتی خۆ دەزانن " ڕەنگە پێتان وابێ من کە باسی شمشێری بڕندە و جل و بەرگی مەخمەڵم کردووە ، مەبەستم ئەوە بووبێ تەشەر لە فونفیزین بدەم ، وانییە ؟ نا ئەو گومانە مەکەن ، وانییە ! چونکە فونفیزین نەیدەتوانی کەوای ڕووسی لەبەر بکات ، چونکە ئەو زەمانە وەکو ئێستا نەبوو کە هەندێ کەس بۆ ئەوەی ڕووس بوونی خۆیان بسەلمێنن و تێکەڵی خەڵکی ببن ، هەڵدەستن کەوا ، جل و بەرگی ڕووسی لەبەر دەکەن ، یان دەچن دەستێک جلکی بالیە ، بۆ خۆ پەیدا دەکەن ، وەکو ئەوەی ئەکتەرانی ڕۆڵی روسلان لەبەری دەکەن و پێوەی دێنە سەر تەختەی شانۆ ؛ روسلانانی شیفتەی لودمیلانانی کۆکوشنێک بەسەر ( کۆکوشنیک کڵاوی باوی ژنانەی ڕووسییە ، لە شێوەی سێ گۆشەدایە). نەخێر، بەلای کەمەوە ئەو زەمانە چاکەت و پانتۆڵی فەرەنسی بۆ خەڵکی خۆشتر و ئیسراحەت تر بووە... ئاخر ئەرباب ئەربابە ، نایەت کەوا لەبەر بکات . ئەو قسەیەم لە موڵکدار و ئاغایەکی هاوعەسری خۆمانەوە بیستووە کە بۆ ئەوەی لە خەڵکەوە نزیک بێ و وەکو ئەوان بنوێنێ ، جلکی ڕووسی لەبەر کردبوو و بەو جلکانەوە بە کوچە و کۆڵانەکاندا دەسوڕایەوە . کە جووتیارەکان بەو حاڵەوە دەیبینن لە بەینی خۆیاندا دەڵێن : ئەم شلەشارییە چ دەکات لە نێو ئێمەدا ؟ "

کەواتە ئەو جەنابی ئاغایە نەیتوانیوە تێکەڵاوی خەڵکەکە ببێت .

کەسێکی دیکەش هاتە قسە و گوتی : " نەخێر ، من گوێ بە هیچ نادەم ، بە ئانقەست ڕدێنم پاک دەتاشم ، ئەگەر پێویست بکات جبە و کەواش لەبەر دەکەم . کاری خۆم دەکەم ، بەڵام هیچ گۆڕانێک لە ڕواڵەتی خۆمدا ناکەم . یانی نامەوێ لە پێگەی خۆم بێمە خوارەوە . دەبم بە موڵکدارێکی پیسکە و حیسابگر و تەنانەت باجگر و زۆرداریش ئەگەر پێویست بکات . لە هەنبەر ئەوەدا ڕێز لە خەڵکی دەگرم . ئاخر ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە کە هەوەڵجار فێری ئەوە بین کە بەڕاستی ڕێز و حورمەت ڕەچاو بکەین. "

لە دڵی خۆدا گوتم : " شەیتان بە نەحلەت بی ها ! لە تۆ وایە دەیەوێ هێرشی سەر دراوسێکان بکات . ئەمە لە جۆرە فرمان و ئامۆژگارییەکی سوپایی دەچوو. "

کەسی سێیەم کە پیاوێکی میرەبانیش بوو گوتی : " بەڵێ ، وای دابنەن من بچم بۆ شوێنێ کە وەکو ڕەعیەت ناوی خۆم قەید بکەم و پاشان لە ناکاوا ، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی مەسلەتان و چارەسەری ناکۆکیان ، بە بیانوویەک جەڵدەیان بۆ بڕیمەوە ، هەنگێ چ دەبێ ؟ "

پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بڵێم : " ئێ چیە ، با بیبڕنەوە . " بەڵام نەمگوت ، ترسام . چما هەندێجار دەترسین بە دەنگی بەرز نۆڕینی خۆمان دەربڕین ؟ " ئیدی لە دڵی خۆدا گوتم : " جا چییە ، وا ئەمەش ڕوویدا... گریمان شەلاقکاریش کرا ، یانی چ دەبێ ؟ "

مامۆستایانی فەلسەفەی هونەر و ئیستاتیکا بەو جۆرە بویەرە ئازار ئامێزانە دەڵێن گۆڕانی تراجیدی و کارەساتبار لە ژیاندا . ئەوە و تەواو . باشە دەکرێ تەنیا لەبەر ئەو هۆیە پیاو بە تەنیا و دوور لە خەڵکی بژی ؟ نەخێر پێویستە پیاو یان دەگەڵ هەموو بەشەرا بژی ، یان بەتەواوەتی داببڕێ و بەتەنیا بژی . خەڵکی لە شوێنانی دیدا لەمەش خراتر ژیاون ، بە تایبەتی ژنان و مندالان توێژە لاوازەکەن . خۆ ئەگەر ئەمە بە بەرانبەرەکەم بلێم ، ڕەنگە بە ڕووما هەڵشاخێت و هاوار بکات : " بێ قەزا بی ، ژنان و مندالانی چی !؟ ڕەنگە ئەنجوومەن هەر لە خۆڕایی حوکمی شەلاقکاریم بۆ ببڕێتەوە ، بە بیانووی ئەوەی کە گوێرەکەیەک چووەتە باخچەی کەسێکەوە ، وەکو ئەوەی بەمە دنیا وێران بووبێ و ئەمە کێشەیەکی زۆر گرینگی دەوڵەت بێ !

- دەی باشە ، ئەمە شتێکی سەخیفە ، خودی بابەتەکەش هێندە سەخیفە کە ئینسان قێزی لێدەکاتەوە ، ئەوە نایەنێ باسیش بکرێ . وێڵی بکە ، هەر گوێشی مەدەیە ، خوای دەکرد هەموویان شەلاقکاری دەکردن ! ئەوە کێشەی من نییە، من هەقم چییە ؟! بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم گرێو لە سەر هەموو شتێک دەکەم کە ئەم پیاوەی گەنگەشەم دەکات و بەرپەرچی بۆچوونەکەی من دەداتەوە ، ئەگەر ئەو حوکمەش بدرێ تاقەیەک شەلاق و جەڵدەش ناخوات . چونکە ئەنجوومەنی مەسلەتان ، بە نێوی سەرۆکەکەیەوە دەڵێت : " برادەرینە ، سزای دارایی بەسەردا دەسەپێنین ، چونکە پیاوێکی شەریف و خانەدانە ، ئەمە یەکەمجاریەتی . دەی فەرموو با ئەو برادەرەمان بڕوات لە سەر کورسی دانیشێت و شەلاقەکەی بخوات . " ئەمە لە کتێبێکی چیدرین دا بەناونیشانی " چەند وێنەیەک لە گوندانەوە " تۆمار کراوە . ( میشیل ئافگرا فوفیچ سالتیکوف ١٨٢٦ – ١٨٨٩ ، ڕۆمان نووسێکی ساتیر بوو، لە سالانی ١٨٥٦ و ١٨٥٧ دا کتێبی چەند وێنەیەک لە گوندانەوەی بە ناوی خوازراوی چیدرین – وە بلاوکردەوە کە پاشان بەو ناوەوە نێوبانگی دەرکرد. )

هەڵبەتە هەرکەسێک ئەمە بخوێنێتەوە هاواری لێهەڵدەستێ و دەڵێت : " ئەم کابرایە کۆنەپەرستە ، لە گەڵ دار و فەلاقەدایە ! "

من دڵنیام خەڵکانێک هەن ، کە ئەو قسەیەی من بەوە لێک دەدەنەوە کە گوایە من بەرگری لە جەڵدە و دار و فەلاقە دەکەم و زۆرم پێ باشە .

یەکێکی دی هەڵدەداتێ :- بێ قەزا بی ئەوە تۆ باسی چی دەکەی ؟ تۆ باسی پاریست دەکرد ، کەچی هاتیتە سەرباسی سزای دار و فەلاقە ، شەلاق و شەلاقکاری ! ئەم دووە چ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە ؟

کەسی سێیەم هەڵدەداتێ :- ئەمە چییە ، خۆ تۆ بە خۆت دەڵێی هەرچیەکت گوتووە تازە زانیوتە ، لە کاتێکا سەفەرەکەی تۆ لە هاوینی پاردا بووە . چۆن دەشێت ئەو کاتە و لە قیتاردا ئەو بیرو خەیاڵانەت بە مێشکدا هاتبێ؟

وەڵامی من بۆ ئەو پرسیارە ئەمەیە :- بەڵێ دروستە ، بەڵام بەیارمەتیتان با ئەوەتان پێ بڵێم کە سەرناڤی نووسینەکەی من بریتیە لە : بیرەوەری زستانە سەبارەت بە هەستێن هاوینە... بۆیە هەستێن زستانەشی تێخزاوە . با ئەوەش بڵێم کاتێ کە لە قیتارەکەدا بووم لە ئیدتکونن نزیک دەبوومەوە ، ئێستاش لە بیرمە ، بیرم لە هەموو ئەو کەلەپوور و کەلتوورە نەتەوەییە دەکردەوە کە لە بەرخاتری ئەوروپا بەجێمدەهێشت و لێی دادەبڕام ، تەنانەت خەونم بەو شتانەوە دەبینی . بەجوانی لە بیرمە کە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەوروپا لە قۆناغە جیاوازەکان ، چۆن و بە چ جۆرێ کاری تێکردووین و هەوڵیداوە شارستانیەتی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێ ؟

ئێمە تا چ ڕادەیەک بووین بە شارستانی ؟ چەند کەسمان لێ بوون بە شارستانی ؟ نها بەخۆم دەزانم کە هەموو ئەم بیرانە بێهودە و زیاد بوون . خۆ پێشوەختە پێم گوتن کە ئەم فەسڵە هەر هەمووی زیاد و بێهودەیە . ئەرێ گەیی بووینە کوێ ؟ ئا، باسی جل و بەرگی فەرەنسیمان دەکرد !

یەک لەوانەی لەو سەروبەندەدا جل و بەرگی فەرەنسی لەبەر دەکرد ، شانۆنامەیەکی لە ژێر سەرناڤی " بریگاردیر " دا نووسی . ئەم شانۆنامەیە لە زەمانی خۆیدا کاریگەرییەکی باشی هەبوو . خودی پوتیومیکن دەربارەی گوتوویەتی : " برۆ بمرە دەنیس بە عەمراتت شتی لەوە باشتر نانووسیت . " ( گریگۆر ئەلکسندروفیچ بوتیومیکن ، ئەمیری تورید ، دڵبەندی کاترینی دووەم ١٧٣٥ – ١٧٩١، وادیارە ئەم دەستەواژەیەی دوستویفسکی لێرەدا بە کاری دێنێ " ئیدی بشمری گرینگ نییە ، بە عەمراتت شتی لەوە باشتر نانووسیت . " لە یەکەمین نمایشی شانۆنامەکەی بریگاردیرا بە زمانیا هاتووە . ) یانی ئەو کاتە هەموو خەڵکە تەمەڵ و خەواڵووەکەی بێدار کردبووەوە . نها دووبارە لە سەر هەمان بیری ئازاد و ڕەهای خۆم بەردەوام دەبم : یانی ئەو کاتانەش خەڵکی لە بێکاریدا تاقەتیان دەچوو و دەچوون یارمەتی خەڵکیان دەدا ؟ دیارە من باسی یارمەتی لە جۆرە فەرەنسیەکەی ناکەم ، دەمەوێ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەش بێژم کە ئێمە میللەتێکی زۆر خۆشباوەڕین و باجی ساویلکەیی و خۆشباوەڕی خۆمان دەدەین ، ئیدی بێخەم و خەیاڵ ، بێ ئیش و کار دانیشتووین و چاوەڕوانی ئەوەین کە کەسێک شتێ بڵێ یان کارێ بکات کە بۆنی خۆمانی لێبێت ، ئیدی یەکسەر هەموو شتێک دەخەینە لاوە و بێ چەند و چوون باوەڕ دەکەین . ئیدی مێشێکمان لێدەبێت بە گامێشێک . هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی گەنجانە و ساویلکەیی خۆمان و تەنانەت برسیەتی و نەبوونیش . ئەم عادەتە بەرلەوەی فونفوزین ، بریگاردیر بنووسێت هەبوو ، بەڵام بەم ڕادەیە بڵاو نەبوو . کەچی نەک بنج بڕ نەبووە ، بەڵکو تا ئەم ساتەش هەر بەردەوامە : کە شتێک دەبێ لە خۆشیا لە پێستی خۆ ناهێورین و هاوار دەکەین ، خۆمانی پێوە سەرقاڵدەکەین ، دوای دوو ساڵ ، تاقەتمان دەچێت ، هەرکەسە و بەلایەکا دەڕۆین ، بڵاوەی لێدەکەین و چیتر لە سەری ناڕۆین . بەڵام هەرگیز لەوە بێتاقەت نابین کە سەرلەنوێ و لە هەوەڵەوە دەست پێبکەینەوە ، سەدجار دەست پێبکەینەوە.

بەڵام سەبارەت بە کۆمەکی بێگانان ، دەتوانم بڵێم لە سەردەمی فونفیزین دا ، کەس نەبوو گومانی لەوە هەبێ کە کۆمەکی ئەوروپایی باشترین و پیرۆزترین کۆمەکە ، هەڵبەتە ئەمڕۆکەش ژمارەیەکی یەکجار کەم بە گومانەوە لێی دەڕوانن . تەنانەت هەموو ئەندامانی حیزبە پێشکەوتووخوازە تووندڕەوەکەشمان لایەنگری تەواو عەیاری کۆمەکی بێگانانی ئەوروپایین . ئاخر سەیر ئەوەیە ، ئەو سەردەمانە لایەنگیری لە هەرجۆرە کۆمەکێک ، لەوپەڕی

جۆش و خرۆشیدا بوو ، ئەی چۆن چیایەکانمان لە جێی خۆیان نەگواستەوە ، چۆنە گردەکانی ئالاون و لوتکەکانی پارگولوڤو و چیاکانی ڤالدی هەر لە جێی خۆیانن ؟ ڕاستە یەکێک لە شاعیرەکانی ئەو سەروبەندە ، دەربارەی یەکێک لە کەسایەتیە عەسکەرییە ناودارەکان گوتوویەتی : ( دوستویفسکی لێرەدا و لەبەر دوو بەیتی چامەیەکی بە نێوبانگی شاعیر گابرییل رومانوفیچ درياڤین ١٧٤٣ – ١٨١٦ بە ناونیشانی " داگیرکردنی فارسوفیا " – ١٧٩٤. لەو چامەیەدا شاعیر لە ستایشی سوفوروف – سوپایی بە نێوبانگا وتوویەتی.)

کە لەسەر چیا دەوەستێ

چیاکە شەق دەبێ

کە پەلاماری قوللە و بورجان دەدا

دەپەڕن ، بۆ سەرووی هەوران

بەڵام وادیارە هەموو ئەوانە میتافۆڕ و مەجاز بوون .

جا بەم بۆنەوەیە براینە ئەگەر سەرنج بدەن ، نها تەنیا باسی ئەدەب دەکەم . دەخوازم لەمیانی ئەدەبەوە ، پەیجۆری ئەو باندۆرە باشە بکەم کە ئەوروپا بەرەبەرە کردوویەتیە سەر وڵاتەکەمان . پیاو کە بیر لەو کتێبانە دەکاتەوە کە ئەو سەردەمانە چاپ دەکران و دەخوێنرانەوە . مەبەستم لەو سەردەمانە ( سەردەمی پێش شانۆنامەی بریگاردیر و هەمان سەردەمی ئەوە ) خۆبەخۆ جۆرە ئۆخژنێکی دێتێ ، جۆرە گەشکە و زەردەخەنەیەک دەیگرێ .

نهوژی نووسەرێکی زۆر گەورە و دیارمان هەیە ، زینەتی زمانی ئێمەیە . نێوی کوزما پروتکوفە ( کوزما پروتکوف ، نموونەی فەرمانبەرە ، لە داهێنانی شاعیری ناودار ئەلکسی کونستانتینوفیچ تولستویە ١٨١٧ – ١٨٧٥ و هەردوو خزمەکەیەتی ، واتە ئەلکسی و فلادیمیر یمتشوینیکوفە . ئەمانە بەو ناوە خوازراوەوە ، لاساییەکی کۆمیکیانەی هەندێ شاعیری هاوچەرخیان کردووەتەوە . بەڵام دەفتەرەکەی باپیرم کە خستیانە گۆڤاری هاوچەرخ – وە کە بانایف و نکراسوف دەریان دەکرد ، دایانە پاڵ باپیری کوزمابروتکوف ، مێجەر فیدوت کوزمیچ بروتکوف . ئەم دەفتەرە هەڤدە حیکایەت یان نوکتەی لە خۆ گرتبوو . ئەو نوکتەیەی دوستویفسکی دەیگێڕێتەوە نوکتەی سێیەمی ئەو کۆمەڵە حیکایەتەیە. ) تاقە عەیبی ئەم نووسەرە ، ئەوەیە کە زیاد لە پێویست خانی و بێ هەوایە : تا نها کۆبەرهەمەکانی بە چاپ نەگەیاندووە . ئەم نووسەرە ، ماوەیەک لەمە پێش ، لە گۆشەی " هەمەجۆران " ی گۆڤاری " هاوچەرخ " دا بەرهەمێکی ئەدەبی لە ژێر سەرناڤی " بیرەوەرییەکانی باپیرم دا " بڵاو کردەوە . تەسەور دەکەن ئەم باپیرەیە کە هاوعەسری کاترین بوو ، تەمەنی هەفتا ساڵ بوو ، خەپەیەکی زۆر قەڵەو بوو ، هەموو دنیا گەڕابوو ، پێشوازی دەربارانی بینی بوو ، بەشداری شەڕی ئوچاکوفی کردبوو ( ئەم شەڕە لە ساڵی ١٧٨٨ دا لەبەینی سوپای ڕووسیا و عوسمانیدا ڕووی دا ) کە بۆ گوندەکەی خۆی گەڕابووەوە خەریک بوو بیرەوەری و یاداشتەکانی خۆی دەنووسییەوە ! هەڵبەتە دەبێ یاداشتی ئەم جۆرە خەڵکانە خۆش و باڵکێش بێت : ئەم پیاوە ، نووسەری ئەم یاداشتانە هەموو شتێکی بینی بوو ! هەموو یاداشتەکانی بریتی بوو لەم جۆرە نوکتانە.

بەرسڤی زیرەکانەی سوار چاک دەمونبازون : ڕۆژێک کیژێکی گەنجی زۆر خشکۆک ، لە حوزووری پاشادا ، بە کەماڵی ئاسوودەیی ڕوودەکاتە سوارچاک دومونیازن و لێی دەپرسێت : " ئەزبەنی پێم بێژە کلک بە سەگەوە بەستراوە یان سەگ بە کلکەوە ؟ "

یارۆی سوارچاک ، کابرایەکی حازر جواب بوو ، بەرسڤی دایەوە : " هیچیان ! خانم ، سەگ چ لە کلکەوە بگری و چ لە سەریەوە فەرق ناکات . " پاشا زۆری کەیف بەو وەڵامە هاتەوە ، بۆیە سوارچاکەکەی خەڵات کرد .

هەڵبەتە ئەنگو وادەزانن من گاڵتە دەکەم ، ئەم قسانە درۆن و لە گیرفانی خۆمەوە دەرم هێناوە ، نە شتی وا ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕوویداوە و نە ئەو باپیرەیەش هەبووە ! بەڵام باوەڕ بکەن ، سوێنتان لەسەرم نییە و سوێندتان بۆ دەخۆم ، بەندە بەخۆم ، لە منداڵیا کە تەمەنم هەر دەساڵان دەبوو ، کتێبێکی سەردەمی کاترینی مەزنم خوێندەوە کە ئەم نوکتەیەی تیابوو ، ئەوەندەم پێخۆش بوو ، ئەزبەرم کرد و ئیدی هەرگیز لە بیرم نەچووە . تا ئێستاش هەر لە بیرم ماوە :

بەرسڤی زیرەکانەی سوارچاک دوروگان :

هەموو بیستووتانە کە سوارچاک دوروگان ، دەمی بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات . جارێک میر دوکوندە لە خەو ڕادەبێت و بە یارۆی سوارچاک دەڵێت : " جەنابی سوارچاک ، بێزەحمەت لێم دوور بکەوەوە ، بۆنی دەمت زۆر ناخۆشە " یارۆی سوارچاک یەکسەر بەرسڤی دەداتەوە : " جەنابی میر ئەم بۆنە هی من نییە ، بەڵکو هی خۆتە چونکە ئێستا لە خەو هەستاویت . "

دەتوانن لە لای خۆتانەوە وێنای ئەم موڵکدارە پیرە بکەن : کە سەرباز و شەڕڤانی دێرین بووە ، تەنانەت لەگینە دەستێکیشی لە دەستدا بووبێ ، دەگەڵ پیرەژنەکەیدا و لە نێو زۆرپەت و نەوە و نەتیرەیەکی زۆر و ژمارەیەک لە خزمەتکار و نۆکەران و کۆمەڵێک میتراڤانانی بچووک دا دوا ساڵەکانی تەمەنی بەسەر دەبات ( میتراڤان: ناوی کاراکتەری سەرەکی بریگادێرەکەی فونفیزنە کە لە شێوەی کینایەدا بۆ گەنجانی تەمەڵ و تەوەزەل و لاسار بەکار دەبرێت . ) ئەم پیاوە هەموو شەممووانێک دەچێت بۆ ساونا و، لەوێ خۆی لە هەڵم و بوخار هەڵدەکێشێت تا دەبورێتەوە ، عەینەکێکی جام ئەستوور لە چاو دەکات و ، بە کەش و فش و دەنگی ڕەوانەوە ، بە لەزەت و تاسەوە ئەوجۆرە نوکتە و حیکایەتانەی دەگێڕایەوە و بە حەقیقەتی ڕاستەقینەی دەزانی و بەجۆرە ئەرکێکی خزمەتگوزاری دەزانی . ئیدی لەو دەوروزەمانەدا ، خەڵکی بەوپەڕی ساویلکەییەوە باوەڕیان بەوە هەبوو کە ئەم جۆرە نوکتە و حیکایەتە ئەوروپاییانە زۆر بەجێ و بە سوودن ! " مەعلوومی هەمووتانە کە دەمی سوارچاک دوروگان زۆر بۆگەن بوو... " چۆن مەعلوومە؟ چ سەگێک بۆ نموونە لە دەڤەری تامبوف دا بەمە دەزانێ ؟ وا تۆ بەم ڕەهاییە دەڵێی مەعلوومە ؟ دیارە ئەم واتە وات و شتانە ، ڕێگر نین لە بەردەم کارەکانی ئەم باپیرەیەی ئێمەدا ، جونکە باوەڕێکی منداڵانەی تەواوی بەوە هەیە کە ئەم جۆرە نوکتە و حیکایەت و حازر وەڵامیانە لە دەربارد باو و بڵاون و ئەمەی بەسە ! بەڵێ ، دروستە ئێمە لەو سەردەمانەدا لە ڕووی مادییەوە لە ژێر باندۆری ئەوروپادا بووین . بەڵام لە ڕووی دەروونی و ئەخلاقیەوە ، بە بێ دار و فەلاقە نەدەچووە پێشێ . خەڵکی بە تۆبزی گۆرەوی ئاوریشمیان لە پێ دەکرد ، کڵاوقژ و بارۆکەیان لە سەر دەکرد ، شمشێریان لەخۆ دەبەست و سووک و ئاسان دەبوون بە ئەوروپایی . بەڵام لە ڕاستیا هیچ شتێک نەدەگۆڕا ، ئەم کارانە هیچ زیانێکیان بۆ کەس نەبوو ، بە ڵکو خەڵکی پێشیان خۆش بوو : ڕەوتی کاروبارەکان وەکو خۆیان ، وەکو جاران دەمایەوە . باپیرە ، وازی لە سوارچاک دوروگان دێنا ، ئەو سوارچاکەی کە بۆ هەمووان " مەعلووم بوو کە

بۆنی دەمی دێت. " عەینەکەکەی دادەکەند و دەچوو بەلای خزمەتکار و کارەکەرەکانیەوە و بە شێوەیەکی باوکسالارانەوە ، ڕەفتاری دەگەڵدا دەکردن ، وەکو جاری جاران ئەگەر هاوسێیەک لەوانەی موڵکی کەمتری هەبوایە ، سەربزێوییەکی کردبا ، دەیانبرد لە تەویلەدا دەیان بەستەوە و حەسیر مەیدانیان دەکرد ، بەڵام کڕنۆشی بۆ کەسانی لە خۆی باڵادەست تر دەبرد . جووتیار و ڕەعیەت ئەمەی پێ پەسندتر بوو . جاران وەکو نها حەقارەتیان پێ نەدەکرا ، وەکو نها نەدەبێزران ، پێیان ڕانەدەبوێردرا ، زیاتر دەناسران ، باشتر لە زمانیان تێ دەگەیشتن . بەڵام سەبارەت بە کەش و فشی ئاغا و موڵکدار و خۆ بەزلزانی ئەمە عادەت بوو ، ئاغا و موڵکدار وا نەبوایە، بە ئاغا حیساب نەدەکران . ئیدی ئەوە ئەرکیان بوو . ئاغایانی جاران هەرچەندە زۆر زاڵم بوون و تا ڕادەی مردن دارکارییان دەکرد ، بەڵام بەلای ڕەعیەتەکانەوە ، لەم ئاغا و ئەشرافانەی ئێستا هەر باشتر بوون ، چونکە ئەوانەی جاران تا ڕادەیەکی زۆر لە خودی ڕەعیەتەکان دەچوون ، هەرچەندە چاوپۆشیان لە هیچ نەدەکرد ، شەڕیان دەکرد ، جنێویان دەدا ، تاڵانیان دەکرد ، دزییان دەکرد ، بەڵام بە سلوکەت ئەو کارانەیان دەکرد و بە ئارامی ژیانیان بەسەر دەبرد .

توانەوە لە ڕووی ساویلکەیی و خۆشباوەڕیەوە*. ( ئەمە بەیتە شیعرێکی لیرمانتوفە ١٨١٤ – ١٨٤١ بەناونیشانی " دارمان " ١٨٤٠ )

به باوەڕی من ، ئەو باپیرە باشانە ، زۆریش ساویلکە و گێل نەبوون ، تەنانەت سەبارەت بە سوارچاکانی وەکو دوروگان و مونبازوتە – کانیش بەو ڕادەیە ساویلکە و خۆشباوەڕ نەبوون .

پێدەچوو هەمووان لە دڵی خۆدا ، بە گومان بن لەو باندۆر و کاریگەرییە ئەوروپاییانەی کە لە سەرەوە دەهاتن . هەموو ئەو بالماسکە و پۆشاکە فەرەنسیانە ، ئەو دەمامک و کڵاوقژ و شمشێرانە ، پاوپوزی لە گۆرەوی ئەوریشما جەڕاو ، ئەو سەربازانەی کە کڵاوقژ و باڕۆکەی ئەڵمانیان لە سەر دەنا و پۆستاڵی وەکو ئەوانیان لەپێ دەکرد ، هەرهەموو ئەمانە بە باوەڕی من کەڵەکی ترسناک و فەخرفرۆشی زەلیلانە بوو ، کە تەنانەت خودی خەڵکەکەش هەستیان پێدەکرد و پێیان دەزانی و تێی دەگەیشتن . هەڵبەتە پیاو دەتوانێ بەڕێوەبەرێکی بچووک بێ ، نەکڵۆک و فێڵباز و بریگادێر بێ و قەناعەتی تەواویشی هەبێ کە سوارچاکێکی وەکو دوروگان ، نموونەی کەسێکی گوێڕایەڵ و ملکەچە . ئەم باوەڕەیان کەسی بێزار نەدەکرد : خەڵکانی وەکو گوازدیلوڤەکان ( لە کاراکتەرەکانی بریگاردیری بەرهەمی فونفیزین بوون ) وەکو جاران دارکاری دەکران ، و دوروگانەکانمان لەلایەن بوتومکین و هەڤرکەکانیەوە لە تەویلەدا دەبەسترانەوە و شەلاقکاری دەکران ، خەڵکانی وەکو مونتبازون جنێویان بە مردوو و زندوو دەدا ، بە مست بەردەبوونە گیانی یەکدی ؛ بە دەستی دەستکێشدار و پێی گۆرەوی پۆشەوە بەردەبوونە سەر و گوێلاک و هەڵگرانی لەقەب و نازناوی مارکیز ، لە دەربارانددا دەسوڕانەوە و بە شانازییەوە شاپ و زللەیان دەخوارد .

ئازایانە قوربانیان بە پشت و گەردنیان دەدا .

به کورتی هەرهەموو ئەو داب و نەریتە ئەوروپاییانە ، هەرهەمووی زۆر بە ئاسانی لە نێو ئێمەدا ، سەرەتا لە سان پترسبورگ دا – ئەو شارەی کە مێژوویەکی خەیاڵی و جیاواز لە مێژووی هەر شارێکی دیکەی هەبوو ، بڵاو بووەوە و بە ئاسانی ئاوێتەی ژیانمان بوو .

بەڵام نها وا نەماوە ، سان پترسبورگ بۆخۆی بووە بە ئەوروپا ، هەموومان بووین بە ئەوروپایی تەواو عەیار . نها گوازدیلوف ڕاهاتووە و لە کاتی کوتەک خواردنا ڕەچاوی ئەتەکێت دەکات ، ئیدی بووە بە بابایەکی بورژوازی فەرەنسی ، وەکو خەڵکی ویلایەتەکانی باشووری ئەمریکای باکوور ، پشتیوانی لە دەقەکانی زەرووەرەتی کڕین و فرۆشتنی کویلان دەکات . دیارە ئەم دیاردەیە لە ئەمریکاوە گەییوەتە ئەوروپاش . لە دڵی خۆدا گوتم : " زۆرچاکە نها بەرەو ئەوێندەر دەڕۆم و بەچاوی خۆم ئەو شتانە دەبینم ، بیستن لە دیتن جیایە ، ئەوەی بە دیتن فێری دەبیت ، لە کتیبەوە و بە خوێندنەوە فێری نابیت . "

سەبارەت بە گوازدیلوف : باشە چما فونفزین ، لە کومیدیاکەی بریگاردیردا ، ئەو هەموو ڕستە جوانەی ، لەجیاتی ئەوەی بە زمانی سوفیاوە – کە نوێنەری نەجابەت و مرۆڤدۆستی ئەوروپاییە – دەربڕێ ، هاتووە خستونیەتە سەرزمانی ژنێکی گەوج ، ژنەکەی بریگادیر ، کە لە گەوجاتیا بەشی کەسی نەهێشتووەتەوە ، هەرهەموو ئەو ڕستانەی دەیانڵێت ، وەکو ئەوەیە هەموو ئەو گەوجە گەوج و حەماقەتانەی پێشتر وتوونی ، ئەو نەی گوتبن ، بەڵکو کەسێکی تری لە پشتەوە هەبووبێ ، خستبێتیە سەرزاری ئەو . کە مەسەلە دێتەسەر وتنی حەقیقەت ، دەبینین نووسەر ئەم کارە بە سوفیا ناسپێرێت ، بەڵکو بە ژنەکەی بریگادیری دەسپێرێت ، کە نووسەر ، نەک هەر وەکو ژنێکی گەوج ، بەڵکو وەکو ژنێکی بەدڕا و شەڕەنگێزیشی نیشاندەدات . وادیارە ترساوە ، یان لە ڕووی هونەرییەوە ، بە مەحاڵی زانی بێ ، کە قسە و دەستەواژەیەکی لەو بابەتە ، بخرێتە سەرزاری سوفیایەکی بە تەربیەت و خانەدان .

لە دڵی خۆیدا بیری لەوە کردووەتەوە کە ژنێکی گەوج ئەو دەستەواژەیە بڵێت ئاسایی ترە ، ئەمە وەختێ ئاسایی و باڵکێشە ، کە بێ هیچ نیاز و غەرەزێکی پێشوەختە ، زۆر ساویلکانە و بگرە لە غەفڵەتەوە بگوترێ . ژنەکەی بریگاردێر بە سوفیا دەڵێت :

" ... لە سریەی یەکەمی کەتیبەکەی ئێمەدا نەقیبێک هەبوو بە نێوی گوازدیلوف . ژنێکی گەنج و زۆر خشکۆکی هەبوو . هەرکاتێ تووڕە بوایە ، بە تایبەتی ئەگەر مەست و سەرخۆش بوایە ، زۆر خراپ بەردەبووە وێزەی ژنەکەی – باوەڕ ناکەی گیانەکەم ؟ – لە خوت و خۆڕایی ، هەقمان بەسەر ئەمەوە نییە . بەجۆرێ بەردەبووە وێزەی ئەو ژنە داماوە ، کە دەمانبینی گریانمان بۆی دەهات . "

سوفیا : خانم ، تکایە ، ئەو شتانە مەگێڕەوە کە سووکایەتی بە مرۆڤایەتی دەکات .

ژنەکەی بریگادیر : دەبینی گیانەکەم ؟ تۆ توانای بیستنی ئەو لێندانەت نییە ، نها بیر بکەوە کە ئەو ژنە بەلەنگازە چۆن تەحەمولی کردووە ؟

بەو ئاوایە دەبینین چۆن کیژێکی بە تەربیەت و هەست ناسک لە هەنبەر ژنێکی ساویلکەدا دەستەوەستان دەبێت . ئەم قسەیە یان ئەم وەڵامە لەزگین و بنجبڕە هی فونفیزینە ، هیچ پەیوەندییەکی بە خەیاڵی نووسەرەوە نییە ، بەلای ئەوەوە مرۆڤانی ترین و بێ غەرەزترین وەڵامە . ئێستاش لە نێو ئەو چالاکڤانە پێشەنگانەی ئێمەدا ، خەڵکانێکی پێشکەوتووخوازی زۆر هەن ، کە شانازی بە پێشەنگایەتی خۆوە دەکەن ! بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە ، خەڵکانی وەکو گوازدیلوف هێشتا هەر لە ژنەکانیان دەدەن ، دەتوانرێ بگوترێ لە جاران بە گوڕتر و پڕجۆشترەوە ئەو کارە دەکەن . ئیدی ئەوە واقیعەکەیە ! دەگوترێ خەڵکی جاران هەر بۆ زەوق ئەو کارەیان دەکرد ، بە نیشانەی ڤیان و خۆشەویستیان دەزانی ! " بۆیە لێت دەدەم ، چونکە خۆشم دەوێی . " دەگێڕنەوە

دەڵێن، هەر ژنێک لێی نەدرابا ، دڵی لە خۆی دادەما ، هەستی دەکرد دیارە خۆشیان ناوێ . بەڵام هەموو ئەمانە غەریزەی سەرەتایی و هۆڤیانەیە .

بەڵام ئاشکرایە کە دنیا گۆڕاوە ، باوی ئەو شتانە نەماوە . ئەمڕۆکە گوازدیلوف ، بەحوکمی پابەندبوون بە داب و نەریتانەوە ئەم کارە دەکات ، لە ژنەکەی دەدات چونکە هێشتا گەوجە ، لەبەر ئەوەی بە عەقڵی کۆن بیردەکاتەوە ، سەر لە نەزم و نیزام و داب و نەریتی تازە دەرناکات . لەم دەور و زەمانە تازەیەدا ، دەکرێ بەبێ لێدان و زەبر و زەنگ ، لە جاران باشتر کاروبارەکان ڕێکبخرێ و بەڕێوە ببرێ . بۆیە لەوەی پتر باسی گوازدیلوف ناکەم ، چونکە نووسەرەکان تا ئەمڕۆش بە ئەرێنی لە سەری دەنووسن و دەڵێن زۆر قووڵە ، گیانێکی مرۆڤدۆستانەی گەشی هەیە ، هێندە لە سەر ئەم مەدح و ستایشانە دەڕۆن کە جەماوەر وەڕەز و بێزار بوون . سەرباری هەموو ئەم وتارانە ، گوازدیلوف ، هێندە لەلای ئێمەی ڕووس گەورە کراوە ، کە دەشێ بگوترێ گەیەنراوەتە پایەی نەمری . بەڵێ زندوو و سەلامەتە ، سکی تێر و کەللەی گەرمە . بەڵام نها ئەویش وەکو کاپیتان کوپینیک ، دەست و لاقی لە دەست داوە و بەجۆرێ لە جۆرەکان بکوژە . ژنەکەشی ، ماوەیەکی زۆرە جوانی و خشکۆکییەکەی جارانی نەماوە ، پیر بووە . گاسنی ڕۆژگار ڕوخساری کێڵاوە ، چرچ و لۆچی کەوتووەتە دەم و چاوی ، ڕەنگ و ڕووی هەڵبزرکاوە ، بەڵام کاتێ مێردەکەی لە جێدا کەوتبوو ، دەستەکانی بڕابوون ، لێی دوور نەدەکەوتەوە ، شەونخوونی بەدیارەوە دەکرد ، چاوی لێکدی نەدەنا ، دڵخۆشی دەدایەوە ، ورەی بەرز دەکردەوە ، ڕوندکی گەرمی بەدیاریەوە دەڕشت ، نەوازشی دەکرد ، بەمجۆرەی دەلاواند : " سوارچاکە نازدارەکەم ، پاڵەوانە میرەبانەکەم ، هەڵۆ بەرزەفڕەکەم . سەرکردە قۆزەکەم . " هەرچەندە ئەم حیکایەتە لەلایەکەوە دڵتەزێنە ، بەڵام قەیدی نییە ، لە لایەکی ترەوە گەورەیی ژنی ڕووس دەردەخات : بژی ژنی ڕووس ، کە لە هەموو ڕووسیای ئێمەدا ، هیچ شتێکمان نییە کە هاوتای عەشق و ڤیانی بەخشندەیی ئەو بکاتەوە . خۆشەویستی و میهری ژنی ڕووس نە سەرەتای هەیە نە کۆتایی ! درۆ دەکەم ؟ وێڕای هەموو ئەمەش گوازدیلوف ، هێشتاش – هەندێجار بە هوشیاریش – لە ژنەکەی دەدات ، هەڵبەتە کەمتر و بە ئوسوڵتر لە جاران . ئێستا هەندێجار نەوازشی دەکات و قسەی خۆشی بەگوێدا دەدات .

ئەنجام لە ڕۆژگاری پیریدا بۆی دەرکەوت کە بە بێ ژنەکەی هەڵناکات . کابرایەکی بورژوازییە ، شەیتانە ، هەزار و یەک حیساب بۆخۆی دەکات . خۆ ئەگەر لێشی بدات ، بە سەرخۆشی لێی دەدات ، یان وەختایەک زۆر پەست و تووڕە ببێ و عادەتە کۆنەکەی لە ناخا بێدار ببێتەوە . ئەمە بۆ خۆی پێشکەوتنە ، پێشکەوتنێکە ، بمانەوێ و نەمانەوێ ، مایەی دڵخۆشیە !...

بەڵێ ، ئێمە نها دڵمان خۆشە ، دڵمان بەخۆمان خۆشە ، با هەموو دنیای دەوروبەرمان دزێو بێ ، وەکو پێویست گەشاوە و پرشنگدار نەبێت ، گرینگ خۆمانین ، هێندە جوان و مەدەنی و شارستانی و ئەوروپایین ، کە جەماوەری خەڵک، میللەت تەمەشامان دەکەن، دڵیان لێمان تێک هەڵدێت . جەماوەری خەڵک وەکو بیانی تەمە شامان دەکەن ، بە بیانیمان دەزانن ، نە لە زمانمان ، نە لە نووسین و کتێبمان ، نە لە بیروبۆچوونمان حاڵی نابن... ئەمە هەمووی پێشکەوتنە ، بتانەوێ و نەتانەوێ پێشکەوتنە . ئێمە ئێستا بەجۆرێ میللەت و پرەنسیپە میللیەکانمان دەبوغزێنین کە وەکو شتێکی دزێو و نۆباوی غەریب و نامۆ مامەڵەی لە تەکدا دەکەین ، کە لە ڕۆژگار و سەردەمانی مونیازوف و دوروگانەکانیش دا شتی وا نەبووە و ، ناویشی دەنەین پێشکەوتن . بەڕادەیەک متمانەمان بەخۆ پەیدا کردووە و لە ئاستی مەدەنیەتی خۆمان دڵنیاین کە کێشەکان ، خەتەرترین

کێشە لە سەرەوە چارەسەر دەکەین ، بۆ نموونە بەمجۆرە : " نە گەل هەیە نە خاک ، نەتەوە پەروەری تەنیا سیستەمێکی دیاریکراوە بۆ وەرگرتنی باج . خەڵکی لاپەڕەیەکی سپین ، ڕۆحی بەشەر وەکو مۆم وایە دەتوانی یەکسەر ئینسانێکی ڕاستەقینەی لێدروست بکەت ، ئینسانێکی نەوعی ، گشتی و جیهانی ، ئینسانێکی دەستکرد ، تەنیا ئەوەندە بەسە کە تۆوی شارستانیەتی ئەوروپایی لە دڵیا دابچێنی و دوو سێ کتێبی وێدەی بیخوێنێتەوە .

لەبەر ئەوەیە کە ئەوەندە ئارامین ! ئارامییەکی بەشکۆ ! چونکە گومانمان لە هیچ شتێک نییە ، هەموو مەسەلەکانمان حەل کردووە و مۆری خۆمان لێداوە . بە کەماڵی متمانە و لە خۆ ڕازی بوونێکەوە دێین بۆ نموونە تورگنیف بەر شەلاقان دەدەین ، چونکە پرکێشی ئەوەی کردووە گومانمان لێبکات و شەریکایەتی ئەم ئارامیە بە شکۆیەی ئێمە نەکات و بە نموونە و ئایدیالی نەزانێت ، و لە شتێکی باڵاتر و باشتر بگەڕێ . باڵاتر و باشتر لە ئێمە . ئەی خودای بانی سەر ( ئایا لەم دنیایەدا ، لە سەر گۆی زەویدا خەڵکانی لە ئێمە باشتر و بێ تاوانتر هەیە ؟! ئێمە لە سەر کەسایەتی بازاروف سەرکۆنەمان کردووە ( بازاروف ، کوکشینا : دوو کاراکتەری ڕۆمانی " باوکان و کوڕانی " تورکینیف – ن کە لە ساڵی ١٨٦١ دا بڵاو بووەتەوە و مشت و مڕ و گەنگەشەیەکی توونەی نایەوە. ) بازاروف ئینسانێکی خەمین و نیگەران بوو ( کە نیشانەی ئەوەیە خاوەنی دڵێکی گەورەیە ) و بازاروف وێڕای نەهلیست بازییەکانی کەسێکی دڵ گەورە بوو . تەنانەت لە سەر کەسایەتی کوکشینا- ش ؛ ئەم ژنە ئەسپێ تەبیعەتە پێشکەوتووخوازە ، کە تورگینیف لە ناو جەرگەی واقیعی ڕووسییەوە هەڵیهێنجابوو و ڕتووشی کردبوو تا نیشانمانی بدات ، تورگینیف – مان سەرکۆنە کرد و پاشان تۆمەتبارمان کرد کە دژی ئازادی ژنە . ئەمە هەمووی پێشکەوتنە... ئیدی بتانەوێ و نەتانەوێ پێشکەوتنە ! ئێمە نها لە سەرێ ڕا تەمەشای گەل دەکەین ، بە کەش و فشی عەریفێکی سوپاییەوە بە کەش و فش و لە خۆبایی بوونی سوارچاکێکەوە لەو سوارچاکە بەکرێگیراوانەی لە سوپای وڵاتێکی دیدا کار دەکەن و وادەزانن ژیار و شارستانیەتمان بۆ دێنن . ئەمە دیمەنێکە شایستەی دیتنە : دەست دەخەینە کەلەکەمان ، ڕوو دەکەینە ئاسمان ، چاو دەبڕینە حەوا ، دەوری گابازان دەبینین و هەندێجار تف دەکەین و دەڵێین : ئاخر تۆی مسکێنی لات پاڵەوانی خودا ، دکاریت چمان فێر بکەی ؟ لە کاتێکا هەموو نیشتمانپەروەری و نەتەوە پەروەرییەک ، تەنیا ڕواڵەت بازییە و بیانووە بۆ باج و سەرانە وەرگرتن ! "

هەق نییە دوای وەهم و کڵاوی بابردوو بکەوین !...

بەڕێزینە نها وەرن ، بۆ ساتێک وای دابنەن کە من لە سەفەرەکەم بوومەتەوە و بۆ ڕووسیا گەڕاومەتەوە . ڕێگەم بدەن با چیرۆکێکی بچووکتان بۆ بگێڕمەوە . ڕۆژێک ، لەم زستانەدا ، ڕۆژنامەیەکم بەدەستەوە گرت . پێشکەوتووترین ڕۆژنامە بوو . لە ناکاوا چاوم بە هەواڵێک لە مۆسکۆوە کەوت . مانشێتەکەی ئەمە بوو : " پاشماوەی هۆڤیاتی هێشتا ماوە " یان شتێکی لەو بابەتە بوو . ( ئیدی هەرچییەک بوو ، زۆر توونە و باڵکێش بوو. حەیفێ ڕۆژنامەکەم لە بەردەست دا نییە ) لە وتارەکەدا هاتبوو کە بەیانیەکی ڕۆژێکی پاییز بووکێکی مەست بە جلکی ئاڵا و واڵاوە ، بە سواری گالیسکەیەکەوە لە مۆسکۆدا دەبینرێ ، کە گۆرانی دەڵێت . عەرەبانچیەکەش مەست بووە ، بە جلکی ڕازاوەوە لەبەر خۆوە گۆرانی وتووە ، ئەسپەکەش ڕازێنرابووەوە ، بەڵام نازانم خۆمار بوو یان نا . وادیارە خەیاڵ بووە . بووکێ بوخچەیەکی بەدەستەوە بووە دەیبات تا پیشانی کەس و کاری زاوای بدات ، هەڵبەتە دڵی خۆش بووە ، بوخچەکە پەڕۆیەکی تەنکی تیا دەبێ ، تا وەکو عادەتی میللی لە دوای یەکەم شەوی بووکێنی پیشانی کەس و کاری بووکێ بدرێ . خەڵکەکە تەمەشای دەکەن و پێی پێدەکەنن .

ڕۆژنامەکە بە تووڕەیی ئەم عادەتە دزێوە سەرکۆنە دەکات و دەڵێت : " وێڕای ئەو هەموو پێشکەوتنەی شارستانیەت بە دەستی هێناوە ، هێشتا ئەم دابە کۆنە هەر ماوە ! "

برادەرینە لێتانی ناشارمەوە ، چی بێ لە ئێوە نهێنی ، لە قاقای پێکەنینم دا ! وا وێنا نەکەن من داکۆکی لە خورافات ، لە پەڕۆی بووکێنێ و ئەو شتە کۆنانە دەکەم . هەموو ئەوانە قێزەون و بێ مانان ، جۆرێکە لە پان سلاڤیزم . من ئەمە دەزانم . هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم ، کە هیچ بەدنیازییەک لە پشت ئەو داب و نەریتانەوە نەبووە ، بەڵکو وەکو ڕێز لە بووکێ بەکار براوە ، بەڵام ڕێگەیەکی باشتر و ئەوروپاییتریان نەزانیوە . نا، من بە شتێکی دی پێکەنیم . لە ناکاوا خانمانی ئەشرافزادەی خۆمان و دووکانانی بەرگ دورینم بیرکەوتەوە . دروستە خانمانی شارستانی نها پەڕۆی کچێنی بۆ کەس و کارەکانیان نانێرنەوە بەڵام بۆ نموونە ئەگەر بیانەوێ جلکی تازە بە ڕادان بدەن ، دەچن بۆ خەیاتخانەکان ، زۆر بە زەوق و سەلیقە ، پەموو دەئاخننە هەندێ شوێنی جلکە ئەوروپییەکانیانەوە . ئەم پەمووە بۆچییە ؟ خۆیایە کە بۆ جوانییە ، بۆ خۆنواندنە… شتەکە هەر لێرەدا ناوەستێ ، کچەکانیشیان ، ئەم بوونەوەرە پاک و بێگەردانە ، کیژانی شازدە هەڤدە ساڵ ، هەرکە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو دەکەن ، لە سرِی ئەم پەمووە تێدەگەن ، تەنانەت پەی بە سوودەکەشی دەبەن و فێری ئەوە دەبن کە دەبێ لە کوێ دابنرێ ، دەزانن بە چ مەبەستێک بەکار دەهێنرێ . بە دەم پێکەنینەوە بەخۆم گوت : " تۆ بڵێی ئەم هەموو هەوڵ و تەقەلایە ، ئەم هەموو لۆکە کاریە ، بۆ خۆ گۆشتن نواندن ، پاک تر و ئەخلاقی تر بێ ، لەو پەڕۆ داماوەی کە وەکو نیشانەی ڕووسووری و بە ئەخلاقی بۆ داک و بابی بووکێ دەبرێتەوە ؟! "

دۆستانی بەڕێز ، وا وێنا نەکەن کە من دەمەوێ بگەمە ئەو ئەنجامگیرییەی کە ئەم مەدەنیەتە ، پێشکەوتن نییە ! وانەزانن دەمەوێ بیسەلمێنم کە لە ڕووسیادا ، بە شێوەیەکی زۆر خراپ مەدەنیەت و یاسا و ڕێسای پێشکەوتنی ڕاستەقینە تێکەڵاو کراوە ، یان ئەوە بسەلمێنم کە مەدەنیەت زۆر لە مێژە لە خودی ئەوروپاش ، لە بەرچاو کەوتووە و تەنیا ژمارەیەک سەرمایەدار پشتیوانی لێدەکەن تا سەروەت و سامانەکانیان بپارێزن ، هەرچەندە لە ڕۆژئاوادا هەموو کەس یان سەرمایەدارن ، یان لە هەوڵی ئەوەدان ببنە سەرمایەدار و موڵکدار . وا زەن نەبن دەمەوێ بیسەلمێنم کە ڕوحی ئادەمیزاد نە لاپەڕەیەکی سپیە و نە مومێکە کە بکرێ ئینسانێکی تەواوی لێدروست بکرێت . ئەمە یەکەم فیترەت و سروشتی دەوێ و دووەم زانستی دەوێ ، دوای ئەمانە ژیانێکی ئازادو سەربەخۆی دەوێت ، باوەڕی دەوێ ، باوەڕی گەل بە هێزە نەتەوەییە تایبەتیەکانی خۆی، هەڵبەتە وا وێنانەکەن کە وابنوێنم ، کە نازانم پێشکەوتووخوازەکانمان ( هەڵبەتە هەموویان نا ) لەگەڵ ئەوەدا نین کە لۆکە لە جل و بەرگی ژنان بئاخنرێ ، وەکو چۆن لایەنگری پەڕۆی کچێنی – ش نین … نەخێر ، من تەنیا دەمەوێ ئەمە بڵێم : کە وتارەکەی ئەو ڕۆژنامەیە ، تەنیا مەسەلەی پەڕۆی ناڤبری مەحکووم نەکردبوو ، تەنیا بەوەوە نەوەستابوو بڵێ ئەمە خوو و دابێکی هۆڤیانەیە ، بەڵکو بە ئاشکرا نەزانی میللی و نەتەوەیی و غەریزی ئێمەشی لە هەنبەر مەدەنیەتی ئەوروپایی دا ، کە چینە باڵاکانی ئێمە وەریان گرتبوو ، ڕیسوا و مەحکووم کردبوو . نووسەری وتارەکەی ڕۆژنامەی ناڤبری ، دابوویە تانی بێعاری ، دەتگوت خۆی لە گێلی دەدات و ناخوازێ بزانێ کە لەگینە خودی ئیرادگرەکان هەزار هێندەی خەڵکەکەی دی خراترە و ، ئێمە هاتووین ، دەستبەرداری هەندێ لە وەهم و خەیاڵاتە حەیابەرەکانی خۆمان بووین و هەندێ داب و نەریت و خوو و خدەی زۆر خراپترمان وەرگرتووە . کەرێکم داوە بە کەرێک سندان لە چاوی هەردووکیان دەرێ ! وتار نووسەکە وادیارە هەستی بە کێماسیە سەخیف و عەیب و عارە نەنگینە زۆر و زەبەندەکانی خۆمان نەکردبێ ، یان نەیویستبێ بە هەندی وەربگرێ . چ پێویست دەکات پیاو بەو کەش و فش و قۆڕە دەماخیە سەیری گەل بکات ، بۆچی لە بەرزییەوە تەمەشای گەل بکەین ،

دەست بخەینە کەلەکەمان و تف بکەین ؟ ئاخر پیاو کە بەم ڕادەیە متمانەی بەخۆی هەبێ و وابزانێ لە هەر هەڵەیەک بە دوورە و هەر ئیرادێ کە ئەو دەیگرێ ، هەق و دروستە ، ئەمە متمانەیەکی زۆر نابەجێیە ، ئەمە بێ ڕێزییە بەگەل ، لە ئەنجاما دەکاتە لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەی مەدەنیەتی ئەوروپایی ، کە لەم حاڵەدا عوزر لە قەباحەت خراترە .

ئەم پێداگرییەی بۆچییە ؟ پیاو ڕۆژانە هەزاران واریقاتی وای دێتە پێشێ . بمبوورن کە بە گێڕانەوەی ئەم حیکایەتە کورتە سەرم یەشاندن .

خەتای منە ، کە لە بابەتەکە دەردەچم . هۆی ئەمەش ئەوەیە زۆر بلەز لە باپیرانەوە بازم دایە سەر نەوەکان . ئاخر لەو بەینەدا فاسیلەیەکیش هەبووە . چاتسکی وەبیر بێننەوە ( چاتسکی: کەسایەتی سەرەکی شانۆنامەیەکی کومیکی بە نێوبانگە لە نووسینی ئەلکسندر سیرگیفیچ گریبویدوف ١٧٩٥ – ١٨٢٩ لەژێر سەرناڤی " زیرەکی زۆر زەرەرە " لە ساڵی ١٨٣٣ بڵاوبووەتەوە . هەموو ئەو ناوانەی لێرە بەدواوە دێن ، ناوی کاراکتەرانی ئەم شانۆنامەیەن . کەسایەتی مولچالین نموونەی فەرمانبەری خۆپەرست و هەلپەرستە . شیعری : " پەنایەک بۆ سۆزی بریندار ی سووکایەتی پێکراو " لە دوا دیمەنی ئەم شانۆنامەیەوە ، فەسڵی پێنجەم ، دیمەنی چواردەیەمەوە هەڵێنجراوە) . چاتسکی، نە باوەگەورەیەکی سادەی فیڵبازی شەلاق بەدەست بوو و نە سەلەفێکی لە خۆڕازی کە دەوری گابازان بدینێ . چاتسکی نموونەیەکی تایبەتی ئەم ئەوروپاچیاتیەی ڕووسیا بوو ، ئینسانێکی میرەبان و بە بەزەیی بوو ، هەم داوای بە ئەوروپا بوونی ڕووسیای دەکرد و هەم داوای ڕووسیاچیاتی دەکرد ، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەگەر ویستبای داوای شتێک یان پەناگەیەک بۆ چەوساوان بکات ، ڕوویدەکردە ئەوروپا .

بەکورتی ، ئەم نموونەیە بۆ ئەم ڕۆژگارە نە سوودی هەیە و نە بە کەڵک دێت ، بەڵام جاران زۆر بەسوود بووە . کابرایەکە دەماوەر ، وتاری بەجۆش دەدات ، بەدڵ و بەگیان ، ڕاستگۆیانە کار دەکات ، بەڵام نیگەرانی ئەوەیە کە هیچ سوود و کاریگەرییەکی نییە . ئەم چاتسکییە حاڵی حازر لە نەوەی تازەدا زندوو بووەتەوە . ئێمە باوەڕمان بە هێزی گەنجان هەیە . باوەڕمان بەوە هەیە کە بەو زووانە دێتەوە ، بەڵام وەکو کەسێکی پڕجۆش و سەرکێش و بەسۆزی وەکو ئەوەی ئاهەنگی سەمایەکەی فاموسوف نا ، بەڵکو وەکو کەسێکی سەرکەوتووی بەتوانا و میهرەبان و خۆشەویست ، جگە لەمانە دان بەوەشدا دەنێت کە پەناگای سۆزی بریندار و تەوهین کری ئەوروپا نییە ، ڕەنگە ئێرە بێ ، لە بەردەم خۆیدا بێ ، هەنگێ دەزانێ دەبێ چ بکات و قوڵی هیمەتی لێ هەڵدەماڵێت . دەزانن چییە ؟ من باوەڕم وایە هەموو شتێک تەواو نەبووە ، نها شتێکمان هەیە جیا لەو سامودورانە (سامودور: ئەم وشەیە بە مانای کەسێکی لە خۆبایی عەقڵ سووک و سەرسەخت دێت . ئەم وشەیە لە ڕێگەی شانۆنامەنووس ئەلکسندر نیکولایفیچ ئوستروفسکییەوە ١٨٢٣ – ١٨٨٦ وە ڕەواجی پەیدا کردووە و ، شانۆنامەکانی پڕن لە نموونەێن وەکو سامودوران. )

من دڵنیام ، کە ئینسانی تازە لە دایک بوون و ڕژدم لە سەر ئەم قسەیەی خۆم… بەڵام با ئەمە جارێ بمێنێ ، دوایی باسی دەکەم . نها حەز دەکەم دوو قسەی دی دەربارەی چاتسکی بکەم . بەڵام یەک شتم لەلا ڕوون و عەیان نییە . باشە چاتسکی پیاوێکی بە ئاوەز و زیرەک نەبوو ؟ چۆن پیاوێک نەیدەزانی چ بکات ؟ ئاخر نە ئەو و نە ئەوانەی وەکو ئەو بوون ، بە درێژایی دوو سێ نەوە نەیانتوانیوە کارێ بدۆزنەوە و بیکەن . ئەوە حەقیقەتە ، حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرە . بەڵام وابزانم بۆمان هەیە لە ڕووی فزوڵیەت و کونجکاوییەوە پرسیارێک بکەین . من لەوە تێناگەم ، چۆن کەسێکی زیرەک و بەئاوەز ، لە هەر ڕۆژگارێکدا و لە هەر هەلومەرجێکا بێ ، ناتوانێ

کارێک بدۆزێتەوە و بیکات . دەگوترێ ئەم خاڵە جێگەی مشت و مڕە ، بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت ، بەڵام من لە دڵی خۆما باوەڕم بەو قسەیە نییە . عەقڵ و دیرایەت بۆ ئەوەیە بەو شتە بگەی کە دەتەوێ بیگەیتێ . ئەگەر نەتوانی فرسەخان ببڕی ، بەلای کەمەوە سەد هەنگاو بنە ، چاری ڕێگا هەر ڕۆیشتنە . گرینگ یەکەم هەنگاوە ، هیچ نەبێت لە ئامانجەکەت نزیکت دەخاتەوە . بەڵام ئەگەر بتەوێ بەیەک هەنگاو بگەیتە ئامانج ، بەنۆڕینی من نەک بیرکردنەوەیەکی عاقڵانە نییە ، بەڵکو نیشانەی تەمەڵی و تەوەزلیشە . ئێمە حەزمان لە کار نییە ، فێری ئەوە نەبووین هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێشێ و لە ئامانج نزیک ببینەوە . حەز دەکەین بە یەک هەنگاو بگەینە ئامانج ، بە نۆڕینی من ئەمە نیشانەی تەمەڵییە . بەرەنجامی نازدارییە ، کەواتە چاتسکی زۆر چاکی کردووە کە ئەو زەمانە پەنای بۆ ئەورووپا بردووە ، خۆ ئەگەر کەسێکی دی چاوەڕوانی کردبا ، لەگین بوو بڕوات بۆ ڕۆژهەلات نەک بۆ ڕۆژئاوا . خەڵکی وڵاتی مە حەزیان لە ڕۆژئاوایە ، هەرکاتێ هەلیان بۆ بڕەخسێت ، حەزدەکەن بۆ ئەوێندەر بڕۆن . خودی منیش حاڵی حازر بەڕێوەم بۆ ئەوێندەر . بەڵام مەسەلەکەی من جیاوازە . هەموو ڕووسەکانم لەوێندەر دیتوون . لە ژمارە نایەن ، پێدەچێ هەر هەموویان لە دووی پەناگایەک بۆ هەستی بریندار و دڵی شکاوی خۆیان بگەڕێن ، یان بەکێمانی وێڵی دوای شتێک بن . لە هاونەسڵانی چاتسکی دا – لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ – لە دوای کوڕ و ئاهەنگی سەمای فاموسوف – وە ، لە ڕۆژئاوا یەجگار زۆربوون ، بە کۆمەڵ ڕوویان کردە ڕۆژئاوا . تەنیا خەڵکانی وەکو چاتسکی نەبوون : خەڵکێکی یەجگار زۆر ، مۆسکۆیان بەرەو ڕۆژئاوا بەجێهێشت مەگەر هەرخوا بزانێ چەندانی وەکو ریپتلوف ( ریپتلوف، سکالوزوبوف، فاموسوف، خلستوفا ، مولچالین : کاراکتەری شانۆنامەکەی گریبۆیدوف – ن ) لەوێن، چەندانی وەکو سکالوزوبوف ، ئەوانەی لە خزمەت مەعاف بوون و نێردراون بۆ ئەو شارانەی کە گەڕاویان تیایە ، تا لەوێندەر چارەسەر وەربگرن !

ناتالیا دیمیتریوفنا و مێردەکەی مشتەری هەمیشەیی ئەوێندەرن . تەنانەت دۆتمیر خلیستوفنا – ش هەموو ساڵێک سەردانی گەڕاوەکان دەکات . هەموو ئەمانە تەنانەت لە مۆسکۆش بێزار بوون . تەنیا مالچالین – یان لەگەڵدا نییە : ئەو ژیانێکی تری بۆ خۆی هەڵبژاردووە و خۆی نەزری وڵات کردووە و لە ناو کەس و کار و نیشتمانی خۆیدا ماوەتەوە... نها کەس ناتوانێ لێم نزیک ببێتەوە ، تەنانەت ئامادەنییە لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی فاموسوف – ش بکات : " ئاخر ئەوان لە گوندا هاوسێن ، لە شارا کەس ئامادە نییە مەرحەبایان بکات " مالچالین ، نها کاری هەیە ، زۆر سەرقاڵە . کاری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە . نها لە پترسبورگ دەژی... کابرایەکی سەرکەوتووە . " هەم ئەو ڕووسیا دەناسێت و هەم ڕووسیا ئەو دەناسێت . "

( ئەوە وتەی دیرۆکنووس و ڕەخنەگر نیکولا ئەلکسیفیچ بولوفوی ١٧٩٦ – ١٨٤٦ بوو کە ئەمە دەقەکەیەتی : " من ڕووسیا دەناسم و ڕووسیام خۆشدەوێ ، ڕووسیا من دەناسێت و خۆشی دەوێم " ئەم وتەیە بووە مایەی تەوس و توانج و ڕیشخەنی هاوعەسرەکانی ، بە تایبەتی بیلنسکی.) بەڵێ ڕووسیا ئەو چاک دەناسێت و تا ماوەیەکی زۆریش لەبیری ناکات . مالچالین ، نها بەپێچەوانەی جارانەوە بێدەنگ نییە ، بەبەردەوامی قسە دەکات . کتێبیش دەخوێنێتەوە . دەی بەسە ، زۆرمان باسی مالچالین کرد ، ئەوەندە بەسە . باسی هەموو ئەوانەم کرد کە ڕوودەکەنە ئەورووپا تا پەناگایەک پەیدا بکەن و سوکناییەک بە دڵیاندا بێ و سووکە ئۆخژنێک لە دڵیان بگەڕێ ، پێموابوو ئەوێندەر بۆ ئەوان باشترە... بەڵام خەم و نیگەرانییەکی ئەوتۆ بە سەر و سیمایانەوە دیارە ، کە پیاو سەری دەسوڕمێ... بەزەیی بە حاڵیاندا دێتەوە . ئەم هەموو نائارامی و هەڵسوکەوتە نائاساییەیان لە چییە ؟ سەر و دەفتەرچەی ڕێنمایان بە دەستەوەیە و دەگەڕێن . دەگەنە هەر شارێ ، بە هەڵەداوان دەکەونە تاقیبی شوێنە سەیر و عەنتیکەکان ، وەکو ئەوەی لە وڵاتی خۆیاندا بن و ئەمە ئەرکیان بێ . تەنانەت کۆشکێکی چکۆلەی

سێ پەنجەرەییش کە لە ڕێنماکەدا ناوی هاتبێ نابوێرن . هیچ خانوویەکی شارەوانی با لە خانوویەکی ئاسایی موسکۆ یان پترسبورگیش بچێت نابوێرن . دەچن لەبەردەم تابلۆکانی روبنس دا، کە ژنانی ڕووت نیشاندەدات ، دەوەستێن ، لێی ڕادەمێنن و بە سێ خواوەندەکەی جوانی و ئەفسانانی گریکی دەزانن ؛ چونکە لە دەفتەرچەی دەلیلەکەدا بەوئاوایە نیشاندراوە ، بەرەولای تابلۆی مریەمی پیرۆزی ، روفائیل هێرش دەبەن ، بە حەپەساوی لەبەردەمیا دەوەستن و چاوەڕوانی ئەوە دەکەن پەرجوویەک ڕووبدات و کەسێک لەژێر ئەرزەوە بێتە دەرێ و خەم و پەژارە و نیگەرانییە بێ هۆیەکەیان برەوێنێتەوە ، پاشان کە شتی وەها ڕوونادات ، بە سەرسامی لەوێندر دوور دەکەونەوە . ئەمانە هەمان کونجکاوی میکانیکی گەشتیارانی ئینگلیزیان نییە . ئینگلیزەکان زیاتر تەمەشای دەلیلەکە دەکەن تا تەمەشای شوێنە بالکێشەکان و پێشبینی ڕوودانی بویەرێن نائاسایی و پەرجووئاسا ناکەن ، تەمەشای دەلیلەکە دەکەن ، تا بزانن ئەو شوێنەی لە دەلیلەکەدا باسکراوە ، چەند لەگەڵ ئەوەی لە واقیع دا هەیە تێک دەکاتەوە . کونجکاوی ڕووسەکان ، تامەزرۆیانەیە ؛ هەڵبەتە من تەنیا باسی ئەو کەسانە کە شتێکیان پێیە و شتێکیان لەباردایە ، هەقم بەسەر ئەوانی دیکەوە نییە : لە خوا دەپاڕێمەوە کە هەمووان بپارێزێ . باسی ئەوانەش ناکەم کە لە ڕۆژئاوا گیرساونەتەوە ، بەرەبەرە زمانی خۆیان لە بیر چووەتەوە و گوێ لە وەعز و ئامۆژگاریانی قەشە کاتولیکەکان دەگرن. ( مەبەست لە شازادە ئیڤان گاگارینە کە لە ساڵی ١٨٤٣ دا ڕووسیای بەجێهێشت و لە فەرەنسا ئاکنجی بوو و چووە سەر مەزەبی کاتولیک . ) بە هەرحاڵ سەبارەت بە ئێمەی ڕووس دەشێت یەک شت بەڕوونی و ڕاشکاوی بگوترێ : هەرکە لە سنوور ئاودیو دەبین ڕێک لەو تولە سەگە داماوانە دەچین کە خاوەنەکانیان ون دەکەن و حایر و حەپەساو بەملا و بەولادا غار دەدەن تا خاوەنەکانیان بدۆزنەوە . ڕەنگە وابزانن مەبەستم لەم قسانە تانە و تەشەر بێ ، مەبەستم کەسێکی تایبەتی بێ کە نها لە هەندەران بێ و بمەوێ مەحکوومی بکەم ، بۆ نموونە حاڵی حازر مەسەلەی چارەسەری کشت و کاڵ لە ئارادایە و چما فلان کەس لە هەندەرانە... ئەمە و ئەوە . نا ، نا ، شتی وانییە ، من کەس تۆمەتبار ناکەم ! ئاخر من چیم و کێم تا خەڵکی تۆمەتبار بکەم ؟ ئاخر چۆن و کێ تۆمەتبار بکەم ؟ دەڵێن : " ئێمە خۆشحاڵ دەبین ئەگەر کارێک بکەین ، بەڵام کار نییە ؛ ئەگەر هەشبێ بەبێ ئێمە دەکرێت . هەموو کار و پۆستەکان گیراون ، شوێنی بەتاڵ نەماوە ، ئیدی بۆچی خۆ لە کارێ هەڵقورتێنین کە داوامان لێ نەکراوە ؟ " بە کورتیەکەی ئەوە بیانوو و پاساوی هەموویانە . ئێمە بەخۆمان هەموو ئەو پاساوانەمان ئەزبەرە ، بەڵام چ دەکرێ ؟ بڕۆین یەخەی کێ بگرین ؟ ئاخر لە کوێ و کەی دەرفەتی ئەوە هەیە هاوولاتیانی ڕووس لە هەندەران بەسەر بکەینەوە ؟ لە کاتێکا تازە گەییوینەتە سنوور... یان ئاودیو بووین ؟ بەڵێ ئاودیوو بووین ، بگرە لە بەرلین و درسدن و کولونیاش ڕەت بووین . ئەلهەقی هێشتا لە ڤیتاردام . بەڵام بازگەی ئیدتکونن و ئەرکلین – مان لە پێشە ، پاشان داخڵی فەرەنسا دەبین . پاریس ئەو پاریسەی کە دەمویست باسی بکەم و پاشان لە بیرم چووەوە ؟ هۆیەکەی ئەوەبوو کە زۆر لە سەر باسی ئەوروپای ڕووسی خۆمان ڕۆیشتم ، ئەمە بۆ کەسێک بەخۆی پێوەبێت بڕوات بۆ سەردانی ئەوروپای ڕاستەقینە ئاساییە ، عوزرخوایی بۆ چییە ؟ ئەم فەسڵە – وەکو گوتم – زیادەیە .

## فەسڵی چوارەم

### هەندێ شتی پێویست بۆ گەشتیاران

وەڵامی یەکجارەکی بۆ ئەم پرسیارە : ئایا فەرەنساییان بێ ئاوەزن ؟

به دەم تەمەشاکردنی ئەو چوار موسافیرە فەرەنسییەوە کە تۆزێ لەمە پێش سواری قیتارەکە بوون ، لە دڵی خۆدا گوتم : " سەیرە... ئەدی چما دەڵێن فەرەنسییان بێ ئاوەزن ؟ " ئەو ڕێبوارانەی کە تۆزێ لەمە پێش سواری قیتارەکە بوون ، هەوەڵین فەرەنساییان بوون کە لە وڵاتی خۆیاندا دەمبینین ، هەڵبەتە بێجگە لە کارمەندەکانی گومرکی ئەرکلین کە تازە لێیان ڕەت بووبووین . کارمەندانی خاڵ و بازگە گومرکییەکە زۆر بە ئەدەب و نەزاکەت بوون ، کاری خۆیان بە خێرایی ئەنجام دەدا ، سواری قیتارەکە بوومەوە ، زۆر خۆشحاڵ بووم کە پێم نایە خاکی فەرەنسا . تاوەکو وێستگەی ئەرکلین ، فارگۆنەکەی ئێمە زۆر گەورە بوو و جێگەی هەشت کەسی تیا دەبووەوە ، تەنیا دوو کەسی تیابوو کە من و پیاوێکی سویسری بووین ، پیاوێکی سادە و بێ فیز ، میانساڵ ، دەماوەر و هاودەمێکی زۆر کارامە بوو ، دوو سەعاتی تەواو ، لە پەستا و بێ بڕانەوە ، قسەمان کرد . نها و لە پڕا بووین بە شەش کەس ، سەرم لەوە سوڕما کە یارۆی سویسری ، هەرکە چوار نەفەرە تازەکە سوار بوون ، وەکو کەو چوو ، لە قسە کەوت ، بە ئامان و زامان زاری هەڵنەدەهێنا . ویستم بچینەوە سەر قسەکەی پێشوومان ، بەڵام ئەو بلەز قسەکەی پێبڕیم و بە کورتی تێگەیاندم کە وەختی قسەکردن نییە ، هەڵبەتە بە ڕاوێژێکی وشک و کورت و هەندێک زبر ئەوەی تێگەیاندم . ئەوسا ڕوویکردە پەنجەرەکە و کەوتە تەمەشای دیمەنەکانی سروشت . دوای تۆزێک ڕێنماییە ئەڵمانیەکەی لە بەرکی دەرهێنا و کەوتە خوێندنەوەی . منیش ئیدی وازم لێهێنا . بە بێدەنگی کەوتمە تەمەشای چوار هاوسەفەرە تازەکانمان . بە هیچ جۆرێ لە گەشتیار نەدەچوون ، نە بوخچەیەکیان پێبوو ، نە جانتایەک ، نە جل و بەرگەکانیان لە هی گەشتیار دەچوون . هەرهەموویان چاکەت و پانتۆڵی سووکەڵە و کۆن و کاڵەوەبوویان لەبەر بوو ، جلەکانیان بە ئاستەم لە جل و بەرگی موراسیلی ئەفسەرانی وڵاتی مە و خزمەتکارێن کوڵە ئاغای گوندەواری مە ، باشتر بوو . کراسەکانیان چڵکن ، ڕەنگی بۆینباخەکانیان ناشیرین و زەق بوو . یەکێکیان پاشماوەی دەسەسرێکی ئاوریشمی لە ملیەوە ئاڵاندبوو ، لەو دەسەسڕانەی عومرێکی درێژ بە ملی خاوەنەکانیانەوە دەمێننەوە و دوای پازدە ساڵ ، هۆقەیەک چڵک و چەوری لە خۆ دەگرێت . بزمەکانی ( سەری قۆڵی کراس ) ئەم کابرایە سەر و دوگمەی ئەڵماسی قەڵبیان پێوەبوو کە هەر یەکێکیان بە ئەندازەی بوندقێک دەبوو . بەڵام جۆرە غرووریک بە هەریەکێکیانەوە دیاربوو . هەموویان هاوتەمەن دیاربوون ، دەوروبەری سی – سی و پێنج ساڵ دەبوون ، هەرچەندە ڕوخساریان جیاواز بوو ، بەڵام زۆر لە یەکدی دەچوون ، سەرو ڕدێنی چکۆلەی وەکو کارمەندانی فەرەنسیان دانابوو . هەستت دەکرد ، هەوراز و نشێوی زۆر و جۆراوجۆریان بڕیوە و تەواو قاڵ بوونەتەوە و ئیدی سیمایەکی تووڕە ، بەڵام جدییان وەرگرتبوو ، وام هاتە خەیاڵ کە یەکدی دەناسن ، بەڵام نایەتەوە بیرم کە تاقە قسەیەکیان دەگەڵ یەکدیدا کردبێ ! وایان دەنواند هەست بە ئێمە ؛ بە من و یارۆی سویسری ناکەن . کڕ و کپ ، بێ خەم و خەیاڵ ، خەمسارد و بێ موبالات بەدەم فیکەکێشانەوە لە جێی خۆیان ڕۆنیشتن ، بە مکوڕی لە پەنجەرەکەوە دەیانڕوانییە دەرەوە . جگەرەیەکم پێکرد و لە بێکاریدا کەوتمە تەمەشاکردنی وان و لە دڵی خۆدا دەمپرسی: " ئاخۆ ئەمانە کێ و چ کارە بن ؟ نە کرێکارن نە بورژوا . تۆ بڵێی سوپاییانی خانەنشین بن ، یان شتێکی لەو جۆرە ؟ "

به هەرحاڵ ئەمەم زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو . هەمووی دە خولەکێکی پێنەچوو ، کە یەک لە دوای یەک لە وێستگەکەی دی دابەزین . دەرگاکەیان لە دوای خۆ بەتووندی پێکا دا و قیتارەکە دووبارە کەوتەوە ڕێ ! لەم هێڵەدا قیتارەکە بۆ ماوەیەکی زۆر ناوەستێ ، ئەوپەڕی بۆ ماوەی دوو – سێ خولەکان دەوەستێ . ئەوسا دەکەوێتەوە ڕێ ، زۆر خۆش و خێرا ڕێدەکات .

هەرکە هەردووکمان بە تەنێ ماینەوە ، یارۆی سویسری خێرا ڕێنماکەی داخست و لەلایەکەوە داینا و بە ڕوویەکی خۆشەوە تەمەشای کردم ، وا دیاربوو حەزی دەکرد درێژە بە قسەکەی بداتەوە .

بە کونجکاویەوە لێی ڕامام و هەڵمدایە :- ئەرێ ئەو بەڕێزانە زۆر نەمانەوە !

گوتی :- بەڵێ ، ئاخر ئەرکەکەیان هەر ئەوەندە بوو . لە نێوان ئەم دوو وێستگەیەدا بوو .

- تۆ دەیانناسیت ؟

- ئەوانە ؟ پۆلیس بوون...

بە سەرسامی پرسیم :- چی؟ پۆلیس ؟

- من لە هەوەڵەوە زانیم کە تۆ هەستت پێیان نەکرد .

من ، کە هێشتا باوەڕم نەدەکرد گوتم :- تۆ بڵێی ئەمن و سیخوڕ بووبن ؟!

- بەڵێ. بۆ ئێمەیان دانابوون .

- تۆ دڵنیایت ؟

- زۆریش . من زۆرجار بەم ڕێگایەدا هاتووم . کە لە خاڵی گومرکەکە بووین ، و کاتێ کە تەمەشای پاسپۆرتەکانیان کردین ، ناوی ئێمەیان دانێ و ئاماژەیان کردنێ کە بکەونە تاقیبمان ، ئیدی بۆیە هاتنە فارگۆنەکەی ئێمەوە تا چاودێریمان بکەن .

- باشە خۆ لەوێندەر ئێمەیان بینی ، ئیدی بۆ دەبێ تاقیبمان بکەن ؟

- با ، ناوەکانمانیشیان دانێ ، بەڵام ئەوە بەس نییە . ئێستا هەمو هەڵس و کەوت و ڕواڵەت و ڕوخسارمانیان دایە بەر زەین : ڕوخسار ، پۆشاک ، جانتاکانمان و سەروسیمامانیان بەیادگە سپارد . تەنانەت دوگمەی بزمەی کراسەکانیشیان نەبوارد . تەنانەت کە تۆ قوتووی جگەرەکەشت دەرهێنا ، بە وردی زەینیان دایێ . بەکورتیەکەی پەیجۆری هەموو تایبەتمەندی و شتە وردەکانیان کرد و بە یادگەی خۆیان سپارد . تۆ ئەگەر لە پاریس دا ون ببیت، یان کەسێکی گومان لێکراو بی و بتەوێ ناوی خۆت بگۆڕی ، هەنگێ ئەم داتایانە ، یارمەتی پۆلیس دەدات ، تا بتدۆزنەوە یان دەستگیرت بکەن . هەڵبەتە ئەم داتایانە ڕێک لەو وێستگەیەوە بە بروسکە بۆ پاریس ڤڕێ دەکرێت. ئیدی لەوێ ئەرشیڤ دەکرێ و لە کاتی پێویستدا سوودی لێوەردەگیرێت . جگە لەمە خاوەن ئوتێلەکانیش لە سەریانە هەموو زانیاریەک لە مەڕ ئەو بیانیانەی لەلایان دادەبەزن ، بدەن بە دام و دەزگا بەرپرسەکان .

چونکە هێشتا مەسەلەکەم بەلاوە ئالۆز و گۆنگ بوو ، دووبارە لێم پرسی :- باشە بۆ ژمارەیان هێندە زۆر بوون ؟ چوار نەفەر !

- ئا ، ژمارەیان لێرە زۆرە ! ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە ژمارەی بیانیان ئەمجارە کەم بن ، دەنا وا نەبوایە بە سەر هەموو فارگۆنەکاندا دابەش دەبوون .

- خۆ هەر تەمەشاشیان نەکردین ، بەڵکو لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە دەرەوە .

- خەمت نەبێ... سەرنجی هەموو شتێکیان دا... ئەسڵەن بۆ چاودێری مە هاتبوون .

له دڵی خۆدا گوتم : " هاها ! ئەدی بۆ دەڵێن " فەرەنسیان بێئاوەزن ! " بەشەرمەوە دان بەوەدا دەنەم کە ژێراوژێر و بەگومانەوە ڕوانیمە کابرای سویسری و لە دڵی خۆدا گوتم : ناکا تۆش منت دەستکەوتبێ و بتەوێ پێم ڕابوێری ؟ تەنیا بۆ یەک ساتی بلەز ئەوەم بەمێشکا هات . هەڵبەتە ئەمە بیرکردنەوەیەکی گەوجانە بوو ، بەڵام بەدەست خۆم نەبوو ؟ ئیدی جاری وا هەیە پیاو ئەو بیرانەی بە مێشکا دێت .

یارۆی سویسری پێی ڕانەبواردبووم . لەو ئوتێلەدا کە دابەزی بووم خێرا ، هەموو نیشانەکانیان تۆمار کردم ، و بۆ شوێنی خۆیان نارد . بە دیقەت و وردییەکی ئەوتۆوە سەرنجی ڕواڵەتی ئینسان دەدەن ، کە بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە لە ئوتێل دا ، هەموو کار و ڕەفتارێکت ، هەر هەنگاوێکت چەندیش بچووک بێ ، لە ژێر چاودێریدایە و زۆر بە وردی تۆمار دەکرێت . بەڵام من لە ئوتێلی یەکەمدا پەست و بێزار نەبووم ، هەموو خەسڵەت و نیشانەکانیان تۆمار کردم بە بێئەوەی خۆم هیچ بڵێم ، تاقە وشەیەک بڵێم ، جگە لەو وەڵامە خەتیانەی کە سەبارەت بە پرسیارەکانی ناو دەفتەری تۆمارەکە هەبوو ، ئەوانەم بە دەستی خۆم تۆمار کرد : ناسنامە ، ئەو وڵاتەی لێوەی هاتوویت ، بە چ کارێ هاتووی... هتد . بەڵام لە ئوتێلی دووەمدا، ( ئاخر دوای ئەوەی سەفەرێکی هەشت ڕۆژەم بۆ ئینگلتەرا کرد و گەڕامەوە لە ئوتێلەکەی خۆما ، ئوتێلی کوکپیر جێگەم دەست نەکەوت و ناچاربووم ئوتێلەکەم بگۆڕم ) لێرەدا پرس و جۆیەکی ئاشکراتریان دەگەڵدا کردم ، ئوتێلی دووەم ناوی دو ئەمپریوس بوو ، دیاربوو لە هەموو ڕوویەکەوە ئوتێلێکی خێزانی بوو . بەڕێوەبەری ئوتێلەکە و هاوسەرەکەی بە ڕاستی دوو ئینسانی باش بوون ، ژن و پیاوێکی بە تەمەن بوون ، بە میهر و ئەدەبەوە مامەڵەیان دەگەڵ میوانەکان دەکرد . یەکەم ئێوارە کە گەییمە ئەوێندەر ، خانمی بەڕێوەبەر کە لە ڕاڕەوەکەدا بینیمی ، تکای لێکردم کە بچم بۆ نووسینگەکە . مێردەکەی لەوێندەر بوو . بەڵام دیاربوو کە خانم ئوتێلەکەی بەڕێوە دەبرد .

زۆر بە نەزاکەتەوە کەوتە قسان :- ببورە ، دەبێ هەموو زانیارییەک – مان لەمەڕ تۆ لەلا بێ .

گوتم : خۆ هەموو زانیاریەکم دانێ... پاسپۆرتەکەشم لە لای خۆتانە .

- بەڵێ ، بەڵام کار و پیشەی بەڕێزتان ؟

پیشەم؟ ئەم وشەیە زۆر دزێوە ، هیچ کاتێ حەزم لێنەکردووە . باشە چ بڵێم ؟ گەشتیار ؟ وشەیەکی گۆنگە... بڵێم ئەدیب و نووسەر ؟ هەنگێ هیچ حیساب و ئیحتوبارێکم بۆ ناکەن .

خانمی بەڕێوەبەر فریام کەوت :- دەتوانی بنووسیت کاری ئازاد ، چۆنە ؟ ئەمە عەیبی نییە .

هاوسەرەکەشی هەڵیدایە :- بەڵێ ، زۆر باشە و هیچ عەیبێکی نییە .

- دەی باشە ئەوە دەنووسین ، نها با بێینە سەر ئەمەی بە چ مەبەستێ بۆ پاریس هاتووی ؟

- بۆ سیاحەت و گەشت !

- ئەها... بۆ دیتنی پاریس . ببورە قوربان بەرزی باڵاتان چەندە ؟

- بەرزی باڵام ؟

- درێژی باڵات بە تەواوی چەندە ؟

- بە خۆت دەبینی کە مامناوەندییە ؟

- هەڵبەتە قوربان ، بەڵام دەمەوێ بەوردی بیزانم... وابزانم...

ئەوسا ، بەجۆرە پەشۆکانێکەوە ، وەکو ئەوەی بە نیگا شیرەت بە مێردەکەی بکات لە سەری ڕۆیی :- وابزانم...

مێردەکەی کە بەچاو باڵای منی خەمڵاندبوو گوتی :- پێموایە باڵای ئەوەندە و ئەوەندەیە .

پرسیم :- باشە باڵای منتان بۆچییە ؟

خانم وەڵامی دایەوە :- ئەمە پێویستە...

خانمی بەڕێوەبەر ، بەدەم تۆمارکردنی باڵای منەوە ، تەکەزی لە سەر وشەی " پێویستە " کردەوە و لە سەر پرس و جۆیەکەی بەردەوام بوو و پرسی :- نها قوربان ڕەنگی قژت ؟ زەردە ، کاڵە ، لوولە ، خاوە...

ڕەنگی قژیشی تۆمار کردم . ئەوسا قەڵەمەکەی دانا ، هەستا ، بەڕوویەکی خۆشەوە لێم نزیک بووەوە و گوتی :- قوربان ، بێزەحمەت وەرە ئێرە ، دوو هەنگاوێک لە پەنجەرەکە نزیک ببەوە . دەبێ ڕەنگی چاوەکانت بدینم . ئەها... کاڵن !...

دووبارە بە نیگا داوای شیرەت و ڕاوێژی لە مێردەکەی کرد . وادیاربوو یەکتریان خۆشدەوێ . پیاوە بە ڕاوێژێکی جدی گوتی : - زیاتر کەوەیین .

ئەوسا چاوێکی لە ژنەکەی داگرت و بە نیگا لە شتێکی سەروی برۆکانی من ئاگاداری کردەوە ، یەکسەر لە مەبەستی حاڵی بووم . جێی برینێکی بچووک بە تەوێڵمەوە بوو ، دەیویست ژنەکەی ئەم نیشانەیەش تۆمار بکات.

دوای ئەوەی لە تەمەشاکردنم بوونەوە ، ڕووم کردە خانم و گوتم : - ئەرێ بێ زەحمەت پرسیارێک ، باشە ئێوە بەڕاستی داوای ئەم هەموو وردەکاریانەتان لێکراوە ؟

گوتی :- بەڵێ! ئەزبەنی! ئەمە زە... روو... رییە .

مێردەکەیشی دوای ئەو دووپاتی کردەوە : - ئەزبەنی !

گوتم :- لە ئوتێلی کوکبیر ، هیچ شتێک لەمانەیان لێ نەپرسیم .

خانم ، بە جۆش و خرۆشەوە گوتی :- مەحاڵە ، ئەگەر ئەمەیان کردبێ ، بەرپرس دەبن و لێپێچینەوەیان لە گەڵدا دەکرێ . ڕەنگە بەبێ پرس وجۆ ئەم کارەیان لە گەڵدا کردبی ، بەڵام مەحاڵە نەیانکردبێت . بەڵام ئێمە لەگەڵ میوانەکانماندا ڕاشکاوترین ، وەکو خزم و ناسیاوی خۆمان مامەڵەیان دەگەڵدا دەکەین ، دڵنیام کە گلەییت لێمان نابێت . بەچاوی خۆت ئەمە دەبینیت...

بەڕێوەبەری ئوتێلەکە ، بە سەروسیمایەکی گەش و میهرەبانەوە هاتە قسە و پشتیوانی لە قسەکانی خانمەکەی کرد و گوتی :- وایە ئەزبەنی!

ئەلهەقی ، وەکو پاشان بۆم دەرکەوت ژن و مێردێکی میرەبان و شەریف بوون . بەڵام وشەی " زە.. روو... ری " هیچ جۆرە میهرەبانیەکی تیانەبوو ، بەڵکو جۆرە ئەمرێکی تیابوو ، مانای پابەندی تەواوی دەدا ، هیچ جۆرە گونجانێک لە نێوان ئەو وشەیە و باوەڕ و جۆری هزرینی شەخسی ئەواندا بەدی نەدەکرا .

نها، من له پاریسم...

## فەسڵی پێنجەم

## "بەعل "

حاڵی حازر له پاریسم!... وا خەیاڵ نەکەن بە تەمابم بەتەواوی باسی ئەم شارەتان بۆ بکەم . پێموایە هێندەتان به زمانی ڕووسی دەربارەی پاریس خوێندووەتەوە که تێربوون ، بەخۆتان چوونەتە ئەوێندەر و له من باشتر دیتووتانە... من له هەندەران تاقەتم نییە بەگوێرەی ڕێنما ، یان پابەندی و ئەرکی گەشتیارێک ، سەری شوێنان بدەم و بگەڕێم . لەبەر ئەوە زۆر شتی هەندێ شوێنانم نەدیتوون که شەرمە باسی بکەم و بڵێم نەمدیتووە . له پاریس دا ئەوەم بەسەر هاتووە . باسی ئەو شتانەتان بۆ ناکەم ، بەڵام ئەوە بزانن که من پێناسەیەکم بۆ پاریس دۆزیوەتەوە و سوورم لە سەر ئەو پێناسەیە . پاریس له هەموو شارێکی سەر ڕووی زەوی پتر پابەندی ئاکار پەروەری و چاکەیە . که نەزم و نیزامێکی سەیری هەیە ! کۆمەڵێک پەیوەندی دیار و بتەوی هەیە ! هەموو شتێک له پاریس دا پێشوەختە ڕێکخراوە . هەموو خەڵکی لەو شارە شاد و ڕازین ، تەنانەت هەوڵدەدەن قەناعەت وەخۆ بێنن و خۆیان دڵنیا بکەن که به ڕاستی شاد و بەختەوەرن... لەوەی پتر هیچی دیکەیان ناوێ . ئێوە باوەڕ ناکەن که زۆر بەوە ڕازین و پابەندن پێوەی . پێتان وایە من موبالەغە دەکەم و زیادی پێوە دەنەم ، ئەوەی دەیڵێم زادەی تانە و تەشەری کینەکێشی و بوغز و بیرکردنەوەی شۆڤینیستیە ، مەحاڵە ڕاست بێ . بەڵام هاوڕێیان من له هەوەڵێ ڕا ئاگادارم کردنەوە که لەگینە موبالەغە بکەم ، زۆری پێوە بنەم و درۆ بکەم . کەواتە پەست مەبن . ڕەنگە بەخۆتان بزانن که درۆش بکەم ، باوەڕم وانییە که ئەمە درۆ بێ ، ئەوە بۆ خۆی بەسە ، ئەوەندەم بەسە . کەواتە وازم لێبێنن با لەسەری بڕۆم .

بەڵێ پاریس شارێکی سەیرە . بۆ ئەهلی خوشگوزەرانی و ئاسایش یەکاویەکە . یەکەمە . جارێکی دی دەیڵێمەوە که ئەلهەقی نەزم و نیزامێکی سەیری هەیە ! دەڵێی ئاوی مەندە ! بەڕاستی مەڵبەندی نەزم و نیزامە . من بەردەوام دەگەڕێمەوە سەر باسی نەزم و نیزام . بەڕاستی پاریس ، ئەگەر وابڕوات وەکو شارێکی بچووکی زانکۆیی ئەڵمانی لێدێت ، مەند و ئارام ، بۆ نموونە وەکو شاری هایدلبرگ . بەرەو ئەوە دەچێت . چەند لەو دەچێت ، دەشێت هایدلبرگێکی دی بێ ، له شێوەیەکی بەرینتر دا ! که نەزم و نیزامێکی سەیری تیایە ! تکایە لێم تێبگەن : من باسی نەزم و نیزامی دەرەکی ناکەم ، چونکە یاسا و ڕێسای دەرەکیان تا ڕادەیەک کەم و هیچە ، بەڵکو باسی ئەو نەزم و نیزامە ناوخۆیی ، مەعنەوییە دەکەم که له دەروون و له ڕوحیانەوە سەرچاوە دەگرێ و هەڵدەقوڵێت . پاریس ، بەسۆز ، به خۆزیا دەژی . بۆ نموونە زۆر له لەندەن جیاوازە ، ئەو له کوێ و ئەم له کوێ ؟!

من تەنیا هەشت ڕۆژ له لەندەن ژیام ، له لەندەندا دیمەن و بەرجەوەنی زۆر گەورە هەیە ، ئاستی ڕوناکی ڕەسەن و خویای تیایە ، هەموو ئەو بیرەوەرییانەم له یادگەدا چەسپیوە ، هەموو شتێک له لەندەن دا گەورەیە ، له بەرچاوە ، ڕەسەنە ! هەندێجار ، پیاو گومان لەم ڕەسەنایەتی و تایبەتمەندییانە دەکات ! هەر هەموو ئەم تایبەتمەندی و هەڤدژییانە بەیەکەوە و له گەڵ یەکدی دەژین ، هەر دژێک هەڤدژی خۆی دەدۆزێتەوە ، به خورتی پێکەوە دەژین به بێئەوەی ئەمیان ، ئەویان بسڕێتەوە . هەریەکەیان به ڕژدی داکۆکی له بوونی تایبەتی خۆی دەکات ، به بێئەوەی هەست بەوە بکرێ که یەکێک لەم دوو دژە ، دژایەتی ئەوی دی دەکات . بەڵام وێڕای ئەوەش له لەندەن دا ئەم کێشماکێش و ململانێ توندە ، هەر بەردەوامە و به تەواوی ڕیشاژۆ بووە . مەبەستم

ئەو ململانێ تووند و کوشندەیەیە کە لە نێوان تاک گەرایی باوی هەموو ڕۆژئاوا و زەرورەتی سازگاری پێکەوە هەڵکردنی خەڵکی هەیە ، واتە زەرورەتی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو ، بەهەر شێوەیەک بووە ، هەڵکردنی خەڵکی لە یەک کۆمەڵگەدا خوای دەکرد لە مێروستان دەچوو . تەنانەت ئەگەر بشێت ببن بە کۆمەڵگەی مێروله ، بەڵام بە مەرجێ کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە یەکدی نەخۆن و نەبن بە بەشەر خۆر ! لەم ڕووەوە هەمان ئەو شتە دەبینرێ کە لە پاریس دا هەبوو . هەمان هەوڵ و تەقەلای بێهودە بۆ پاراستنی هەل و مەرجە باوەکە دەبینرێ . پیاو هەموو ئاوات و ئارەزوویەک لە خۆی دوور بخاتەوە ، نەفرەت لەو ئایندەیە بکات کە خودی پێشەنگانی پێشکەوتن زۆر باوەڕیان پێی نییە . بەڵێ نەفرەت لە ئایندە دەکەن و کڕنۆش بۆ بەعل دەبەن . تکایە فریوی ئەم شێوازە ناسکەیان مەخۆن . تەنیا ئەو خەڵکانەی کە زانا و پێشڕەوی ڕاستەقینەن بە ئاگاییەوە بەو ئاوایە قسە دەکەن . ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا ، تەنیا لە نەستا ، لە نائاگاییدا ، بەشێوەیەکی غەریزی و خۆڕسک هەیە... بەڵام بورژوای پاریسی بۆ نموونە ، ژیان لەمە باشتر نابێت و هەموو شتێک لەم جیهانەدا زۆر بەجێیە ، خۆ ئەگەر باوەڕ نەکەی یان جۆرە گومانێکت لەو واقیعە هەبێت ، لەوەیە داگژێنە سەرو گوێلاکت ، چونکە وێڕای ئەو هەموو متمانەیەش کە بەخۆیی هەیە ، هەر ترسی هەیە . لە لەندەن دا هەرچەندە ڕەوشەکە هەمان ڕەوشە ، بەڵام جیاوازیەکی یەجگار گەورە هەیە : دیمەن و بەرجەوەنەکان زۆر بەرینە ، لەندەن تەنانەت لە ڕواڵەتیشا زۆر جیاوازە لە پاریس ، شارێکە جەنجاڵ ، خرۆشاو ، بێ سەر وبن ، هەرا و هەنگامەیەکە ئەوپەڕی دیار نییە ، تەق و هۆڕی ئوتومبێل و ئەو هێڵی ئاسنەی کە بە نێو ماڵەکاندا دەڕۆن ( کە بەو زووانە بەژێر ماڵەکانیشدا دەڕۆن ) لە کۆتایی نایەت . ئیدی هەر لەندەنە بەرگەی ئەم ئەنارشیزمە ڕواڵەتیە دەگرێت کە ئەمە لە ڕاستیا سیستەمی بورژوازییەتە کە گەییوەتە لوتکەی خۆی . ڕوباری تایمزی ئالوودە و ژەهراوی ، هەوای ئاوێتە بە ڕەژوو، ئەم مەیدان وپارکە جوان و شکۆدارانە ، گەڕەکە ناخۆشەکانی وەکو وایت چاپل و خەڵکە نیمچە ڕووت و برسی و هۆڤیەکانی سیتی لەندەن بە دەوڵەمەنی و بازرگانی فراوان و جیهانییەوە ، بە قەسر و کۆشکی کریستاڵ و پێشانگای دەوڵەتیەوە!... بەڕاستی عەنتیکە و باڵکێشە .

بەڵێ ، پێشانگایەکی زۆر گەورەیە ، هەست دەکەی هێزێکی زۆر بەسام و هەیبەت ، ئەو هەموو خەڵکەی لە سەرانسەری دنیاوە کۆکردووەتەوە و یەکی خستوون . هەست دەکەن لێرەدا ئامانجێک هاتووەتە دی ، سەرکەوتنێک بەدەست هاتووە . تەنانەت سووکە ترسێکیشیان لێدەنیشێت نازانم لە چی ! چەندیش متمانەتان بەخۆ بێ ، هەر ترستان بە سەردا زاڵ دەبێت ! ئایا ئەمە ناکاتە گەیشتن بە ئایدیالی ڕاستەقینە ، ئایا ئەمە گەیشتن نییە بەو یەکێتییەی هەوڵی بۆ دەدرێ ، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بە حەقیقەتی ڕاستەقینە بژمێردرێ و ئیدی بۆ هەمیشە بێدەنگ ببیت ؟

لەم پێشەنگایەدا ، شتەکان ، هەموو شتەکان بە ڕادەیەک بە شکۆ و جەلالە ، بە سام و هەیبەت و سەرکەوتن ئامێزە ، کە خەفەتان دەکات . دەحەپەسێن . کە تەمەشای ئەم سەدان هەزار و ملیونان خەڵکە دەکەن کە یەک بیرۆکە لە سەرانسەری هەموو دنیاوە لێرەی کۆکردوونەتەوە ، هەموو ئارام و هێدی و هێمن لەم کۆشکە گەورەیەدا خڕ بوونەتەوە ، هەنگێ پیاو هەستدەکات کە لێرەدا شتێک ڕوویداوە . ڕێک وەکو تابلۆیەکی تەورات وایە ، وێنەیەکە لە بابل ، ئەمە پێشبینی خەونەکانی یوحەنایە و بە بەرچاومانەوە هاتووەتە دی . پیاو هەست دەکات پێویستی بە توانایەکی زۆر گەورەی مقاوەمەتە ، تا ڕادەستی ئەو هەستە نەبێت و لە بەردەم ئەم واقیعەدا سەر دانەنوێنێ و کڕنۆش بۆ " بەعل " نەبات و ئەوەی لەم شوێنەدا هەیە ، بە ئەڵتەرناتیڤی ئایدیالی خۆی نەزانێ...

ڕەنگە پێم بڵێن : " ئەمە قسەی هیچە ؛ ئەمە زادەی خەیاڵی نەخۆشە ؛ زادەی ماندوویەتی دەمار و مێشکە ، زادەی موبالەغەیە . کەس بەو ڕادەیە نقومی جوانی ئەم پێشانگایە نابێت کە لە ژیانیا بە ئەڵتەرناتیڤی ئایدیالی خۆیی بزانێت . جگە لەمەش برسیەتی و کۆیلایەتی دیاردەیەکی زۆر خراپە ، لە هەرشتێک زیاتر خاڵە تاریک و نەرێنییەکان دەنوێنێ و گومان و دوو دڵی دەخاتە دڵانەوە . بەڵام ئەو خەڵکە تێرەی کە هەر بۆخۆشی خۆیان دەسوڕێنەوە ، تێرن و ئاگایان لە برسی نییە ، دەتوانن جۆرەها دیمەن لە خەونەکانی یوحەنا دروست بکەن و دڵی خۆیانی پێخۆش بکەن و هەستی خۆش بۆ خۆ هەڵێنجن... "

هەنگێ من وەڵامتان دەدەمەوە : " باشە ، گریمان من دڵبەندی دیکوران بووم . بەڵام خۆزگە ئەو بیر و ڕوحە بە توانایەتان دەبینی کە ئەم دیکۆرە شکۆدارەی دروست کردبوو ، چەند متمانەی بەخۆیە ، بە چ غروور و خۆپەسندییەکەوە بەم سەرکەوتنەی خۆیەوە دەنازی و دەفشی ، هەنگێ سەرتان لەم هەموو غروور و لە خۆبایی بوونە دەسوڕما . هەنگێ بەزەییتان بەو خەڵکەدا دەهاتەوە کە ئەم بیری لە خۆبایی بوون و غرووره بەسەریانەوە زاڵ بوو. لە هەنبەر ئەم غرووره زۆرەدا ، لە هەنبەر ئەم هزرە زاڵەدا ، لە هەنبەر ئەم سەرکەوتنە بێ چەند و چوونەدا کە بەرەنجامی داهێنانەکانی ئەوبوو ، ئیدی هەندێجار خەڵکانی برسی مل بۆ واقیع دەدەن و ڕێگەی جن خواردنەوە دەگرنەبەر و هەموو کەیف و سەفایەک لەوەدا دەبیننەوە و ڕوودەکەنە ڕابواردن و بەڕەڵڵایی و دەگەنە قەناعەت کە ئەمە ڕێگا دروستەکەی ژیانە و هەقە هەموو خەڵکی وابن . بەڵێ ئەم هەموو جەلال و شکۆیە جەماوەری خەڵک ئیفلیج دەکات ، بڕست و جوڵەی لێدەبڕێ و خۆ ئەگەر گومانێکی لەلا پەیدا بوو ، دەکەوێتە جنێودان و نەفرەت کردن و دەچێت لە مورمونیسم دا بۆ ڕزگاری دەگەڕێت . تەنیا لە لەندەندا جەماوەری خەڵک بەو ئاوایە دەبینرێ ، ئەم دیاردەیە لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا بەدی ناکرێت .

بۆ نموونە ، بە گوێی خۆم بیستوومە کە ئێوارە و شەوانی شەممە نیو ملیۆن کرێکاری ژن و پیاو ، دەگەڵ منداڵەکانیاندا وەکو سێڵاو دەڕژێنە ناو شارەوە ، عادەتەن لە شوێنانی تایبەتدا خڕ دەبنەوە تا سەعات پێنجی بەیانی ، بە بۆنەی جەژنی شەممەوە ئاهەنگ دەگێڕن ، ئیدی وەکو ئاژەڵ سەردەکەنە خواردن و خواردنەوە و بە ئەندازەی یەک هەفتە دەخۆن و دەخۆنەوە . ئیدی ئەم جەماوەرە هەر پارەیەکیان لە هەفتەیەکدا ، بە زەحمەت و ڕەنجی زۆرەوە پەیدا کردووە ، بەو ئاوایە بە فیڕۆی دەدەن . دوکان و قەسابخانەکان و خوارنگەکان ، گڵۆپی غازیان تێدا دەسووتێ و شەقامەکان ڕوناک ڕوناکی دەکەنەوە . لە تۆ وایە ئاهەنگی دانس و سەما بۆ ئەم کۆیلە سپی پێستانە بەرپا کراوە . ئاپۆڕای خەڵکی لە باڕ و شەقامەکاندا خڕ دەبنەوە ، ئیدی خەڵکەکە هەموو مەستن ، بەڵام سەرخۆش نین ، شوێنی بیرەفرۆشەکان وەکو کۆشک ڕازێنراوەتەوە . خەڵکەکە مەستن بەڵام دڵخۆش نین ، خەمینن، بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەردا کێشاون . هەر ساناساتێ قەرقەشە و شەڕی خوێناوی ، ئەم بێدەنگییە گۆنگە دەشڵەقێنێ و پیاو خەمبار دەکات . هەمووان بەپەلە دەخۆنەوە تا سەرخۆش ببن . ژنانیش لەم ڕووەوە هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە ، گوێ بە گوێی پیاوەکانیان دەخۆنەوە . منداڵەکانیش لەم بەینەدا ، بۆخۆ بە دەم گەمە و لاسارییەوە دێن و دەچن و دەخولێنەوە : لە جەنجاڵە شەوێکی ئاوهادا ، لە سەعات دووی بەرە بەیاندا ، لە شارا ڕێگەم ون کرد ، مودەتێکی زۆر ، وێڵ و سەرگەردان بە نێو ئەم حەشیمەتە لە ژمارە نەهاتوو و غەمبارە دا سوڕامەوە ، بە هێما و ئاماژە پرسیاری ڕێگەم دەکرد . چونکە تاقە یەک وشەی ئینگلیزیم نەدەزانی . ئەنجام ڕێگەی خۆم دۆزییەوە ، بەڵام کاریگەری ئەو شتانەی کە دیتبوومن تا سێ ڕۆژ بەری نەدام ، عەزابی دەدام . خەڵک لە هەر شوێنێ هەر خەڵکە ، وەکو یەکن . بەڵام لێرە دیمەنەکان ، هەموو شتەکان بەڕادەیەک بەرجەستە و فرە ڕەهەندە ، ڕوون و خویا ، بێ پەردەیە و لە تو وایە ئەو شتانەی کە تەنیا وێنات کردبوون ،

نها دەتوانی هەستی پێبکەیت . لێرە تەنانەت خەڵکیش نابینی ، تەنیا خەون و خەیاڵی سیستەماتیک دەبینی ، هەستدەکەیت ئەم مەستی و بیخودیە سیستەماتیکە – وەختایەک تەمەشای ئەم خێڵی بەشخوراوە دەکەی ، هەست دەکەی هێشتا زۆری ماوە تا پێغەمبەرێک بێت بێداریان بکاتەوە ، هێشتا زۆری ماوە جلکی سپیان لەبەر بکات ، چڵە خورمایان بداتە دەست و تا ئەو کاتە دێت ، دەبێ دەستە و دوعا ڕووبکەنە عەرشی خوا بڵێن : " خودایا تا کەی ؟ " ( لە دوو دەقی خەونێن یوحەناوە، ئایەتی ٩ و ئایەتی ١٠ دا هاتووە ، کە دوستویفسکی ئەم سورەتەی زۆر دەخوێندەوە ) ئەمانە خۆیان ئەمە دەزانن ، ئیدی بە دەم چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەوە و بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە لە کۆمەڵگە ، پەیوەندی بە مەزەب و مورموتە نهێنییەکانەوە دەکەن وەکو : مەزەبی مودمونییەکان، یان مەزەبێن ئیشراقی دیکە . بە ڕاستی پیاو سەری لە گەمژەیی ئەمانە دەسوڕمێ ، بیر لەوە ناکەینەوە کە ئەوە دەکاتە ڕەفز کردنی فرمولە کۆمەڵایەتیەکەی ئێمە ، ڕەفزکردنێکی غەریزی ، خاوەنەکەی دەیەوێ بە هەر نرخێ بووە خۆی ڕزگار بکات ، ڕەفزێک کە جۆرە بێزارییەکی لە ئێمە و ڕقێکی بەرانبەر بە ئێمە تیایە . ئەم ملیۆنان بەشەرە کە لە زیافەت و دەعوەتی ژیان وەدەرنراون ، لە قوڵایی ژێرزەمینە تاریکەکاندا ، ئەو ژێرزەمینانەی کە برا گەورەکانیان ئەوانیان بۆ ناردوون ، لەوێدا دەکەونە پاڵەپەستۆ کە کەلێنی دەرگایەک بدۆزنەوە تا لە قوڵایی ئەو ژێرزەمینە تاریکانەدا نەخنکێن . ئەمە دوا هەوڵیانە بۆ ئەوەی یەک و یەکگرتوو بن . لە پێناوی ئەوەی لە هەموو شتێک دابڕێن ، ئەگەر بە بەهای دابڕان لە هەیبەتی مرۆڤانیش بووە . ئەوان تەنیا دەیانەوێ بە کەیفی خۆ و بە شێوازی خۆیان بژین ، تەنیا دەیانەوێ لە ئێمە جیابن... "

لە لەندەندا ، کۆمەڵێکی دیکەی لەو بابەتەم بینی کە جگە لە لەندەن لە هیچ شوێنێکی دی بەو شێوە و شەکڵە نین . تەنانەت دیکۆرەکانیشیان تایبەت بەخۆیانە . ئەوەی تاقە جارێک چووبێتە لەندەن بێگومان بە کێمانی جارێک ڕێی کەوتووەتە هایمارکێت . هایمارکێت گەڕەکێکە کە شەوان هەزاران سۆزانی و لەشفرۆش لە هەندێ شەقامیا خڕ دەبنەوە . تیشکی گڵۆپێن غازی شەقامەکانی کردووە بە چراخان ، شتی وا لە وڵاتی مەدا نییە ، ئەو شتانەمان بە خەونیش نەدیتووە . هەر هەنگاوێ دەنەی کافەیەکی جوانی ئاوێنەبەندت دێتەڕێ . ئەم کافانەش قەرەباڵغن ، خەڵکی زۆر هاتوچۆی دەکەن . تێکەڵاوبوونی ئەم حەشاماتەش زۆر ئاسان نییە . پێکهاتەکەی سەیرە ، لێرەشا پیرەژن ، کیژێن هێندە جوان هەن کە پیاو بە دیتنیان حەیران دەبێ . لە هیچ شوێنێکی دنیادا ، ژنانی جوانی وەکو ژنی ئینگلیز نییە . ئەم خانمانە بە زەحمەت لە شەقامە تەنگ و قەرەباڵغەکاندا دەسوڕێنەوە . حەشامەتەکە لە سەر شۆستەکان جێیان نابێتەوە ، ئیدی دەڕژێنە سەر شەقامەکان . هەموو ئەو ژنانە تینوو و تامەزرۆی پارەن ، خواخوایانە پارەیەکیان دەست بکەوێ . بەوپەڕی گۆساخی و ڕووداری ، یەخەی پیاو دەگرن . لەم مەیدانەدا هەم خەڵکی تەڕپۆش و هەم خەڵکی شڕپۆش دەبینرێن ، ئەم جیاوازییە لە تەمەنەکانیشدا بەدی دەکرێ . ئیدی هەموو شتێک تێکەڵە . لە نێو ئەم حەشیمەتە سەیرەدا ، هەم لات و لەوێری مەست و سەرگەردان دەبینی و هەم خەڵکی دەوڵەمەند و بەنێو و دەنگ و پلە و پایەدار دەبینیت . هەم گوێت لە قەرقەشە و دەمەقاڵێ و جنێوی سەر بە کوڵکە و گۆساخانە دەبێت ، هەم گوێت لە چپە و داوای کیژێک دەبێت کە هێشتا شەرمی نەشکاوە و سیوای نەبووەتەوە . هەندێجار جوانی وەها دەبینی ، لە عەقڵا نییە ! وەکو ئەوەیە ئەم ڕوخسارانە لە ئەلبوومی وێنەوە هەڵبژێردرابن ! لە بیرمە ڕۆژێک سەرم بە گازینۆیەکدا کرد . دەنگی موزیک دنیای هەڵگرتبوو ، خەڵکی بەدەم سەماوە شەپۆلیان دەدا . گازینۆکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات . جوانی دیکۆرەکان لە عەقڵا نەبوو . بەڵام ئینگلیز بە تەبیعەت گرژ و مۆنن ، ئیدی ئەم دیاردەیە لە گەرمەی شادی و خۆشیشا بەریان نادات و لێیان نابێتەوە . زۆر بەجدی سەما دەکەن ، بگرە بە گرژ و مۆنی دەڕەقسن . لە تۆ وایە لاقیان بە حیساب دەجوڵێن ، لە

گەلەرییەکی نهۆمی سەرەوە چاوم بە کیژێک کەوت ، لە جێی خۆم وشک بووم . لە ژیانما جوانی وا ئایدیالم نەدیتووە . لە گەڵ کوڕێکی جەنتڵ دا لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتبوو . سەروسیمای کوڕەکە بە ئاشکرا هاواریدەکرد کە زۆر ئەهلی گازینۆ نییە . ڕەنگە عەوداڵی ئەم کیژە بووبێ و لێرەدا یەکیان بینی بێت ، یان بەخۆیان ئێرەیان بە جێژوان هەڵبژاردبێ ؟ زۆر بە کەمی قسەی دەگەڵ کیژەکەدا دەکرد ، پێدەچوو هەریەکەیان ، خەم و پەژارەی خۆی هەبێ . کیژەکە زۆر خەمین بوو ، زۆر ڕەزا سووک و ناسک بوو ، شتێکی ڕازئامێز و خەمناک بە نیگا جوان و کەمێ مەغروورەکەیەوە دیاربوو ! پێدەچوو دەردە باریکەی بێ . لە ژنە بەدبەختەکانی دیکە نەدەچوو ، لەوێ جنی دەخواردەوە ، میوانی کۆڕەکە بوو ؛ چونکە کوڕەکە پارەی مێزەکەی دا . ئەنجام کوڕە جەنتڵەکە هەستا ، تەوقەی لەگەڵیا کرد و خاترخوازیان لە یەکدی کرد . کوڕەکە لە گازینۆکە وەدەرکەوت . بەڵام کیژەکە ، بە گۆنای سوور و ئاڵەوە ، کە ڕەنگە زەردەکەی شاردبووەوە ، هەڵبەتە سووری گۆناکانی ، بە هۆی خواردنەوەی جنەکەوە بوو ، هەستا بە ناو ژنە کاسبکارەکان کەوت و لە نێو ئەواندا ون بوو .

لە هایمارکێت دا ، دایکانێکم بینی کە بازرگانی و کاسبیان بە کیژە نەباڵقەکانیانەوە دەکرد . کیژانی منداڵکاری دە دوازدە ساڵان ، لە پەناوە دەستیان دەگرتی کە لەگەڵیاندا بڕۆیت . لە بیرمە لە نێو ئاپۆڕاکەی نێو شەقامەکەدا کچۆڵەیەکم بینی کە تەمەنی هەر شەش ساڵێک دەبوو ، جلێکی شڕ و شەپڕێوی لەبەردا بوو ، چڵکن و پێ خاوس ، ڕەنگزەرد و زەعیف و مردەلۆخ ، لە میانی دڕاوی جلەکانیەوە ، پەڵەی شین و مۆر بە جەستەیەوە دیاربوو . بەبێ حەواسی و بەخاوە خاو ڕێی دەکرد ، مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی نەبوو ، مەگەر هەرخوا بزانێ بۆچی لە نێو ئەو حەشاماتەدا دەسوڕایەوە ، ڕەنگە لە برسا بووبێ ! کەس ئاوڕی لێنەدەدایەوە . ئەوەی لە هەموو شت پتر مایەی سەرنجی من بوو ، ئەمە بوو کە خەم و پەژارە و نامرادی و بێ ئومێدییەکی ئەوتۆ بە سەروسیمایەوە دیاربوو ، کە پیاو دەیبینی بەو منداڵییەوە ، ئەو هەموو نائومێدی و عەزاب و نەفرەتەی لێ بارکراوە ، زۆر نیگەران و پەست دەبوو . بەردەوام سەرە چکۆلە قژنەکەی بەملا و بەولادا بادەدا ، لە تۆوایە دەیەوێت بڕیارێک بدات ، گەنگەشە لەگەڵ کەسێکدا بکات ، دەستە ناسکەکانی تەکان دەدا و لێکدی بڵاوی دەکردنەوە و هەندێ ئاماژەی دەکرد ، ئەوسا دەیدان بەیەکا و لە سەر سینگی جووتی دەکردن . گەڕامەوە بۆلای و نیو شلینگم دایێ ، کچۆڵەی تاین پارەکەی لێوەرگرتم و ئەوسا وەکو بوونەوەرێکی سرک و سڵۆک ، حایر و حەپەساو چاوی لە دوڕ چاوم بڕی ، ئەوسا پێی هەڵگرت و بە هەشتاو لێم دوور کەوتەوە وەکو ئەوەی بترسێت پارەکەی لێ بسەنمەوە . بەڵێ پیاو لێرەدا شتی سەیر و سەمەرە دەبینێت .

شەوێکی دی ، لە نێو ئەم ئاپۆڕای ژنانی لە دەست چوو و پیاوانی داوێن پیسەدا ، ژنێکم بینی بە پەلە دڕی بە حەشاماتە دەدا و خۆی گەیاندە بەردەمم . سەراپا ڕەشپۆش بوو ، شەپقەیەکی لە سەر بوو کە تەقریبەن هەموو ڕوخساری داپۆشی بوو ، نەمتوانی بەباشی ڕوو و ڕوخساری بدینم ، تەنیا نیگا پاڕانەوە ئامێزەکەیم لە بیر ماوە . بە فەرەنسییەکی سەر و گوێ شکاو شتێکی پێگوتم کە هیچی لێ حاڵی نەبووم ، کاغەزێکی چکۆلەی تەپاندە دەستمەوە و بە هەشتاو ( لەز، خێرا، پەلە ) دوور کەوتەوە . لەبەردەم کافەیەکدا کە ڕوناک بوو وەستام ، تەمەشای کاغەزەکەم کرد ، کاغەزێکی چکۆلەی چوارگۆشە بوو ، بە تایپ و بەزمانی فەرەنسی ئەم ڕستەیە لە دیوێکی چاپ کرابوو : " باوەڕ بەمە دەکەی ؟ " لە دیوەکەی دیکەیدا ، بە زمانی فەرەنسی ئەم دەستەواژەیە نووسرابوو : " من پەسلان و ژیانم . هەرکە باوەڕ بە من بێنێ ئەگەر بشمرێت زندوو دەبێتەوە . " ( بڕوانە ئینجیلی یوحەنا ، بابی یازدە ، بەندی بیست و پێنج) . ئەم کارە هەندێک نامۆ و سەیر بوو ، پاشان بۆیان ڕوونکردمەوە کە ئەمە پروپاگەندەی کاتولیکانە کە خۆی بە هەموو کون و کەلەبەرێکا دەکات . هەندێجار لەم

جۆرە کاغەزانە لە شەقام و کوچە و کۆلانەندا بلاو دەکەنەوە ، هەندێجار بلاڤۆک و هەندێ نامیلکە بلاو دەکەنەوە کە هەندێ کورتە دەقی هەلبژاردەی نێو تەورات و ئینجیلی – یان تێدا تۆمار کراوە . ئەمانە بە خۆڕایی بلاودەکەنەوە ، ناچارت دەکەن لێیانی وەربگریت . بە خۆرتی دەیپەستنە دەستەوە . ئەوانەی ئەم کارە دەکەن ، چ ژن و چ پیاو ، یەجگار زۆرن ، لە ژمارە نایەن !... بە بەرنامە و زۆر بەکارامەیی ئەم کارە دەکەن . قەشەی کاتولیک بەخۆی دەگەڕێت ، خانەوادەی بەلەنگازی کرێکاران دەدۆزێتەوە ، بەسەریان دەکاتەوە ، بۆ نموونە دەڕوات کرێکارێکی نەخۆشی سەر جێگە دەدۆزێتەوە ، لە مالێکی پەرپووتا ، لە سەر حەسیرێکی سەر ئەرزێکی نمسارا کەوتووە ، ژنێکی سەرخۆشی برسی بە دیاریەوە ڕۆنیشتووە و دەوروبەریان پڕە لە مندالی ڕەش و ڕووتی سەرما بردگی ، برسی . ئیدی یارۆی قەشە ، خۆراک و جل و بەرگ و سووتەمەنی بۆ هەموویان فەراهەم دەکات ، دەست بە مالیجە و چارەسەری نەخۆشەکەیان دەکات و دەرمانی بۆ دەکڕێت ، مالێکی باشتریان بۆ دابین دەکات ، لە ئەنجاما هەموو ئەندامانی مالباتەکە دەکات بە کاتولیک . هەندێجار مالباتەکە دەبوژێنەوە و ڕەوشیان باش دەبێ و نەخۆشەکەیان ئیفاقەی بۆ دێت ، ئیدی دادەگژێتە سەر و پۆتەراکی یارۆی قەشە و بە سخیف و شاپان وەدەری دەنەن . بەلام یارۆی قەشە نە کۆل دەدات و نە بێزار دەبێت ، دەچێت بە سۆراخی مالباتێکی دیکەوە . لەگینە ئەوانیش دەری بکەن . بەلام هەر کۆلنادات ، تا لە کۆتاییدا یەکێک ڕاو نەکات و نەیخاتە سەر مەزەبی کاتولیک دەستبەردار نابێت . قەشەی ئەنگلیکانی ( لقێکە لە مەسیحیەتی سەر بە کلێسای ئینگلیز ) سەردانی هەژارانی داماو ناکەن . هەژارانیش ناچنە کلێسا ، چونکە پارەی چوونە ژوورەوەیان نییە . زەماوەندی نێوان پیاو و ژنی کرێکار و نەدار بە زۆری ناشەرعییە ، چونکە زەماوەندی شەرعی و لە کلێسادا پارەیەکی زۆری تێدەچێت . بەم بۆنەیەوە زۆرێک لەو مێردانە زۆر هۆڤیانە لە ژنەکانیان دەدەن و نوقسانیان دەکەن . زۆرجار بە پاچ لێیان دەدەن وەکو ئەوەی پاچ تاقە ئەوزاری لێدان بێ . لەو ڕۆژنامانەدا کە لە گۆشەی کێشەی خێزانی دا ئەو جۆرە نووچە و هەوالانە بلاو دەکەنەوە و باسی کوشتن و نوقستان کردنی تێدەکەوێت ، نێوی ئەم ئەوزارە ، واتە پاچ دەبرێت . مندالانی ئەم مالباتانە ، هەر کەمێک بالەفڕە دەبن ، بە ئاستەمێک لە خەم دەرەخسن و نارەخسن ، دەکەونە سەر جادە و تێکەلاوی خەلکی دەبن و بەرەبەرە بەیەکجارەکی دەبێرنن و چیتر ناگەڕێنەوە بۆلای کەس و کاری خۆیان .

ڕەبەن و قەشەین ئەنگلیکان ، دەولەمەند و لە خۆباین . ئەمانە مووچەی مۆل وەردەگرن و بە کەمالی ئارامی دەژین ، خەلکانی پڕ لاف و گەزافن ، زۆر خوێنەوار و ڕۆشنبیرن ، قەناعەتی تەواویان بە بەرزی پێگەی خۆیان هەیە و باوەڕیان وایە کە هەقی خۆیانە بڕۆن بە کەمالی ئاسوودەیی و متمانە بە خۆبوون وەعز دابدەن و قەلەو ببن و وەکو دەولەمەندان بژین . ئاینی ئەمانە ئاینی دەولەمەندانە و لە کەسی ناشارنەوە . بەلای کەمەوە ئەو لۆجیک و ڕاشکاوی تیایە . جا ئەم مامۆستایانی ئاینە ، کە تا ڕادەی گێلی بە ئیمانن ، ئەرک و خەمێکی دیکەشیان هەیە ئەویش بانگەشەی ئاینییە ، ڤرێکردنی شاندی مژدەبەرانە بۆ شوێنان . ئەمانە هەموو دنیا دەدەنە ژێرپێوە ، ئەنجام خۆ دەگەیەننە ئەوپەڕی ئەفریقیا ، تا یەکێک ، کەسێکی هۆڤی بدۆزنەوە و بیهێننە سەر ئاینی خۆیان ، کەچی ملیۆنان هۆڤی ئاکنجی لەندەن ، لە بن دەستی خۆیانەوە فەرامۆش دەکەن ، چونکە ئەمانە پارەیان نییە بیاندەنێ . بەلام ئینگلیزان دارا و دەولەمەندن و بە شێوەیەکی گشتی زۆر مەزەبین و بە شێوازی تایبەتی خۆیان دیندارن . شاعیرانی ئینگلیز لە کۆنەوە شیفتەی وەسفی جوانی ژیانی گوندەوار و دێری ڕەبەنانی بەر سێبەری دار بەڕوو و دارەوەنی سەدان سالە بوون ، ستایشیان بە ژن و کیژێن زەری و چاوشین و بەدەوی قەشەکانیان دا هەلگوتووە .

بەڵام هەرکە شەو دەبووریٚ و ڕۆژ دەبێتەوە ئەو گیانی غروور و لە خۆبایی بوونە دووبارە باڵ بە سەر ئەم شارە مەزنەدا دەکێشێتەوە و هیچ بەلایەوە گرینگ نییە شەویٚ چی ڕوویداوە یان لە ڕۆژدا چ ڕوودەدات . بەعل حوکمی خۆی دەکات و تەنانەت داوای ئیتاعەتیش ناکات ، چونکە دڵنیایە کە ئیتاعەت دەکرێت . ئیمانی ئەو بە خۆی سنووری نییە . بەوپەڕی غروور و ئارامی و سارد و سڕییەوە ، خێر و سەدەقەی سیستەماتیک بە سەر بەندەکانی خۆیدا دەبەخشێتەوە ، تەنیا لەبەر ئەوە ئەمە دەکات کە بڕێک ئاسوودە بێت . کە لە بەخشینەوەی ئەو خێر و سەدەقانەش دەبێتەوە هێز نییە گومان لە توانای ئەو بکات . بەعل ئاگادارە بۆ نموونە لە پاریس دا ، چ دەگوزەرێت ، چ دیاردەگەلێکی سەیر و نامۆ و گوماناوی ترسناک لە ئارادایە . نە هەژاری جەماوەر ، نە ڕەنج و عەزابی ، نە ناڕەزایەتی و گەوجە گەوجی جەماوەر ، ناڕەحەت و نیگەرانی ناکەن ، زۆر ئاسایی ڕێگە بەم دیاردە گوماناوی و شوومانە دەدات لە دەوروبەری ئەودا ، لەم لا و لەولای ئەوەوە هەبن و بژین . بەعل وەکو پاریسیەکان نییە کە ترسنۆکانە هەوڵ بدات بە درۆوە خۆی ئاسوودە و دڵنیا بکات کە هەموو شتێک بەڕێک و پێکی و وەکو پێویستە دەگوزەرێت . ئەو وەکو پاریس هەژارەکان ناشارێتەوە ، تا بێهودە خەوی نەزرێنن . پاریسیان حەز دەکەن وەکو وشترمر سەری خۆ لە بن لمان بنەن ، تا ئەو ڕاوچیانە نەبینێت کە بەنیازی ڕاوکردنین . لە پاریس دا... ئەوە چ دەڵێم ؟ خۆ نها لە پاریس دا نیم ! ئەی خودا کەی فێری ئەوە دەبم بە تەرتیب قسە بکەم ؟...

## فەسڵی شەشەم

### ڕامانێک لەمەڕ بورژوا

چما لێرەدا ، هەموو شتێک لە حاڵی بچووکبوونەوەدایە ، چما خەڵکی دەیانەوێت بچووک ببنەوە ، بچنەوە بەیەکدا ، بسرڕدرێنەوە ، بە ئەندازەی دراوێکی بچووکیان لێبێت ؟ چما شەرم لە هەبوون دەکەن و لە تۆ وایە دەڵێن " نا ، من نیم ، من لەم دنیایەدا بوونم نییە . ون بووم ، شاردراومەتەوە . بێزەحمەت بەلاما ڕەت بن و تێپەڕن و هەر ئاوڕیشم لێمەدەنەوە ، بەجۆریٚ ڕەفتار بکەن وەکو ئەوەی نەمبینن ، بڕۆن ، تێپەڕن ! "

– باسی کیٚ دەکەی ؟ کیٚ خۆی بچووک دەکاتەوە و دەچێتەوە قاوغەکەی خۆی ؟

– خەڵکی بورژوا ، بورژواکان .

– ڕەحمەت لە بابت ، بورژوا پاشان ، خۆیان هەمەکارەن ، هەموو جیهانن ، دەوڵەتن ، کەچی تۆ دەڵێی خۆیان خڕ دەکەنەوە ، خۆیان بچووک دەکەنەوە ؟!

– بەڵیٚ قوربان ، ئەگەر بەو ئاوایەن کە تۆ دەیڵێیت ، ئەدی چما کەوتوونەتە خاک و پای ئیمپراتۆر ناپلیون ؟ چما جەنابی بورژوای ئێمە ، لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ، ئەو قسە جوان و ڕازاوانەی بیرچووەتەوە کە جاران زۆری کەیف پێدەهات ؟ چما نایەوێت باسی ڕابردوو بکات ، چما وەختایەک کەسێک ڕابردووی بیردەخاتەوە ، شانەکانی هەڵدەتەکێنێت و حەزناکات بیری بکەوێتەوە ؟ چما وەختایەک یەکێک لە حوزووری ئەوا جورئەت بکات و داوای شتێک بکات ، یەکسەر زەین و چاو و زمانی دەکەونە تەتەڵە ؟ دەپەشۆکێت ؟ یان ئەگەر خۆی لەڕووی حەماقەتەوە ئارەزووی شتێک بکات ، یەکسەر لەرزی لێدێت و دەست بە خاچ کێشان و تۆبە دەکات ؟ زمان حاڵی دەڵێت : " خودایا ! منیش بەشەرم ! " و تا ماوەیەکی زۆر لەوەش بەدواوە ، بە عەزابی ویژدانەوە بیر لە

ڕەفتار و هەڵوێستی خۆی دەکاتەوە  و هەوڵدەدات گوێڕایەڵ و کۆشیار بێت ؟ چما ڕوخساری بەجۆرێکە لە تۆوایە دەیەوێت بڵێت : " باشە ، ئەمڕۆ لە دووکانەکەما کەمێک کاسبی دەکەم و ئەگەر خوا ویستی لە سەر بێ سبەی و دوو سبەیش هەر بەوجۆرە... گرینگ ئەوەیە بلەز شتێک پێکەوە بنەم ، خوای دەکرد لەوە دوا ، تۆفان و لەهی هەڵدەستا ! "... چما هەموو هەژار و نەداران لە یەک شوێنا خڕ دەکاتەوە ، دەیان شارێتەوە و هەنگێ تەکەز لە سەر ئەوە دەکات کە هەژار و بەلەنگاز لەبنی نییە ؟ چما بە ئەدەبیاتی حکومەتی و فەرمی ڕازییە ؟ چما بەم ڕادەیە ڕژدە لە سەر ئەوەی کە ڕۆژنامەکانی بەکرێگیراو و گەندەڵ نین ؟ چما بەوە قایلە کە ئەو هەموو پارەیە بە سیخۆڕان بدات ؟ چما زاتی ئەوە ناکات بە تاقە وشەیەک باسی شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکانی مەکسیک بکات؟ ( مەبەست لە شەڕی نێوان فەرەنسا و مەکسیکە لە سەردەمی ناپلیونی سێیەمدا ). چما لە شانۆییەکاندا هەمیشە مێردەکان وەکو خەڵکانی بێگەرد و داوێنپاک و جەنتلمان نیشاندەدرێن و عاشقان هەمیشە وەکو خەڵکانی ترۆ و بێ سەروبەر و بێ پشتیوان و تەنیا باڵ نیشاندەدرێن ؟ هەمیشە یان نیگارکێشن یان شاگردی ئەم دووکان و ئەو دووکانن ؟ چما وا وێنا دەکرێت کە ژنەکان هەرهەموویان ، بێ ڕیزپەڕ وەفاداری مێردەکانیانن ، کابانی باش و سەرچاوەی ئاشتی و تەبایی ماڵن ، قژیان بە باشترین شێوە ڕازابێتەوە ؟ سەبارەت بە مودێلی قژیان ئەمە شتێکە و براوەتەوە ، خۆ بەخۆ بەو ئاوایە وەستاوە . هەرچەندە گالیسکەی سەر داپۆشراو بەردەوام بە شەقامە سەرەکییەکاندا تێدەپەڕن ، هەرچەندە لە هەموو شوێنێ جێگەی ئیسراحەت و ڕابواردن هەیە ، هەرچەندە ئاڕایشی ژنان زۆر گرانە ، گرانترە لە گیرفانی مێردەکانیان ، بەڵام قەدەر وایە دەبێ قژیان ئاڕایشت کرابێت ، ئیدی لەوەی پتر چیتان گەرەکە ؟

بەڵام بۆ دەبێ ئەمە وابێ ؟ ئەگەر وانەبێ ڕەنگە وا بیربکەنەوە ، کە ئایدیال نەهاتووەتەدی ، پاریس هێشتا بە هەشتی بێ کێماسی و نموونەیی سەرزەوی نییە ، هێشتا لە شتێکی کەمە و پیاو خۆزی دەخوازێ کە بێتەدی و ، جەنابی بورژوا بە خۆیشی لەو سیستەمە ڕازی نەبێت کە داکۆکی لێدەکات و بە سەر هەموانیا دەسەپێنێت ، وەکو ئەوەی کۆمەڵگە درز و کەلەبەرانی تیابێت ، پێویست بکات نۆژەن و پڕ بکرێتەوە . بۆیە یارۆی بورژوا مەرەکەب لە درز و کونی پێڵاوەکانی دەدات ، تا خوانەکردە کەسێک ، شتێک نەبینێت . خانمانیش نوقڵ و نەباتی خۆش دەکڕن و دەستکێشی هێندە جوان لە دەست دەکەن کە خانمانی ئەشرافزادەی پترسبورگ لە دوورەوە ، هیستریانە ئیرەییان پێدەبەن . خانمان لە بولوارەکان و شەقامە سەرەکیەکاندا بە ناز و کریشمەوە تەنوورەکانیان هەڵدەکەن و پاوپوز و ڕانیان دەردەخەن . لەوەی زیاتر چییان گەرەکە ؟ ئەگەر ئەمە ئەوپەڕی شادی نەبێ ئەدی چییە ؟ لە بەر ئەوەیە کە ناونیشانێکی وەکو " ژن و مێرد و عاشقی ژنێ " لەم ڕۆژگارەدا بۆ ڕۆمان نابێت ، ( ژن و مێرد و عاشقی ژنێ ، ڕۆمانێکی پول دوکوک – ە ، لە ساڵی ١٨٣٣ دا ، کراوە بە ڕووسی ) چونکە ئەمڕۆ عاشقی ژنان لە ئارادا نەماوە . مەگەر هەر لە کتێباندا مابێت ، کەچی وێڕای ئەوەش عاشق لە پاریس دا یەجگار زۆرە وەکو خۆڵە ، بگرە لە خۆڵ و لمی کەناراوەکانیش زۆرترە . بەڵام سەرباری ئەوەش دەڵێم کە لەوێندەر عاشق نین و ناتوانن هەبن ، چونکە بێگەردی و داوێن پاکی لە هەموو شوێنێکدا دەدرەوشێتەوە ، ئەگەر شەو بۆ باخی " بالیە رویال " بچیت ، مەحاڵە دڵت نەیەتە جۆش و گریان ئەوکت نەگرێت . پیاوانێکی زۆر ، لە ژمارە نایەن ، قۆڵ لە قۆڵی ژنەکانیاندا پیاسە دەکەن . منداڵە جوان و نازدارەکانیان وەکو پەپوولە بە دەم گەمەوە بە دەوریاندا دەسوڕێنەوە . فوارەی ئاو بە خوڕە خوڕ ، ئارامی و ئۆخژنێکی ئەوتۆت دەخەنە دڵ و دەروون ، مەگەر لە شاری هایدلبرگ دا ، هەست بەو ئۆخژن و ئاسوودەییە بکەیت . ئەمە تاقە فوارەی جوانی پاریس نییە . پاریس پڕە لە فوارەی جوان ، فوارەی بە خوڕە خوڕ ، کە دڵ دەکەنەوە و سەرمەستت دەکەن .

پاریس ، بە ردەوام پێویستی بە خەڵکی دروستکار هەیە . خەڵکی فەرەنسی نها زۆر جدی بوون ، زۆر بە سۆز و دڵ نەرمن . بەڵام هەرچی سەر دێنم و سەر دەبەم تێناگەم وەکو ئەوە وان لە شتێک بترسن ؟ سەرباری ئەو " شکۆ سوپاییە "ی کە لە فەرەنسادا لەوپەڕی گەشە و نەشەدایە و پارە و پولێکی زۆری لێ خەرج دەکرێت ، کەچی فەرەنسییەکان هەر دەترسن . پاریسییەکان کوشتەی کار و کاسبین . کە دەچیتە دووکانەکانیان وەکو ئەوەیە بیانەوێت کەوڵت بکەن ، پێستت بگروون ، ڕووتت بکەنەوە ، هەرچی دار و نەدارت هەیە بە تاڵانی بەرن . بەڵام نها ئیدی وەکو جاران نییە کە تەنیا لە پێناوی قازانجدا کڵاوتان لە سەر ببەن ، بەڵکو ئێستا بە ناوی دروستکاری و سەر ڕاستی و پاکی و لە ژێر پەردەی زەروورەتی پیرۆزدا ئەم کارە دەکەن . کۆکردنەوەی سەروەت و سامانی مۆڵ و هەبوونی زۆرترین شت بووە بە یاسای سەرەکی مۆڕاڵ و ئاکار ، ئەم دووە بوون بە دین و ئاینی خەڵکی پاریس . هەڵبەتە پێشتریش هەر وابووە ، بەڵام نها مورکێکی پیرۆزییان پێوە ناوە . خەڵکی، ئەگەر جاران حەزیان لە پارە دەکرد ، بەڵام هەندێ شتی دیکەش هەبوو کە خەڵکی بێ پارە و پول ، پێوە نازیبان و مایەی ڕێز و حورمەتیان بێت . بەڵام نها شتی وانییە !... نها ئەگەر دەتەوێت لە نێو خەڵکیدا ڕێز و ئیحتوبارێکت هەبێت ، دەبێ سەروەت و سامان و موڵک و ماڵێکی زۆر پێکەوە بنەی تا قەدر و حورمەتێکت هەبێت . دەنا بە تەمای ئەوە مەبە ، هیچ ئیحتوبارێکت بۆ بکرێت ، تەنانەت خۆیشت ، حورمەتی خۆت نازانیت . بابایەکی پاریسی ئەگەر گیرفانی بەتاڵ بێت ، خۆی بە هیچ نازانێت ، بە قەناعەتی تەواوەوە باوەڕی بەوەیە . کە پارەت هەبێت ، دارا و بووە بیت ، هەر کارێکی سەیر و سەمەرەش بکەیت چاوپۆشیت لێدەکەن . سوقراتی بەلەنگاز ، بەلای ئەوانەوە ناکاتە هیچ ، تەنیا دەماوەرێکی گەوجە ، مەگەر لە سەر ستەیچ و لە نمایشدا حورمەتی بگرن ، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە بورژوا هێشتا حەز دەکات لە سەر شانۆ ڕێزی فەزیلەت و حەکیمان و دروستکاران بگرێت .

بورژوا ، بە ڕاستی دەعبایەکی سەیرە : بە دەنگی بەرز جاڕ دەدات کە پارە هەموو شتێکە ، ئینسانیەتی ئینسان بە پارەوە بەندە ، کەچی وێڕای ئەوەش لاف و گەزافی ئینسانیەت و دروستکاری لێدەدا . فەرەنسییەکان ، هەمووان بە ڕواڵەت خانەدان و مرۆڤدۆست و ڕوح سووکن . خوێڕیترین و تڕۆترین فەرەنسی ئامادەیە لە زەرفی یەک چارەکە سەعاتدا ، بە بێ چەند وچوون بابی و خۆیت بە بیست فلس پێ بفرۆشێت . کەچی لە گەرمەی ئەو کاتەدا کە بابی دەفرۆشێت ، هێندە بە نەزاکەتەوە خۆی دەنوێنێت ، سەرت لێی دەسوڕمێ . کە دەچیتە دووکانی بابایەکی فەرەنسییەوە و شتێک دەکڕیت ، ئیدی شاگردی دووکانە هێندە بە دەورتا دێت ، لە خۆت تەریق دەبیتەوە ، هەست دەکەیت خەتایەکت دەرهەق کردووە . ئەمانە لە نموونەی ئەو ئەکتەرە گوێڕایەڵانەن کە لە شانۆنامەکانی میخائیلوفسکی دا دەبینرێن . بۆ نموونە تۆ هاتوویت بایی دە فرانکان شت بکڕیت ، کەچی بە جۆرێ پێشوازی دەکرێیت وەکو ئەوەی لۆر دو فونشیر بیت ( لە دەوڵەمەندە گەورەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئینگلستان بووە. ) هەنگێ هەست بە عەزابی ویژان دەکەیت ، حەز دەکەیت یەکسەر تێی بگەیەنیت کە تۆ لۆردوفونیشیر نیت ، تەنیا بابایەکی گەشتیاری ئاساییت و هاتوویت بایی دە فرانکێک شت بکڕیت. بەڵام کوڕە گەنجەکە بەو ڕواڵەتە جوان و نەجابەت و نەزاکەتە دەروونییە لە ڕادەبەدەریەوە ، وات لێدەکات خۆت لەبەرچاو بکەوێت و لە هەنبەر ئەوا خۆت بە بچووک بزانیت . ئیدی ئەم گەنجە لە چاوتروکانێکا بایی دە هەزار فرانک کەل و پەل و کاڵات دەخاتە بەردەست تا بە کەماڵی ئیسراحەت تەمەشای بکەیت ، هەموو موغازەکە لەبەر خاتری تۆ ژێر و ژوور دەکات. جا بیهێنە بەرچاوی خۆت ، لە دوای ڕۆیشتنی هەر مشتەرییەکەوە ، چەند بە کۆکردنەوە و هەڵچنینەوەی ئەو کەل و پەل و کاڵایانەوە ماندوو دەبێت ، جارێ لە دوای ڕۆیشتنی گراندیزون ،

چەلیّ پاش ڕۆیشتنی ئەلیکویاد و کەڕەتیّ  پشتی ڕۆیشتنی مونمورانسی... هتد ،  بەلّیّ دوای ڕۆیشتنی تۆش . دوای ڕۆیشتنی تۆیەک  بەو ڕواڵەتە شەپرێوەتەوە ، بەخۆت و دە فرانکە ناچیزەکەتەوە،  چۆن ئەو نەجیمزادەیەت ، ئەزیەت دا ، کە بیر لەوە دەکەیتەوە هەر لەویّ و لەودیو دەرگای موغازەکەوە ، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کوڵکە بەخۆت دەدەیت و دوو هەزار نەفرەت لە بەختی خۆت دەکەیت کە بۆ دەبیّ تەنیا سەد فرانکت لە بەرکدا بیّ . بەڵام گەنجەکە ئەو کاڵایەت بۆ دەپێچێتەوە کە بە سەد فرانکە ناچیزەکەت لێت کڕی بوو ، بە سینگی فراوانەوە و بە گەورەیی خۆی لەو هەرا و هەنگامە و جەنجاڵیەت دەبووریّ کە لە موغازەکەدا نابووتەوە . تۆش هەوڵدەدەیت بە زووترین کات لە موغازەکە وەدەر بکەویت و لە بەرچاوی ون بیت . کە دەگەیتەوە ماڵیّ، سەرت لەوە دەسوڕمیّ ، کە لە جیاتی بایی دە فرانک شتت کڕی بێت ، بایی سەد فرانکت کڕیوە . زۆرجار کە بە شەقامە گەورەکان  یان بە شەقامی فیفین دا، کە پڕە لە دووکانی گەورەی کوتاڵ و جل و بەرگان ، ڕەت دەبووم ، لە دڵی خۆدا دەمگوت : " ئای ئەگەر خانمانی نەجیمزادانی ڕووسیا ڕێیان بکەوێتە ئێرە... باقیەکەی دووکانداران و شاگردانی ئارولف و تامبوف و شارۆچکەکان بە خۆیان زۆر باشی دەزانن .

ڕووسان ، وەختایەک دەچنە دووکانان ، زۆر حەزدەکەن وا بنوێنن کە پارەیەکی زۆریان پێیە . لە هەنبەر ئەوەشا خەڵکانێکی ئاڵچاخ لەم دنیایەدا هەن – بۆ نموونە ژنانی ئینگلیز – نەک هەر شەرم ناکەن کە ئەدونیس یان جیوم تل ، هەموو موغازەکە لە بەر خاتری وان داگرنە خوارەوە ، لە سەر پێشخوانەکە بڵاوی بکەنەوە ، بەڵکو لە سەر دە فرانک ، ئەی هاوار دە فرانک چییە ! مامەڵە دەکەن . بەڵام جیوم تل – ش، فەقیر نییە ، دەزانێت چۆن تۆڵەی خۆی لەوانە دەکاتەوە و شاڵێکی هەزار و پێنج سەد فرانکی بە دوازدە هەزار فرانک لە سەر ئەو جۆرە خانمانە حیساب دەکات و وەختایەک لە دووکانەکە وەدەر دەکەون زۆر مەمنوون و ڕازی بێت .

وێڕای ئەوەش بورژوا زۆری حەز لە مجامەلە و ئەم نەزاکەتەیە . حەز دەکات لە سەر شانۆ ڕۆڵی قەشەیەکی بیّ تەماح و پارە نەویست بگێڕدریّ . گوستاف دەبێت بە نووری نەجابەت بدرەوشێتەوە و بورژوا بەدیتنی ئەو فرمێسکی بەزەیی و میهرەبانی برێژێت . خۆ ئەگەر ئەم نەجابەت و نەزاکەتە سەیر و سەمەرەیە نەنوێنێت شەو بە ئاسوودەیی خەوی لێناکەوێت . لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە بە ئەرک و پێویست دەزانێت کە کاڵایەکی هەزار و پێنج سەد فرانکی بە دوازدە هەزار فرانک بە سەر خەڵکدا بدات ، چونکە بورژوا ئەم کارە لە ڕووی چاکە و خێرخوازییەوە دەکات . خۆ ناچیّ لە پێناو ئەم کارەدا دزی بکات ، دزی کارێکی نەنگینە . بورژوا دەتوانێت چاوپۆشی لە هەر کارێک بکات تەنیا دزی نەبیّ ، دزی ، یارۆی دز بە گرتن دەدات ، ئەگەر خۆت و ماڵ و منداڵەکەت لە برسا بمرن نابێت دزی بکەیت ، بەڵام ئەگەر بە نەزاکەت و مجامەلەوە کڵاو بکەیتە سەری خەڵکی و دەستیان ببڕیت... ئەمە ئاساییە و کەس گلەییت لێناکات . چونکە تۆ کاسبی دەکەیت ، دەتەویّ سەروەت و سامانێک پێکەوە بنەی و پێگە و پایەیەک پەیدا بکەیت ، واتە کارێک دەکەیت کە دەگەڵ سروشتی بەشەردا تێک دەکاتەوە . بۆیە لە فەرهەنگی ئەواندا جۆری دزییەکان بە باشی ڕوون کراوەتەوە ، دزی لە پێناو ئامانجێکی ناچیزا بۆ نموونە دزی لە پێناوی پارووە نانێکدا ، جیاوازە لەو دزییەی بە ئاشکرا و بەناوی کار و کاسبییەوە دەکرێت ، دزی دووەم حەڵاڵە ، کاسب حەبیبی خوایە ! خەڵکی هانی دەدەن و یاسا و ڕێسای مکوومی خۆی هەیە .

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی خۆم ؛ چما بورژوا وەکو ئەوەیە لە شتێک بترسێت ؟ چما پێدەچێت هەست بە ئاسوودەیی نەکات ؟ باشە چ شتێک بێزاری دەکات و سەری دەیەشێنێت ؟ دەم درێژ و دەماوەرەکان

؟ خۆ دەتوانێت بە نووکە شەقێک ترۆیان بکات و ڕەوانەی دۆزەخیان بکات ! ئایا بەڵگە و دەسکەوتە عەقڵییەکان سەریەشەی بۆ دەنێنەوە ؟ خۆ عەقڵ لە هەنبەر واقیعدا خۆی ناگرێت . خۆ خودی عاقڵ و زاناکان نها بەخۆشیان دەڵێن  شتێک نییە بەناوی عەقڵی خالیسەوە ، لۆژیکی ڕووت بۆ هەموو بەشەرییەت نییە ، هەموو بەشەرییەت بەیەک ئەندازە ناگرێتەوە . ئەوەی هەیە ، عەقڵی ئەم و ئەوە . عەقڵی فلان و عەقڵی فیسار ، عەقڵی جۆن ، پییر ، گوستاف هەیە ، شتێک نییە بە نێوی عەقڵی خالیسە ، ئەم شتە کۆمەڵێک خەیالاتی بێ بنج و بناوانی سەدەی هەژدەیەمە . کەواتە لە کێ دەترسن ؟ لە کرێکارەکانی ؟ خۆ کرێکارانیش هەموویان بورژوای بیلقوەن ، هەموو خەون و خەیاڵێکیان ئەوەیە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببن بە خاوەن کار ، تا دەتوانن سەروەت و سامان کۆ بکەنەوە . ئیدی ئەوە تەبیعەتیانە ، تەبیعەت بەخۆڕایی بە دەست نایەت ، بەڵکو زادە و بەرەنجامی گەشەکردن و پەرەسەندن و پەروەردەی سالانی دوور و درێژە . ئاکار و ڕەوشتی میللەت بە ئاسانی ناگۆڕێت . ناکرێت بە ئاسانی دەست لەو داب و نەریتانە بێتە هەڵگرتن کە بە درێژایی سەدان ساڵە تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی خەڵکی بووە ، قورسە . ناکا بورژوا لە جووتیاران بترسن ؟ خۆ جووتیارانی فەرەنسی بە خۆیان کۆنە موڵکدارن ، دەکرێت بە باشترین نموونەی موڵکدار دابنرێن . یان لە کومونیستەکان دەترسن ؟ یان لە سوسیالیستەکان دەترسن ؟ بەڵام ئەم پارتە لە کاتی خۆیدا دووچاری شکست و ناکامییەکی گەورە بوو ، دەستەکەی کەوتەڕوو . بورژوا لە دڵی خۆیدا ڕقی لێیەتی ، دەیبوغزێنێ ، بەڵام لە هەمان کاتدا لێشی دەترسێت . بەڵێ ، ئەوە ئەو پارتەیە کە بورژوا تا نهوژی لێی دەترسێت . بەڵام بەڕاستی لە چ دەترسێت ؟ باشە قەشە سیس – ی کاتۆلیک ( عمانوئیل جوزیف سیس ١٧٤٨ – ١٨٣٦، سیاسەتوان ، قەشەیەکی کاتولیک و نووسەرێکی فەرەنسی بوو ) لە نامیلکە بە نێوبانگەکەیدا پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە بورژوا دەبێ بە هەموو شتێک ؟ ئەم توێژی سێیەمە چییە ؟ هیچ . دەبێ ببێ بەچی ؟ بە هەموو شتێ .

نها پێشبینییەکەی هاتۆتەدی . لە نێو هەموو ئەو قسانەدا کە لەو سەردەمەدا کراون ، تەنیا قسەکەی ئەو هاتووەتە دی . تاقە قسەیە کە ماوەتەوە . بەڵام بورژوا ، وێڕای ئەوەی هەموو ئەو قسانەی کە دوای سیس کراون ، پووچەڵ دەرچوون و وەکو بڵقی سەر ئاو تەقین ، هێشتا هەر هەست بەگومان دەکات . ڕێک لە دوای سیس – وە دروشمی : ئازادی ، یەکسانی ، برایەتی بەرزکرایەوە . زۆرچاکە ! بەڵام ئازادی دەکاتە چی ؟ کێهە ئازادی ؟ ئازادی دەکاتە یەکسانی بۆ هەمووان ، تا لە چوارچێوەی یاسادا ، چ کارێکیان پێخۆشە ، ئەو کارە بکەن . کەی مرۆڤ دەتوانێت بە کەیفی دڵی خۆی بکات ؟ وەختایەک دەتوانێت کە دارا بێ ، ملیۆنێر بێت . ئایا ئازادی ، ئەم ئازادیە سەرو ملیۆن بە هەموو کەسێک دەدات ؟ هەڵبەتە نا ! مرۆڤێک ملیۆنێر نەبێت ، ناتوانێت هەر کارێکی بەدڵ بێ بیکات ، بەڵکو هەر کارێکیان بوێ پێیدەکەن . چ شتێک لەمەوە هەڵدەهێنجرێت ؟ ئەمە هەڵدەهێنجرێت کە جگە لە ئازادی ، یەکسانیش هەیە ، بە وتەیەکی ڕوونتر : یەکسانی لە هەنبەر یاسادا هەیە . ئەوەی دەشێت سەبارەت بەم یەکسانیە لە هەنبەر یاسادا بگوترێت ، ئەوەیە کە هەر فەرەنسییەک کە ئەم یەکسانیەی بەسەرا جێبەجێ دەکرێت ، دەتوانێت و بگرە پێویستە لەسەری بە سووکایەتی و بێ ڕێزی کەسایەتی خۆیی بزانێ . چ شتێکی دیکەی دروشمەکە ماوەتەوە ؟ برایەتی . ئەم خاڵەیان سەیرترین و کۆمیدی ترین بەندی دروشمەکەیە . دەبێ دان بەوەدا بنەین کە ئەمە لە ڕۆژئاوادا بە گەورەترین کۆسپی سەر شارێگاکە دادەنرێت .

مرۆڤی ڕۆژئاوایی برایەتی بە داینەمۆیەکی مەزنی جووڵە و چالاکی تیرەی بەشەر دەزانێت ، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە مەحاڵە ئەگەر ڕەگ و ڕیشەی لە واقیعدا نەبێت ، مەحاڵە لە هیچ شوێنێکەوە هاوردە بکرێ و گشتاندن بکرێت . ئەدی تەگبیر ، چ بکەین ؟ دەبێ بەهەر نرخێ بووە برایەتی دروست بکرێت . بەڵام خۆ وەکو

ڕۆژی ڕوناک عەیانە کە برایەتی دروست ناکرێت ، خۆی ، خۆبەخۆ چێدەبێت ، ڕەگی لە تەبیعەت دایە ، خۆڕسکە ، جا نە لە تەبیعەتی فەرەنسیدا و نە لە تەبیعەتی ڕۆژئاواییدا ئەو شتە بەدی ناکرێت . لەجیاتی ئەوە فەردانیەت و تاکگەرایی زاڵە ، خودگەرایی و چالاکی شەخسی زاڵە ، خۆد بەلایەک و هەموو دنیا و کۆمەڵگەێن بە شەری بەلایەک ، مرۆڤ خۆی لە چارەنووسی خۆی بەرپرسە . جا مەحاڵە لە کاودان و ڕەوشێکی وەها ناکۆک و هەڤدژدا برایەتی دروست ببێت . بۆچی ؟ چونکە لە برایەتی دا ، لە برایەتی ڕاستەقینەدا ، کەسایەتی جیاواز نییە ، من نییە . من دەبێت لە خەمی ئەوەدا بێت ، کە هیچ نەبێ لەباری دەروونییەوە ، هاوتای ئەوانی دی بێت . دەبێ ئەم منە سەرکێش و سەرەڕۆیە ، بەر لە هەر شتێ خۆی ، منایەتی خۆی بکات بە قوربانی کۆمەڵگە ، نەک هەر داوای مافی خۆی ناکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، دەبێت هەرچی ماف و داوایەکی هەیە ، بەبێ هیچ شەرت و مەرجێک بە کۆمەڵگە بسپێرێت ، بیخاتە خزمەت کۆمەڵگەوە . بەڵام کەسایەتی ڕۆژئاوایی ، بەم ڕەوشە ڕانەهاتووە : منی ئەوان ڕژدە لە سەر داواکانی خۆی ، داوای مافەکانی خۆی ، داوای بەشی خۆی دەکات ، لەبەر ئەمە برایەتی چێنابێت ... ئەدی ئەگەری ژیانەوە ؟ ئەم ئەگەرە هەیە ؟ هەیە ، بەڵام ژیانەوە زۆری دەوێت ، هەزاران ساڵ دەخایەنێت ، چونکە ئەم چەمک و بیر و ئایدیانە دەبێ لە گۆشت و خوێنی میللەتدا ڕیشاژۆبن ، تا واقیعیەت پەیدا بکەن . هەڵبەتە دەپرسن : ئایا دەبێ مرۆڤ دەستبەرداری کەسایەتی و منایەتی خۆی ببێت تا بەختەوەر و شاد بێت ؟ یانی ئەمە ڕێگای ڕزگارییە ؟ من دەڵێم : بە پێچەوانەوە ، نەک نابێت ئینسان دەستبەرداری کەسایەتی و خودی خۆی بێت ، بەڵکو دەبێ کەسایەتی دروستبکرێت ، دەبێ ببێ بە خودانی شەخسیەتێکی زۆر باڵاتر لەوەی کە نها لە ڕۆژئاوادا پێی گەیشتوون و باسی دەکەن . ملاحەزە بفەرموون ؛ فیداکردنی خود لە پێناوی کۆمەڵدا ، تاک لە ڕای کۆ ، ئەویش بەوپەڕی ئاگایی و ویستی خۆتەوە ، نەک لە ڕووا دامێنی و بە سەرتا بسەپێنرێت ، ئەم قوربانیەی کە تاک لە پێناوی کۆمەڵدا بەخۆی و بەبوونی خۆی دەدات ، بە نۆڕینی من باڵاترین ئاستی شەخسیەتە ، نیشانەی بێ چەندوچوونی توانای ئینسانە لە کۆنترۆڵکردنی خۆی و پراکتیزەکردنی ئازادی و ویست و ئیرادەی خۆی . وەختێ پیاو دەتوانێ ئارەزوومەندانە قوربانی بە ژیانی خۆی لە پێناوی خەڵکیدا بدات یان لە پێناوی خەڵکیدا لە خاچ بدرێت کە خودانی شەخسیەتێکی بەهێز و پێگەیشتوو بێت . کەسایەتی تێگەشتوو و پێگەیشتوو، کە باوەڕی تەواوی بە مافی ژیان و هەبوون هەبێ ، کەسایەتیەک کە متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و لە هیچ نەترسێت ، مەحاڵە خۆی جگە لە کۆمەڵ نەزری هیچ شتێکی دیکە بکات ، ئەمەش لە پێناوی ئەوەدا دەکات کە خەڵکانی دیکەش وەکو ئەو ببن بە خودانی شەخسیاتی سەربەخۆ و شادمانی وەکو ئەو. ئیدی ئەوە سوننەت و یاسای تەبیعەتە و بەشەری نۆرماڵ و ئاسایی بەو ئاراستەیەدا دەڕوات . وێڕای ئەوەش لەگینە داوە موویەک ، داوە موویەکی بچووک ، بچێتە درزی ئامێرێکەوە و سەقەتی بکات . با مەبەستی خۆمتان بۆ ڕوون بکەمەوە : کارەسات ئەوەیە کە لەم کارەدا پیاو بچووکترین حیساب بۆ سوود و قازانجی شەخسی خۆی بکات . بۆ نموونە من ئامادەم خۆ نەزری کۆمەڵ بکەم و خۆم لە پێناوی کۆمەڵگەدا فیدا بکەم . هەڵبەتە دەبێ ئەم فیداکاری و قوربانیدانە تەواو بێ ، بەو تەماحە نەبێ کە کۆمەڵش پاداشتی بداتەوە و خۆی فیدای ئەو بکات و خۆی لە قەبەڵی من بکات . قوربانی دان ئەوەیە کە بە دڵ و گیان خۆت نەزری کۆمەڵ بکەی و چاوت لە هیچ پاداشتێک نەبێت و کەس خۆی لە پێناوی تۆدا فیدا نەکات . ئەم کارە چۆن دەکرێت ؟ ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێین بیر لە چیرۆکی فیلە سپیەکە مەکەوە. بۆ نموونە ئەگەر هەوڵبدەن بیر لەم ئاژە لە نەکەنەوە ، دەبینن ئەم نەعلەتیە بەردەوام بیرتان دەکەوێتەوە . ئەدی تەگبیر ؟ چ بکرێت ؟ هیچ ناکرێت ، مەحاڵە ئەم کارە بکرێت " دەبێ خۆ بەخۆ بێتەدی ، لە تەبع و تەبیعەتی بەشەردا هەبێت " دەبێ لە نەست و نائاگایی هەموو

میللەتدا نەخش بووبێت ، بەکورتیەکەی پێویستە پرەنسیپی برایەتی هەبێت ، پرەنسیپی خۆشەیستی هەبێت : دەبێ یەکمان خۆشبوێت . دەبێ بە تەبیعەت و خۆڕسکانە مایل بە برایەتی بین ، دەبێ کۆمەڵیش ، بەو سەمتەدا ئاراستە بکەین ، سەرەڕای ئەو بێدادی و زوڵم و زۆرەی میللەت بە درێژایی سەدان ساڵە چەشتوویەتی ، وێڕای ئەو هۆڤیگەری و نەزانی و جەهالەتەی کە لە بوونی خەڵکیدا ڕەگی داکوتاوە ، وێڕای ژیانی کۆیلایەتی و شەڕ و تالآن و بڕۆی بیانی ، دەبێ میللەت بەسەمتی برایەتیدا ئاراستە بکرێت . بە کورتیەکەی دەبێ برایەتی لە تەبع و تەبیعەتی بەشەردا بێت ، بەو خەسڵەتەوە لەدایک ببێت . نها ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی ماقوولی برایەتی بکەین، برایەتی دەبێ چۆن بێ ؟ برایەتی ئەوەیە کە هەر تاکێک بە کەماڵی ئارەزوو ، بێئەوەی چاوی لە هەر بەرژەوەندییەک بێ، بێت و بە کۆمەڵگە بڵێت : " وەختێ بەهێز دەبین کە یەکگرتووبین ، ئەگەر پێویستتان بە منە ، من دەربەست لە خزتەتتاندام . هیچ خەمێکی منتان نەبێ و یاسای خۆتان جێبەجێ بکەن ، نیگەرانی من نەبن ، من دەستبەرداری هەموو مافێکی خۆم دەبم و خۆم لە قەبەڵی ئەنگۆ دەکەم ، خۆم وەقفی ئێوە دەکەم . وەختێ هەست بەشادی و شانازی دەکەم کە خۆم فیدای هەمووتان بکەم و هیچ زیانێک بەر ئێوە نەکەوێت . من ئامادەم خۆم فیدا بکەم بۆ ئەوەی برایەتی ئێوە گەشە بکات و پایەدار بێت "...

کۆمەڵیش لەلای خۆیەوە پێویستە لە وەڵامی ئەوەدا بڵێ : " تۆ شتێکی زۆرمان پێدەبەخشی ، دەستی کەرەم ڕەت ناکرێتەوە . تۆ بە خۆت دەڵێی ئەوە مایەی شادمانی تۆیە ، ئیدی چار چییە ، ئێمەش هەمیشە لە خەمی شادمانی تۆداین ، کەواتە تۆش هەموو شتێکی ئێمە بۆخۆت ببە ، بە هەموو توانایەکی خۆمانەوە ، هەوڵ دەدەین ئەوپەڕی ئازادی شەخسی و خۆیبوونت بۆ فەراهەم بکەین . نها ترست لە هیچ دژمنێ ، چ بەشەر و چ سروشت نەبێت ، ئێمە هەمووومان لە گەڵ تۆداین ، بەرگریت لێدەکەین . هەموومان ئەمن و ئەمانت بۆ فەراهەم دەکەین ، هیچ درێغییەکت دەرهەق ناکەین ، چونکە هەموومان براین ؛ گشتمان برای تۆین ، هەم ژمارەمان زۆرە و هەم بەهێزین . ئیدی ئاسوودە بە ، دڵنیا و ئارام بە ، لە هیچ مەترسە و بە ئێمە پشت ئەستوور بە . "

دوای ئەمە هەڵبەتە شتێک نامێنێت پێویست بەوە بکات کە دابەش بکرێت ، ئیدی هەموو شتێک خۆ بەخۆ دابەش دەبێت ، " یەکترتان خۆشبوێ ، هەموو ئەم شتانە بەزیادەوە فەراهەم دەبن " ( ئینجیل متی، ئیسحاحی شەشەم ،٣٣ ) .

برادەرینە ، لە ڕاستیا ئەمە یوتوپیایە ! هەموو شتێک لە سەر بنەمای سۆز و سروشت ڕۆنراوە ، نەک عەقڵ و ئاوەز . ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە سووکایەتیەکە بە عەقڵ ؟ ئێوە چ دەڵێن ؟ ئایا ئەمە یوتوپیایە یان نا ؟

باشە سوسیالیست دەتوانێ چ بکات ئەگەر لە ناخ و نیهادی خەڵکی ڕۆژئاوادا برایەتی نەبێت ، تەنیایی و تاکگەرایی زاڵ بێت ، کە بە بەردەوامی گۆشەگیرتری دەکات و هەمیشە لەسەر پێیە و دەست بە شمشێر داوای مافەکانی خۆی دەکات ؟ سوسیالیست کە دەبینێت برایەتی نییە ، هەوڵدەدات بانگەواز بۆ برایەتی بکات . با برایەتیش نەبێت بەڵام هەوڵدەدات بیخوڵقێنێ ، پێکیبێنێ ، جا بۆ ئەوەی بە گۆشتی کەروێشک قەلی دروست بکەین ، دەبێ لە هەوەڵەوە کەروێشک پەیدا بکەین . بەڵام لێرەدا چ کەروێشکێک لە ئارادا نییە ، واتە خودی ئامادەی برایەتی ، خودێ کە باوەڕی بە برایەتی هەبێ و خۆبەخۆ بەرەو برایەتی بکشێت و چاوی لە برایەتی هەبێ ، لە ئارادا نییە ! ئیدی جەنابی سوسیالیست ، لەوپەڕی نائومێدیشدا دەست بەکار دەبێت و ئایندەی برایەتی پێناسە دەکات ، هەڵی دەسەنگێنێت ، حیسابی قازانج و زیانی دەکات و خەڵکی بە قازانجەکانی ئاشنا دەکات ، ئیدی باسی ئەو قازانج و مفایانە دەکات کە بە هەر تاکێک دەگات . پێشوەختە باسی ئەو خێروبێرانە دەکات کە

هەر تاكێک دەستی دەكەوێت و دەبێ هەر تاكێک خۆبەخۆ و ئارەزوومەندانە قوربانی لە پێناودا بدات. جا ئەگەر پێشوەختە ئەم خێر وبێرانە دابەشبكرێت و بەشی هەر كەسێک دیاری بكەین و كار بەم دروشمە بكرێت : هەر تاكێک بۆ هەمووان و هەمووان بۆ هەر تاكێک " ( " تاک بۆ هەموو و هەموو بۆ تاک " ئەمە ئەو دروشمەیە كە ئاتیین كابیە كتێبە بە نێوبانگەكەی خۆی " گەشتێک بۆ ئیكارتا " ی پێ ڕازاندەوە ١٨٤٠. لە ساڵی ١٨٤٩ دا كابیە لە تەكساس دا یەكەیەكی بەرهەمهێنانی سوسیالیستی بە گوێرەی پرەنسیپەكانی فورییە دامەزراند ، پاشان ، دوای شەڕ و ململانێیەكی زۆر ، ئیدارەكەیان لێ سەندەوە .

كۆمۆنەی دووەم كە لە سەر بنەمای پرەنسیپەكانی فورییە لە ساڵی ١٨٥٣ دا لە تەكساس هاتە دامەزراندن ، ڤیكتور كونسیدران دایمەزراند. )

ئاخر ئەمە چ برایەتیەكی لێ چاوەڕوان دەكرێت ، دروشم لەوەی باشتر نابێت ، بەتایبەتی كە ئەم فورمولەیە لە كتێبێكی بە نێوبانگەوە هەڵێنجرابوو ( مەبەست لە كتێبی سێ تفەنگدارەكەی ئەلكساندەر دومایە ) ئەم دروشمە لەلایەن هەندێ كەسەوە پراكتیزە كرا ، بەڵام دوای شەش هەیڤەک ، برایان ، كابیە — ی دامەزرێنەری ئەم كۆمۆنەیەیان دایە دادگا . ئیدی هەوادارانی فورییە ، هەوڵیاندا بەو پارە كەمەوە كە پێیان مابوو ، كە بڕی نۆ سەد هەزار فرانک بوو ، هەوڵیاندا بە هەر نرخێ بووە كۆمونەیەک دامەزرێنن ، بەڵام بێهودە ، فایدەی نەبوو . هەڵبەتە كارێكی جوان و بەجێیە . خەڵكی لە جیاتی ئەوەی بەبرایەتی بژین بە عەقڵ و ئاوەز بژین . بە گوتەیەكی دی خۆشە بەجۆرێ بژیت هەمووان بتپارێزن و تەنیا كار و ڕەزامەندییان لە تۆ بوێت . بەڵام لێرەدا كێشەیەكی دی دێتە ئاراوە : پێدەچێت هەموو شتێک بۆ ئینسان فەراهەم و دابین بكرێت . بەڵێنی دەدرێتێ كە برسی نەبێ و كاری بۆ دابین بكرێ و لە هەنبەر ئەمەدا ، لە ڕای بەرژوەندی هاوبەش و خێری گشتیدا ، دەستبەرداری بەشێكی زۆر كەمی ئازادی شەخسی خۆی ببێت . باشە چ دەبێت ئەگەر ئەم ئینسانە بەو شەرت و مەرجانە ڕازی نەبێت ؟ ئامادە نەبێت دەستبەرداری ئەو بەشە كەمەی ئازادی خۆی ببێت . ئیدی لە ڕووی گەوجاتیەوە وا وێنا بكات ئەم ڕەوشە جۆرێكە لە ئەسارەت ، زندانە ، ئەگەر ئازادی ئازاد بێ باشترە ، بەڵام گەر ئازادی ئازاد بێت لێدەدرێت ، كاری نادرێتێ ، لە برسا دەمرێت ، هیچ خۆیبوونێكی نابێت . وێڕای ئەوەش ئەم ئینسانە سەیرە وا وێنا دەكات كە ئازادی باشترە . لێرەدا جەنابی سوسیالیست هیچ چارێكی نامێنێ تەنیا ئەوە نەبێ كە بە ڕوویا هەڵشاخێت و بە كەسێكی گەوجی بزانێت كە بەرژەوەندی خۆی نازانێت و لەقە لە بەختی خۆی دەدات ، هەنگێ مێرووڵەی بەستەزمانی بە نموونە بۆ دێنێتەوە و پێی دەڵێت مێرولە بەو بچووكییەی خۆیەوە لەو بە ئاوەزترە ، چونكە هەموو شتێک لە مێروستاندا سیستەماتیكە ، هەموویان تێر و پڕن و هەركەسە و كاری خۆی دەزانێت ، جیاوازی نێوان مرۆڤ و مێرولە زۆرە . بە كورتیەكەی بەشەر هێشتا زۆری ماوە بگاتە مێرولە ! بە گوتەیەكی دی ئەگەر سوسیالیزم مومكنیش بێت ، لە فەرەنسادا نایەتە دی و مومكین نییە...

هەنگێ جەنابی سوسیالیست ، لەوپەڕی نائومێدیدا ، ئەم دروشمە بەرز دەكاتەوە : " یان ئازادی و یەكسانی و برایەتی یان مردن . " لێرەدا ئیدی مشت و مڕ و گەنگەشە فایدەی نییە ، لە كۆتاییدا بورژوازیەت گرەوەكە دەباتەوە .

بەڵام ئەگەر بورژوا سەربكەوێت ، گرەوەكە بباتەوە ، هەنگێ فرمولەكەی سیس ، نەک هەر نایەتە دی ، بەڵكو ناكامیش دەبێت . سیس دەڵێت : بورژوا هەموو شتێكە ، چما بورژوا نیگەرانە . خۆپارێزی دەكات لە چی دەترسێت ؟ هەموو شتێک ، هەموو كەسێک لە هەنبەر ئەو پاشەكشەی كرد ، بۆڕی خوارد . بەرلەمەش بۆ

نموونە لە سەردەمی لویس فیلیپی یەکەمدا ( لویس فلیپی یەکەم ١٧٥٢ – ١٧٨٥ شازادەی دەوڵەمەندی فەرەنسا ) بورژوا بەم ڕادەیە نەدەترسا و دەسەپاچە نەبوو . خۆ لەو سەردەمەشدا بورژوا فەرمانڕەوا بوو .

لەو سەروبەندەدا تازە پەی بەوە بردبوو کە دژمنانی هەیە . دژمنانێ کە لە ڕۆژانی حوزەیراندا بە زەبری چەک و شمشێر بەسەریاندا سەرکەوت ( مەبەست زەمانی فەرمانڕەوایی لویس فلیپە ١٨٣٠ – ١٨٤٨ ) شەڕ تەواوبوو ، بورژوا هەستی کرد خۆی تاقەسوارەی مەیدانە و کەس لەو باشتر نییە ، ئەو ئایدیالی باڵایە ، ئیدی پێویستی بەوە نییە ، تەکەز لە سەر ئەوە حەقیقەتە حاشاهەڵنەگرە بکاتەوە ، تەنیا ئەوەندەی لەسەر ماوە ، خۆی وەکو لوتکەی جوانی و کەماڵ لە بەردەم هەموو دنیادا بنوێنێت . جا بتانەوێ و نەتانەوێ ئەمە هەڵوێستێکی پەشێوە . ئەوەبوو ناپلیونی سێیەم هاتە سەر حوکم و وەکو ئەوەی فریادڕەسێک بێت و لە ئاسمانەوە بەربووبێتەوە و بورژوازیەتی لە پەشۆکان و دڵەڕاوکێ ڕزگار کرد . ئیدی لەو ساوە بورژوا کەوتە گەشە و نەشە ، بەڵام باجێکی قورسی ئەم گەشە و نەشەیە دەدات و بەبەردەوامی دەترسێت . سەدەمی ئەمەش هیچ شتێک نییە ئەوە نەبێ کە گەییوەتە هەموو شتێک . هەر گاڤێ بگەیتە هەموو شتێک ، لەوە دەترسیت هەموو شتێک لە دەست بدەیت . دۆستانی ئازیز بەم پێودانگە پیاو تا زیاتر لە گەشە و نەشە و خۆشگوزەرانیدا بێت ، پتر دەترسێت .

تکایە پێمەکەنن ، نها بۆتان دەرکەوت بورژوا چییە ؟

## فەسڵی حەوتەم

## پاشماوی فەسڵی پێشوو

چما لە نێو بورژواکاندا ئەم هەموو نۆکەر تەبیعەتە هەن ؟ کەچی بە سەروسیما و ڕواڵەت زۆر خانەدان و دیارن ؟ تکایە گلەییم لێمەکەن ، بە ڕووما مەیەنەوە و مەڵێن تۆ موبالەغە دەکەیت و لە ڕووی ڕق و نەفرەتەوە ئەو قسانە دەکەیت ، ئیرەیی بەو خەڵکانە دەبەیت . ئێرەیی بەچی ، بە کێ ؟ من تەنیا ئەوەم گوتووە کە لە نێو بورژوایان دا کەسانی تەبیعەت نزم و نۆکەر تەبیعەت زۆرن و لە ڕاستیشدا هەروایە . نۆکەرایەتی و ڕیاکاریی بە بەردەوامی لە نیهادی بورژوادا پتر و پتر ڕیشاژۆ دەبێت و بەدیاردەیەکی جوان و باش دەزانرێت و برەو و باو پەیدا دەکات . ئیدی ئەمە دەرهاویشتەی ئەم کاودان و ڕەوشەیە کە حاڵی حازر لە ئارادایە و لەوەش زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێت . دیارە بورژوازییەت لە خودی خۆیدا بە تەبیعەت زەمینە بۆ ئەم دیاردەیە خۆشدەکات و یارمەتی سەرهەڵدانی دەدات . من بۆ نموونە ناڵێم لە سیستەمی بورژوازیدا جاسووسیەتی خۆ بەخۆ زۆرە . بۆچوونی من ئەمەیە کە بڵاوبوونەوەی سەیرە و سەمەرەی سیخۆڕی لە فەرەنسادا– هەڵبەتە نەک سیخوڕی ئاسایی ، بەڵکو سیخوڕی پێشکەوتووانە و وەستایانە ، ئەوەی کە ڕەوشی زانستیانەی خۆی هەیە و دەکرێ ناوی هونەری لێبنرێت – لە تەبعی نۆکەر تەبیعەتی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت . واتە ئێوە دەڵێن جەنابی گوستافی نەجیمزادە ئەگەر پارەی نەبێت ، نایەت دەستبەجێ نامەی ماشقەکەی بە دە هەزار فرانک بفرۆشێت و مێردەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە ؟ ڕەنگە زیادەگۆیی بکەم ، ڕەنگە قسەکەم واقیعی بێ پایەی واقیعی خۆی هەبێت.

فەرەنسییەکان بە تەبیعەت بن ڕیشەن ، خۆبەرە پێشەوەن ، مەرایی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەکەن و ، ئامادەگی خۆیان بۆ هەر کۆیلایەتی و خزمەتکارییەک دەردەبڕن ، ئەگەر ئەو خزمەتکردنە ، بە خۆڕاییش بێت ، تەنانەت چاویان لە پاداشتی ڕاستەوخۆش نییە ، گرینگ ئەوەیە ئەمەیان بۆ قەید بکرێ و لە کاتی خۆیا حیسابی بۆ بکرێ

. هەموو ئەوانە وەبیر بێننەوە کە لە کاتی ئەو گۆڕانە زۆرانەی کە لە سیستەمی حوکمی فەرەنسادا ڕوودەدەن ، خەڵکەکە چ هەڵپەیەک بۆ وەرگرتنی پلەوپۆست دەکەن . چ ئەدا و ئەتوارێک دەنوێنن ، چ ڕووپامایییەک دەکەن . باربیە شیعرێکی جوانی لەمبارەیەوە هەیە.

ڕۆژێ لە قاوەخانەیەک ڕۆنیشتبووم ، دەستم دایە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژی سێیەمی تەمووز . چاوم بە نووسینێ کەوت لە ژێر سەرناڤی : نامەیەک لە شاری فیشی یەوە . ئەو سەردەمە ئیمپراتۆر و دەرباریيان و دەست و پێوەندەکانی لە شاری ناڤبری بوون . ئیدی بە سواری ئەسپان دەگەڕان و بە نێو شارەکەدا دەسوڕانەوە . پەیامنێری ڕۆژنامەکە هەموو ئەو شتانەی باسکردبوو . نووسینەکەی بەم ئاوایە دەستی پێدەکرد : " لێرەدا دەستەیەکی سوارەی کارامەمان هەن ، هەڵبەتە دەتوانن بە مەزەندە بزانن کە باشترینیان کێیە . بەڵێ والا حەزرەت ئیمپراتۆر هەموو ڕۆژێ دەگەڵ دەست و پێوەندەکەیان دەسوڕێنەوە... "

پیاو یەکسەر تێدەگات کە یارۆی پەیامنێر ، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە بە شان وباڵی ئیمپراتۆردا هەڵدەڵێت . ئازادە لەوەی کە بە بیروبۆچوون و دروستی ڕایەکانی و کەماڵی خەسڵەتەکان بە ئیمپراتۆردا هەڵبڵێ . خۆی ناکرێ ڕووبەڕوو بەوجۆرە کەسانە بگوترێ " دوو ڕوو و ڕیاباز . " چونکە دەتوانێ یەکسەر بەرسڤ بداتەوە و بڵێت : " بە تۆچی ، ئەوە قەناعەتی خۆمە . " ڕێک وەکو هەندێک لە ڕۆژنامەڤانانی هاوچەرخی خۆمان وادەکەن . ئەمە وەڵامێکی کلێشەیی حازر بەدەستە و بەمە بێدەنگت دەکەن و... ئازادیە ئیدی . ئازادی بیر و ویژدان ، یەکەمین و گرینگترین جۆری ئازادی دنیایە . بەڵام ئەو لەم حاڵەتەدا دەتوانێت چ وەڵامێکی ئەنگۆ بداتەوە ؟ هیچ گرینگییەک بە یاساکانی تەبیعەت نادات ، ئیدی هەموو شتە ماقوولەکان پێشێل دەکات و بە ئانقەستیش ئەم کارە دەکات . بەڵام بۆچی ، لەوە دەچێ ئەم کارەی بە ئانقەست بێ ؟ چونکە کەس باوەڕی پێناکات و تەنانەت ئەو سوارچاکەش کە ستایش کراوە ، زەحمەتە ئەو بابەتە بخوێنێتەوە . گریمان وا خوێندییەوەش ، یانی ئەو فەرەنسایيەش کە ئەم هەواڵەی نووسیوە و ئەو ڕۆژنامەیەی کە بڵاویکردووەتەوە ، دەستەی نووسەرانەکە ئەوەندە گەمژە بن کە نەزانن ئیمپراتۆر ، بە هیچ جۆرێ پێویستی بە نازناوی باشترین سوارچاک نییە ؟ یانی نزانن کە خودی پاشا پێی ناوەتە تەمەنەوە ، بەم پیرییە زۆر کەیفی بەم شۆرەت و نێوبانگە نایەت و هیچ حیسابێکی بۆ ناکات و هەرگیز باوەڕ بەوە ناکات کە یەکەمین سوار چاکی فەرەنسایە . چونکە وەکو دەڵێن پیاوێکی زیرەکە ؟ بەڵام نا... حیسابێکی دیکەش لە ئارادایە . دروستە ئەوەی کە پەیامنێرەکە نووسیویەتی ماقوول نییە ، ڕابواردن و کۆمیدیە و ، پاشا ( ئیمپراتۆر ) هیچ بایەخێک بەم وتارۆکەیە نادات ، پێکەنینی پێدێت . بە نموونەی ملکەچی و گوێڕایەڵی  ونۆکەری دەزانێت . کۆیلایەتیەکی سەخیف و ناماقوولە ، بەڵام هەرچییەک بێ گرینگ ئەوەیە کە خاکەساری و کۆیلایەتیە . نها بەخۆتان داوەری بکەن : ئەگەر ئەم دیاردەیە پڕ بەپێستی خودی میللەت نەبێت ، ئەگەر ئەم مەراییە ئاسایی نەبێت و بگرە نیشانەی ئەدەب و نەزاکەت نەبێت ، دەشێت ئەم جۆرە وتارانە لە ڕۆژنامەکانی پاریس دا بڵاو ببنەوە ؟. ئاخر جگە لە فەرەنسا لە کوێی دنیادا ئەم جۆرە وتارانە بڵاو دەکرێتەوە و ڕۆژنامەڤانی بەم ڕادەیە دادەبەزێت ؟ من کە باسی روحی میللەت دەکەم ، لەبەر ئەوەیە کە جگە لە دوو سێ ڕۆژنامەی تەواو سەربەخۆ ، هەموو ڕۆژنامەکانی دی ئەم کارە دەکەن .

ڕۆژێکی هاوین لە خوارنگەیەک ڕۆنیشتبووم . هەڵبەتە نەک لە فەرەنسا ، بەڵکو لە ئیتاڵیا . بەڵام کۆمەڵێک فەرەنسیش لە خوارنگەکەدا هەبوون . باسی کاریبالدی – یان دەکرد ( جوزیە کاریبالدی ١٨٠٧ – ١٨٨٢ ، یەکێکە لە خەباتکارانی نیشتمانپەروەر ، لە شەڕی سەربەخۆیی ئیتاڵیا لە هەنبەر نەمسادا ، لەبەر خزمەتە زۆرەکانی

نازناوی قارەمانی دوو جیهانیان داێ ) لەو سەردەمانەدا لە هەموو شوێنێ باس هەر باسی گاریبالدی بوو ، بووبوو بە داستانی سەرزاران . دوو هەفتەیەک مابوو بۆ شەڕی ئەسپرومونت ( ئەم شەڕە لە ١٨٦٢/٨/٢٩ دا، لە نزیکی چیای ئەسپرومونتە ڕوویداوە . ) خەڵکەکە هەموویان بە ماناوە قسەیان دەکرد ، هەندێکیان قسەیان نەدەکرد ، هەندێکی دیکەشیان تەنیا سەریان دەلەقاند . ئەوەی لە قسەکانیاندا دیاربوو ئەمە بوو کە گوایە گاریبالدی دەستی بە کارێکی ترسناک و سەرکێشانە کردووە ، کارێک کە ناچێتە عەقڵەوە ، بەڵام بە پارێزەوە ، بە هێما و ئاماژەوە ئەو قسانەیان دەکرد . چونکە گاریبالدی پیاوێک بوو ، جیاواز لە خەڵکی ، لەگینە ئەوەی خەڵکی بە ڕیسک و سەرکێشیان دەزانی، بۆ ئەو و بەلای ئەوەوە زۆربەجێ و عاقڵانە بێت . بەرەبەرە قسەوباس هاتەسەر کەسایەتی خودی گاریباڵدی ، کەوتنە ژماردنی خەسڵەتەکانی ، داوەرییەکان هەرهەمووی بە قازانج و لە قازانجی ئەم قارەمانە ئیتاڵییەدا بوو .

کابرایەکی فەرەنسی قۆز ، کە هەر سی ساڵێک دەبوو ، بە هەمان غرووری هەر فەرەنسییەکەوە و بەدەنگی بەرز گوتی: - من سەرم لە یەک شتی گاریبالدی دەسوڕمێ .

هەمووان بە کونجکاوی ، ئاوڕی لای کابرای فەرەنسیان دایەوە .

دیاربوو کە تایبەتمەندییەکی تازە لە گاریبالدی دا کەشف بووبوو .

یارۆی فەرەنسی لە سەر قسەکەی بەردەوام بوو :

-لە ساڵی ١٨٦٠ دا گاریبالدی لە ناپولی دا ، دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبوو ( گاریبالدی لە ٩/٧/- ١٨٦٠/١١/٢ سەرۆکایەتی حکومەتی شۆڕشگێڕی لە ناپولی گرتە دەست . ) نزیکەی بیست میلۆن پارەی دەوڵەتی لە بەردەستدا بوو ! کەس بۆی نەبوو حیساب و کیتابی لەگەڵ بکات ، دەیتوانی ئەم پارە بۆ خۆی ببات ، دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی تەسەڕوفی پێوە بکات ، بێ ئەوەی سڵ لە هیچ لێپێچینەوەیەک بکاتەوە . بەڵام ئەمەی نەکرد و دوا قڕانی بۆ حکومەت گێڕایەوە . ئەمە کارێکە کە ناچێتە عەقڵەوە !!

وەختایەک یارۆی فەرەنسی باسی بیست ملیۆن فرانکەکەی دەکرد ، بە خۆم دیتم چۆن چاوەکانی دەبریسکانەوە.

دەشێت هەر چیرۆکێک دەربارەی گاریبالدی بێتە گێڕانەوە . بەڵام تەنیا لە بابایەکی فەرەنسی دەوەشێتەوە کە ناوی گاریبالدی دەگەڵ ئەو دزانەدا کە گەنجینەی دەوڵەت دەدزن ، لەیەک شوێندا بێنێت .

جا چەند ساکارانە و بەدڵسافی ئەو قسەیەی کرد ! ئینسانی دڵپاک هیچ خەتایەکی لێناگیرێت ، تەنانەت ئەگەر لە هەستی ئابروومەندی و ئەمانەتداریش لابدات هەر لێی ناگیرێت . بەڵام من وەختێ چاوم بە سەروسیمای ئەو پیاوە کەوت کە بە ئاو و تاوەوە باسی بیست ملیۆنەکەی دەکرد ، لە دڵی خۆدا گوتم : " باشە ، برادەر گیان ئەگەر تۆ لەو سەروبەندەدا لە جێگای گاریباڵدی بوایەی و گەنجینەی دەوڵەت لە بەردەستی تۆدا بوایە چیت دەکرد ! "

بێگومان دیسان پێم دەڵێن ئەم قسانە بێ ئینسافیە ، ئەمە حاڵەتێکی تایبەت و ئاوارتەیە ، ئەمە شتێکی شەخسیە و لە وڵاتی ئێمەشدا هەیە و هەقی ئەوەم نییە ئەمە بە سەر هەموو فەرەنسییەکاندا بگشتێنم ؛ خۆ هەموو فەرەنسییەکان وەکو یەک نین . هەڵبەتە وایە ، منیش مەبەستم هەموو فەرەنسییەکان نییە . نەجابەت و خانەدانی لە هەموو شوێنێک هەیە . ڕەنگە لە نێو ئێمەی ڕووسدا لەمەش خراتر هەبێت . بەڵام بۆچی ئەمە بە لوتکەی

چاکە و چاکەکاری دابنرێت ؟ دەتانەوێ ڕای خۆمتان لەو بارەیەوە پێ بڵێم ؟ ئینسان دەشێت زۆر خوێڕی و بودەڵە بێت ، بەڵام لە ئابڕوومەندیش بێبەش نەبێت . بە پێچەوانەشەوە خەڵکانی زۆر هەن ئابڕوومەندن ، بەڵام لە هەستی ئابڕوومەندی بێبەرین ، کاری زۆر خراپ بە ناوی چاکە و چاکەکارییەوە دەکەن . دەستەی یەکەم بێگومان گەندەڵن ، بەڵام گروپی دووەم هەقی بوغزاندنیان هەیە . ئەم جۆرە چاکەکارییە ڕواڵەتیە ، نیشانەی نەخۆشییە لە ژیانی میللەتدا . بەڵام سەبارەت بەوەی کە دەربارەی حاڵەتی تایبەتی و شەخسی وتتان ، نامەوێ گەنگەشەتان لەگەڵدا بکەم . خۆ میللەتیش لە دوا ئەنجامدا جگە لە کۆی حاڵەتە تایبەتیەکان هیچی دی نییە ؟ وایە یان نا ؟

ڕەنگە من لەوەدا سەرجیغ چووبم کە دەڵێم بورژوا بە پارێزەوە ڕەفتار دەکات و هێشتاش لە شتێک دەترسێت.

ڕاستە تووڕە دەبێت ، هەست بەجۆرە ترسێک دەکات ، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین دەبینین بورژوازییەت لە گەشە و نەشەی تەواودایە . هەرچەندە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ و فریو دەدات ، بەخۆی دەڵێت هەموو شتێ بەدڵی خۆمانە و لەوپەڕی نیگەرانیش دا ، متمانەی بەخۆی نالەقێت . چۆن ئەم هەموو ناکۆکی و هەڤدژییانە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە ؟ بە ڕاستی ئەمە پرسیارە ، مەتەڵێکە و هەڵهێنانی ئاسان نییە . بەڵام ئیدی ئەوە واقیعەکەیە . بورژوا ، هەرچەندە بیرکردنەوەشی کورت بێت ، بەڵام زۆریش ساعەقڵ نییە . زەخیرەیەکی زۆری هزر و بیری ئامادەی هەیە ، ڕێک وەکو ئەو چیلکە دار و ئێزینگەی کە بۆ زستان عەمار دەکرێت . بە هەموو ئاوەزێکی خۆیەوە وا وێنا دەکات کە دەتوانێت بەو کەرەستە عەمار کراوانەوە هەزار ساڵ بەسەر بەرێت . ئەوە من چ دەڵێم ؟ هەزار ساڵی چی ؟ بورژوا بە دەگمەن باسی هەزار ساڵ دەکات ، مەگەر زۆری بۆبێت کە قسەی وا بکات... بەزۆری ئەم پەندە بەکار دەبات : " دوای من ، خوای دەکرد دنیا ئاو دەیبرد ، تۆفانەکەی نوح ڕادەبوو".

بورژوا ، باکی بە هیچ و بەکەس نییە ، جۆرەها کەڵکەڵە و خولیای تورەهات و بێهودەی هەیە ! لە پاریس بەرێکەوت ڕێم کەوتە مەجلیسێک ، کۆڕ و ئاهەنگیماڵێک بوو ، لەو ماوەیەدا کە من لەوێ بووم خەڵکێکی زۆر هاتن . لەوە دەچوو بترسن باسی شتی ناباو بکەن و حەزیان دەکرد باسی هەندێ بابەت بکەن کە زۆر جەڵەبی و بازاڕی و سواو نەبێت ، بۆ نموونە باسی هەندێ شتی جدی و گشتی ئەوتۆ بکەن کە سەنگ و ئیحتوباری جڤاکی هەبێت ، ئیدی هەرشتێک بێت . ئەوەندەی من هەستم پێکرد ، ترسەکەیان لە بابەتی ترس لە جاسووسان نەبوو ، بەڵکو هی ئەوە بوو بیرکردنەوە و قسەکردنی جدییان لە بیر چووبووەوە . بە هەرحاڵ ، لەوێ تووشی خەڵکانێک بووم کە زۆریان مەبەست بوو باری سەرنجی من لە مەڕ پاریس بزانن . چەندم لەلا خۆشە ، دڵبەند و شیفتەی چ شتێکم . چەند بێزارم . فەرەنسییەکان تا نهۆژی باوەڕیان وایە دەتوانن لە ڕێگەی نەوازش و مجامەلەوە بە خەڵکی ڕابوێرن . ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی نەخۆشیە کە مایەی پێکەنینە . لەبیرمە پیرەمێرێکی کورتەباڵای میهرەبان و مەحبووب و ڕەزا سووک ، کە زۆرم خۆشی پێداچوو ، بە قووڵی لێی دەڕوانیم ، کە لێی پرسیم ڕام سەبارەت بە پاریس چییە ، وەختێ بینی هیچ جۆش و خرۆشێکی تایبەتی لەوبارەیەوە نیشان نادەم ، زۆر قەڵس بوو . تەنانەت ناڕەحەتی و نیگەرانیش نیشتە سەر سیمای . دیاربوو دڵی زۆر ناسکە ، نا موبالەغە ناکەم ! ئەی خودایا ، مەحاڵە بتوانی ڕۆژێ لە ڕۆژان قەناعەت بە هەر فەرەنسییەک ، واتە بە هەر پاریسییەک ( چونکە هەموو فەرەنسییەکان لە بنەڕەتدا پاریسین ) بکەی کە دەستبەرداری ئەو باوەڕە ببێت کە ئەو یەکەمین بە شەری سەرزەوییە . لە کاتێکدا ، هیچ شتێکی ئەوتۆ جگە لە پاریس دەربارەی گۆی زەوی نازانێت و لە خەمی ئەوەشا نیە بیزانیت . ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی دیکەی میللەتی فەرەنسا.

بەڵام دەم تەڕی و دەماوەری و نەوازش لە تایبەتمەندییە نەتەوەییە هەرە باوەکانیانە . ئیدی دەم تەڕی و دەماوەری لە لای فەرەنسیان دانامرکێتەوە و تا تەمەنیان پتر هەڵکشێت ، ڕژدتر دەبن لە سەر ئەو عادەتە . پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بزانم ئەم بەلاغەت و فەساحەتخوازییە ، لە کەیەوە لە فەرەنسا دەستی پێکردووە ، دیارە ئەمەش لە زەمانی لویسی چواردەیەمەوە دەستی پێکردووە . ئەوەی مایەی سەرنجە مێژووی هەموو شتێک لە فەرەنسادا ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لویسی چواردە ، لەوەش سەیرتر ئەمەیە کە هەموو شتێک لە سەرانسەری ئەوروپاشدا مێژووەکەی دەزڤڕێتەوە بۆ سەردەمی لویسی چواردەیەم . من نازانم ئەم پاشایە چیکردووە ، ئەفسوونی وی لە چیدایە ؟! تێناگەم چ شتێک زیاتر و تایبەتی تری لە پاشاکانی پێش خۆی کردووە . ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە ئەو یەکەم کەسە گوتوویەتی : " دەوڵەت منم. " ؟ ئەم قسەیەی زۆر مایەی سەرنج و دڵبەندی خەڵکی بووە لە هەموو ئەوروپادا دەنگی داوەتەوە و بڵاو بووەتەوە . وابزانم هەر بەمەش شۆرەت و نێوبانگی پەیدا کردووە . تەنانەت لە ڕووسیاشدا زۆر زوو نێوبانگی پەیدا کرد . ئەم پاشایە ، واتە لویسی چواردەیەم ، ناسیونالترین پاشای فەرەنسا بوو ، تەبیعەت و گیانێکی تەواو فەرەنسیانەی هەبوو . من نازانم چۆن ئەم هەموو وردە ئاژاوە و پاشاگەردانیانە ( مەبەستی لە شۆڕشی فەرەنسایە ) ڕووی دا... لە ئاخر و ئۆخری سەدەی ڕابردووا ڕاپەڕین و سەرهەڵدان ڕوویدا ، خەڵکەکە دووبارە گەڕانەوە سەر ڕەوشەکەی جاران و درێژەیان پێدا . بەڵام با بێینەوە سەر دەم تەڕی و دەماوەریەکەیان کە بۆ هەر پاریسییەک لە نانی شەوێ فەرزترە . پاریسی ئامادەیە هەموو ڕابردوو فەرامۆش بکات ، ئامادەیە قسەی بەجێ و ماقوول بکات ، قوتابییەکی گوێڕایەڵ و بە ئەدەب بێت ، بەڵام دەماوەری تاقە شتێکە کە تا نها نەیتوانیوە لە بیری بکات . تامەزرۆی ڕەوانبێژی و دەماوەرییە . هەمیشە تییر، گیزو ئادیلون باروی لە بیرن ( ئادولف تییر ١٧٩٧ – ١٨٧٧، دەوڵەتمەدار و دیرۆکنووس بوو. فرانسوا گیزو: ١٧٨٧ – ١٨٧٤، دیرۆکنووس و سیاسەتوان بوو . ئادیلون بارو: ١٧٩١ – ١٨٧٣ سیاسەتوان بوو ) و هەندێجار بەدەم هەناسەی ساردەوە بەخۆی دەڵێت : " ئەوانە دەماوەر بوون " و هەنگێ دەفکران ڕادەچێت.

ناپلیونی سێیەم پەی بەو حەقیقەتە برد ، ئیدی بەپەلە ، بڕیاری دا کە نابێ جاک بونوم، ڕابەر و نوێنەری جووتیاران ، مات و خەمبار سەر لەبەر خۆ بنێت ، ئیدی کاری لە سەر چاککردنی حاڵی ڕەوانبێژی و دەماوەری کرد . لەبەر ئەمە شەش نوێنەری لیبرالیان لە دەستەی یاسادانان دانا ، لەو کەسانەی کە نەتوانی بەرتیلیان بدەیتێ ، خۆ ئەگەر بشتەوێ سمێڵیان چەور بکەی ، ژمارەیان شەش کەسە ، شەش کەس بوون ، شەش کەسن و هەر شەش کەس دەبن . خەیاڵتان تەخت بێ کە ژمارەیان نە زیاد دەکات ، نە کەم دەکات ! ئەمە لە هەوەڵین نیگاوە زۆر ئاڵۆز دێتە بەرچاو . بەڵام مەسەلەکە زۆر ئاسان و سادەیە ، لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە ئەنجام دەدرێت . هەڵبەتە پڕ خویایە کە هەر تەگبیرێکی گونجاو دەگیرێتەبەر کە ئەم نوێنەرانە ، زۆر بلێی نەکەن ، بەڵام ڕێگەی قسەکردنی کەمیان پێدەدرێت . ئەوانە هەموو ساڵێک ، لە کاتی پێویستدا تاوتوێی مەسەلە ڕامیاریە گرینگەکانی دەوڵەت دەکەن ، ئیدی نەرمە ئۆخژنێک دەکەوێتە دڵ و دەروونی پاریسیان ، پاریسیان بۆیان بەدیار دەکەوێت کە هێشتا ڕەوانبێژی و دەماوەری باوی ماوە و بەوە خۆشحاڵ دەبن و دڵیان خۆش دەبێت . خویایە کە دەزانن ئەمە هەر هەمووی قسەی ڕووتن ، وشە ڕیزکردنی بێهودە و بێئاکامە . بەڵام بەوەش ڕازین و هەر هەموو ئەم گەمانە بە ماقوول و بەجێ دەزانن . هەڵبەتە گوتاری هەندێک لەو شەش ئەندامە مایەی ڕەزامەندین ، نوێنەری چاک ، هەمیشە ئامادەیە درێژە بە گوتاری خۆی بدات تا دڵی جەماوەر خۆش بکات . کارێکی سەیرە ! بەخۆی چاک دەزانێت کە گوتارەکەی هیچی لێ شین نابێت و مەسەلەکە تەنیا شۆخی و بڕێک بێهودە گۆییە و تەواو . کەچی وێڕای ئەوەش هەر قسان دەکات ، چەندین ساڵی دوا بە دوای یەک قسە دەکات ، زۆر جوانیش

قسە دەکات ، بە دڵ و گیان قسە دەکات ، لەزەت لە قسەکردنی خۆی دەبینێت ، کە هاوڕێکانی گوێیان لە دەم و دووی دەبێت ، دەکەونە ستایشی و دەڵێن : " تەمەشا چەند دەماوەر و وتە پاراوە ! "

هەم سەرۆکی دەوڵەت و هەم میللەتی فەرەنسا لە کەیفان لە پێستی خۆ ناهێورن . بەڵام کە نوێنەرەکە لە وتارەکەی دەبێتەوە ، سەرۆکەکەیان یان مامۆستای ئەم منداڵە بە ئەدەب و گوێ ڕایەڵانە ، ڕادەبێت و بەسەرفرازییەوە دەڵێت : " ئینشایەکەی نوێنەری بەڕێز ، دەربارەی بابەتەکە " هەڵاتنی ڕۆژە " زۆر نایاب بوو ، دیارە کاری لەسەر کراوە ، بە بەهرەی وتارخوانی خۆی دڵبەندی کردین ، بە نۆڕین و بۆچوونەکانی سەرسامی کردین.... بەڵام هەرچەندە نوێنەری بەڕێز لە ڕووی خۆشڕەفتاری و جدیەت و ماندووبوونەوە ، شایستەی ڕێز و پاداشتە ، بەڵام قسەکانی لە ڕووی هەندێ ئیعتباری باڵاوە ، هیچ بایەخێکی نییە و بەکەڵکی هیچ نایەت . بەڕێزان ، بە هیوام ئەنگۆش هەمان ڕەئی منتان هەبێت . " ئەوسا ئاوڕی لای هەموو نوێنەرەکانی دی دەداتەوە و پرشنگی جدیەت لە چاوانی دەبێتەوە ، نوێنەرەکان ، ئەوانەی تۆزێ لەوەپێش بەجۆش و خرۆشەوە چەپڵەیان بۆ سەرۆک و مامۆستاکەیان لێدەدا و وێڕای ئەوەش بە گەرمی تەوقەیان دەگەڵ نوێنەرە لیبراڵەکەدا دەکرد و دەست خۆشی و پیرۆزباییان لێدەکرد بۆ ئەو وتارە جوان و بە پێز و لەزەتە. و داوایان لێدەکرد کە بە ئیزنی مامۆستا ، کە کۆڕێکی سەرکەوتووی تریان ، لە دەرفەتێکی دیکەدا بۆ بگێڕێت . مامۆستا بەخۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی دەردەبڕێت . ئیدی نووسەری بابەتی " هەڵاتنی ڕۆژ " مەستی ئەو سەرکەوتنەی بە دەستی هێنابوو ، وەدەر دەکەوێت و دەڕوات بەلای کاری خۆیەوە . باقی نوێنەرەکان شاد و خۆشحاڵ بۆ ماڵی خۆ دەزڤڕنەوە ، شەوێ بە خۆشی و سەرمەستی دەستی خانمەکانیان دەگرن و پیاسەیەک بە " رویال بالیە " دا دەکەن ، قۆڵ لە قۆڵی خانمەکانیان گوێ لە خوڕە خوڕی ئاوی فوارەکان دەگرن کە کەش و هەوایەکە فێنک دەکاتەوە ، بەڵام سەرۆک و مامۆستا ، دوای ڕاپۆری خۆی ، بۆ ئەو کەسەی پێویستە بۆی بنووسێت ، دەنووسێت و بە هەموو فەرەنسای ڕادەگەیەنێت کە دنیا شامی شەریفە ، مەڕ و گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە ، کاروباران وەکو سەعاتی میقاتکراو بەڕێوە دەچن .

بەڵام هەندێجار کە دۆز و مەسەلەیەکی گرینگتر لە ئارادا بێت ، ئەوانیش پەنا دەبەنە بەر گەمەیەکی گەورەتر و جدیتر . خودی شازادە ناپلیون بۆ یەکێک لە کۆڕەکان بانگهێشت دەکەن ( شازادە جیروم ناپلیون بوناپرت ١٨٢٢ – ١٨٩١، خزمی ناپلیونی سێیەمە ، ئەندامی ئەنجوومەنی پیران بوو . ) شازادە ناپلیون توورە دەبێت ، هەموو قوتابیە چکۆلەکان دەترسن . بێدەنگیەکی سامناک باڵ بە سەر پۆلەکەدا دەکێشێت . شازادە ناپلیونیش برێک لیبراڵ بازی دەنوێنێت . شازادە دەگەڵ حکومەتدا تەبا نییە . شازادە ئیراد لە حکومەت دەگرێت . بە کورتیەکەی ئەگەری ئەوە هەبوو ، هەمان ئەو شتانە بڵێت کە ئەگەر مامۆستا بۆ ساتێک پۆلەکە بەجێ بێڵێت ، قوتابیە بچووکەکان دەیڵێن .

هەڵبەتە هەموو ئەمانە خەیاڵی خاون و شتی وا ڕوونادات ، چونکە هەموو ئەم منداڵە مەکتەبلیانە ، هێندە باش پەروەردە کراون ، ئەگەر مامۆستاکەیان نەک ساتێ ، ئەگەر یەک هەفتەی تەواویش نەیەت ، لە جێی خۆ ناجوڵێن . هەرکە شازادە لە قسەکەی دەبێتەوە ، مامۆستا ڕادەبێت و بە کەش وفش و غرووڕەوە دەڵێت : " ئەو ئینشایەی کە وتاربێژی بەڕێز دەربارەی بابەتەکە ، واتە دەربارەی هەڵاتنی خۆر پێشکەشی فەرموو ، زۆر ناسک و بەرز و بەپێز بوو . هەموومان بە بەهرە و، هزرینی محافەزەکارانە و ئاکاری بەرزی شازادەی پایەبەرز سەرسام بووین . ئامادەین کە خەڵاتی جدیەت و سەرکەوتنە زانستیەکانی بدەینێ... هتد . هەڵبەتە هەموو قوتابیەکان

بەگەرمی چەپڵەی بۆ لێدەدەن . شازادە دەگەڕێننەوە بۆماڵەوە ، قوتابیە بە ئەدەبەکان ، لە مەکتەب دەزڤڕنەوە و شەوێ دەگەڵ خانمەکانیان لە " رویال بالیە " دا پیاسە دەکەن ، گوێ لە خوڕە خوڕی ئاوی فوارەکان دەگرن کە کەشەکە فێنک دەکەنەوە... واتە بە کورتیەکەی ، ژیان – یان بەڕێک و پێکی دەگوزەرێت .

جارێک لە هۆڵی چاوەڕوانی دادگادا ون بووین " هۆڵی هەنگاوە وێڵەکان " لە جیاتی ئەوەی بڕۆین بۆ دادگای سزا ، چووین بۆ دادگای مەدەنی . کابرایەکی پارێزەری قژلوول ، کە جبە و کڵاوی پارێزەری لەبەر و لە سەر بوو، خەریکی مرافەعەیەک بوو ، ئیدی هەژدەر هەژدەر قسەی دەکرد و مرواری ڕەوانبێژی و فەساحەتی لە دەم دەباری . ئیدی سەرۆکی دادگا و قازی و پارێزەرەکان و هەموو ئامادەبووان هاتبوونە جۆش . ئیدی بێدەنگیەکی بە سام باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشابوو . ئێمەش بە خشکەیی و لە سەر نووکی پێ خۆمان بە ژووردا کرد . ئەو دۆسیەیەی کە یارۆی پارێزەر مرافەعە و بەرگری لێدەکرد ، دەربارەی میرات بوو . ژمارەیەک ڕەبەن لە دۆسیەکەدا بەشدار بوون . نها باوکانی ڕوحانی پێیەکیان لە دادگادا بوو و زیاتر خۆیان لە دۆسیەی میرات و میراتگری هەڵدەقورتاند . بەئاشکرا نەنگین ترین کار دەکەن ، کەچی جەماوەرەکە کڕوکپ ، کەمترین ناڕەزایی دەرنابڕن . چونکە ڕەبەن و باوکە ڕۆحەکانیان دەسەڵاتێکی گەورەیان پەیدا کردبوو ، بورژواش زۆر مدارای ئاکار و ئەخلاق دەکات . باوکانی ڕۆحانی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دەگەنە ئەو ئەنجامگیرییەی کە پارە لە هەموو شتێک باشترە ، لە هەموو خەون و خەیاڵپلاوێک باشترە . لە هەر ڕەوانبێژی و دەم تەڕی و دەماوەرییەک باشترە . هەرکە کەمێک پارە پەیدا بکەیت ، هێز و دەسەڵاتیش پەیدا دەکەیت . بەڵام ڕەوانبێژی و دەماوەری... دەماوەری ڕووت ، هیچ سەرکەوتنێک دابین ناکات . بەڵام بە نۆڕینی من لەمەدا کەمێک هەڵەن . دروستە سەرمایە ، شتێکی گرینگە و گاڵتەی پێناکرێت ، بەڵام بە زمانی لووس و دەماوەریش پیاو دەتوانێت زۆر شت لە فەرەنسییان بەدەست بێنێت . زۆربەی ژنانی بە مێرد دەکەونە ژێر کاریگەریی باوکانی ڕۆحانیەوە ، ئەم دیاردەیە نها زۆر لە جاران زیاترە .

هەڵبەتە لەگینە بورژوایش ئاورێکی لێبداتەوە . لە میانی دادگاوە دەرکەوت کە چۆن باوکانی ڕۆحی ، توانیان لە ڕێگەی گوشاری زیرەکانە و حێلەبازانەوە ( بەڵێ لە کاری خۆدا زۆر کارامە بوون ) و لە ماوەی چەند ساڵێکدا خانمێکی گەنج و زۆر دەوڵەمەند بخاپێنن و بەقسەی ئەوان بچێتە دێرێک و لە گەڵ ئەواندا بژی ، ئیدی لەوێندەر هێندەیان ترساندبوو کە تووشی نەخۆشی هیستریا بوو ، ناو بەناو فێی لێدەهات ، هەر هەموو ئەمەیان بەرەبەرە و بەوردی دەگەڵدا کرد ، بە ڕادەیەک گەوجاندیان کە قەناعەتی تەواویان پێکرد ، ئەگەر بچێتە دیدەنی داک و باک و کەس و کاری ، ئەمە لەبەردەم خوادا بەتاوان و گوناحی گەورە دێتە حەسباندن . بەو ئاوایە بەرەبەرە لە هەموو کەس و کارەکەیان دابڕی . " تەنانەت ، خوشکەزاکەشی ، کە کیژێکی پازدە ساڵان بوو ، پاک و پاکیزە وەکو فریشتە ، کە پوری لە هەموو کەسێکی ئەم دنیایە پتر خۆشدەویست . زاتی نەدەکرد پێ بنێتە ژوورەکەی پووری لە دێرەکەدا . ئیدی پووری ، دوای ئەوەی بەو ئاوایە مێشکیان شۆردبووەوە ، چیتر نەیدەتوانی خوشکەزاکەی لە هەمێز بگرێت و ماچێکی نێو چەوانە بێگەردەکەی بکات ... " بەکورتیەکەی ئەوە شێوازیان بوو و کارەکە بەو ئاوایە دەڕۆیی : شێوازێکی ئەفسووناوی بوو ! پارێزەرەکە ، زۆر دڵی بەو دەماوەری و وتە پاراویەی خۆی خۆشبوو ، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری . ئیدی سەرۆکی دادگا و ئامادەبووان لە خۆشیا بسکەی سمێڵیان دەهات . بەو ئاوایە باوکە ڕۆحانیەکان ، لە سۆنگەی دەماوەری پارێزەرەکەوە ئەم کەیسەیان دۆڕاند ، بەڵام بە تەما بوون پازدە کەیسی دیکە ببەنەوە .

له خوێندکارێکی گەنجم ، کە لە نێو جەماوەرەکەدا بوو ، پرسی: - ئەم پارێزەرە کێیە ؟

خوێندکارێکی زۆر لە دادگاکەدا بوون ، جدیەت بە ڕوخسار و سیمای هەموویانەوە دیاربوو .

خوێندکارەکە ، بە سەرسامی تەمەشای کردم . سەرەنجام ، بە کەسەرێکی ئاوێتە بە سووکایەتییەوە ، بە شێوازێک کە تەریق بوومەوە ، بەرسڤی دایەوە : - جول فاڤره . ( جول ڤاڤر: ١٨٠٩ – ١٨٨٠ پارێزەر و سیاسەتوان ، ئەندامی دەستەی یاسادانان بوو ، ساڵی ١٨٥٨ ) ئیدی بەو ئاوایە دەرفەتم بۆ ڕەخسا کە گوڵێکی گوڵستانی فەساحەت و بەلاغەتی فەرەنسا بناسم ؛ ئەویش لە سەرچاوە سەرەکییەکەیەوە .

هەڵبەتە فەرەنسا لەم جۆرە سەرچاوانەی زۆر هەیە . بورژوازی بەلاغەت و فەساحەت و دەماوەری گەیاندووەتە لوتکە . ڕۆژێک چووین بۆ پانتیون تا گۆڕستانی گەورە پیاوان ببینین . کات ، کاتی سەردان نەبوو ، دوو فرانکیان لێوەرگرتین و کراینە ژوورەوە . ئەوسا یەکێک لە سەقەتەکانی جەنگ هەستا ، کلیلەکانی هێنا و بردینی بۆ گۆڕستانەکانی کڵێساکە . بەدەم ڕێگاوە وەکو هەر کەسێکی بێ ددان ، بە دەنگێکی فام نەکری قسەی دەکرد . کە چووینە ژێرزەمینەکانەوە ئیدی زمانی پژا و هەرکە گەیینە بەردەم یەکەم گۆڕستان یەکسەر زمانی کرایەوە و گوتی :- ئەمە گۆڕی ڤۆلتیرە ؛ بلیمەتی هەرە گەورەی فەرەنسا . کە وەهم و جەهالەت و نەزانی ڕیشەکێش کرد ، داگژایە سەروگوێلاکی شەیتانی تاریکی و مەشخەڵی ڕوناکی هەڵکرد . لە تراژیدیاکانیا گەییە لوتکە ، هەرچەندە فەرەنسا پێش ئەویش شاعیرانی گەورەی هەبوون . دیاربوو کە کابرا هەندێ ڕستەی دەگوتەوە کە پێشوەختە ئەزبەری کردبوو . دیاربوو کە یەکێک ئەم ڕستە و دەستەواژە دوور و درێژانەی بۆ خستبووە سەر کاغەز و ئەویش هەر هەمووی ئەزبەر کردبوو ، بۆ ئەوەی هەتا ماوە دووبارە بیلێتەوە . کە ئەو قسە کڵێشەییانەی بۆ ئێمە دەگوتەوە ، شادی بە سیما فەرتووسەکەیەوە پرشنگی دەدا .

بە دەم قسانەوە لە گۆڕێکی دی نزیک بووەوە وگوتی :- ئەمە گۆڕی جان جاک ڕۆسۆیە ، جان جاک ڕۆسۆی ئەهلی سروشت و حەقیقەت ! ( " ئەهلی سروشت و حەقیقەت " نموونەیەکی ناڕوونە سەبارەت بەو دەستەواژەیەی کە لە کتێبی " دانپێدانان " ەکەی ڕۆسۆدا هاتووە . ڕوسۆ لەوێدا دەڵێت : دەمەوێت لە نێو هاوتا بەشەرەکانما پیاوێک ببینم کە هەموو حەقیقەتێکی سروشتی تیا دەربکەوێت ، ئەو پیاوە منم . )

هەستمکرد ، لە ناکاوا پێکەنینم هاتێ . چیوای نەمابوو سیحری شێوازە جوانەکەی بەتاڵ بکەمەوە . دیاربوو پیرەمێردی بێنەوا خۆیشی کە وشەی سروشت و حەقیقەتی بەکار برد ، نەیدەزانی چ دەڵێت .

پێمگوت :- سەیرە ! ئەم دوو پیاوە کە لە ژیانا یەکەم بە دووەمی دەگوت درۆزن و ساختەچی و دووەم بە یەکەمی دەگوت گەمژە و گێل ، کەچی نها هەردووکیان لە پاڵ یەکدا ڕاکشاون .

پیرەمێردی داماو ویستی بەرسڤ بداتەوە ، گوتی :- مسیو، مسیو… ئیدی بلەز بەرەو گۆڕێکی دیکەی بردین و گوتی :- ئەمە گۆڕی مارشال لان- ە .

جاری دووەم بەدەنگی بەرزتر نێوی لانی برد و لە سەری ڕۆیی :- یەکێکە لەو قارەمانە هەرە گەورانەی کە فەرەنسای قارەمانپەروەر بە خۆیەوەی بینیوە . تاقە مارشاڵی مەزن بوو کە بە باشترین شێوە ڕێنوێنی سوپای دەکرد – هەڵبەتە لە دوای خودی ئیمپراتۆر – جگە لەوەی زۆر دەوڵەمەند بوو ، دۆست و برادەری…

من بۆ ئەوەی لە کورتی ببیڕێتەوە گوتم :- بەڵێ دۆستی ناپلیون بوو…

یارۆی پیرەمێر بە ڕاوێژێکی کەمێک پەست ، قسەکەی پێبڕیم و گوتی :- موسیو… موسیو… ڕێگەم بدە با قسەکەم تەواو بکەم.

- فەرموو ، فەرموو ، تەواوی بکە ، من گوێم لێتە .

- وێڕای ئەوەش زۆر دەوڵەمەند بوو ، دۆستی ئیمپراتۆر بوو ، هیچ یەکێک لە مارشالەکانی دی ، شانازیی دۆستایەتی والا حەزرەت خاوەن شکۆیان پێنەبرا . وەختایەک لە پێناوی نیشتماندا و لە مەیدانی شەڕا گیان بازی دەکرد…

- بەڵێ ، بەڵێ ، تۆپێکی بەرکەوت و هەردوو لاقی پەڕی…

کابرای پیرەمێر ، بە ڕاوێژێکی گازن ئامێزەوە گوتی :- مسیو، مسیو… تکایە با قسەکەم بکەم… ڕەنگە تۆ هەموو ئەو شتانە بزانیت… لێ با منیش قسەی خۆم بکەم !

هەرچەندە ئێمە هەموو ئەو زانیاریانەمان دەزانی ، بەڵام پیرەمێردە سەیرەکە خوا خوای بوو ئەو شتانەمان بۆ بگێڕێتەوە . بۆیە دووبارە هەڵیدایێ :

- وەختایەک لە ڕای نیشتماندا ، لە مەیدانی شەڕدا گیانی بەختکرد خودی ئیمپراتۆر زۆری لەبەر گران بوو ، خەفەتی بۆ خوارد ، بۆی گریا و…

خۆم پێنەگیرا و گوتم :- بەخۆی هاتە ڕێوڕەسمی بەڕێکردنەکەی…

بەڵام زۆر هەستم بە هەڵەکەی خۆم کرد و تەریق بوومەوە .

پیرەمێرد ، مۆڕەیەکی لێکردم و سەرە سپیەکەی لەقاند و گوتی : - مسیو، مسیو… من دەزانم ئێوە هەموو ئەو شتانە دەزانن و ڕەنگە لە منیش باشتری بزانن . بەڵام خۆ ئێوە خۆتان منتان هەڵبژارد و گوتتان وەرە ڕێنماییمان بکە . کەواتە وازم لێبێنن با قسەی خۆم بکەم . زۆرم نەماوە ، تەواو دەبم… ئیمپراتۆر بەم کارەساتە زۆر خەمبار بوو ، خەسارەتێکی گەورە بوو لە خودی ئیمپراتۆر ، لە هەموو فەرەنسا و لە سوپا و لەشکری فەرەنسا ، ئیمپراتۆر بەچاوی ڕوندکبارەوە ، هاتە سەرینی مارشال ، کە لە سەرە مەرگ و ئاویلکەدا بوو ( گریا ، بەکوڵ بۆی گریا ، هەرچەندە مخابن گریان هیچ مفایەکی نەبوو ) ئیدی ئەم ئامادەبوونەی ئیمپراتۆر ، ئازارەکانی ئەم سەرکردەیەی کە لە سەرەمەرگدا بوو ، کەم کردەوە و ئەوسا بە بەرچاوی ئیمپراتۆرەوە گیانی سپارد .

ئەوسا کابرای پیرەمێرد ، بە دەم نیگایەکی گازن ئامێزەوە گوتی :- قوربان ، تەواو ، من قسەم نەما .

چووە پێشێ و بە ئاماژەی سەر چەند گۆڕێکی دیکەی نیشاندابن و گوتی :- ئەمەش گۆڕستانێکی دیکەیە ، گۆڕی چەند سیناتۆرێکە…

ئەو قسەیەی بەجۆرە بێ موبالاتیەکەوە کرد . وادیاربوو هەموو ، دەماوەرییەکی خۆی لە باسی ڤۆلتێر و جان جاک ڕوسۆ و مارشال لان دا خەرج کردبوو و هیچی پێ نەمابوو . ئەمە نموونەیەکی زندوو بوو دەربارەی ، خووی دەماوەری فەرەنسیەکان بوو. ماقوولە ئەم هەموو وتارانەی کە لە ئەنجوومەنانی نیشتمان و شۆڕش و یانەکاندا دەدران و جەماوەری خەڵک ڕاستەوخۆ بەشدارییان تێدا دەکرد ، تەنیا یەک کاریگەرییان بە سەر گەلەوە هەبووبێت ، ئەویش فەساحەت و دەماوەری لە پێناوی دەماوەریدا بووبێت ؟

## فەسڵی هەشتەم

## خۆشەویستەکەم و ئاسکۆڵەکەم

وەکو پێشتر گوتم هاوسەران ، حاڵ و پایەیان لە برەودایە . ڕەنگە پرسیاری ئەوەتان لەلا دروست بێت کە بۆچی لە جیاتی ژن دەڵێم خانمان یان هاوسەران ؟ هۆیەکەی پەیڕەو کردنی شێوازی ناسک و جوانە بەڕێزینە ! بەڵێ سەدەمەکەی ئەمەیە ! بورژوا وەختێ بیەوێت مجامەلە و نەوازش بکات هەمیشە دەڵێت : " هاوسەرەکەم " هەرچەندە توێژە کۆمەڵایەتیەکانی دی ، لە هەموو شوێنێک هەر دەڵێن : " ژنەکەم " ئیدی باشتر وایە ئێمەش لە گەڵ گیانی میللیدا بین و شێوازی ناسک و باڵا بەکاربەرین . ئەمە زیاتر گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە باسی دەکەین . جگە لەمە ناوی دیکەش هەن . کاتێ بورژوا بیەوێ مجامەلە و نەوازش بکات ، یان خیانەت لە ژنەکەی بکات و بیخەڵەتێنێت هەمیشە بە وشەی : ئاسکۆڵەکەم " دەیدوێنێت و بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ژنێک عەشیقی هەبێت بە " خۆشەویستەکەم " مێردە بورژواکەی دەدوێنێت و جەنابی بورژواش زۆر کەیفی بەو مجامەلەیە دێت . نها هەردوو وشەی " خۆشەویستەکەم " و " ئاسکۆڵەکەم " لە هەموو کاتێ پتر لە برەو باودان ! ئیدی ئەم دوو وشەیە تەقریبەن تەواو جێکەوتوون ، بوون بە ڕەمزی مرۆڤی چاکەکار و تەبایی و بێگەردی خۆشەویستی لەم سەردەمە هەڤدژ و ناکۆکەدا ، ڕێک بە پێچەوانەی ڕاوبۆچوونی ئەم کۆمۆنیستە وێڵ و بێزراوانەوەیە . پێویستە وشەی " خۆشەویستەکەم " ساڵ بە ساڵ ، لەواری ژن و مێردایەتیدا ، پتر بەکار ببرێت . چونکە چاک دەزانێ کە هیچ گلەییەک ، هیچ تووند و تیژییەک ، هیچ تەگبیرێک ناتوانێت ڕێگە لە " ئاسکۆڵەکەم " بگرێت . چونکە ئافرەتی پاریسی لە ئیجادی بۆ ئەوە خولقاوە کە عاشقی هەبێت و مێردەکەی چاری ناچارە بۆ ئەوەی خۆی لەوە دوور بگرێت کە دوو شاخی هەبێت ، بێدەنگ ببێت . بۆیە بێدەنگ دەبێت تا پارەیەکی مۆڵ پەیدا دەکات و شتانی زۆر دەکڕێت . هەرکە ئەم دوو مەرجە ، واتا پارەی مۆڵ و شتی زۆری بوو ، هەنگێ " خۆشەویستەکەم " پێداگری زیاتر دەکات ، ئیدی بەرەبەرە حورمەتی خۆی دەگرێت ، زۆر قەدری خۆی دەگرێت . هەنگێ بە چاوێکی دی تەمەشای گوستاف دەکات ، بە تایبەتی ئەگەر گوستاف ڕەوشی باش نەبێت و گیرفانی خاڵی بێت .

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ، هەر بابایەکی پاریسی کە تۆزێ پارەی بە خۆ شک برد و کەڵکەڵەی ژن هێنانی کەوتە سەر ئیدی لە دووی ئافرەتێکی دارا و بووە دەگەڕێت . لە هەوەڵەوە دادەنیشن و حیساب دەکەن ، ئەگەر داهاتی هەردوولا یەکسان دەرچوو ، ئەوا زەماوەندەکەیان سەردەگرێت . بەڵام گریمان بۆ نموونە گەر دارایی ئافرەتەکە کەمێک لە دارایی پیاوەکە زیاتر بێت ، ئیدی ئەو خوازگارییە سەرناگرێت . هەنگێ بۆ پیاوێکی لەبارتر دەگەڕێت . ئیدی زەماوەند و ژن و ژنخوازی عاشقانە ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتر دەبێت و تەنانەت دەبێ بە جۆرێ بێڕێزی و بێ حورمەتی . بە دەگمەن خەڵکانێک پەیدا دەبن کە لەم ڕێسا عاقڵانەیە دەربچن ، مەبەستم یەکسانی دارایی هەردوو ئافرەتەکە و پیاوەکەیە . بە ڕای من ئەم یاسایە لە فەرەنسادا ، کەمتر لە هەموو شوێنێکی دی بن پێ دەنرێت . بورژوا ، کارێکی وەهای کردووە کە ببێت بە خاوەنی پارەی ژنەکەی و بەقازانجی خۆی بەکاری بێنێت . بۆیە زۆرجار ئامادەیە چاوپۆشی لەو ڕیسکانە بکات کە " ئاسکۆڵەکەی " دەیکات و خۆی لە زۆر بویەری ناخۆشی دی ببوێرێت و خۆی لە گێلی بدات . دەنا ئەگەر مەسەلەی جیابوونەوە بێتەئاراوە ، ڕەنگە کێشەی ئەو پارەیە بێتە ئاراوە کە ژنەکە بە ناوی جیازیەوە پێشکەشی کردووە . خۆ ئەگەر " ئاسکۆڵەکەم " هەندێ زیاد بە خۆی ڕا بگەیشتبایە و ئاڕایشتێکی زۆری بکردایە و لە سەرووی ئیمکاناتی خێزانەکەوە با ،

ئەوا " خۆشەویستەکەم " چاوپۆشی لەوە دەکرد ، چونکە " ئاسکۆڵەکەم " بۆ خەرجی ئاپایشتەکەی خۆی ، داوای پارەی کەمتری لێدەکرد ، ئەمەش بۆ ئەو باش بوو . خۆی زەوجینێک ، زەوجینی مەسڵەحەت و پارە بێت ، و ئاشقێنی دەورێکی ئەوتۆی تیا نەبینێت ، ئەوا " خۆشەویستەکەم " هەقی خۆیەتی دەور و خولی ئاسکۆڵانی دیکە بدات . بۆیە باشتر وایە هەردوولا چاوپۆشی لە یەکدی بکەن . ئیدی بەمە ئاسوودەیی و تەبایی زیاتر دەکەوێتە ناو خێزانەوە و ژن و مێرد پتر مجامەلە و نەوازشی یەکدی دەکەن . ئیدی " خۆشەویستەکەم " دەزانێت چۆن بەرەی خۆی لە قوڕاویێ دەربکێشێت . ئەفسەرێکی پۆلیس بەردەوام لە خزمەتیا دەبێت ، ئەمەش بەپێی ئەو یاسایانەی کە خۆی بۆ خۆیی داناوە . لە ئەنجاما دەتوانێت ئەگەر هەردوو ئاشق و ماشقەکە بەیەکەوە لە کاتی عاشقێنی دا بگرێت ، بۆی هەیە هەردووکیان بکوژێت بێئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا بکرێت . " ئاسکۆڵەکەم " ئەمە دەزانێت و بگرە پێشی باشە . ئیدی پارێزبەندی درێژخایەن " ئاسکۆڵەکەم " ی بە جۆرێ وەبارهێناوە کە ورتەی لێوە نایەت ، نە بێتاقەت دەبێت ، نە وەکو ( لە هەندێ وڵاتانی هۆڤی و کۆمیدی دا باوە ) خەون بەوەوە دەبینێت بۆ نموونە بچێتە زانکۆ ، لە یانە و کۆڕ و کۆبوونەواندا بەشداری بکات ، یان ببێت بە ئەندام پەرلەمان . حەز دەکات بەم ئازادیە ڕەهایەی خۆیەوە وەکو کەناری بژی ، پێی ڕادەگەن ، خزمەتی دەکەن، جوانترین جلکی لەبەر دەکەن ، دەیبەنە گەشت و سەیران ، ئەمن و ئەمانی مسۆگەرە . سەما دەکات ، نوقڵ و شیرینی دەخوات ، بە ڕواڵەت وەکو دۆتمیر و شابانۆ ڕەفتاری دەگەڵ دەکەن ، مێرد لە هەنبەریا هیچ نییە ، خۆی داوێتە سەرلاقی . کارێکی وەها کراوە کە ئەم جۆرە پەیوەندییە ، فۆرمێکی سەیر و پەسند پەیدا بکات . ئەمە پەیوەندییەکە کە گیانی سوارچاکی تیایدا زاڵە ، لەوەی پتر چیتان دەوێت ؟ ئیدی گرینگ ئەوەیە گوستافی عەشیق لە ژن دوور نەخرێتەوە ، ئیدی جگە لەوە هیچ ئامانجێکی دیکەی لە ژیاندا نییە . ئەویش لە ڕاستیدا وەکو مێردەکەی سەرمایەدارێکی پوولەکی و ئاڵچاخە . وەختایەک ساڵانی کەناری بوونی تێدەپەڕێت ، واتا کاتێ ژنەکە دەگاتە قۆناغێک کە نەتوانێت خیانەت لە مێردەکەی بکات و نەتوانێت خۆی فریو بدات و خۆی بە کەناری بزانێت و ئەگەری دۆزینەوە و پەیداکردنی گوستافێکی تازە ، بە خەیاڵیش مەحاڵ بێت ، هەنگێ هەموو ئەو عیشوە و ناز و دلبەری و نەوازشانە لە بەین دەچن و ژنە دەبێت بە بوونەوەرێکی بەد خوو و بێتاقەت . هات و چۆی کڵێسا دەکات ، پێ بە پێی مێردەکەی پارە خڕ دەکاتەوە ، جۆرە گۆساخی و ڕووداریيەکی سەیر لە هەموو ڕوویەکەوە هێرشی بۆ دێنێت . هەنگێ بێزاری ، نارەحەتی ، تەبیعەتی زبر ، غرووری ژیان و وتەێن بێ پەردە بە سەریا زاڵ دەبێت . تەنانەت هەندێ ژن دەست لە خۆ بەردەدەن و بەخۆڕا ناگەن . هەڵبەت هەندێ حاڵەتی ڕوناک و گەشیش هەیە . دیارە ئەم جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە لە هەموو شوێنێک هەیە . بەڵام ئەمە لێرە ، هەندێ ئاسایی تر ، ڕیشەدارتر و سروشتی ترە ، لێرە ڕەسەنتر و بەهێزترە ، برێک میللی ترە وەک لە شوێنانی دی . ئیدی ئێرە ، ئەم ژینگەیە ، چاڤکانی و سەرچاوەی ئەم فۆرم و شێوە بورژوازییەی کۆمەڵگەیە کە لە هەموو دنیادا وەکو تەقلید و نەریتی نەتەوەیەکی گەورە ، بەردەوام چاوی لێدەکرێت و لاسایی دەکرێتەوە .

بەڵێ " ئاسکۆڵەکەم " بە ڕواڵەت شابانۆیە . مەگەر هەر خوا بزانێت کە لە هەموو شوێنێ ، بە چ ئەدەب و نەزاکەتێکەوە ، چ لە ناو کۆمەڵگە و چ لە ڕێگەوباندا ، مدارا دەکرێت . ئیدی ئەمە ڕیا و ڕووپامایيەکی هێندە زەقی پێوە دیاربوو کە هیچ کەسێکی ئابڕوومەند نەیدەتوانی تەحەمولی بکات . بەڵام " ئاسکۆڵەکەم " بۆ فێڵێکی گەورەیە ، زۆر فێڵبازە… تەنیا ئەوەی دەوێت ، واتە فێڵ و تەڵەکەی دەوێت… هەمیشە دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێت کە با نەیبات . زیاتر مایلە بەلای فێڵ و تەڵەکەوە تا ڕێگەی ڕاست و دروست بگرێتەبەر ، ڕێگەیەک کە پێچ و پەنای تیا نەبێت : چونکە فێڵ و تەڵەکە باشترە و ، دەرفەتی ڕابواردنی زیاتر تیایە . چونکە بەلای "

ئاسکۆڵەکەم " وە هەموو شتێک لە ناز و عیشوە و ڕابواردندا کورت دەبێتەوە و بە پلەی یەکەم دێت . هەر لەبەر ئەوەشە جلکی جوان لەبەر دەکات و خۆی دەڕازێنێتەوە و بە ناز و عیشوەوە بە نێو بازاڕ و شەقامەکان دەکەوێت . حەزی لە شتی دەستکرد و بە دوور لە هەر زەوقێکە ؛ شتی ناسروشتی. خۆ ئەمەش هەوادار و دڵبەندانی خۆی هەیە ، بە تایبەتی لە نێو گەندەڵان و ئەو فریوخواردوانەدا کە زەوقی جوان و سادە و سروشتیان لەدەست داوە . " ئاسکۆڵەکەم " خراپ پەروەردە بووە ، دڵ و ئاوەزی بە ئەندازەی دڵ و ئاوەزی چۆلەکەیەکە . بەڵام وێڕای ئەوەش هێندە شیکە ، ڕەفتار و ئەتواری هێندە ناسک و هاوسەنگە ، هێندە بە ناز و عیشوەیە کە ڕامت  دەکات و خۆبەخۆ دووی ئەم تۆحفەو نۆبەرەیە دەکەوی . بەدەگمەن تووشی یەکێکی جوان و بەدەو دەبیت ، یەکپارچە خۆی لە ئاڕایش هەڵکێشاوە ، جۆرە فێڵ و تەڵەکەیەک بە ڕوخسارییەوە دیارە . بەڵام چ قەیدییە ؟ دەیەوێ بەم ڕوخسارە ، بەم ئەدا و ئەتوارە ، بەم ناز و عیشوە پەنهانە ، خودی خۆی بشارێتەوە و ئەوپەڕی کەمال و جەمال بنوێنێت . لەگینە تۆ حەزت لەو جوانییە ساختە و دەستکردە نەبێت ، بەڵام جۆر و ستایلی جوانییە ساختەکە ئەفسوونت بکات . واتە هونەرەکەی مەفتوونت بکات . زۆرجار ڤیانی ڕواڵەتی لە نۆڕینی ژنێکی پاریسی یەوە ، یەکسانە بە ڤیانی حەقیقی و ڕاستەقینە ، تەنانەت لەگینە زیاتر ڤیانە ڕواڵەتیەکەی بەدڵ بێ تا لە ڤیانە ڕاستەقینەکە . جۆرە نۆڕینێکی ڕۆژهەڵاتی بۆ ژن هەیە ، بەردەوام لە پاریس دا پتر ڕەواج پەیدا دەکات . مەدام کامیلیا، خەریکە ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەبێت بە مۆد ( مەدام کامیلیا : شاکەسی ڕۆمانی مەدام کامیلیای ڕۆمانێکی ئەلکساندەر دۆمای کوڕە بە هەمان ناونیشان ) کامیلیا قەناعەتی بەوەیە : " پارەی خۆت وەربگرە و ، فێڵی خۆت بکە ، ڤیانی ساختە و ڕواڵەتی بنوێنە . " خۆ هاوسەرەکانیشیان لەوەی پتریان نەگەرەکە و بەو عەشق و ڤیانە ساختەیە ڕازین . بۆیە گوستافی عەشیق ، بە ئاسانی و بەبێ دەنگی قەبووڵ دەکرێ . وێڕای ئەمانەش بورژوا چاک دەزانێت کە " ئاسکۆڵەکەم " لە ڕۆژانی پیریدا هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی ئەو تەرخان دەکات و لە پارە و سەروەت کۆکردنەوەدا یارمەتی دەدات .  تەنانەت لە گەنجیشدا هەر یارمەتی دەدات.

هەندێجار ئەو کاروبارەکانی بۆ بەڕێوە دەبات و کڕیار و مشتەری بۆ پەیدا دەکات ، واتە دەبێ بە دەستە ڕاستی و دووکانەکەی بۆ بەڕێوە دەبات . ئیدی لەم حاڵەدا چۆن چاوپۆشی لەوە ناکات کە دۆستێکی هەبێت بە نێوی گوستاف ؟! چ کەسێک لە شەقاما شەڕ بە ژن نافرۆشێت ، گێچەڵی پێ ناکات . ڕێگەی پێناگرێت ، بەڵکو پێشی خۆیانی دەدەن . وەکو لای ئێمە ؛ وڵاتی ڕووسیا نییە ، تەنیا پیرەژن بە بازاڕ و شەقامەکانەوە بێت ، کە هەر ژنێکی گەنج و بەدەو بێتە بازاڕ خێرا دۆن جوانێکی لێ پەیدا بێ و بە نیگای نەوسن دای بێژێت و داوای ئاشنایەتی لیبکات .

 بە هەرحاڵ ، شێوەی باوی پەیوەندی نێوان " خۆشەویستەکەم " و " ئاسکۆڵەکەم "، بە هەبوونی دۆستی وەکو گوستافیشەوە ، نەک هەر زۆر باشە ، بگرە زۆر خۆش و سادەشە . بە هەرحاڵ ئەوەی لەمبارەیەوە بۆ من مایەی سەرنج بوو ئەمە بوو کە هەموو بیانیەکان زۆر لە ڕووسەکان سادەترن . ئەمە لەوەی پتر نایەتە ڕوونکردنەوە ، دەبێ بەخۆتان و بەچاوی خۆتان ببینن . فەرەنسییەکان سەبارەت بە ئێمە دەڵێن : " ڕووسەکان دڵپیس و بەگومانن " هەر واشە ، ئێمە گۆساخترین ، کەمتر پابەندین بە داب و نەریتی خۆمانەوە ، بگرە هەندێجار ئەو کەلەپوور و داب و نەریتانەشمان خۆش ناوێت ، خۆمان خۆشناوێت ، وەکو پێویست ڕێزی خۆمان ناگرین . ئەوسا بەبێئەوەی بەخۆمان بزانین ، تێکەڵاوی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەوروپاییەکان دەبین ، ئەو پەیوەندییانەی کە هاوبەشن لە نێوان هەموو تیرەی بەشەردا ، لەبەر ئەوە ئێمە زۆر بە ساردی و وەک بڵێی بە ناچاری بەرخورد و مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا دەکەین ، بە گشتی وەکو ئەوەین پەیوەندیمان لەگەڵیاندا دابڕابێت و لێیان دوور

کەوتبینەوە . بەڵام با بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان . " خۆشەویستەکەم " هەندێجار لە ڕادەبەدەر ساویلکە و زۆریش گەوجە . بۆ نموونە وەختایەک بەدەوری فوارەکاندا دەسوڕێتەوە و پیاسە دەکات، قسە بۆ " ئاسکۆڵەکەم " دەکات و بۆی شرۆڤە دەکات کە چما ئاوی فوارەکە بە ئەستوونی بەرز دەبێتەوە... یاساکانی سروشتی بۆ شرۆڤە دەکات، لەبەردەم ئەودا، لەڕووی نیشتمانی و نەتەوەییەوە شانازی بەجوانی باخی بولونیاوە دەکات، شانازی بە جوانی و سەمای فوارەکانی کۆشکی ڤێرسایەوە دەکات، شانازی بە سەرکەوتنەکانی ئیمپراتۆر ناپلیون و ناوبانگە جەنگیەکانیەوە دەکات.

لەزەت لەوە دەبینی کە " ئاسکۆڵەکەم " بە کونجکاوی و تاسەوە گوێ بۆ ڕادێرێت. خودی " ئاسکۆڵە " فێڵبازەکەش، دەکەوێتە دەربڕینی میهر و خۆشەویستی بۆ مێردەکەی، هەرچەندە میهر و خۆشەویستیەکەی ساختە و ڕواڵەتیە، بەڵام سۆز و میهرەکەی لەهەر بەرژەوەندییەک بەدەرە و پەیوەندی بەو جووتە شاخەوە نییە کە لەسەری مێردەکەی ڕواون. هەڵبەتە من لاف و گەزافی ئەوە لێنادەم کە دەتوانم وەکو جنۆکە لە سەربانەوە دزە بکەمە خوارەوە و ناخیان دەبینم. من تەنیا ئەوە دەگێڕمەوە کە بەچاوی خۆم دیتوومە و سەرنجی ڕاکێشاوم. " ئاسکۆڵەکەم " دەڵێت: " مێردەکەم تا نها دەریای نەبینیوە " و جۆرە بەزەیی و میرەبانیەکی ڕاستگۆیانە لە دەنگیا شەپۆلی دەدا. ئەم قسەیە ئەوە دەگەیەنێ کە مێردەکەی هێشتا بۆ بڕست یان بولونی نەچووە تا دەریا بدینێ.

هەڵبەتە پێویستە ئەوە بزانین کە جەنابی بورژوا هەندێ پێویستی و خواستی ساویلکانە، بەڵام جدی هەیە، کە پەیوەندی بە داب و نەریتی گشتی کۆمەڵگەی بورژوازییەوە هەیە. بۆ نموونە بورژوا جگە لە بەدەست هێنانی پارە و دەماوەری و بەلاغەت، دوو خواستی زۆر ڕەوای دیکەشی هەیە کە پەیوەندیان بە داب و نەریتی گشتی کۆمەلگەوە هەیە، کە بۆ ئەو و بەلای ئەوەوە زۆر گرینگ و حەیاتیە. یەکەمیان دیتنی دەریایە. بورژوازی، هەندێ جار بەدرێژایی ژیانی، بەهۆی سەرقاڵی بە کاروکاسبیەوە، هەر لە پاریس دا دەمێنێتەوە و نای پەرژێ دەریا بدینێت. باشە چما دەبێ دەریا بدینێت؟ بەخۆیشی وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ نییە، بەڵام لە کانگای دڵەوە حەز دەکات بڕوات و دەریا بدینێت. بەڵام هەموو ساڵێک سەفەرەکەی بۆ ساڵێکی دی دوادەخات. دیارە لەبەر پڕکاری نای پەرژێت ئەم سەفەرە بکات، هەڵبەتە زۆر خەفەت بەمە دەخوات، ژنەکەشی بەشداری ئەم خەفەتەی دەکات. هەست و سۆز لەمەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ، من ڕێزی ئەمە دەگرم. بەڵام ئەنجام دەرفەت دەرەخسێ و پارە پەیدا دەکات و خۆی ساز دەدات و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەڕوات تا دەریا بدینێت " کەلە سەفەرەکە دەگەڕێتەوە ئیدی هەست و باری سەرنجەکانی بە ئاو و تاوەوە بۆ ژنەکەی، کەس و کار، خزم و خوێش و دۆستەکانی دەگێڕێتەوە. ئیدی تا ماوە، بە خۆشییەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە دەریای دیتووە.

دووەمین خواستی ڕەوا و یاسایی بورژوا، بەتایبەتی بورژوای پاریسی – کە چیوای لە خواستی یەکەم کەمتر نییە – بریتیە لەوەی لەسەر " چیمەنان خۆی غل بکاتەوە. " مەسەلەکەش ئەوەیە وەختایەک بابایەکی پاریسی، لە شار وەدەر دەکەوێ، زۆر حەزدەکات لەسەر چیمەنان ڕابکشێت، بگرە ئەمە بە ئەرکێکی پێویست دەزانێ.

بە ئەدەب و نەزاکەتەوە ئەو کارە دەکات، وا هەست دەکات بەوە ئاوێتەی " سروشت " دەبێت. زۆر حەزدەکات خەڵکی بەو حاڵەوە بیدینن و تەمەشای بکەن. بەشیوەیەکی گشتی کاتێ کەسێکی پاریسی دەچێتە سەیران، پێدەڤیە ڕەهاتر، دڵخۆشتر، بوێرانەتر، دوور لە هەر تەکەتوڵێک، نزیک لە سروشت ڕەفتار بکات، ببێت بە بەشێک لە سروشت و واقیع ". تۆ بڵێی بورژوا ئەم سروشت دۆستیە لە جان جاک ڕۆسۆوە فێر بووبێ؟ هەڵبەتە بورژوازی وەختایەک ئەم دوو خواستە ئەنجام دەدات، واتە دیتنی دەریا و خۆ غل کردنەوە بەسەر چیمەندا، ئەگەر پارەیەکی

باشی کۆ کردبێتەوە، واتە وەختێک بتوانێ قەدری خۆی بزانێ و بەچاوی بەشەر تەمەشای خۆی بکات. هەڵبەتە " خۆ گەوزاندن لە چەمەندا " وەختێک زۆر خۆش و بەلەزەتە کە یارۆی بورژوازی بە ڕەنج و پارەی خۆی ئەرزەکەی کڕی بێت. بەشێوەیەکی گشتی بورژوازی، کە دەچنە تەمەنەوە، لەکار دوور دەکەونەوە و خانەنشین دەبن، حەز دەکەن بڕۆن لە شوێنێکدا زەوییەک بکڕن، خانوو و باخ و مەزرا و پەرژینی خۆیان دروست بکەن و چێڵ و مریشک و کەڵەبابی خۆیان هەبێت. ئیدی ئەم موڵک و مەزرایە زۆر بچووکیش بێ گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە بەردەم بەخۆی و میوانەکانی بڵێ: " دارەکەم "، " دیوارەکەم " ئیدی تا دوا هەناسە ئەو قەوانە بۆخۆی لێدەداتەوە. ئیدی خۆ گەوزاندن لە سەر چیمەن وەختێک بۆ بۆرژوازی خۆشە کە ئەرزەکە هی خۆی بێت. جا بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ئەرکە گرینگە جێبەجێ بکات، دێت باخێکی بچکۆلە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دروست دەکات. یەکێک بۆی گێڕامەوە، کابرایەکی بورژوا باخچەیەکی لەبەر ماڵەکەی خۆیدا دروستکرد، هەرچی دەکرد و دەکۆشا چیمەنی لێ نەدەڕوا، هەرچەند خزمەتی دەکرد و ئاوی دەدا، بێڵ تەپی دەکرد، چیمەنی لە شوێنانی دیکەوە بۆ دێنا، فایدەی نەبوو و نەبوو، هیچ چیمەنێک لەو خاکەدا نەدەڕوا، لە خۆیەوە سپی دەبوو و دەمرد. ئیدی زەوییەکەی بەرماڵەی، بەو ئاوایە بوو. ئیدی جەنابی بورژوا چوو چیمەنی دەستکردی کڕی. بەتایبەتی چوو بۆ پاریس و چیمەنێکی بازنەیی بەکرد دا کە تێتەکەی چەند مەترێک بوو.

هەرکە چیمەنەکەی هێنایەوە هەموو دوا نیوەڕۆیەک لە ئەرزەکەی بەر ماڵەکەیدا ڕایدەخست، وای خەیاڵ دەکرد چیمەنی ڕاستیە و خۆی لەسەری دەگەوزاند. دیارە ئەم ڕەفتارە بۆ بابایەکی بورژوازی کە هێشتا سەرمەستی پارەی زۆر و موڵک و مەزرای فرە بوو، لە ڕووی دەروونییەوە ئاساییە و لێی دەوەشێتەوە.

بەڵام با تۆزێکیش باسی گوستاف بکەین. گوستافیش لە هەمان قوماشی بورژوازی بوو، واتە ئەویش دووکاندار، کاسبکار، کارمەند، نووسەر یان ئەفسەرە. هەمان " خۆشەویستەکەمە " بەڵام ڕەبەنە ( سەڵت، زگورت ). بەهەرحاڵ ئەمە گرینگ نییە، گرینگ ئەمەیە گوستاف چ جل و بەرگێک لەبەر دەکات، چۆن بەخۆی ڕا دەگات. وێنەی ئایدیالی عەشیق گۆستاف بەگوێرەی زەمان و مەیلی ژنان دەگۆڕێت، هەمیشە لەسەر شانۆ بە هەمان جل و بەرگەوە دەردەکەوێ کە لەناو خەڵکیدا لەبەری دەکات. بورژوازی حەزی لە نمایشانی کۆمیکی تاک پەردەییە، بەڵام لەوەش زیاتر حەزی لە میلودرامایە. نمایشی تاک پەردەیی شاد، تاقە هونەرێک بوو کە مەحاڵ بوو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بگوازرێتەوە، جگە لە خاکی خۆی، لەو شوێنەی تیای لە دایک بووبوو، واتە جگە لە پاریس، لە هیچ شوێنێکی دی بژی. لە پاریس دا وێڕای ئەوەی نمایشی کۆمیکی تاک پەردەیی دڵی بورژوازی دەبرد و پێی خۆش بوو، بەڵام بە تەواوەتی تێری نەدەکرد و زۆر بە هەندی نەدەگرت. پێویستی بە شتێکی جوان، باڵا و ڕەسەنایەتیەکی لە وەسف نەهاتگ بوو، شتێک هەست بهاڕوژێنێت. میلودراما هەموو ئەو شتانەی تێدایە. بابایەکی پاریسی بەبێ میلودراما هەڵناکات. تا بورژوا هەبێ، میلودراما هەر دەمێنێت. ئەوەی باڵکێشە ( مایەی سەرنجە ) حاڵی حازر خودی شانۆی کۆمیکی و شاد خەریکە دەگۆڕێت. وێڕای ئەوەی هێشتا شادە، بە تەنزە، بەڵام ڕەگەزێکی دیکەش کە بریتیە لە پەند و وەعزی ئەخلاقی، بەرەبەرە دادەخزێتە ناوییەوە. بورژوازی هەمیشە وەعزی ئەخلاقی، چ بۆ خۆی و چ بۆ " ئاسکۆڵەکەم " پێ پەسندە. ئەوە لە نۆڕینی ئەوەوە ئەرکێکی پیرۆزە، شتێکی جەوهەرییە. جا بورژوازی کە نها دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە، هەمە کارەیە، خاوەنی هێز و دەسەڵاتە، جا مادامێکی نووسەرانی نمایشنامەێن کۆمیکی و میلودرامایان، هەمیشە مەرایی ئاغا و دەسەڵاتدار دەکەن، بۆیە بورژوازی، وێڕای ئەوەی ئەو بابەتی پێکەنینە، تەوس و توانجەکان ئەو دەگرنەوە، هەر بەخۆوە دەنازێ، چونکە شانۆنامەکە لە کۆتاییدا دڵنیای دەکاتەوە کە کاروبارەکان بەدڵی ئەو دەڕۆن. هەڵبەتە ئەم

بانگەوازە یارۆی بورژوازی دڵنیا دەکردەوە. هەڵبەتە هەر کەسێکی ترسنۆک کە گومانی لە سەرکەوتنی کارەکەی خۆی هەبێت، لە عەزابێکی بەسوێدا دەژی، پێویستی بەوەیە بە وەهم خۆی هەڵ بخەڵەتێنێ، دڵنەوایی خۆی بکات، دڵ بە خەیاڵ پڵاو خۆش بکات. خوو بداتە جۆرەها ڕابواردن و لەزەت. لێرە ڕەوشەکە بە تەواوەتی بەو ئاوایەیە. میلۆدراماکان کە دێنە نواندن و نمایشکردن پڕن لە خەسڵەتێن جوان و پێشەنگانی سەرکەوتوو. ئەمە گاڵتە نییە ئەمە بۆخۆی سەرکەوتنە، سەرکەوتنێکی کاریگەرە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە " خۆشەویستەکەم " زۆری بەدڵن. " خۆشەویستەکەم " ڕێزی ئارامی سیاسی و مافی هەر ئینسانێک دەگرێت کەلە هەوڵی کار و کاسبیدا بێ، بۆ ئەوەی ماڵ و حاڵێکی ئارامتر و ئەمینتر پێکەوە بنێت و کەس بێزاری نەکات. ئەمە ڕێک ئاراستەی میلودرامای ڕۆژگاری ئەمڕۆیە؛ ئەمە ڕێک دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی گوستافدا تێکدەکاتەوە.

گوستاف، جاران، زۆر پێش ئێستا لەسەر شانۆ بەدیار دەکەوت، دەوری شاعیر یان شێوەکار یان داهێنەر و بلیمەتێکی گومناوی مەزڵوومی قوربانی چەوسانەوەی دەبینی. گوستاف، مەردانە ڕووبەڕووی ئەو زوڵم و زۆرانە دەبووەوە. ئیدی شانۆنامەکە هەمیشە بەمە کۆتایی دەهات: دۆتمیرێک کە ژێراوژێر حەزی لە گوستاف بوو و شیفتە و مەفتوونی بووبوو، هەرچەندە بەبێ موبالاتی و ساردییەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە. دۆتمیر، گوستافی بەو کچە سێویە ئاشنا دەکرد کە دەست پەروەردەی خۆی بوو، مەبەستم لە سیسیلە کە خاوەنی تاقە پولیک نییە. لە ئەنجاما دەردەکەوێت کە کچۆڵەی تاین دەبێ بە خودانی پارەیەکی مۆڵ. گوستاف، یاخی دەبێ و هەموو پارەیەک ڕەتدەکاتەوە. بەڵام کارەکەی لە هۆڵ و پێشەنگایەکدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێت. یەکسەر سێ دەوڵەمەندی گەورە و کومیدی پەیدا دەبن، هەریەکەیان سەروو سەد هەزار فرانک بۆ تابلۆیەکی ئایندەی گوستاف دەخەوێنن. گوستاف گاڵتەی بە عەقڵ و ئاوەزیان دێت. بەوپەڕی نائومێدییەوە دەڵێت بەشەر هەموو بوودەڵە و هیچ و پووچن و شایەنی دەست و فڵچەکەی ئەو نین و ئامادە نییە هونەرەکەی خۆی، هونەری پیرۆز، هەڕاج بکات و پێشکەش بە کەسانێکی بوودەڵەی ئەوتۆی بکات کە قەدری هونەر نازانن.

خەڵکانێک کە تا نها پەیان بە بلیمەتی ئەو نەبردووە. لەم بەینەدا دۆتمیر خۆی دەگەیەنێتی و ئاگاداری دەکاتەوە کە گوایە سیسیل حەیرانی گوستاف بووە و خەریکە بۆ وی دین و هار دەبێ.

بۆیە دەبێ گوستاف ڕاسپێرییەکان قەبووڵ بکات و نیگارکێشی بکات. ئیدی گوستاف لەمەوە بۆی دەردەکەوێت کە دۆتمیر، دژمنە دێرینەکەی، کە بە فیتی ئەو ڕێگە نەدەدرا تابلۆکانی لە پێشەنگاکەدا نمایش بکرێن، ژێراوژێر حەزی لێکردووە و لە بەغیلی دا تۆڵەی لێکردووەتەوە و بەربەرەکانی کردووە. هەنگێ گوستاف بلەز پارەکە لەو سێ دەوڵەمەندە کە پێشتر بێ ڕێزی پێکردبوون و جنێوبارانی کردبوون، وەردەگرێت. ئەمانیش بەو کارەی وی دڵخۆش دەبن و سوپاسی دەکەن. پاشان بەپەلە بە سۆراخی سیسیلەوە دەچێت. ڕازی دەبێ میراتیەکەی ئەویش وەربگرێت. لە دۆتمیریش، کە پەنا دەباتەبەر مولک و مەزراکانی خۆی و ژیانی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت، دەبوورێت.

بەو ئاوایە گوستاف زەماوەندێکی یاسایی دەکات و منداڵ و زوڕیەت دەخاتەوە، ئیدی جلکی جوان لەبەر و کڵاو کەشخە لەسەر دەنێت و عەسران لەگەڵ " ئاسکۆڵەکەم " دا دەچنە گەڕان و بە دەوری فوارەکاندا دەسوڕێنەوە و، خوڕە خوڕی ئارامی ئاوی فوارەکان، کە کەش و هەوا فێنک دەکاتەوە، جوانی و ئارامی و شادی ئەم خاک و بۆیە بیردەخاتەوە، ئۆخژنی لە دڵ و دەروون دەگێڕێت.

هەندێجار وا ڕێدەکەوێ گوستاف لە دووکانێکا کرێکار و شاگرد نەبێت، بەڵکو هەتیوێکی چەوساوە و غەدر لێکراو بێ، بەڵام ڕۆح و دەروونی لە پاکی و بێگەردییەکی سەیر سەرڕێژە. پاشان لە ناکاوا دەردەکەوێ کە هەتیو نییە، بەڵکو کوڕی شەرعی و یاسایی ڕوچیلەی گەورە و دەوڵەمەندە و بە ملیونان ملیون بەشە میراتی پێدەبڕێت. بۆچی؟ چونکە دەماوەری و بەلاغەت وادەخوازێ.

دوای ئەوە مەدام بوپریە پەیدا دەبێت. مەدام بوپریە ژنی کابرایەکی بانکدارە کە گوستاف و ئاسکۆڵەکەی لەوێندەر کار دەکەن. ئەم مەدام بوپریە لە دڵی خۆدا گوستافی خۆشدەوێ و بۆی لێدراوە. دەڵێت سیسیل ئەوی خۆشدەوێ و خەریکە بۆی دەمرێت، پێویستە بڕوات و فریای بکەوێ. ئیدی گوستاف وای بۆ دەچێت کە مەدام بوپریە خۆشی دەوێ، بەشە میراتەکەی لێوەردەگرێت، دوای ئەوەی هەموو بەشەرییەت بەر دەمرێژی پیسترین جنێوان دەدات کە چما لە نێو هەموو تیرەی بەشەردا، ئەو نەجابەت و بێگەردییە سەیرەی لەمدا هەیە، بەدی ناکرێت، ئیدی دەڕوات بۆلای سیسیل و زەماوەندی لەگەڵدا دەکات. ئیدی ژنەی کابرای بانکدار پاشەکشە دەکات و دەڕوات بۆ ناو موڵک و مەزراکانی خۆی و کابرای بانکدار شانازی بەوەوە دەکات، کە ژنەکەی داوێنپاکە و دووچاری کەچڕەوی نەبووە. گوستاف دەبێ بەخاوەن زارۆکان و ئێواران بۆ پیاسە و گەڕان دەچێت بۆلای ئەو فوارانەی کە کەش و هەواکە فێنک دەکەنەوە و خوڕە خوڕە ئارامەکەیان ئارامی بە گیانی دەبەخشن.

ئێستا ڕەوش گۆڕاوە، وەکو جاران نەماوە. ئێستا باو باوی ئەفسەرانە، ئەفسەرانی هێزی ئەندازە، یان خەڵکانی لەو بابەتە... ئەوان بوون بە ڕەمزی پاکی و خانەدانی و دەبێ میدال و نیشانی شەرەفیان بە بەرۆکەوە بێت. میدالێک کە لێی نووسرابێ " بەخوێنی خۆی بەدەستی هێناوە. لە ڕاستیدا ئەم شریتەی کە بەرۆکی خودان میداڵەکەی ڕازاندووەتەوە، بۆخۆی بەلا و موتەکەیەکە سواری سەری خاوەنەکەی بووە. هەڵگرانی ئەم میداڵە بەجۆرێ لە خۆبایی دەبن، ناتوانی لێیان نزیک ببیتەوە یان قسەیان لەگەڵدا بکەی یان لە گەڵیاندا سواری شەمەندەفەر ببیت یان بچیتە شانۆ یان خوارنگە. بە ئاشکرا دەتبوغزێنێت، دوور نییە تف بکاتە چارەی بەشەر. هێندە خۆی پڕبا دەکات و بەخۆی دەفشێت، هەناسەی توونە دەبێت و هەندێجار خەریکە بخنکێت، تەنانەت هەست دەکەی دڵت بەو دیمەنەی تێک هەڵدێت، گوشاری خوێنت بەجۆرێ بەرز دەبێتەوە، ناچار دەبیت پەنا وەبەر پزیشک بەریت. بەڵام فەرەنسییەکان خۆیان زۆر کەیفیان بەمە دێت. شتێکی دیکەی باڵکێش ئەمەیە کە لە دنیای شانۆدا، لەم ڕۆژانەدا بایەخێکی تایبەتی بە مسیو بوپریە دەدرێت، بەکێمانی زۆر لە جاران پتر بایەخی پێدەدرێ. وادیارە مسیو بوپریە سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردووەتەوە و موڵک وماڵێکی زۆری پێکەوە ناوە. کەسێکی ڕاشکاو و سادە و ڕێک و پێکە. بەهۆی داب و نەریت و خوو و خدە بورژوازییەکەی و خەسڵەتە مێردایەتیەکەوە هەندێ کۆمیدی دێتە بەرچاو.

بەڵام پیاوێکی میرەبان، پاک و خانەدان و نەفس بەرزە، بەتایبەتی لەو دیمەنە شانۆییەدا کە گومان لە وەفاداری " ئاسکۆڵەکەی " دەکات و زۆر خەفەت لەمە دەخوات. بەڵام وێڕای ئەوەش بڕیار دەدات کە بەگەورەیی خۆی بیبەخشێت . هەڵبەتە پاشان بەدیار دەکەوێت کە ئاسکۆڵەکەی وەکو کۆتر پاک و پاکیزەیە و بە سوعبەتەوە سووکە مەیلێکی بەلای گوستاف دا نواندووە ، دەنا خۆشەویستەکەی خۆیی بەلاوە لە هەر کەسێکی دیکە ئازیزترە . بەڵام سیسیل وەکو جاران هەژار و بەلەنگازە ، تاقە پولێکی نییە ، بەڵام ئەم هەژاری و نەدارییە تەنیا لە دیمەن و پەردەی یەکەمی شانۆنامەکەدایە ، دوای ئەوە بەشە میراتێکی مۆڵی بەردەکەوێت . گوستاف هەمان کەسایەتی خانەدان و نەفس بەرزەکەی جارانە ، بەڵام کەمێک بێ موبالات تر و لە خۆبایی ترە ، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە

پیاوێکی سوپاییە . ئەوەی لەم دنیایەدا لە هەموو شتێک پتر بەلایەوە ئازیزە ئەو میداڵ و خاچەیە کە بە " خوێنی خۆی بە دەستی هێناوە " دوای ئەوە شمشێرەکەی باوکی بەلاوە ئازیزە . بەردەوام باسی ئەم شمشێرە دەکات ، ئیدی لە وەخت و ناوەختا باسی دەکات ، بە خۆیشی نازانێت دەیەوێ چی بڵێت .

گوستاف ، جنێو دەدات ، تف دەکات ، بەڵام هەمووان ئیکلامی بۆ دەکەن و تەمەشاڤان چەپڵەی بۆ لێدەدەن و دەگرین . تاقە پولێک شک نابات : ئەمە مەرجی بنەڕەتیە . مەدام بوپریە شیفتەی بووە ، هەروەها سیسیل – ش . بەڵام ئەو نە بە خۆشەویستی و ڤیانەکەی سیسیل دەزانێت و نە هەستی پێدەکات . ئیدی سیسیل بەدرێژایی هەر پێنج دیمەنی شانۆنامەکە بۆی دەسووتێت . ئەنجام بەفرێک یان شتێکی لەو بابەتە دەبارێت . سیسیل دەیەوێت خۆی لە پەنجەرەکەوە هەڵدێرێت . بەڵام ڕێک لەو کاتەدا لە دەرەوە ، لە خوار پەنجەرەکەوە دوو فیشەک دەتەقێت . گوستاف ، بە ڕەنگی زەرد و دەستی پێچراوەوە ، بە شەلەشەل دێتە سەر شانۆ ، میدالەکەشی " کە بەخوێنی خۆی بە دەستی هێناوە " بە بەرۆکی پاڵتۆکەیەوە دەبریقێتەوە . ئیدی دەردەکەوێت ئەو کەسەی سیسیلی فریو داوە و لە خشتەی بردووە ، بەسزای خۆی گەییوە . ئەنجام گوستاف بیری دەچێتەوە کە سیسیل خۆشی دەوێ و حەیرانی ( عاشق ، ئەویندار ، بەندەوار ) ئەوە . و هەر هەموو ئەمە ئۆینی ( فێڵ و تەڵەکە ) مەدام بوپریە . بەڵام مەدام بوپریە هەراسان و ڕەنگزەرد وەژوور دەکەوێت . ئیدی گوستاف دڵی خەبەر دەدا کە مەدام بوپریە خۆشی دەوێت . دەنگی تەقەیەکی تازە بەرز دەبێتەوە . پێدەچێت ئەمجارە مسیو بوپریە بێ و لە داخا خۆی کوشتبێ . مەدام بوپریە هاوارێک دەکات و بە هەشتاو ( بلەز، بەپەلە ) بەرەو دەرگاکە دەڕوات ، بەڵام مسیو بوپریە وەژوور دەکەوێت و ڕێویەک یان ئاژەڵێکی ڕێوی ئاسای ، بەدەستەوەیە کە کوشتوویەتی . ئیدی ئەو پەندەی کە مەبەستی بوو بە " ئاسکۆڵەکەی " دا و " ئاسکۆڵیش " هەرگیز لە بیری ناکات . ئیدی ئاسکۆڵ دەست لە ملی " خۆشەویستەکە " – کە چاوپۆشی لە هەموو شتێک دەکات – وەردێنێت . ئیدی لە ناکاوا بەدیار دەکەوێت کە سیسیل بەشە میراتێکی مۆڵی پێدەبڕێت و زۆر دەوڵەمەند دەبێت . ئیدی گوستاف دووبارە دەهاڕووژێ . نایەوێت زەماوەند لەگەڵ سیسیل دا بکات . ئیدی دەهاڕووژێت ، تووڕە دەبێت ، جنێو دەدات ، شەڕ دەفرۆشێت . هەڵبەتە دەبێ گوستاف جنێو بدات و ئەو هەموو پارە و پوولە ڕەفز بکات . دەنا بورژوازی هەرگیز نایبورێت ، دەنا ئەفسوونی " پاکی و خانەدانیە بێ وێنەکە " ی بەتاڵ دەبێتەوە . تکایە وا زەن مەبەن کە لەوەیە بورژوازی دژی خۆی بوەستێتەوە ، هەڤدژی لە هەڵوێستەکانیدا هەبێت . خەمتان نەبێت ، ئەم ملیۆنە لەدەست ژن و مێردە بەختەوەرەکەی لەمەڕ خۆمان دەرناچێت . لە ئەنجاما وەکو پاداشتی دروستکاری پێیان دەدرێت . بورژوا خیانەت لە خۆی ناکات ، دەزانێت کوێ گاڵ دێنێ و کوێ پەموو . گوستاف ، لە ئەنجامدا پارەکە و سیسیل قەبووڵ دەکات . ئەوسا هەمان پیاسەی دەوری فوارەکان و جل و بەرگ و کڵاوی جوان و کەشخە دەست پێدەکاتەوە . بەو ئاوایە هەست و سۆزە هەستیارەکان سەردەکەوێت ، بەتایبەتی ئەو پاکی و خانەدانیە بێ وێنەیەی کە نیشاندار . بوپریە سەردەکەوێت ، بە تایبەتی ملیۆنەکە سەردەکەوێت ، ئیدی ئەمە شەقڵی ئاسایی و سروشتی خۆی وەردەگرێت . هەردوو " خۆشەویستەکەم " و " ئاسکۆڵەکەم " بەوپەڕی ڕەزامەندی و ئارامیەوە لە شانۆکە دێنە دەرەوە . گوستاف – ش بەگەلیان دەکەوێت ، یارمەتی " ئاسکۆڵەکەم " دەدات کە سواری گالیسکەکە ببێت و بە ئەسپایی دەستە چکۆلەکانی ماچ دەکات... ئیدی هەموو شتێک لەم دنیایەدا ، کە باشترین دنیایە ، بە باشی بەڕێوەدەچێت .

سەرچاوە: سفرنامەی اروپا/ تأملات زمستانی بر تأثرات تابستانی/ فیودور دایستوفسکی/ یلدا بیدختی نژاد/ چاپ پنجم ١٤٠٢ / نشر برج .